زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ژیانی تایبەتی پاشا (مەلیكە) كانی ئەیوبی لە مصر

## (٥٨٩ – ٦٤٨ك/ ١١٩٣ – ١٢٥٠ز)

**نامەیەكە**

**پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات كراوە لە زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە مێژووی ئیسلامی**

**لەلایەن**

**كرێكار عبدالرحمن عزیز**

**بەكالۆریۆس لە مێژووی گشتی– ٢٠٠٨**

**بەسەرپەرشتیاری**

**پ. ی. د. اكۆ برهان محمد**

**كانوونی یەكەم ٢٠١٥**

بسم الله الرحمن الرحيم

زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ
الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ
وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَاللَّهُ
عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ﴿١٤﴾

صدق الله العظيم

الاية (١٤) من سورة ال عمران

## بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە: ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبی لە مصر (٥٨٩ – ٦٤٨ك/ ١١٩٣ – ١٢٥٠ز). هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە, هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاّوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەك زانیاریەکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: کرێکار عبدالرحمن عزیز

بەروار / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی مێژوو من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەو شێوەیەی ئێستا پێشکەش لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: اکۆ بورهان محمد واژوو:

بەروار: / / / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار, من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو:

سەرۆکی بەش: پ. د. ارسن موسی رشید

بەروار: / / /٢٠١٥ز

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە, بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژوو:

هەواڵنامەی کتێب

ناو: پ.ی.د. احمد میرزا میرزا

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە, ئەم ماستەر نامەیەمان کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە:

**(ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبی لە مصر**(٥٨٩ – ٦٤٨ك/ ١١٩٣ – ١٢٥٠ز) ) قوتابیەکەمان کە ناوی ( کرێکار عبدالرحمن عزیز ) بوو, لەناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی (مێژووی ئیسلامی) تێدایە.

هەواڵنامەی کتێب

واژوو:
ناو: پ .ی .د . قادر محمد حسن
ئەندام:
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو :
ناو: پ .ی .د . کرڤان محمد احمد
ئەندام:
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: پ .ی .د . اکۆ برهان محمد
ئەندام:
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: پ .ی .د . احمد میرزا میرزا
سەرۆکی لێژنە:
بەروار : / / ٢٠١٥

واژوو:

ناو:

ڕاگری کۆلیژی:

بەروار:   /   / ٢٠١٥

**پێشکەشە:**

★ به هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان کە لەسایەی خوێنی ئەوانەوە ئێمە بە ئاسوودەی ژیان بەسەر دەبەین بەتایبەت شەهید (ژیندە)ی خوشکم و شەهید (جەوهەر)ی مامم.

★ به دایك و باوكی خۆشەویستم كە بە ئارەقەی نێو چەوان و ئازاری چەمانەوەی پشتیان پێیان گەیاندم.

★ به هاوسەری ژیانم (بوکە).

★ به خوشك و براكانم.

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

دوای ئەوەی بە پشتیوانی خوای بەخشندە و میهرەبان توێژینەوەکەمان تەواو کرد زۆر سوپاسی خوای بەخشندە دەکەم یەکێك لە ئاواتە هەرە سەرەکیەکانی ژیانمی هێنایە دی. بە پێویستم زانی سوپاس و ستایشی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە یارمەتیان دام.

سوپاسی بێ پایانم هەیە بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ. ی. د. اکۆ برهان محمد) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم ماستەر نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی و بەخستنە ڕووی تێبینی و سەرنج و پێشنیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی دەوڵەمەند تر کرد.

سوپاس بۆ پرۆفیسۆر (د. ارسن موسی رشید) بۆ پێدانی ناونیشانی ماستەر نامەکەم و سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانی.

سوپاس بۆ مامۆستایانی بەڕێزم پرۆفیسۆر (د. احمد عبدالعزیز محمود) و (پ. ی. د. حکیم احمد مام بکر) و پرۆفیسۆر (د. زرار سدیق تۆفیق ) و (پ. ی. د. کرڤان محمد احمد امیدی ) و (د. زێدان ڕەشید برادۆستی) بە پێدانی کتێب و تێبینی و سەرنج و پێشنیارەکانیان لێکۆڵینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن فێریان کردووم و پێمەوە ماندوو بوون.

سوپاس بۆ هەریەکە لە مامۆستایان(بەشدار عبدالرحمن)ی برام کە پێداچوونەوەی نامەکەی لە ڕووی زمانەوانی گرتە ئەستۆی خۆی, مامۆستا (هاوسەر سعدی عثمان) بۆ نووسینی نامەکەم, هەریەکە لە مامۆستایان (عومەر احمد رشید) و (سامان نامق تۆفیق) کە زۆر یارمەتیاندام.

سوپاس بۆ ئەرك و ماندووبوونی  فەرمانبەرانی کتێبخانەی بەشی مێژوو و کتێبخانەی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەددین و کتێبخانەی ناوەندی هەولێر و کتێبخانەی گشتی هەولێر و کتێبخانەی مزگەوتی (الصحابة) و کتێبخانەی بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی دهۆك.

سوپاسی هەموو ئەو کەس و هاورێ و برا خۆشەویستانەم دەکەم ئەگەر بە وشەیەکیش بێت یارمەتی و هاوکاریان کردوم بۆ سەرخستنی ئەم توێژینەوەیە.

## پوختەی نامە

توێژینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی (**ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبییە لە وڵاتی مصر لە نێوان ساڵانی** (٥٨٩ – ٦٤٨ك/١١٩٣– ١٢٥٠ز) بەهۆی ئەوەی پەرتوك و توێژینەوەی زۆر لەبارەی لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەیوبییەکان نووسراوە, بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لەبارەی ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبی بنووسین کە بێجگە لە بەڕێوەبردنی وڵات چۆن ژیاون و کاتەکانی ڕۆژانەیان چۆن بەسەربردووە, ئامادەکاری زۆر بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانیان کراوە و سەدان خزمەتکاریش لە خزمەتیان دابوونە و ئەو ژیانە خۆشەشیان پارەیەکی زۆری بۆ خەرجکراوە و کاریگەری خراپیشی لەسەر بارودۆخی وڵات و خەڵکەوە هەبووە.

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و سێ بەش لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ** .

**بەشی یەکەم تایبەتە بە : ناساندن و پەروەردە و سیفات و ژن و کەنیزە و منداڵەکانی پاشاکانی ئەیوبی**. **کە پێکهاتووە لە چوار تەوەرە، تەوەری یەکەمان** تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ناو و نازناو و شێواز و چۆنیەتی لەدایك بوون و مردنی  پاشایانی ئەیوبی کە حوکمڕانی وڵاتی مصریان کردووە. **لەتەوەری دووەم** باسی پەروەردەکردنی پاشاکانمان لە ڕووی جەستە و هزرەوە کردووە, وەکو پێداویستیەکی گرنگی وەرگرتنی دەسەڵات, هەر بۆ ئەم مەبەستەش بۆ چەندین ناوچە و وڵات نێردراون.

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە سیفاتی پاشاکان کە لە ئەنجامی شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان چەند سیفەتێکمان هەڵهێنجاوە, کە دابەشکراون بۆ سیفاتی جەستەیی و جەنگی و کۆمەڵایەتی و خورەوشتی پاشاکان و سیفاتی سیاسی. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە شێوازی ژنهێنان و ژمارەی ژنی پاشاکان و منداڵەکانیان, بەجۆرێك بۆ هەر پاشایەك ژمارەی ژن و منداڵەکانمان باس کردووە, دواتریش باسی کەنیزەك و منداڵی پاشاکانمان لە کەنیزەکەکان کردووە.

**بەشی دووەم تایبەتە بە شێوازی چۆنیەتی کات بەسەربردن لەلایەن پاشایانی ئەیوبی،** ئەمەش بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە، **تەوەری یەکەم** تایبەتە بەو چالاکیە وەرزشیانەی کە پاشایانی ئەیوبی ئارەزوویان لێبووە و ئەنجامیانداوە، وەکو ڕاوکردن و سوارچاکی و ڕمهاوێژی و نیشانە شکاندن و یاری تۆپێنی چۆغان و شەترەنج و مەلەوانی، بۆ ئەمەش ئامادەکاری زۆریان کردووە هەر لە دروستکردنی گۆڕەپانی تایبەت بە یاریەکان و دابینکردنی جل و بەرگ و خزمەتکار و پێداویستیەکانی دیکە، لەو پێناوەش پارەیەکی زۆریان خەرجکردووە. **تەوەری دووەم** تایبەتە بە بەشداریکردنی پاشایانی ئەیوبی لە بۆنە و چالاکیە وەرزشیەکانی وەکو جەژنی سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووباری نیل. **تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە کات و چۆنیەتی نووستنی پاشایانی ئەیوبی و چوونیان بۆ گەرماو (حمام) بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکاری زۆر لەلایەن خزمەتکارەکانی پاشا کراوە. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە ئەنجامدان و بەشداریکردنی پاشایانی ئەیوبی لە ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی ناو کۆشك, لەم ئاهەنگانەشدا کەنیزەکەکانی پاشا بە ئامێرە مۆسیقیەکانی دەستیان و دەنگە خۆشەکانیان گەرم و گوڕی زیاتریان دەخستە ناو ئامادەبووان, پاشاکانیش ئەو ئاهەنگانەیان زیاتر بەبۆنەی سەردانیکردنی میرێك یان کەسێکی ئازیز، یاخود بەبۆنەی سەرکەوتنیان لەشەڕەکان و بەستنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی ئەنجامداوە.

**بەشی سێیەمیش تایبەتە بە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و کۆشك و تەلاری پاشا و گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان میر و پاشاکان,** ئەم بەشەش بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە. **تەوەری یەکەم** تایبەتە بە خواردن و خواردنەوەی پاشاکان هەر لە شوێنی چێشتخانەکانی کۆشك و ناوهێنان و دیاریکردنی کارەکانی ئەو خزمەتکارانەی لەناو چێشتخانەدا کاریان کردووە, هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی خواردن لەلایەن چێشتلێنەرەکانەوە بۆ پاشا. **تەوەری دووەمیش** تایبەتە بە پۆشاکی پاشاکان کە بۆ دوو بەش دابەشکراوە ، **یەکەمیان**: پۆشاکی فەرمی **دووەمیشیان**: پۆشاکی بۆنەکان، وەکو پۆشاکی هاتنیان بۆ دەسەڵات و پۆشاکی پرسە و خواردن وخواردنەوە و جەنگی, کات و شوێنیش جۆری پۆشاکی پاشاکانی دیاریکردووە. **تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە کۆشك و تەلاری پاشایانی ئەیوبی کە ئەوە خراوەتەڕوو هەریەك لەو کۆشکانە لەلایەن کامە پاشا لەکوێ و بۆ چ مەبەستێك دروستکراوە. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ میر و پاشاکانی دیکە. کە بۆ دوو بەش دابەشکراوە **یەکەمیان**: تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ پاشا و میر و

کەسەکانی ناو بنەماڵەی ئەیوبی. **دووەمیشیان**: تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ پاشایانی موسڵمان و نا موسڵمان.

ئەم توێژینەوەیە بێجگە لە چەند ئەنجامێك پاشكۆیەكیش لە خۆوە دەگرێت كە پێكهاتووە لە چەند نەخشە و وێنەیەك كە بە پێویستمان زانی بۆ دەوڵەمەندكردنی توێژینەوەكەمان.

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| بەڵێننامەی قوتابی | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | IV |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |

| | |
|---|---|
| **پێشكەش** | VI |
| **سوپاس و پێزانین** | VII |
| **پوختەی نامە** | VIII |
| **ناوەڕۆك** | IX |
| **لیستی كورتكراوەكان** | XII |
| **پێشەكی** | 1-6 |
| **دەروازە:** **ناو و نازناو لەدایك بوون و مردنی پاشایانی ئەیوبی لە مصر.** | 7-23 |
| ١- مەلیك العزیز عثمان (٥٨٩ – ٥٩٥ ك/ ١١٩٣ – ١١٩٨ ز). | 7 |
| ٢- مەلیك المنصور بن الملك العزیز عثمان (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز). | 9 |
| ٣- مەلیك العادل سیف الدین أبوبكر إبن شادي (٥٩٥ – ٦١٥ك/ ١١٩٨ – ١٢١٨ز). | 12 |
| ٤- مەلیك الكامل (٦١٥ – ٦٣٥ ك/ ١٢١٨ – ١٢٣٧ ز). | 15 |
| ٥- مەلیك العادلی دووەم (٦٣٥ – ٦٣٧ك/ ١٢٣٩ – ١٢٣٩ ز). | 17 |
| ٦- مەلیك الصالح نجم الدین أیوب (٦٣٧ – ٦٤٨ك / ١٢٣٩ – ١٢٥٠ز). | 20 |
| ٧- مەلیك المعظم تورانشاه (٦٤٨ك/ ١٢٥٠). | 22 |

| | |
|---|---|
| 24-56 | **بەشی یەکەم**<br>**پەروەردە و سیفات و ژن و کەنیزە و منداڵەکانیان.** |
| 24 | **تەوەری یەکەم: پەروەردەکردنی پاشایانی ئەیوبی.** |
| 30 | **تەوەری دووەم: سیفاتی پاشایانی ئەیوبی.** |
| 30 | ١- شێوەی پاشایانی ئەیوبی. |
| 30 | **٢- سیفاتی پاشایانی ئەیوبی.** |
| 30 | ١- سیفاتی جەنگی. |
| 30 | ٢- سیفاتی کۆمەڵایەتی. |
| 34 | ٣- ئاکار و خوو ڕەوشتی پاشایانی ئەیوبی. |
| 39 | ٤- سیفاتی سیاسی. |
| 43 | **تەوەری سێیەم: شێوازی ژنهێنانی پاشایان وکەنیزە و منداڵەکانیان.** |
| 43 | ١- ژن و شێوازی ژن هێنانی پاشایانی ئەیوبی و منداڵەکانیان. |
| 52 | ٢- کەنیزەکەکانی پاشایانی ئەیوبی و منداڵەکانیان. |
| 57-87 | **بەشی دووەم**<br>**کات بەسەربردن و ئارەزوو و چالاکی رۆژانە.** |
| 57 | **تەوەری یەکەم: شێوازەکانی کات بەسەربردنی پاشایانی ئەیوبی.** |
| 57 | ١- ڕاوکردن |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٢- سوارچاكی | 62 |
| ٣- ڕمهاوێژی | 64 |
| ٤- نیشانه شكاندن | 65 |
| ٥- تۆپێنی چۆغان | 66 |
| **تەوەری دووەم: بەشداری پاشایان له بۆنه و چالاكی یه وەرزشی یەكان.** | 72 |
| ١- بۆنەی وەفاداری نیل (عيد وفا ء النيل) | 72 |
| **تەوەری سێیەم: شێوازی نووستن و دابی چوونی پاشایان بۆ گەرماو ( حمام ).** | 75 |
| ١- كات و چۆنیەتی نووستنی پاشایانی ئەیوبی. | 75 |
| ٢- دابی گەرماو كردنی پاشایانی ئەیوبی. | 76 |
| **تەوەری چوارەم: ئه نجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی.** | 78 |
| **بەشی سێ یەم**<br>**خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و كۆشكی پاشایان.** | 85-114 |
| **تەوەری یەكەم: خواردن و خواردنەوە.** | 85 |
| ١- خواردن. | 85 |
| ٢- خواردنەوە. | 96 |
| **تەوەری دووەم: جل و بەرگ و پۆشاكی پاشایان.** | 101 |


هەوالنامەی كتێب

| | |
|---|---|
| ١- جل و بەرگی ڕەسمی (فەرمی). | 101 |
| ٢- جل و بەرگی بۆنەکان. | 103 |
| ا - جل و بەرگی هاتنیان بۆ دەسەلاّت. | 104 |
| ب - جل و بەرگی پرسە. | 104 |
| ج - جل و بەرگی خواردن و خواردنەوە. | 104 |
| ٣- جل و بەرگی شەڕ. | 105 |
| **تەوەری سێیەم: کۆشك و تەلاری پاشایان.** | 106 |
| ١- دار الوزارة. | 106 |
| ٢- قلعة الجبل. | 106 |
| ٣- کۆشکی العادلية. | 107 |
| ٤- کۆشکی (المنصورة). | 108 |
| ٥- کۆشکی (جزيرة الروضة). | 108 |
| ٦- کۆشکی الصالحية. | 109 |
| ٧- کۆشکی (بركة الكبش). | 110 |
| **تەوەری چوارەم: گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشا و میرەکانی نێو بنەماڵەی ئەیوبی، لەنێوان میر و پاشایانی دەسەلاّتدارانی موسڵمان و ناموسڵمان.** | 111 |
| ١- گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشا و میرەکانی ئەیوبی. | 111 |


هەوالنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٢- گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشاکانی ئەیوبی, دەسەڵاتدارانی موسڵمان و ناموسڵمان. | 113 |
| **ئە نجام** | 115 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | R117 |
| **پاشکۆ** | A138-A147 |
| **پوختەی نامە بە زمانی ئینگلیزی** | A- C |


هەواڵنامەی کتێب

## هێما کورتکراوەکان

**١- هێما کورتکراوە عەرەبییەکان:**

| | |
|---|---|
| ت | توفي |
| ص | الصفحة |
| ص ص | الصفحات |
| ج | الجزء |

| | |
|---|---|
| مج | المجلد |
| ق | القسم |
| ط | الطبعة |
| هـ | التاريخ الهجري |
| م | التاريخ الميلادي |
| د . م | دون مكان الطبع |
| د . ت | دون تاريخ الطبع |
| د . م . ت | دون مكان وتاريخ الطبع |

هەواڵنامەی کتێب

۲-هێما كورتكراوە كوردیەكان:

| | |
|---|---|
| م | مردووە |
| ب . ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب . س | بێ ساڵی چاپ |
| ب . ش . س | بێ شوێن و ساڵی چاپ |
| ز | زایینی |
| ك | كۆچی |
| ل | لاپەرە |
| ل ل | لاپەڕەكان |
| چ | چاپ |

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی

**یەکەم- گرنگی و چوارچێوەی لێکۆلینەوەکە :**

سوپاس و ستایش بۆ خودای بەخشندە و میهرەبان، کە توانیمان نووسینی ئەو نامەی ماستەرە تەواو بکەین, بۆیە کڕنوش بردن بۆ خودای تاك و تەنها نیشانەی وەفا و خۆشەویستی و سوپاسگوزاری بەندەیە.

دەوڵەتی ئەیوبی لە مصر یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی لەسەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەهەمی زایینی بەسەرکردایەتی سوڵتان (صلاح الدین)دامەزرا. بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوەی پاشایانی ئەیوبی لەلایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری لە ولأتی مصر هەیانبووە و سەرەڕای ئەوەی چەندین پەرتوك و توێژینەوەیان لەبارەیەوە نوسراوە, بۆیە توێژەر لە پاڵ ئەو لایەنانەدا هاتووە لە شێوازی حوکمڕانی و شمشێرە خوێناویەکان و عیلاندنی ئەسپەکان و نرکە و نالەی قوربانیانی بەرەی جەنگ دوور کەوتووەتەوە و پەردەی لەسەر ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبی لەنێوان سالأنی (٥٨٩ – ٦٤٨ك/١١٩٣ – ١٢٥٠ز) لە ولأتی مصر وەکو لایەنێکی گرنگی ژیانیان هەڵداوەتەوە، ئەوەشی خستۆتەڕوو کە پاشاکانی ئەیوبی چۆن ژیاون و چۆن پەروەردەکراون و کاتەکانی خۆیان بەدەر لە بەڕێوەبردنی ولأت بە چی بەسەربردووە و چ جۆرە خواردنێکیان خواردووە و چ جلێکیان لەبەر کردووە و هەموو ئەمانەش خستنەڕووی دیوی شاراوەی ژیانی پاشایانی ئەیوبین، بۆیە توێژەر هاتووە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەتی لەژێر ناوی ((ژیانی تایبەتی پاشایانی ئەیوبی لە ولأتی مصر لە نێوان سالأنی (٥٨٩ – ٦٤٨ك/١١٩٣ – ١٢٥٠ز ) )) نووسیوە.

خستنەڕووی ژیانی تایبەتی پاشاکان هەرگیز ئەو مانا و مەبەستە نادات بەدەستەوە کە بێین هەوڵ و تواناکانیان بە هەند وەرنەگرین و ستەمیان لێ بکەین و بنووسین پاشاکان تەنها خەریکی ژیانی تایبەتی و ڕابواردن بوونە و گوێیان بە بەڕێوەبردنی ولأت نەداوە، ئەمە ستەمێکی مێژوییە, بەلأم ستەمتر لەوە ئەوەیە لە ڕێگەی زاڵبوونی هەست و سۆزەوە بێیت، ستایشیان بکەیت و بنووسیت بەشێکی زۆری پاشاکان بەهۆی شەڕکردن لە دژی خاچیەکان و خزمەتکردنی خەڵك و ولأتەکەیان ئاگایان لە ژیانی تایبەتی خۆیان نەماوە، تەنانەت هەر بەو هۆیەوەش نەیانتوانیوە فەریزەی چوونە ماڵی خوا بەجێبگەیەنن.

توێژەر دیوە شاراوەکەی ژیانی پاشاکانی بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە نووسیوەتەوە و ڕێبازێکی ڕەخنەیی و شیکاریانەی پەیڕەوکردووە، لەهەر شوێنێکیش پێویستی کردبێت هەوڵمانداوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان شیبکەینەوە, هەروەها بەهۆی ئەوەی ژیان و ڕۆڵی سوڵتان (صلاح الدین) لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری و تایبەتیەوە بەسەدان پەرتوك و توێژینەوەی لەسەر نووسراوە, بۆیە توێژەر هەڵساوە بە باسکردنی پاشایانی دیکەی ئەیوبی کە دوای سوڵتان (صلاح الدین) حوکمڕانی ولأتی مصریان کردووە، هەر لە مەلیك (العزیز) لەسالی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) تاوەکو مەلیك

(تورانشاه) لەساڵی (٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز). کاری توێژەر وەکو نامەی دکتۆرای هەریەك لە (إلياس أحمد كريم) بە ناونیشانی (مجالس الملوك والسلاطين في العصرين الأيوبي والمملوكي الاول في مصر و بلاد الشام) و سیپان حسن على بنگلی بەناونیشانی (رسوم دار السلطنة الأيوبية في مصر (٥٧٠ – ٦٤٨هـ / ١١٧٤ – ١٢٥٠م) تەواوکەرێکی باش دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لە بارەی ژیانی تایبەتی مەلیکەکان.

لەکاتی نووسینی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا چەندین ئاستەنگ و تەگەرە هاتە بەردەممان, یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکیەکان ئەوەیە بەشێکی زۆر لە مێژوونوسان بەشێوەیەکی گشتی باسی ژیانی پاشاکانیان کردووە، هێندەی گرنگیان بە لایەنی سیاسی و سەربازی و شارستانی داوە هێندە گرنگیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی نەداوە و زانیاری وردیش بە دەستەوە نادەن, بۆ نموونە لەکاتی باسکردنی خوانی پاشاکان ئاماژە بە ناو و جۆری خواردن و خواردنەوەکان نەکراوە, بەڵکو تەنها ئەوە خراوەتەڕوو کە فلاَن پاشا خوانێکی گەورەی بە بۆنەی هاتنی فلاَنە پاشا سازکرد, هەروەها لەبەر ئەوەی پاشاکان دوور لە خەڵکی و لەژێر ئاسایشێکی توونددەوە ژیاون بۆیە مێژوو نووسەکان نەیانتوانیوە زانیاری لەبارەی ژیانی تایبەتی پاشاکان تۆماربکەن.

تەگەرەیەکی دیکەش نەتوانینی توێژەر بوو بۆ سەردانیکردنی وڵاتی مصر بەهۆی خراپی باری داراییی کە لەوانەیە لە ئەنجامی سەردانێك دەستنووس و سەرچاوەی باشتر دەستکەوتبان، بە بینینی ڕاستەوخۆی کۆشك و تەلاری پاشاکان توێژینەوەکەمان زیاتر دەوڵەمەند دەبوو, هاوکات بەهۆی خراپی باری ئەمنی لە ناوچەکەدا بەگشتی, نەتوانرا سەردانی(دمشق) و (بغداد) و (موصل) بکەین .

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و سێ بەش لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ .**

**بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندن و پەروەردە و سیفات و ژن و کەنیزە و منداڵەکانی پاشایانی ئەیوبی:** لە چوار تەوەرەپێکهاتووە، **تەوەری یەکەممان** تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ناو و نازناو و شێواز و لەدایك بوون و مردنی پاشایانی ئەیوبی ئەوانەی حوکمڕانی وڵاتی مصریان کردووە. **لەتەوەری دووەم** باسی پەروەردەکردنی پاشاکانمان لە ڕووی جەستە و هزرەوە کردووە, وەکو پێداویستیەکی گرنگی وەرگرتنی دەسەلاَت, چونکە پەروەردەکردنی پاشاکان کەوتبووە ئەستۆی باشترین مامۆستا و زانایانی ئەو سەردەمە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بۆ چەندین ناوچە و وڵات نێردراون. **تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە سیفاتی پاشاکان کە لە ئەنجامی شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان چەند سیفەتێکمان هەڵهێنجاوە, کە دابەشکراون بۆ سیفاتی جەستەیی و جەنگی و کۆمەڵایەتی و خورەوشتی پاشاکان و سیفاتی سیاسی. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە شێوازی ژنهێنان و ژمارەی ژنی پاشاکان و منداڵەکانیان, بەجۆرێك بۆ هەر پاشایەك ژمارەی ژن و منداڵەکانمان باسکردووە, دواتریش باسی کەنیزەك و منداڵی پاشاکانمان لە کەنیزەکەکان کردووە.

**بەشی دووەم تایبەتە بە شێوازی چۆنیەتی کات بەسەربردن لەلایەن پاشایانی ئەیوبی،** ئەمەش بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە، **تەوەری یەکەم** تایبەتە بەو چالاکیە وەرزشیانەی کە پاشایانی ئەیوبی ئارەزوویان لێبووە و ئەنجامیانداوە، وەکو

ڕاوکردن و سوارچاکی و ڕمهاوێژی و نیشانە شکاندن و یاری تۆپێنی چۆغان و شەترەنج و مەلەوانی، بۆ ئەمەش ئامادەکاری زۆریان کردووە هەر لە دروستکردنی گۆڕەپانی تایبەت بە یاریەکان و دابینکردنی جل و بەرگ و خزمەتکار و پێداویستیەکانی دیکە، لەو پێناوەش پارەیەکی زۆریان خەرجکردووە. **تەوەری دووەم** تایبەتە بە بەشداریکردنی پاشایانی ئەیوبی لە بۆنە و چالاکیە وەرزشیەکانی وەکو جەژنی سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووباری نیل. **تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە کات و چۆنیەتی نووستنی پاشایانی ئەیوبی و چوونیان بۆ گەرماو (حمام) بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکاری زۆر لەلایەن خزمەتکارەکانی پاشا کراوە. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە ئەنجامدان و بەشداریکردنی پاشایانی ئەیوبی لە ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی ناو کۆشک, لەم ئاهەنگانەشدا کەنیزەکەکانی پاشا بە ئامێرە مۆسیقیەکانی دەستیان و دەنگە خۆشەکانیان گەرم و گوڕی زیاتریان دەخستە ناو ئامادەبووان, پاشاکانیش ئەو ئاهەنگانەیان زیاتر بەبۆنەی سەردانیکردنی میرێك یان کەسێکی ئازیز، یاخود بەبۆنەی سەرکەوتنیان لەشەڕەکان و بەستنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی ئەنجامداوە.

**بەشی سێیەمیش تایبەتە بە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و کۆشك و تەلاری پاشا و گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان میر و پاشاکان**, ئەم بەشەش بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە. **تەوەری یەکەم** تایبەتە بە خواردن و خواردنەوەی پاشاکان هەر لە شوێنی چێشتخانەکانی کۆشك و ناوهێنان و دیاریکردنی کارەکانی ئەو خزمەتکارانەی لەناو چێشتخانەدا کاریان کردووە, هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی خواردن لەلایەن چێشتلێنەرەکانەوە بۆ پاشا, لەگەڵ شێواز و سیفاتی خوانی هەریەك لە پاشاکان, دواتریش تیشك خراوەتە سەر ئەو خواردنەوانەی کە پاشاکان بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ بەفری چیاکان ئارەزووی خواردنەوەیان کردوون, ئاماژەشمان بەوە کردووە کە دەوڵەمەندی وڵاتی مصر بە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوە و میوەیەك خوانی پاشاکانی ڕازاوەتر و بەتامتر کردووە.

**تەوەری دووەمیش** تایبەتە بە پۆشاکی پاشاکان کە بۆ دوو بەش دابەشکراوە، **یەکەمیان**: پۆشاکی فەرمی **دووەمیشیان**: پۆشاکی بۆنەکان، وەکو پۆشاکی هاتنیان بۆ دەسەڵات و پۆشاکی پرسە و خواردن وخواردنەوە و جەنگی, کات و شوێنیش جۆری پۆشاکی پاشاکانی دیاریکردووە. **تەوەری سێیەمیش** تایبەتە بە کۆشك و تەلاری پاشایانی ئەیوبی کە ئەوە خراوەتەڕوو هەریەك لەو کۆشکانە لەلایەن کامە پاشا لەکوێ و بۆ چ مەبەستێك دروستکراوە. **تەوەری چوارەمیش** تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ میر و پاشاکانی دیکە. کە بۆ دوو بەش دابەشکراوە **یەکەمیان**: تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ پاشا و میر و کەسەکانی ناو بنەماڵەی ئەیوبی. **دووەمیشیان**: تایبەتە بە گۆڕینەوەی دیاری لە نێوان پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ پاشایانی موسڵمان و نا موسڵمان.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە بێجگە لە چەند ئەنجامێك پاشکۆیەکیش لە خۆوە دەگرێت کە پێکهاتووە لە چەند نەخشە و وێنەیەك کە بە پێویستمان زانی بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان.

لە کۆتاییدا هیچ توێژینەوە و نامەیەکی ئەکادیمی بەبێ کەمووکورتی نابێت ئەم نامەیەش بەدەر نیە لە کەموو کورتی، چونکە تەواوی تەنها بۆ خودای بەخشندە و میهرەبانە.

دووەم- شیکردنەوەی سەرچاوەکان.

بۆ نووسینی ئەو توێژینەوەیە سوودمان لە کۆمەڵێك پەرتووکی ڕەسەن و ژێدەر وەرگرتووە لێرەدا هەوڵی ئەوەمانداوە شیکردنەوە بۆ هەندێك لەو پەرتووکانە بکەین کە سوودێکی زۆریان بە توێژینەوەکەمان گەیاندووە.

## ١- سەرچاوە مێژووییە گشتیەکان:

ئەم جۆرە سەرچاوانە لە ناوەکانیانەوە دیارن کە لە ڕووداوەکانی جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی پوخت دواون لەپێش ئەو سەرچاوانە دێت کە زۆرترین سوودی لێوەرگیراوە.

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەسەرانسەری توێژینەوەکە سوودمان لێوەرگرتووە و بە یەکێك لە پەرتووکە گرنگەکان دادەنرێت پەرتووکی (مفرج الكروب في اخبار بنی ايوب)ی (ابن واصل) (م ٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) بە تایبەت شێوازی ژنهێنانی پاشاکان کە بڕی مارەییەکانی تۆمارکردووە و ناوی بریکارەکانیشی هێناوە، لەگەڵ چوونی پاشاکان بۆ وەرزشکردن. زانیاری لەبارەی چێشتخانە و خواردن و خواردنەوەی پاشاکان تۆمارکردووە.

پەرتووکی (كنز الدرر والجامع الغرر)ی (الدواداري) (م ٧٣٥ك/ ١٣٣٤ز) بەتایبەت بەشی حەوتەم کە بە (الدر المطلوب في اخبار ملوك بني ايوب) ناسراوە، لەهەموو بەشەکانی توێژینەوە سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە، بەتایبەت لە باسکردنی ڕووداوەکاندا پشتی بە (سبط ابن الجوزي) و (ابن واصل) بەستووە.

پەرتووکی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الاثير) (م ٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)، چونکە هاوسەردەمی ئەیوبیەکان بووە زانیاریەکانی بە وردی تۆمارکردوون، بەتایبەت بۆ مێژووی لەدایك بوون و مردنی نازناو و سیفات و پەروەردەکردنی پاشاکان و چوونیان بۆ وەرزشکردن.

پەرتووکی (مراة الزمان في تاريخ الأعيان)ی (سبط ابن الجوزي) (م ٦٥٤ك/ ١٢٥٦ز) یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکان کە بایەخێکی زۆری هەبووە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە زانیاری ورد و گرنگی تێدابوو بەتایبەت بۆ بەشی یەکەم و دووەم، کە خۆی هاوسەردەمی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی دەوڵەتی ئەیوبی بووە. پەرتووکی (تأريخ مجموع النوادر مماجرى للأوائل

والأواخر)ی (الخزنداري) (م ٧٠٨ ك/ ١٣٠٨ز) سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە بەتایبەت لە بەشی دووەم و سێیەم کە زانیاری ورد لەبارەی ئەنجامدانی وەرزش لەلایەن پاشایانی ئەیوبی وجۆری خواردن و خواردنەوە و خوانی پاشاکان تۆمارکردووە.

هەریەك لە پەرتووکی (مسالك الأبصار في ممالك الأمصار)ی (ابن فضل الله العمري) (م ٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز) و (تأريخ دولة الأكراد والأتراك (تأريخ دولة الأكراد)ی مؤلف مجهول (م ٦٥٥ك/ ١٢٥٧ز) و پەرتووکی (تأريخ الإسلام و وفيات المشاهير والاعلام)ی (الذهبي) (م ٧٨٤ك/١٣٨٢ز) سوودیان لێ وەرگیراوە لەبارەی سیفات و خواردن و وەرزشی پاشاکانی ئەیوبی.

## ٢- سەرچاوە ئەنسکلۆپیدیەکان(الكتب الموسوعية):

یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە بەتایبەت بۆ هەر دوو بەشی دووەم و سێیەم پەرتووکی (صبح الاعشى في صناعة الانشا)ی (القلقشندي)یە (م ٨٢١ك/ ١٤١٨ز), بۆ پێناسەکردنی ئەو خزمەتکار و کەلوپەلانەی کە هاوڕێی پاشاکان بوونە بۆ ئەنجامدانی وەرزشکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش, هەروەها بۆ باسکردنی شێوازی چێشتخانەکانی کۆشك و لەگەڵ پێناسەکردنی کەلوپەل و بەش و خزمەتکارەکانیان, لەگەڵ جۆر و شێوازی پۆشاکی پاشاکان, هەروەها پەرتووکی (حدائق الياسمين في ذكر قوانين الخلفاء والسلاطين)ی (الكناني) (م ١١٣٥ك/ ١٧٢٢ز) کە بەهەمان شێوەی (صبح الاعشى) لە هەر دوو بەشی دووەم و سێیەم سوودێکی زۆری لێوەرگیراوە.

هەروەها پەرتووکی (المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار) (المقريزي) (م ٨٤٥ك/ ١٤٤١ز) یەکێکە لەو سەرچاوانەی سوودێکی زۆرمان لە هەر سێ بەشەکە لێوەرگرتووە و توێژینەوەکەمانی دەوڵەمەندتر کردووە, ئەگەرچی هاوسەردەمی ئەیوبییەکان نەبووە, بەڵام زانیاری زۆر وردی بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی پێش خۆی لەبارەی ئەیوبییەکان تۆمارکردووە, بەتایبەت لە بارەی ئەنجامدانی وەرزشکردن لەلایەن پاشاکان و خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و کۆشك و تەلارەکانیان.

## ٣- سەرچاوەی ژیننامە و کتێبە سەربووردەکان ( الكتب التراجم والسير ):

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بەشێك لە مەلیکەکانی ئەیوبیمان ناساندووە, بۆیە سوودێکی زۆرمان لەو بوارەدا لە کۆمەڵێك سەرچاوەی ژیننامە و کتێبە سەربردەکان وەرگرتووە پەرتووکی (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان)ی (ابن خلكان) (م ٦٨١ك/١٢٨٢ز) وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ سوودمان لێوەرگرتووە, کە بە پێشەنگ دادەنرێ لە کتێبە ژیننامەکاندا لە سەربردەی زۆرێك لە فەرمانڕەوایانی ئەیوبی کە لێکۆڵینەوەکەمانی دەوڵەمەندکرد بە تایبەتی سوودی زۆری بۆ بەشی

هەولێر تامەی کتێب

یەکەم و دووەم هەبووە. پەرتووکی (عيون الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية)ی (أبو شامة) (م ٦٦٥ك/ ١٢٦٧ز) سوودێکی زۆرمان بۆ بەشی یەکەم و دووەم لێوەرگرتووە ئەگەرچی زۆربەی زانیاریەکانی لە (عماد الدين الاصفهاني) و (ابن شداد) وەرگرتووە .

پەرتووکی (شفاء القلوب في مناقب بني أيوب)ی (الحنبلي) (م ٨٧٦ك/ ١٤٧١ز) یەکێکی دیکەیە لەو پەرتووکانەی کە سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە, ئەگەرچی هاوسەردەمی ئەیوبییەکان نەبووە, بەڵام سوودی لەسەرچاوەکانی هاوسەردەمی ئەیوبی وەرگرتووە, ناوی یەکەبەیەکەی مەلیك و منداڵەکانی ئەیوبی هێناوە.

## ٤- گەریدە و وڵاتناسان ( الكتب البلدانية ):

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم بوارەدا سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە, پەرتووکی (معجم البلدان)ی (ياقوت الحموى) (م ٦٢٦ك/ ١٢٢٨ز) یەکێکە لەو پەرتووکانەی بایەخێکی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە و زۆر پشتمان پێبەستووە بەتایبەت بۆ پێناسەکردنی شار و ناوچەکان و شوێنە جوگرافیەکان, بەتایبەت کە هاوسەردەمی ئەیوبیەکان بووە.

٥- پەرتووکە پزیشکیەکان (الكتب الطبية):

پەرتووکی (عيون الأنباء في طبقات الأطباء)ی (إبن أبي أصيبعة) (م ٦٦٨ك/ ١٣٧٠ز) سوودێکی زۆرمان بۆ بەشی سێیەم بەتایبەت لەبارەی جۆر و شێوازی خواردن و خواردنەوەی پاشاکان لێوەرگرتووە.

## ٦- ژێدەرە نوێیەکان:

بێجگە لەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بۆ کرا کۆمەڵێك ژێدەری نوێ لەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان پێ بەستووە و سوودی زۆرمان لێوەرگرتوونە لە گرنگترینیان پەرتووکی (فائيزه محمد عيزەت) بەناونیشانی (ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان سەدەکانی (٤ — ٩ ك/ ١٠ — ١٥ ز) سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە بەتایبەت لەدانانی پلانی توێژینەوەکە و نوسینی بەشی دووەم و سێیەم, هەروەها پەرتووکی (الحياة الاجتماعية في مصر خلال العصر الأيوبي (٥٦٧ — ٦٤٨ هـ/ ١١٧١ —١٢٥٠م)ی (خالدة سلمان ابراهيم) لە بەشی دووەم و سێیەمدا بەتایبەت لەباسکردنی خواردن و خواردنەوەکاندا سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە, پەرتووکی (معجم الجامع في المصطلحات الأيوبية والمملوكية والعثمانية ذات الأصول العربية والفارسية والتركية)ی (حسان حلاق و عباس صباغ) و سوودێکی زۆری بۆ پێناسەکردن و باسکردنی پلە و زاراوەکانی ناو کۆشکی پاشاکان پێبەخشین.

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە: ناو و نازناو لەدایك بوون و مردنی پاشایانی ئەیوبی لە مصر.

**١- مەلیك العزیز عثمان ( ٥٨٩ – ٥٩٥ ك / ١١٩٣ – ١١٩٨ ز ).**

ناوی تەواوی (عثمان بن السلطان صلاح الدين يوسف بن أيوب بن شادى)یە[١] و نازناویشی (العزیز)ە، کاتێ دەسەلاّت وەردەگرێ ئەو نازناوەی لێ دەنرێت [٢] نازناوی (عمادالدین)یشی هەبووە کە نازناوێکی (ئاینی یە)، بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ خاچیەکان ئەو نازناوەی لێنراوە[٣] بە (أبو الفتح) یش بانگکراوە[٤]، لەمەدا کاریگەری کۆمەڵگای عەرەبی لەسەر بووە لە بانگکردنی بەناوی کوڕەکەی، چونکە ئەم جۆرە نەریتە لەناو کورداندا بوونی نیە.

مەلیك (العزیز) لە مانگی جمادى الاولى (ئازار)یلەساڵی (٥٦٧ك/ ١١٧١ز) لەشاری قاهیرە لە ولاّتی مصر لەدایك بووە[٥]. سەبارەت بە لەدایك بوونی تەنها مێژوونووس (الصفدي) نوسیوویەتی لە ساڵی (٥٦٤ك/ ١١٦٨ز) لەدایك بووە[٦].بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەیە لە ساڵی (٥٦٧ك/ ١١٧١ز) لە دایك بووە.

مەلیك (العزیز) لە دوای مردنی سوڵتان (صلاح الدین)ی باوکی لە تەمەنی بیست ساڵ و شەش مانگی دەسەلاّت لە مصر دەگرێتە دەست[١] بەردەوامیش بووە لە حوکم تاوەکو لە ساڵی (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز) لە کاتی ڕاوکردن

---

(١) إبن الأثير: الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، ط ١، (بيروت: ١٩٩٧)، ج١٠، ص ١٥٧؛ ابن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني أيوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، دار العلم، (القاهرة: ١٩٥٧)، ج٣، ص٢؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دار الكتب، (مصر: د. ت)، ج٦، ص ١٢٠.

(٢) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص٢؛ ابن حجر: أنباء الغمر بانباء العمر، تحقيق: حسن حبشي، المجلس الاعلي للشؤون الإسلامية لجنة إحياء التراث الإسلامي، (مصر: ١٩٦٩)، ج٤، ص ٧٩؛ العيني: الروض الزاهر في سيرة الملك الظاهر، تحقيق: هانس أرنست، دار أحياء الكتب العربية، (د. م: ١٩٦٢)، ص ١٤.

(٣) إبن واصل: مفرج ، ج٣, ص٢؛ زامبارو: معجم الانساب والاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي, ترجمة: اسماعيل كاشف واخرون, دار الرائد العربي, (بيروت: ١٩٨٠), ص١٥٠؛ سيپان حسن على بنگلى: رسوم دار السلطنة الأيوبية في مصر (٥٧٠ – ٦٤٨هـ/ ١١٧٤ – ١٢٥٠م)، اطروحة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة دهوك, (دهوك: ٢٠١٤)، ص ٩٦.

(٤) ابو شامة: عيون الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: ابراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة، ط ١، (بيروت: ١٩٩٧)، ج٤, ص ٤٤٣؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر, (بيروت: ١٩٠٠)، ج٣، ص ٢٥٢؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، ط٣، (د. م: ١٩٨٥)، ج ٢١، ص ٢٩٧. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نازناوەکانی پاشایانی ئەیوبی بنۆڕە:: سيپان حسن على بنگلى: المرجع السابق، ص ص ٩٠ - ١٠٤.

(٥) عماد الدين الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، ط ١، (بيروت: ٢٠٠٢)، ص ٤٠٣؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤, ص ٤٠٦؛ ابن خلكان: المصدر السابق، ج٣, ص ٢٥١.

(٦) الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الأرناؤوط و تركى مصطفى، دار إحياء التراث، (بيروت: ٢٠٠٠)، ج١٩، ص ٣٤٠.

هەواڵنامەی کتێب

لەناوچەی (الفیوم)[8] تووشی ڕووداوێك هات و بەهۆیەوە تووشی برینێکی سەخت دەبێت و بەو برینەشەوە دەمرێت, بەڵام شێوازی مردنی مەلیك (العزیز) بەشێوەی جیاواز لەلایەن مێژوو نووسانەوە تۆمارکراوە، بەشێك لە مێژوو نووسان وایان نووسیوە: مەلیك (العزیز) لەکاتی ڕاوکردندا لەسەر ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە و لاقی لەزینی ئەسپەکە ئاراوە و مەلیك (العزیز)ی لەسەر زەوی بەدوای خۆی ڕاکێشاوە بەوهۆیەوە تووشی برینێکی سەخت دەبێت و بەو برینەش دوای سێ ڕۆژ لە ٢٠ محرم ساڵی (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز) ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ژیاندا دەکات[9].

هەندێ مێژوونووسی دیکە نووسیویانە لەکاتی ڕاوکردندا مەلیك (العزیز) لەسەر ئەسپەکەی بووە لەو کاتە گورگێکی بینیوە و ئەسپەکەی ترساوە و ڕاپەڕیوە و مەلیك (العزیز) سنگی بە سەری زینی ئەسپەکەی کە ئاسنێکی تیژبووە کەوتووە و دواتر مردووە[10].

هەندێك مێژوونووسی دیکە نووسیویانە مەلیك (العزیز) ڕایگەیاندووە ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوا حەنبەلیەکان (الحنابلە)[11]. لە وڵاتدا دەردەکات بۆیە ئەوان لەکاتی ڕاوکردندا تیرێکیان لەسینگی داوە و کووشتوویانە، ئەو

(٧) ابن تعزي بردي: مورد اللطافة في من ولي السلطنة والخلافة، تحقيق: نبيل محمد عبدالعزيز احمد، دار الكتب المصرية، (القاهرة: د. ت)، ج٢، ص ٨؛ المكي: سمط النجوم الحوالي في انباء الأوائل والتوالي، تحقيق: عادل احمد عبدالموجود و علي محمد معوض، دار الكتب العلمية، ط ١، (بيروت: ١٩٩٨)، ج٤، ص ١١.

(١) الفیوم: هەرێمێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مصر (٤ ڕۆژ) بەپێ لە (فسطاط) دوورە (هەر ڕۆژێك بە پێ = ٣٨کلم)واتە (دووری نێوان فسطاط و الفیوم نزیکەی ١٥٢کلم)، ناوچەیەکە باغ و باغات و ئاوی زۆرە و شوێنێکی باش و خۆش بووە بۆ ڕاوکردن. ياقوت الحموی: معجم البلدان، دار صادر، ط٢، (بیروت: ١٩٩٥)، ج٢، ص ٢٣٥.

(٢) إبن الأثير: الكامل، ج١, ص ١٥٧؛ إبن خلكان: المصدر السابق, ج٣, ص ٢٥١؛ إبن واصل: مفرج ، ج٣, ص ٨٢؛ إبن كثير: البداية والنهاية، تحقيق: علي شيري، دار أحياء التراث العربي، ط ١، (د. م: ١٩٩٨)، ج٣، ص ٢٥؛ ابن الفرات: تأريخ إبن الفرات، تحقيق: حسن محمد الشماع، دار الطباعة الحديثة، (البصرة: ١٩٦٩)، مج ٤، ج٢، ص ١٤٦؛ إبن العبري: تأريخ الزمان، تحقيق: جان موريس فيه، ترجمة: إسحق أرمله، دار المشرق، ط٢، (بيروت: ١٩٨٦)، ص ٢٣١؛ الحنبلي: شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، تحقيق: ناظم رشيد، دار الحرية، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٢٣.

(٣) سبط إبن الجوزي: مراة الزمان في تاريخ الأعيان، تحقيق: ابراهيم الزيبق، دار الرسالة العالمية، ط ١، (دمشق: ٢٠١٣)، ج٢٢، ص ص ٦٨- ٦٩؛ الدواداري: كنز الدرر والجامع الغرر (الدرة العليا فى اخبار بدء الدنيا)، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، موقع شيخة المري، (القاهرة: ١٩٧٢)، ج٧, ص ١٣٦؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد والأتراك (تأريخ دولة الأكراد): تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، مطبعة جامعة دهوك، ط ١، (دهوك: ٢٠١٠)، ص ٢٣٩؛ ابن أياس: بدائع الزهور في وقائع الدهور، دار مطابع الشعب، (القاهرة: ١٩٦٠)، ج١، ص ٦٠.

(٤) حەنبەلیەکان: دەگەڕێنەوە بۆ ئیمام احمد بن محمد بن حنبل کە بە ئیمامی(حەنبەلی) ناسراوە و یەکێکە لە چوار مەزهەبەکەی ئاینی ئیسلام کە بە مەزهەبی (حەنبەلی) ناسراوە لەساڵی (١٦٤ك/ ٧٨٠ز) لەشاری بغداد لەدایك بووە و لەساڵی (٢٤١ك/٨٥٥ز) لەتەمەنی حەفتاو حەفت ساڵی لەشاری بغداد مردووە و هەر لەوێش بەخاکسپێردراوە. ابن كثير: البداية، ج١٤, ص ٣٧٠؛ ئارام عبداللە: ژیانی چوار پێشەواکەی ئیسلام، کتێبخانەی مەحوی، چ٢، (ب. ش: ٢٠٠٩ )، ل ل ١٠٥, ١١٧.

کەسانەی کە لاشەکەشیان شووشتووە وتوویانە ئێمە شوێنەواری ئەو تیرەمان بەسەر سینگی مەلیك (العزیز) بینیووە[1].

بەربوونەوەی لەسەر ئەسپەکەی لەکاتی ڕاوکردن و دروست بوونی برینێکی گەورە لە لاشەیی و مردنی بەهۆی ئەو برینەوە هەڵبژاردەیەکی باش و ڕوونە بۆ مردنی مەلیك (العزیز)، چونکە سەرچاوە بەردەستەکان باسی دوای مردنی ناکەن، ئەگەر مەلیك (العزیز) کوژرابا لەسەرچاوەکان باسی دەکرا و کاردانەوە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە ڕوویدەدا, دوای شووشتنی لاشەکەی لەنزیك گۆڕی (الامام الشافعی)[2] بە یەکجاری بەخاکسپێردرا[3]. بەلاَم تەنها (ابوشامة) جیاواز لە مێژوونووسەکانی دیکە نووسیویەتی لەساڵی (٥٩٦ك/ ١١٩٩ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە[4] و پێنج ساڵ و یازدە مانگ حوکمڕانی وڵاتی مصری کرد[5] کاتێ کە مردیش تەمەنی بیست و حەوت ساڵ و نۆ مانگ[6] یان بیست و حەوت ساڵ و یازدە مانگ بوو[7].

**٢- مەلیك المنصور بن مەلیك العزیز عثمان** ( ٥٩٥ك / ١١٩٨ز).

ناوی (المنصور ناصرالدین[8] محمد ابن الملك العزیز عمادالدین عثمان ابن السلطان صلاح الدین یوسف بن

هەواڵنامەی کتێب

---

(٥) الذهبي: تأريخ الإسلام و وفيات المشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكاتب العربي، ط٢، (بيروت: ١٩٩٣)، ج٤٢، ص ١٨٨؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢٥؛ أبن كثير: طبقات الشافعيين، تحقيق: احمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد عزي، مكتبة الثقافة الدينية, (د. م: ١٩٩٣)، ج١، ص ٧٥٢.

(١) الامام الشافعی: محمد بن الادريس بن عباس یەکێکە لەچوار مەزهەبەکەی ئیسلام لە ساڵی (١٥٠ك/ ٧٦٧ز) لە غەززە لە فەلەستین لەدایك بووە و لەساڵی (٢٠٤ك/ ٨١٩ز) لە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵی ساڵی مردووە و لە مصر بەخاکسپێردراوە و دواتر گۆڕەکەی بۆتە مەزارگە و شوێنێکی پیرۆز بۆیە هەندێك لە پاشایانی ئەیوبی لەو شوێنە بەخاکسپێردراون لەساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) مەلیك (الکامل) گومەزێکی گەورەی دروستکرد و جارێکی دیکە نۆژەنیکردۆتەوە. ابن خلكان: المصدر السابق، ج٤, ص ١٦٣؛ مجموعة من مؤلفين: موسوعة الثقافية التاريخية والاثرية والحضارية التاريخ الاسلامي, دار الفكر العربي, (القاهرة: ٢٠٠٨), مج ٥, ص٤٣؛ نبيل علي يوسف: اشغال المعادن ذات النمط الثابت في اهم اثار القاهرة الاسلامية, مكتبة مدبولي, ط ١, (القاهرة: ٢٠٠٣م), ص٤٣؛ ئارام: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤، ٣٠.

(٢) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ١٥٧؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤, ص٤٤٣؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج٣, ص٢٥١؛ الزبيدي: ترويح القلوب في ذكر الملوك بني أبوب، تحقيق: صلاح الدين المنجد، دار الكتاب الجديد، (بيروت: ١٩٨٣)، ص ٦٩.

(٣) تراجم رجال القرنين السادس والسابع (المعروف بالذيل على الروظتين)، تحقيق: محمد زاهد الحسن الكوثري، دار الجيل، (بيروت: د. ت)، ص١٦.

(٤) ابن واصل : مفرج , ج٣, ص ٨٣؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار, المجمع الثقافي، ط ١، (أبو ظبي: ١٩٩٤)، ج ٢٧، ص ١٨٥؛ أبو الفداء: التبر المسبوك في تواريخ الملوك، تحقيق: محمد زينهم و محمد عزب، مكتبة الثقافة الدينية، ط ١، (القاهرة: ١٩٩٥)، ص ٧٠.

(٥) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٦٩.

(٦) أبو الفداء: المختصر في اخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية، ط ١، (د. م. ت)، ج٣، ص ٩٥.

(٧) الناصرالدين: نازناوێکی ئاینی یە و مەلیك (العزیز) ئەو نازناوەی لێناوە. سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢١, ص ٣٦٩.

أيوب). لە قاهیرە لە وڵاتی مصر لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) لە ڕۆژی هەینی لەدایك بووە[١]. لەکاتی لەدایك بوونی دا مەلیك (العزیز)ی باوکی لە قاهیرە نەبووە و بە نێردراوێك هەواڵی لەدایك بوونەکەی بۆ نێردراوە و لە نامەکەدا بۆیان نووسیبوو: ((ئەیی مەلیك (العزیز) بە لەدایك بوونی (المنصور) هەموو دونیا کەوتە دەستمان، ئامۆژگاری کردنمان زیاتربوو بە لەدایك بوونی ئەو منداڵە، خۆشیمان زیاتر بوو بە هاتنی هەواڵی لەدایك بوونی منداڵەکەتان، ئینجا دۆست و دوژمن و خزمەتکاری زۆردەبێ، پاراستنت زیاتر بوو لەوەی کە هەت بوو، خوای بەخشندە نیعمەتێکی گەورەی لەگەڵ کردی زیاتر لەوەی کە بە پێغەمبەر (ئادەم) (ع. س) لێبێت کردی. لە کۆتایی دا سوپاس بۆ خوای بەخشندە و میهرەبان لە پێدانی بەخشش بە مەلیك (العزیز) کە ئەو منداڵە بوو........ )) ئەو نێردراوە لە ڕۆژی یەك شەممە ئەو هەواڵە بۆ مەلیك (العزیز) دەبات[٢].

(المنصور) گەورەترین کوڕی مەلیك (العزیز) بوو[٣] لەوکاتەی لەژیاندا بوو (المنصور)ی کوڕی کردە جێگرەوەی خۆی لە حوکم دا ئەگەر چی تەمەنی زۆر بچووك بوو[٤]، بەلاّم باوکی لەو کارەیدا هەڵەیەکی گەورەی کرد، بەهۆی بچووکی تەمەنی (المنصور) دواتر کێشە و گرفت لە دەوڵەتی ئەیوبی دا دروست بوو. مەلیك (العزیز) ئەوەی ڕاگەیاند کە لەدوای خۆیدا کوڕەکەی دەسەلاّت لە دەوڵەتی ئەیوبی وەردەگرێت و(بهاءالدين قراقوش)[٥]یش دەبێتە ئەتابەگی(الاتابگ)[٦] پەروەردەکەری[٧]. لەو کاتەی مەلیك (العزیز) لەساڵی (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز) دەمرێت تەمەنی (المنصور)ی کوڕی نۆ ساڵ و دوو مانگ بوو[٢] دیاری کردنی ئەتابەگیش ناکۆکی و ململانێی لەنێوان

---

(٨) المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، ط ١، (بيروت: ١٩٩٧)، ج١، ص ٢٥٨؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ٩.

(١) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢١, ص ٣٦٩؛ الدواداری: المصدر السابق، ج٧, ص ص ١٠٣ - ١٠٤.

(٢) ابن تغری بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ١٢٩.

(٣) الزبيدی: المصدر السابق، ص ٧٠.

(٤) بها ء الدين قراقوش: أبو سعيد قراقوش بن عبدالله الاسدی یەکێك بووە لە مەمالیکەکانی (اسدالدين شێرکۆ)ی مامی سوڵتان (صلاح الدين) و کاتێ سوڵتان (صلاح الدين) دەسەلاّت دەگرێتە دەست (بها ء الدين قراقوش) ی بەهۆی زیرەکی و بەتواناییەکەیەوە لەخۆی نزیك دەکاتەوە و متمانەی پێدەدا، (قراقوش) سەرپەرشتی دروستکردنی کۆشکی (قلعة الجبل) و شورەی القاهرە و پرد و ڕێگا و بانەکانی جیزەی کردووە. کاتێك سوڵتان (صلاح الدين) شاری عەککا ی ڕزگارکرد (قراقوش) ی کردە والی شارەکە، (قراقوش)یش وشەیەکی تورکیە و بە مانای (داڵی ڕەش) دێت لەساڵی (٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) دەمرێت و لەقاهیرە بەخاکسپێردراوە. إبن شداد: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي)، تحقيق: جمال الدين الشيال، مكتبة الخانجي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩٤)، ص ٢٥٩؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٢, ص ١٩١؛ مؤلف مجهول: النجوم الزاهرة في حكى حضرة القاهرة، تحقيق: حسين نصار، دار الكتب المصرية، (القاهرة: ٢٠٠٠) ص ١٨٤؛ فرهاد حاجى عبوش: الكرد في مؤلفات المقريزي التأريخية، الاكاديمية الكردية، (أربيل: ٢٠١٠)، ص ٢٧٥؛ حكيم احمد: بەها ئەددین قەرەقووشی.... کەسایەتیەکی مەزن، گۆڤاری مێژوو، ژمارە: ١٩, (هەولێر: ٢٠١١)، ل ل ٤٤٤ - ٤٤٥.

(٥) ئەتابەگ (الاتابگ): وشەیەکی تورکیە و لە دوو بڕگە پێکاهتووە (ئەتا) بە مانای (باوك) دێ و (بەگ یان بگ) بەمانای (میر)دێ ماناکەی دەکاتە (باوکی میر) ابن الاثير: الكامل، ج ٨, ص ٢٣٧؛ القلقشندي: صبح الاعشى في صناعة الانشأ، تحقيق: يوسف على الطويل، دار الفكر، ط١، (دمشق: ١٩٨٧)، ج٦, ص ٤؛ قتيبة الشهابي: معجم القاب أرباب السلطان في الدول الاسلامية من العصر الراشدي حتى

پاشاکانی ئەیوبی دروست کرد[٣] تا دواجار ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی مەلیك (الافضل)[٤] مامی ببێتە ئەتابەگی[٥].

دواتر بەهۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان مەلیك (الافضل) و مەلیك (العادل)[٦] مەلیك (العادل) توانی خۆی بکاتە ئەتابەگی مەلیك (المنصور)[٧] بەبیانووی ئەوەی مەلیك (المنصور) بچووکە و دەست نادات بۆ حوکم، خۆی کردە فەرمانڕەوای مصر[٨].

زانیاری لەبارەی مەلیك (المنصور) لەسەرچاوە بەردەستەکاندا زۆرنیە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەشێك لە مێژوونووسان ئاماژە بەوەدەکەن مەلیك (العادل) مەلیك (المنصور)ی لەگەڵ دایك و خوشکی بۆ شاری روها (الرها)[٩] ناردووە و دواتر چوونەتە (حلب) بۆ لای مەلیك (الظاهر)[١]ی مامی و ئەویش کچێکی خۆی لێ

---

بدايات القرن العشرين، منشورات وزارة الثقافة, (دمشق: ١٩٩٥)، ص ص ١٥ - ١٦؛ محسن محمد حسين: هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا، وەرگێڕانی: عثمان علی قادر، نووسینگەی تەفسیر، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٣٦.

(٦) إبن واصل: مفرج ، ج٣, ص ٨٧؛ المقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر المواعظ والأثار، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت: ١٤١٨هـ)ج٣، ص ١٦١.

(٧) أبو الفداء: المختصر، ج٢, ص ١٨٤؛ العليمي: الانس الجليل بتأريخ القدس والخيل، تحقيق: عدنان يونس عبدالمجيد نباتة، مكتبة دنديس، (عمان: د. ت)، ج١، ص ٣٩٩.

(١) ابن واصل: التأريخ الصالحي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، ط ١، (بيروت: ٢٠١٠)، ج٢، ص٢٦٣.

(٢) مەلیك الافضل: أبو الحسن نورالدين على بن صلاح الدين يوسف بن أيوب گەورەترین کوڕی سولتان (صلاح الدين) بووە لە قاهیرە لە ساڵی (٥٦٥/ ١١٦٩ز) لەدایك بووە دوای مردنی باوکی حوکمڕانی دمشقی کردووە تاوەکو لەساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز) ساڵی مردووە. أبو الفداء: التبر المسبوك ، ص ٧٠؛ الحنبلى: المصدر السابق، ص ص ٢٠٨، ٢٥٠، ٢٥٨؛ محمد أمين زكى بگ: مشاهير الكرد و كردستان فى عهد الاسلامى، تحقيق: السيدة كريمتة، دار الزمان، ط٢، (دمشق: ٢٠٠٦), ج١, ص ص ٢٤ - ٢٥. بۆزانیاری زیاتر لەبارەی مەلیك الافضل بنۆڕە:

(٣) أبوالفداء: المختصر، ج٢, ص ١٨٤؛ ابن تغري بردي: مورد، ج٢, ص ٩؛ الذهبي: دول الاسلام، تحقيق: حسن اسماعيل مروه و محمود الأرناؤوط، دار صادر، ط ١، (بيروت: ١٩٩٩)، ج٢, ص ١٠٣؛ بيبرس المنصورى: مختار الاخبار تاريخ الدولة الايوبية و دولة المماليك البحرية حتى سنة (٧٠٢هـ), تحقيق: عبدالحميد صالح حمدان, دار المصرية اللبنانية, ط ١, (القاهرة: ١٩٩٣), ص ٥.

(٤) مەلیك العادل: أبوبكر محمد بن ابى الشكر أيوب بن شادي نازناوی (العادل) لە ماوەی ساڵانی (٥٩٥ك — ٦١٥ك/ ١١٩٨ — ١٢١٨ز) حوکمڕانی وڵاتی مصر دەکات. ابن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٤؛ الحنبلى: المصدر السابق, ص ص ٣٦٦ — ٣٦٧؛ مغلطاى: كتاب مختصر تاريخ الخلفاء، تحقيق: يحيى بن حمزة الوزنة، مكتبة الثقافة الدينية، ط١، (القاهرة: ٢٠٠٣)، ص ١٢٧. بۆزانیاری زیاتر لەبارەی مەلیك (العادل) بنۆڕە:

(٥) إبن سباط: صدق الأخبار تأريخ إبن سباط، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار جروس برس، ط ١، (طرابلس: ١٩٩٣)، ج١، ص ٢٢٩.

(٦) الحنبلي: المصدر السابق ، ص ٢١٠؛ السيوطي: تأريخ الخلفاء ، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، دار الجيل، (بيروت: ١٩٨٨)، ص ٥٢٠.

(٧) الرها: شارێکە لە هەرێمی (الجزيره) و دەکەوێتە نێوان (موصل) و (شام) بە دووری (٦ فەرسەخە = ٣٦کلم لە نێوانیاندایە, ١ فەرسەخ دەکاتە ٦کلم) ڤالتر هتس: المكاييل والاوزان الاسلامية وما يعادلها النظام المتري, ترجمة عن الالمانية: كامل العسيلي, منشورات

مارەكردووە و لە حلب ماوەتەوە تا مردووە, بەلاَم بەرواری مردنی دیارنیە[٢] (إبن أياس)یش ئاماژە بەوە دەكات مەلیك (العادل) مەلیك (المنصور) ی لە (قلعة جبل)[٣] زیندانی كردووە و لەوێ ماوەتەوە تاوەكو مردووە[٤].

تویژەر پالْپشتی ئەو قسەیە دەكات كە مەلیك (المنصور) لەگەلْ ئەندامانی دیكەی خێزانەكەی چۆتە حلب لەوێ ماوەتەوە تاوەكو مردووە, ئەو پالْپشتیەی تویژەریش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە سەرچاوە رەسەن و هاوسەردەمانی رووداوەكە ئاماژەی چوونی مەلیك (المنصور) دەكەن بۆ شاری (حلب), بەپێچەوانەوە (ابن اياس) دوای سەدان سالْ پەرتووكەكەی نووسیوە و بەهۆی دووری لە سەردەمی رووداوەكاندا تویژەر لە پالْپشتی كردن و پشتگیریكردنی قسەكانی خۆی بە دوور دەگرێت.

### ٣- مەلیك العادل سيف الدين أبوبكر إبن شادی (٥٩٥ – ٦١٥ك / ١١٩٨ – ١٢١٨ز)[٥].

ناوی (أبوبكر محمد بن أبي الشكر أيوب بن شادي)[٦]، زیاتر بە نازناوی (العادل) ناسراوە، سولْتان (صلاح الدين)ی برای ئەو نازناوەی لێناوە[٧]، بەلاَم بە نازناوەكانی (سيف الدين)[٨] وملك الدنيا والدين[١]شاهنشاه ملك الملوك امير المؤمنين[٢] و الامام ناصر لدين الله امير المؤمنين[٣]یش ناسراوە.

---

الجامعة الاردنية, (عمان: ١٩٧٠), ص ٩٤. لەنێوانیاندایە. ياقوت الحموی: معجم البلدان ج٣, ص ١٠٦؛ ابو الفداء: تقويم البلدان, تحقيق: البارون ماك كوكين ديسيلان, دار السلطانية, (باريس: ١٨٥٠م), ص ٣٧٧. ئێستا دەكەوێتە باكوری كوردستان واتە (باشوری توركيا) وە (ئورفە) ی پێ دەگوترێت و بە (ئۆديسە) و (روحا)ش ناسراوە.

(٨) مەلیك الظاهر: غازي بن صلاح الدين يوسف بن ايوب بن شادي. لەسالْی (٥٦٨ك/ ١١٧٢ز) لە دايك بووە و لەسالْی (٥٨٢ك/ ١١٨٦ز) بۆتە جێگری سولْتان (صلاح الدين) ی باوكی لە حلب و بەردەوام بوو لە حوكمرانیكردنی حلب تا لە سالْی (٦٠٩ك/ ١٢١٢ز) مردووە. الحنبلی: المصدر السابق، ص ٢٥٢.

(١) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ص ١٥٧، ١٩٢؛ ابن واصل: مفرج، ج٣, ص ١٤٠؛ العمري: الدرر المكنون في الماثر الماضية من القرون, مكتبة استنبول, (د. م: ٢٠١١م), ق١, ص ٣٣١؛ شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە مێژووی مالْە میرانی كوردستان ، وەرگێرانی: هەژار، پەخشانگای پاییز, ج٦، (طهران: ٢٠١٣)، ل ١١٦؛ محمد احمد سعد: موسوعة التاريخ الهجرى, دار الصفاء, ط١, (عمان: ٢٠٠٣ ), ص ٢٨١.

(٢) قلعة الجبل: ئەو قەلاَیە بوو لە قاهیرە لە ولاَتی مصر سولْتان (صلاح الدين) لەسالْی (٥٧٢ك/١١٧٦ز) بریاری دروست كردنیدا و لەلایەن (بهاءالدين قراقوش) سەرپەرشتی دروستكردنی كرا, بە سێ قۆناغ دروستكردنی تەواوبوو ئەویش سەردەمی سولْتان (صلاح الدين) و مەلیك (العادل) و تاوەكو لەسەردەمی مەلیك (الكامل) ی كوری دروست كردنەكەی تەواو كرا. ابن كثير: البداية، ج١٢, ص ٣٦٥؛ الذهبي: العبر في خبر من غبر، تحقيق: أبوهاجر محمد و سعيد بسيونی زغلول، دار الكتب العلمية، (بيروت: د. ت), ج٣, ص٦.

(٣) بدائع، ج١, ص ٦١.

(٤) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٤؛ استانلي لين بول: تاريخ الخلفاء والسلاطين والملوك والامراء والاشراف في الاسلام من القرن الاولى حتى القرن الرابع عشرالهجري, ترجمة: مكي طاهر, دار العربية للموسوعات, ط ١, (بيروت: ٢٠٠٦), ص٨٧.

(٥) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٤.

(٦) إبن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ١٠.

(٧) إبن خلكان: المصدر السابق, ج٥, ص ٧٤.

له ولاّتی شام له شاری (بعلبك)[٤] له دایك بووه[٥]، سەبارەت بە ساڵی لەدایك بوونی جیاوازی لەنێوان مێژوو نووساندا هەیە و هەندێك لە مێژوو نووسان ساڵی (٥٣٤ك/ ١١٣٩ز) بە ساڵی لەدایك بوونی مەلیك (العادل) دادەنێن[٦]، هەندێکی دیکە ساڵی (٥٣٩ك/ ١١٤٤ز) کە هاوکاتە لەگەڵ گرتنی شاری (روها) لەلایەن (نورالدین زەنگی)[٧] بە ساڵی لە دایك بوونی دادەنێن[٨] (ابن تغری بردي) یش ساڵی (٥٤٠ك/ ١١٤٥ز) بە ساڵی لەدایك بوونی دادەنێت [٩] و دوو ساڵ لە سوڵتان (صلاح الدین) برای بچووکتربووە[١٠].

مەلیك (العادل) هەر لەسەردەمی سوڵتان (صلاح الدین)ی برای ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دەسەڵاتدا، کەسێکی زیرەك و بەتوانابووە هەر بۆیە سوڵتان (صلاح الدین) وەکو ڕاوێژکار و یارمەتیدەر لە دەسەڵاتدا پشتی پێ بەستووە[١١] بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیبووە وەکو کەسێکی سیاسی وایکردووە زوو دەسەڵات بگرێتە دەست[١٢] لە سەردەمی براکەی حوکمڕانی چەند ناوچەیەکی کردووە، وەکو (مصر) و (حلب) و (الکرك)[١٣]

---

(٨) خلف فارس الطراولة: المسكوكات الايوبية دراسة اثرية فنية, مطبعة جامعة اليرموك, (القاهرة: ١٩٩٢), ص ١٧٠.

(٩) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق ، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ أبو شامة: عيون الروضتين, ج١, ص ١٨٢؛ إبن خلكان: المصدر السابق ، ج٥, ص ٧٤؛ الذهبي: العبر، ج٣, ص ١٦٧.

(١٠) عبداللة خورشيد قادر: الاصول الفنية لتصاوير المسكوكات الاسلامية حتى سقوط بغداد ( ٦٥٦هـ / ١٢٥٨م ), الدار العربية للموسوعات, ط ١, (بيروت: ١٤٣٣), ص ٢٧٤.

(١) بعلبك: شارێکە دەکەوێتە ولاّتی شام (٣ڕۆژ = ١١٤کلم) لە دمشق دوورە. ياقوت الحموى: معجم البلدان، ج٢, ص ٢٣٥.

(٢) الصفدي: تحفة ذوي الألباب، تحقيق: إحسان بنت سعيد خلوحي و زهير حميدان الصمام، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩٢)، ق٢، ص ١٠٤؛ الصفدي: الوافي، ج٢, ص ١٦٨؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج ٢, ص ١٠؛ إبن أياس: بدائع ، ج١, ص٦١.

(٣) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٣٢٦؛ سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ المنذري: التكملة لوفيات النقلة، تحقيق: بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، ط٣، (د. م: ١٩٨٤) , مجد ٢، ص ٤٣٠.

(٤) نورالدین زەنگی: نورالدین محمود بن زنگی بن أقسنقر بن عمادالدین زنگی لە ساڵی (٥١١ك/ ١١١٧ز) لەدایك بووە و دوای مردنی (عمادالدین زنگی) باوکی حوکمڕانی ناوچەکانی شام و جەزیرە دەکات لەساڵی (٥٦٩ك/ ١١٧٣ز) لە دمشق کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بەخاکسپێردراوە بیست و هەشت ساڵ و نیو حوکمڕانی دەولەتی زەنگی کردووە. ابن الأثير: الكامل، ج٩, ص ٣٩٣؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج١, ص ١٠٧؛ مؤلف مجهول: تاريخ الرهاوي المجهول، تحقيق: البير أبونا، مطبعة شفيق، (بغداد: ١٩٨٦), ج٢, ص ص ١٩٧ — ١٩٨.

(٥) ابو شامة: عيون الروضتين, ج١, ص ١٨٢؛ ابن خلكان: المصدر السابق, ج٥, ص ٧٨؛ الصفدي: الوافي, ج٢, ص ١٦٨.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ٢٧٠.

(٧) مورد اللطافة، ج٢, ص ١٠.

(٨) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ٤٤, ص ٢٦٩.

(٩) ابن واصل, مفرج, ج٣, ص ٢٧٠؛ سامان نامق تۆفیق: ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەت ئەیوبیدا (٥٦٧ — ٦٤٨ك/ ١١٧١ — ١٢٥٠ز)، نامەی ماستەر, کۆلێژی ئەدەبیات, زانکۆی سەلاّحەددین, (هەولێر: ٢٠١٥) ، ل ٢٩.

(١٠) الکرك: قەلاّیەکە لە ولاّتی شام و لە قودس نزیکە. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٤, ص ٤٥٢.

دواتریش (حران)[١]. سوڵتان (صلاح الدین) پێش ئەوەی بمرێت دەسەلاتی لەناوچەکانی روها و (جبل جور)[٢] و (میافارقین)[٣] و (سمیساط)[٤] داوەتیٚ[٥]. لەساڵی (٥٩٦ك/ ١١٩٩ز) مەلیك (العادل) بووە بە مەلیکی مصر[٦] لە ناوچەکانی (مصر) و (الیمن) و (شام) و (الجزیرە)[٧] حوکمڕانی کردووە[٨]. لە حوکمڕانیش بەردەوام بوو تاوەکو لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) کۆچی دوایی کرد[٩]. مردنی لەو کاتەدا بوو کە خاچیەکان هێرشێکی فراوان و گەورەیان کردە سەر مصر و مەترسی زۆریان خستەسەری بەتایبەت دوای ئەوەی توانیان دەست بەسەر شاری (دمیاط)[١٠] بگرن[١١].

مەلیك (العادل) تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێت لەوانەیە تووشی سەکتە(جەڵتە)ی دڵ بووبێت و دواتر هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەمرێت[١٢]، چونکە (دمیاط) بەهۆی شوێنی ستراتیژی و گرنگیەکەی کە

---

(١١) حران: شارێکی بەناوبانگە لە هەرێمی (جەزیرە)و پایتەختی (دیار مضر) بووە و دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری (الرها) و (الرقه) دووری نێوانی لەگەڵ شاری (الرها) (١ رۆژە ڕێگایە = ٣٨کلم) دووری لەگەڵ شاری (الرقه) (٢ رۆژە ڕێگایە = ٧٦کلم). یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢, ص ٢٣٥؛ شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد, (٢٠٠٢), ل ٣٤.

(١٢) جبل جور: ناوچەیەکی گەورەی سەر بە دیاربەکرە و زۆربەی دانیشتوانی ئەرمەنن. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢, ص١٠٢.

(١) میافارقین: بەناوبانگترین شارە لە دیاربەکر. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٥, ص ٢٣٥. کە دەکاتە باکوری کوردستان و باشوری رۆژئاوای تورکیا. ئێستا (فارقین) و (سلیڤانی) پێ دەگوترێ.

(٢) سمیساط: ناوچەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری فوڕات و زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنن. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٣, ص ٢٥٨.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ١٠٩.

(٤) إبن الفرات: المصدر السابق، مج٤، ج٢, ص ١٧٣؛ المقریزي: السلوك، ج ١, ص ص ٢٦٤ - ٢٦٥.

(٥) الجزیرة: لە سێ هەرێم پێك دێت ئەوانیش (دیار بكر و دیار مضر و دیار ربیعة). لەبەرئەوەی دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕوباری دیجلە و فوڕات بۆیە پێی دەگوترێت (جەزیرە)، شارەکانی (حران, روها, رقه, نصیبین, سنجار, الخابور, ماردین, امد, میافارقین, موصل) لە گرنگترین شارەکانی ئەو هەرێمانەن. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢, ص ١٣٤. کە ئێستا (باکوری کوردستان) کە دەکاتە (باشوری ڕۆژئاوای تورکیا) و بەشێك لە باشوری کوردستان کە دەکاتە (باکوری عیراق) دەگرێتەوە.

(٦) إبن کثیر: البدایة، ج١٣, ص ٩٤.

(٧) إبن الأثیر: الکامل، ج١٠, ص ص ٣٢٦ - ٣٢٧؛ سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٢؛ أبو شامة: عیون الروضتین، ج٤, ص ٤٨٦.

(٨)دمیاط: شارێکی کۆنە و دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست (بحر الروم) لە گۆشەی دەریاکە و ڕووباری (نیل) دایە. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢, ص ٤٧٢.

(٩)ابن العمید: أخبار الأیوبیین، مکتبة الثقافة الدینیة، (القاهرة: د. ت)، ص ٨.

(١٠) إبن الأثیر: الکامل، ج١, ص ص ٣٢٦ - ٣٢٧؛ إبن العدیم: زبدة الحلب في تأریخ حلب، تحقیق: خلیل المنصور، دار الکتب العلمیة، ط١، (بیروت: ١٩٩٦), ج١, ص ٤٢٦؛ إبن کثیر: البدایة، ج١٣, ص ٩٤.

دەروازەی چوونە ژوورەوەی (مصر) بوو، بۆیە گرتنی (دمياط) دەبووە هۆی دروستکردنی مەترسیەکی گەورە بۆ وڵاتی (مصر)[1].

لەو کاتەی مرد، بەهۆی خەریك بوونی ئەیوبیەکان بە شەڕ کردن لە دژی خاچیەکان بەبێ هیچ مەڕاسیمێك و لە ناو جەمەدانی (منديل) (الفقيه إبن الفارس) لە دمشق[2] لە ناو کۆشکەکەی خۆی بەخاك سپێردرا [3]، لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) گۆڕکەیان لە کۆشکەکەیەوە بەرەو (مدرسة العادلية الكبرى)[4] گواستەوە کە تا ئەوکات تەواو نەکرابوو، دواتر مەلیك (الكامل)ی کوڕی دروست کردنەکەی تەواوکرد[5]. مەلیك (العادل) لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی مرد[6] کە بیست و سێ ساڵ حوکمڕانی دمشق و نۆزدە ساڵیش حوکمڕانی مصری کرد[7].

## ٤- مەلیك الكامل ( ٦١٥ – ٦٣٥ ك / ١٢١٨ – ١٢٣٧ ز ):

ناوی (محمد بن محمد بن أيوب إبن شادي)[8]ە. نازناویشی السلطان الملك الكامل ناصرالدنيا و الدين أبو المعالي و أبو المظفر[9]، (أبي الفتح )[10] و (خادم الحرمين الشريفين)یشی پێ گوتراوە بەڵام بە نازناوی (الكامل) ناسراوە [11].

لە ساڵی (٥٧٣ك/ ١١٧٧ز)[1] لە قاهیرە لە دایك بووە[2] گەورەترین کوڕی مەلیك (العادل)بووە لەدوای (مودود)ی[3] برای کە زوو مرد[4]. بە چوارەم پاشای ئەیوبی دادەنرێ لە مصر ئەگەرچی لەماوەی حوکمڕانی باوکیدا لە مصر

---

(١١) عبدالمنعم ماجد: الدولة الأيوبية في تأريخ مصر الاسلامية التاريخ السياسي (٥٦٧ – ٦٤٨هـ/ ١١٧١ – ١٣٥٠م)، دار الفكر العربي، (القاهرة: ١٩٩٧)، ص١٣٢؛ جمال الدين الشيال: مجمل تأريخ دمياط، مكتبة الثقافة الدينية، ط ١، (بورسعيد: ٢٠٠٠)، ص ٢٢؛ ئەکرەم جەمیل پاشا: مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: فەیزوڵلا برایم خان و بارزان وەهاب، دەزگای بیر، چ٣، (دیاربەکر: ٢٠٠٧)، ل ١٣٣.

(١٢) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٣٢٦؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤، ص ٤٨٦.

(١) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٢٣٢.

(٢) مدرسة العادلية الكبرى: ئەو قوتابخانەیە(نورالدين زەنگی) لە دمشق دروستی کرد، بەڵام مەلیك (العادل) دروست کردنەکەی تەواو کردوو کاتێك لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) مرد لەو قوتابخانەیە بەخاکسپێردرا. النعيمي: الدارس في تأريخ المدارس، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط ١، (د. م: ١٩٩٠)، ج١، ص ٢١٠.

(٣) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥، ص ٧٨؛ أبو شامة: تراجم رجال القرنين، ص ١٣٢؛ ابن تغری بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ١٧١.

(٤) إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ٢٧٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٦٠.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ٢٧٠؛ إبن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٥٥.

(٦) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٣٤٦؛ الصفدي: الوافي، ج١، ص ١٥٨.

(٧) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥، ص ٧٩؛ المقريزي: المواعظ، ج٤، ص ٢١٩؛ زامباور: المرجع السابق، ص ١٥٠؛ خلف فارس الطراونة: المرجع السابق، ص ١٨٢.

(٨) الزبيدي: المصدر السابق، ص ٥٣.

(٩) اليافعي: امراة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، ط ١، (لبنان: ١٩٩٧)، ج ٤، ص ص ٧٢ – ٧٣؛ ابن تغری بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ص ٢٣٤ – ٢٣٥.

جێگری باوکی بووە, بەڵام خۆی حوکمڕانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کردووە[٥]، بەڵام کاتێك باوکی لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) مرد، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی لە مصر گرتە دەست و بووە مەلیکی مصر[٦]. مەلیك (الكامل) لە تەمەنی حەفتا ساڵی[٧] دوایی حوکم کردن لە ولاتی مصر بۆ ماوەی چل ساڵ، کە بیست ساڵ جێگری مەلیك (العادل) باوکی بووە و بیست ساڵێش خۆی مەلیکی مصر بووە و حوکمی کردووە[٨]، لە ساڵی (٦٣٥ك/ ١٢١٨ز) لە دمشق کۆچی دوایی کردووە[٩].

چۆنیەتی و هۆکاری مردنی مەلیك (الكامل) لەلای مێژوونووسان بەشێوەی جیاواز تۆمارکراوە. زۆرێك لە مێژوونووسان وایان نووسیوە لەو کاتەی چۆتە دمشق تووشی پەسیو و لەرز و تایەکی زۆر توند بووە، بەجۆرێك هەندێکی دیکە لە مێژوونووسان نووسیویانە دووچاری سکچوون و ڕشانەوە بووە[١٠] و هەر بەو نەخۆشیەش مردووە[١١]. کاریگەری لەسەر بیر و هۆشی کردووە کاتێك چۆتە گەرماو (حمام) ئاوی گەرمی بەخۆیدا کردووە و لاشەی سووتاوە بەتایبەت سك و ناوکی ئەمەش کاریگەری لەسەر گەدەی کردووە و هەر بەو سووتانەش مردووە[١٢].مردنەکەی هەندێك کەسی وەکو مەلیك (أسدالدين)[١٣] خاوەنداری (حمص)[١] دڵخۆشکرد، بۆ دەربڕینی

---

(١٠) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٣٤٦؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٢٦؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٩٩.

(١١) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٤١٦.

(١٢) مودود بن العادل: ممدود بن أبى بكر بن أيوب بن شادي کوڕە گەورەی مەلیك (العادلی گەورە) بووە, لەسەردەمی باوکی مردووە. سەرچاوەکان زۆر باسی ناکەن تەنها ئەوە نەبێ کە کوڕێکی بەناوی (الملك الجواد يونس) لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٣٠٤؛ الحنبلی: المصدر السابق، ص ٣٢٦ .

(١٣) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ٣٤٦؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٢٦؛ هدار سليم الاتروشى: الكرد فى كتاب الاعلاق الخطيرة لابن شداد, (اربيل: ٢٠١٣), ص ١٥٦.

(١٤) المقريزي: المواعظ، ج٤, ص ٢١٩؛ إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٦٢.

(١) إبن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ٤٢٦؛ إبن العبري: تأريخ مختصر الدول، تحقيق: انطون الصالحاني اليسوعي، دار الشرق، ط٣، (بيروت: ١٩٩٢)، ج١، ص ٢٥٠.

(٢) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ص ٣٠٥.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٥٥؛ أبو شامة: ذيل على الروضتين، ص١٦٦؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦١.

(٤) إبن العبري: تأريخ مختصر، ج١, ص ٢٥٠.

(٥) سکچوون و ڕشانەوە: یەکێك بووە لە نەخۆشی یە بلاّوەکان لەشام و مصر لە سەردەمی ئەیوبیدا مرۆڤ لە ئەنجامی خواردنەوەی ئاوی پیس یاخود پاك نەشووشتنەوەی خواردن  تووشی ڕشانەوە و ئیسهالی دەبێت. پلەی گەرمی لەشی بەرز دەبێتەوە و ئارەقەی زۆر دەکات و هەست بە تینوویەتی دەکات زۆرجار دەبێتەهۆی مردنی کەسەکە. صيغة صالح صلاح الصاعدي: الأوبئة والأمراض في العصرين الأيوبى والمملوكي في المصر والشام، جامعة طيبة، (السعودية: ٢٠١٢)، ص ٩٥.

(٦) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦١؛ الصفدي: الوافي، ج١, ص ١٥٩؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٣٧.

(٧) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٣؛ إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٥٤؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٢٠.

(٨) أسدالدين شێرکۆ: شيركو بن محمد بن شيركو بن شادى دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) دەسەڵاتی لە (حمص) وەرگرت، بەهۆی خەریك بوونی بە ڕابواردنەوە مەلیك (الكامل) زۆر ڕقی لێ بوو، لەوانەشە ئارەزووی کردبێت لە دەسەڵات لای بدات، بۆیە ئەمەی وەکو بەهانەیەك بەکارهێناوە. هەر لەبەر ئەوە (أسد الدين) زۆر لە مەلیك (الكامل) ترساوە و مردنی مەلیك (الكامل)

خۆشییەکەی یاری (الكرة الصولجان) تۆپی چۆغان[2]ی کرد[3]بە پێچەوانەوە هەندێك کەسی وەکو مەلیك (المظفر)[4] خاوەنداری (حماه)[5] دڵگران و خەمبار کرد و زۆری بۆ گریا [6] دواجار لەناو کۆشکەکەی لە دمشق بە خاك سپێردرا[7].

**٥- مەلیك العادلی دووەم: ( ٦٣٥ – ٦٣٧ك/ ١٢٣٧ – ١٢٣٩ ز ).**

ناوی (سیف الدین أبوبکر بن ملك الكامل أبی بکر بن نجم الدین أیوب)[8] ە ، لەساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) کە هاوکات بووە لەگەڵ مردنی مەلیك (العادل) ی باپیری لە دایك بووە[9]. بۆیە مەلیك (الكامل) بەناو و نازناوی

---

زۆر دڵخۆشی کردووە و لە ساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٢٠ز) مردووە لە (حمص) بەخاکسپێردراوە. عماد الدین الاصفهانی: البستان الجامع، ص ٤٢٢؛ الحنبلی: المصدر السابق، ص ص ٣٣١ - ٣٣٢.

(٩) حمص: شارێکە دەکەوێتە ولأتی شام لە نێوان دمەشق و حلب دایە. یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢، ص ٣٠٢.

(١) تۆپێنی چۆغان(الكرة الصولجان): وشەیەکی کوردی - فارسیە لە گۆچان (گۆپاڵ) هاتووە ئەو یاریە تایبەت بە پاشاکان بووە سەرچاوەکان پێیان وایە لە بنچەدا یاریەکی فارسیە و پاشایانی فارس ئەنجامیانداوە , پاشایانی ئەیوبیش زۆر ئارەزوویان لێ بووە و ئەنجامیانداوە شێوازی یاریەکەش بەو شێوەیە بوو وەرزشوانەکە لەسەر پشتی ئەسپێك بە دار عصا (صولجان) (چۆغان) دەستی لە تۆپێکی دەدا و ئەم یارییە لە گۆڕەپانێکی تایبەت و فراوان ئەنجام دەدرا. الطبري: تأريخ الطبري، دار التراث، ط٢، (بيروت: ١٩٦٧م)، ج١، ص ٥٧٤؛ محمد شفيق غربال: الموسوعة العربية الميسرة, دار النهضة, (بيروت: ١٩٨٥م), مج ١, ص ٦٦٧. ئێستاش بە یاری (پۆلۆ) ناسراوە.

(٢) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ص ١٧٦ - ١٧٧؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٨٠؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ص ٣٧٠؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ص ٣٣١ - ٣٣٢.

(٣) الملك المظفر الملك تقي الدين محمود بن الملك المنصور محمد إبن المظفر تقي الدين عمر بن شاهنشاه بن أيوب خاوەنداری حماه بووە, لە ساڵی (٥٩٩ك/ ١٢٠٢ز) لە دایك بووە و زاوای مەلیك (الكامل) بووە لە ساڵی (٦٤٢ك/ ١٢٤٤ز)لە تەمەنی چل و دوو ساڵی مردووە. إبن واصل: مفرج، ج ٥, ص ص ٣٤٢ - ٣٤٣.

(٤)حماه: شارێکی گەورەیە لە ولأتی شام و لە شاری حمص نزیکە. یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢, ص ٣٠٠.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٧٧؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٨٠؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٣٠٧.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٧١؛ إبن العديم: المصدر السابق، ج١, ص ٤٩٤؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٢؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٦, ص ٣٧.

(٧) سبط ابن الجوزی: المصدر السابق, ج٢٢, ص ٤٠٦؛ الكتبی: عیون التواریخ, تحقیق: فیصل السامر و نبیلة عبدالمنعم داود, دار الحریة, (بغداد: ١٩٧٧), ج٢٠, ص٢٣؛ إبن أیاس: بدائح, ج١, ص ٦٧.

(٨) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ٣٨٠.

مەلیك (العادل)ی باوكی كردۆتەوە، تاوەكو ڕێچكەی باپیری بگرێت و وەكو ئەو كەسێكی زیرەك و لێهاتوو بێت بۆیەش نازناوی (العادل الصغیر) عادلی بچووكی لێنراوە[١].

لەسەردەمی مەلیك (الكامل)ی باوكیدا جێگری باوكی بووە لە مصر[٢]، ئەگەرچی بە تەمەن لە مەلیك (الصالح نجم الدین)[٣]ی برای بچووكتربووە[٤]، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە باوكی (العادل)ی لە (الصالح) خۆشتر ویستووە, دەبینین لەساڵی (٦١٨ك/ ١٢٢١ز) لەكاتی بەستنی ڕێككەوتن مەلیك (الكامل) لەگەڵ خاچپەكان (الصالح)ی كوڕی لەتەمەنی پازدە ساڵی لەگەڵ كوڕە خوشكێكی بۆ پاراستن و جێبەجێ كردنی ڕێككەوتنەكە دەنێرێتە لای خاچپەكان و ژیانی دەخاتە مەترسییەوە و (العادل) كوڕی لە وڵاتی مصر لەتەنیشت خۆی دەهێڵێتەوە[٥]، بەڵام دواتر كڕینی ژمارەیەك مەمالیك لەلایەن (الصالح)ی كوڕی[٦] كە بە مەمالیكی (الصالح)ی ناسران لەلایەن مەلیك (الكامل) ئەو كارەی وەكو مەترسیەك بۆ دەسەڵاتی خۆی و هەوڵی (الصالح)ی كوڕی بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵات تەماشاكرا، بۆیە مەلیك (الصالح)ی لە مصر كە ناوەندی دەسەڵات بوو بەرەو ناوچەكانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت شاری (حصن كیفا)[٧] دوورخستەوە[١]. (العادل)ی كوڕیشی لەساڵی (٦٢٧ ك/ ١٢٢٩ز) كردە جێنشینی خۆی لەمصر[٢] كاتێكیش مەلیك (الكامل) لەساڵی (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) دەمرێت[٣].مەلیك (العادل دووەم) بە یارمەتی

---

(٩) إبن ظهیرة: الفضائل الباهرة في محاسن مصر والقاهرة، تحقیق: مصطفى السقا و كامل المهندس، دارالكتب، ( د. م: ١٩٦٧)، ص ٤٣؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٢, ص ١٥؛ ابن الوكیل: تحفة الاحباب بمن ملك مصر من ملوك والنواب،تحقیق: محمد الششتاوي, الافاق العربیة, ط١, (القاهرة: ١٩٩٩م), ص ٥٩.

(١) الغزي: تأریخ مجموع النوادر مما جرى للأوائل والأواخر، تحقیق: هورست هایت و محمد العجیري، داركلاوس شظارتس، ط١، (بیروت: ٢٠٠٥)، ص ٦؛ أبوالفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٢, ص ١٥.

(٢) مەلیك الصالح نجم الدین كوڕی مەلیك الكامل: لە ساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٣٧ز) بۆ ماوەی دە ساڵ حوكمڕانی وڵاتی مصری كرد تاوەكو لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٣٧ز) مرد. إبن دقماق: النفحة المسكیة في الدولة التركیة، تحقیق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصریة، ط١، (بیروت: ١٩٩٩)، ص ٣٧؛ مغلطاي: المصدر السابق، ص ١٢٧.

(٣) إبن أیاس: بدائع، ج١, ص ٦٧.

(٤) ابن واصل: مفرج, ج٤, ص ٩٨؛ الیونینى: المصدر السابق, ج٢, ص ٢٠٤؛ الذهبى: تاریخ الاسلام؛ ج٤٧, ص ٢١؛ المقریزى: السلوك, ج ١, ص ٣٦٧.

(٥) مەمالیك: بەو كەسانە دەگوترا كە كڕین و فرۆشتنیان پێ دەكرا و ژیان و مردنیان بەدەست خۆیان نە بوو لەلایەن دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواكان دەكڕدران دوای پشكنینیان بەشێوەیەكی تایبەت پەروەردە دەكران و فێری قورئان و زانستە شەرعی و ئاینیەكان و هونەرەكانی جەنگی دەكران بۆ ئەوەی قورسترین ئەرك بگرنە ئەستۆ, دواتر ئەمانە پلەی بەرزیان لە سوپا وەرگرت و توانیان دەوڵەتێك بە ناوی دەوڵەتی مەملوكی لە مصر و شام و حیجاز دروست بكەن و بۆ ماوەی سێ سەدە حوكمڕانی بكەن لەساڵی (٦٤٨ – ٩٢٣ك/ ١٢٥٠ – ١٥١٧ ز). ابن المقفع: تأریخ البطاركة ، تحقیق: عبدالعزیز جمال الدین، مطبعة مدبولى، ط١، (القاهرة: ٢٠٠٦)، ج٣، ص ص ٧٠٥ - ٧٠٦.

(٦) حصن كیفا: قەڵایەكی گەورەیە لەگەل شارێك، دەكەوێتە باشووری ڕووباری دیجلە لەنێوان ئامەد و جەزیرە دایە. یاقوت الحموى: معجم البلدان، ج٢, ص ٢٦٥. ئێستا (حەسكیف)ی پێ دەگوترێ.

مەلیك (الناصر داود)[٤]ی حاکمی (الكرك) [٥]،دەسەڵات لە تەمەنی بیست  ساڵی دەگرێتەدەست [٦] بە شەشەم مەلیکی ئەیوبی لە ولاّتی مصر دادەنرێت[٧] دوایی وەرگرتنی دەسەلاّتی لە مصر مەلیك (الصالح)ی برای کە وەکو مەترسیەك بۆ دەسەلاّتی خۆی تەماشای دەکرد لەگەڵ (شجر الدر)[٨]ی ژنی لە قەلاّی (الكرك) دەست گیریان دەکات[٩], بەلاّم دواتر بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی مەلیك (العادل) لەگەڵ (الناصر داود) لە ساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٣٩) مەلیك (الناصر داود) مەلیك (الصالح)ی ئازاد کرد و پشتگیری کرد لە وەرگرتنی دەسەلاّت لە مصر[١٠]. ئەمجارە مەلیك (الصالح) مەلیك (العادل)ی برای لە بەندینخانە لە قەلاّی (الشوبك)[١١] بەندکرد بۆ ماوەی هەشت ساڵ[١٢] دواتر بە بڕیاری مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٤٥ك/ ١٢٤٧ز) لەلایەن چوار مەمالیکی خۆی لە بەندینخانە خنکاندیان و واشیان پیشاندا کە خۆی خنکاندووە[١٣]. مەلیك (العادل) لە تەمەنی سی ساڵی مرد[١٤]. بۆ ماوەی دوو ساڵ و دوو مانگ و هەژدە ڕۆژیش فەرمانڕەوایی مصری کرد[١٥] لە گۆڕستانی (شمس الدولة)[١] بەخاك سپێردرا[٢].

---

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٤, ص ٢٧٨.

(٨) المقريزي: المواعظ, ج٤, ص ٢٢٢.

(٩) ابن خلكان: المصدر السابق, ج ٥, ص ٨٣؛ الدواداري: المصدر السابق, ج٧, ص ٣٢٦.

(١) الناصر داود: الناصر داود ابن الملك المعظم عيسى ابن الملك العادل لەساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) لەدایك بووە و خاوەنداری (الكرك) بووە لە تەمەنی پەنجا و سێ  ساڵی لە ساڵی (٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز) مردووە. أبو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٩٥؛ الحنبلی: المصدر السابق, ص ص ٣٤٦- ٣٤٧.

(٢) ابن واصل: مفرج، ج٥, ص ٢١٤؛ الذهبي: تأريخ الاسلام, ج ٤٧, ص ٣٠١.

(٣) ابن واصل: مفرج, ج٥, ص ٢٦٢.

(٤) ابن أياس: بدائع, ج١, ص ٦٧.

(٥) شجرالدر: شجر الدر بنت عبدالله نازناوی (أم خليل التركية)، ژنی مەلیك (الصالح) بووە لە دوای مردنی مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز)، بەهۆی ناکۆکی نێوان (شجره الدر) و (تورانشاه), (تورانشاه)ی لەلایەن مەمالیکەکانەوە کوشت و بۆماوەی سێ مانگ حوکمی مصری کرد، بەلاّم دواتر بەهۆی ناڕازی بوونی خەلیفەی عەباسی مێردی بە (معز أيبك) کرد و دواتر (معز أيبك)یشی کوشت و مێردی بە (الظاهر بيبرس) کرد و لە ساڵی (٦٥٢ك/ ١٢٥٤ز) لەلایەن (الظاهر بيبرس) کوژرا. إبن كثير: البداية السابق، ج١٢, ص ٢٣٢؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة, ج٦, ص ص ١٣، ٣٧٦؛ ابن خلدون: ديوان المبتداء والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن = اصرهم من ذوي السلطان الاكبر (تاريخ ابن خلدون)، تحقيق: خليل شحاذة, دار الفكر, ط٢, (بيروت: ١٩٨٨)، ج٥, ص ٤١٦؛ الحاملي: الدرر المنثور في طبقات ربات الخدور, المطبعة الكبرى الأميرية, ط ١, (مصر: ١٣١٢هـ)، ج١, ص ٢٥٥.

(٦) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق, ج٢٢, ص ٦٥.

(٧) إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٦.

(٨) الشوبك: قەلاّیەکە لەولاّتی شام لە نێوان عمان و قودس دایە. ياقوت الحموى: معجم البلدان, ج٣, ص ٣٧٠.

(٩) إبن خلكان: المصدر السابق, ج٥, ص ٨٥؛ إبن واصل: مفرج, ج٥, ص ٢٦٦.

(١٠) الدواداري: المصدر السابق, ج٧, ص ٣٦٣؛ أبو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٧٦.

(١١) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق, ج٢٢, ص ٤٠٦؛ الكتبي: المصدر السابق, ج١٠, ص ١١.

(١٢) إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٥.

**٦- مەلیك الصالح نجم الدین أیوب ( ٦٣٧ – ٦٤٨ك / ١٢٣٩ – ١٢٥٠ز ).**

ناوی (السلطان الملك الصالح نجم الدین أیوب بن السلطان الملك الكامل بن السلطان الملك العادل أبي بكر محمد بن أیوب)[٣]. گرنگترین نازناوەكانی (نجم الدنیا و الدین)[٤] و (مجاهد ناصرالدین)[٥] وە بە (أبا مظفر)[٦] و (أبو الفتح)[٧]یش بانگكراوە و لە ساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) لە قاهیرە لەدایك بووە[٨] بە حەوتەمین مەلیكی ئەیوبی لە وڵاتی مصر دادەنرێت[٩].

مەلیك (الصالح) لە تەمەنی پازدە ساڵی لەلایەن مەلیك (الكامل)ی باوكی وەكو بارمتە ناردرایە لای خاچپەكان، چونكە لەو سەردەمە نەریت وابوو بۆ كۆتاهێنان بە شەڕ و بەستنی ڕێكەوتن شازادە گەنجەكانی یەكتریان لەلای خۆیان دادەنا بۆ ئەوەی هیچ لایەكیان ڕێكەوتنەكان نەشكێنن[١٠].

لە سەرەتادا باوكی (الصالح)ی كوڕی كردە جێگرەوەی دەسەڵاتی خۆی لە مصر، بەڵام دواتر بەهۆی كاریگەری دایكی مەلیك (العادلی دووەم) كە مەلیك (الكامل) زیاد لە پێویست خۆشی دەویست[١١] و كڕینی ژمارەیەك مەمالیك لەلایەن مەلیك (الصالح)كە ژمارەیان دەگەیشتە هەزار مەمالیك[١٢]. مەلیك (الكامل) ئەو كارەی كوڕەكەی بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دانا و زۆر لێی تووڕەبوو ، تەنانەت پەیوەندی نێوان باوك و كوڕ گەیشتە ئەو ڕادەیەی كە مەلیك (الكامل) بە تووڕەیی و قسەی نەشیاو (الصالح)ی كوڕی لە ناوەندی دەسەڵاتی كە مصرە بەرەو شاری (حصن كیفا) دوور بخاتەوە[١٣].دواتر مەلیك (الصالح) جگە لە (حصن كیفا) حوكمڕانی لە

---

(١٣) گۆڕستانی (شمس الدولة): دەكەوێتە دەرەوەی (باب النصر) دەرگای سەركەوتن لە دمشق بەسەر (المیدان الأخضر) گۆڕەپانی سەوز دەیرواني. أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٧٨؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٣١٢.

(١٤) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق, ج٢٢, ص ٤٠٦؛ الكتبي: المصدر السابق، ج١٠, ص ١١.

(١) الذهبي: سیر أعلام، ج١٦, ص ٣٨٧؛ الصفدي: الوافي، ج١٠, ص ٣٥.

(٢) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٦٥.

(٣) السبكي: طبقات الشافعیة الكبری، تحقیق: محمود محمد الطناحي و عبدالفتاح محمد الحلو، دار الهجر، ط٢، (د. م: ١٤١٣)، ج٨, ص ٢٤٥.

(٤) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٢.

(٥) الذهبي: سیر أعلام, ج١٦, ص ٣٨٧؛ المقریزي: السلوك، ج١, ص ٤٠٢.

(٦) الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣١٤؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٤٣؛ ابن تغري بردي: مورد للطافة، ج٢, ص ١٦.

(٧) إبن أیاس: بدائع، ج١, ص ٦٧.

(٨) الیونیني : ذیل مرأة الزمان، دار الكتاب الإسلامي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩٢)، ج١، ص ١٤؛ المقریزي: السلوك، ج١, ٣٢٨؛ المقریزي: المواعظ، ج١, ص ٤٠٣.

(٩) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٦؛ المقریزي: السلوك, ج١, ص ٣٦٧.

(١٠) إبن واصل: مفرج، ج٤, ص ٢٧؛ المقریزي: السلوك، ج١, ص ٣٦٠.

(١١) الغزي: المصدر السابق، ص ٦.

ناوچەکانی (حران) و (آمد) ئامەد[١](سنجار)[٢]ی گرتە دەست[٣]،بەوشێوەیە مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٣٧ز) بووە مەلیکی مصر و (العادل)ی برای لە قەڵای (الشوبك) بەندی کردوو لە زیندان هێشتیەوە تاوەکو کووشتی[٤].

مەلیك (الصالح) بەردەوام بوو لە حوکم کردن لە وڵاتی مصر تاوەکو لە ساڵی (٦٤٨/ ١٢٥٠ز) بە نەخۆشی مرد[٥]. هەندێك لە مێژوو نووسان وایان نووسیوە گوایە تووشی سکچوون بووە و هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەش مردووە[٦]، بەڵام هەندێکی دیکە نووسیویانە مەلیك (الصالح) تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بووە و ئەو نەخۆشی یە لاواز و بێهێزی کردووە بەجۆرێك نەیتوانیوە وەرزشی تۆپێنی چۆغان (الكرة الصولجان) بکات کە زۆر ئارەزووی ئەو یارییەی کردووە لەو نەخۆشیەش چاك نەبۆتەوە و مردووە[٧]، هەواڵی مردنەکەشی بەهۆی ئەوەی سوپای ئەیوبیەکان لە دەروازەکانی مصر لە شەڕدابوون لە دژی خاچیەکان لەلایەن (شجر الدر)ی ژنی شاردراوەتەوە و ڕایگەیاندووە کە مەلیك (الصالح) نەخۆشە و ناتوانێت بێتە دەرەوە تاوەکو (توارانشاه) کوڕی مەلیك (الصالح) لە (حصن كيفا) نەهات و دەسەڵاتی مصری نەگرتە دەست هەواڵی مردنی بڵاونەکرایەوە[٨].

لە سەرەتادا لە (قلعة الروضة)[٩] بەخاکسپێردرا، بەڵام دوای شەڕی خاچیەکان و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی مصر لە ناو تابووتێکی جوانی نەخشێندراو بەمەڕاسیم دووبارە بەخاك سپێردرایەوە[١٠].

---

(١) آمد (ئامەد): گەورەترین شاری دیاربەکرە و سەر بە هەرێمی جەزیرەیە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە بە شارێکی ئاوەدان و باشی لایەنی ئابووری ناسرابوو. ياقوت الحموی: معجم البلدان، ج١, ص٥٦؛ اكو برهان محمد: كوردستان دراسة في النظم التجارية والمالية من قرن ٤ - ٧ ﻫ/ ١٠ — ١٣ م، مطبعة شهاب، (اربیل: ٢٠١١)، ص ١١٤؛ شوان عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧. ئێستا (دیاربەکر)ی پێ دەگوترێت یەکێکە لە گەورەترین شاری باکووری کوردستان.

(٢) سنجار: شارێکە سەر بە هەرێمی جەزیرەیەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری موصل (سێ ڕۆژ = ١١٤ كلم) لە موصل دوورە. ياقوت الحموی: معجم البلدان، ج٣, ص ٢٦٢؛ شەمسەدین سامی: قامووسئەعلامی کورد و کوردستان لەیەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی بۆ زمانی تورکی نوێ: ئەمین بۆزنەر ئەرسەلان، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠١٠) , ل٢٣٠. ئێستاش (شنگال)ی پێدەگوترێت.

(٣) الذهبي: العبر، ج٣, ص ٢٥٧؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ١٥؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص٢٢.

(٤) إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢٠٤؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦٤؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٢, ص ٣١٢.

(٥) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٦؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢٠٦؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٧, ص ٢١.

(٦) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٧, ص ٣٥٨؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٤٦.

(٧) المقريزي: السلوك، ج١, ص ٤٤٣.

(٨)الذهبی: تاريخ الاسلام، ج١٤, ص ٥٩٧؛ ابن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢٠٩؛ المقريزی: السلوك، ج١, ص ٤٤١.

(٩) قلعة الروضة: ئەو قەڵایە مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٤٠ز) لەسەر ڕووباری نیل بۆ مەمالیکەکانی دروستکرد و لەوێدا نیشتەجێی کردن. الأشرف الغساني: العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك ، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار البيان، (بغداد: ١٩٧٥)، ص ٥٠٢؛ السيوطي: حسن المحاضرة في تأريخ مصر والقاهرة، تحقيق: محمد أبو فضل إبراهيم، دار أحياء الكتب العربية، (مصر: ١٩٦٧), ج١، ص ٣٨٣؛ الجبرتي: تأريخ عجائب الأثار في التراجم والأخبار، دار الجيل، (بيروت: د. ت) ج١، ص ٢٨.

(١٠) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٤٢٠؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢١٢؛ المقريزي: المواعظ، ج٤, ص ٢١٨؛ عاصم محمد رزق: الفنون العربية الإسلامية في مصر، مكتبة مدبولي، (القاهرة: ٢٠٠٦ )، ص ٢٢٦.

ئەو کاتەی مەلیك (الصالح) مرد تەمەنی چل و چوار ساڵ بوو بۆ ماوەی نۆ ساڵ حوکمڕانی لە وڵاتی مصر کرد[1].

٧- مەلیك المعظم تورانشاه (٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز).

ناوی (تورانشاه بن أیوب بن محمد بن العادل)[2] نازناوی (السلطان الملك المعظم غیاث الدین)[3]ە. بە هەشتەمین مەلیکی ئەیوبیەکان لە وڵاتی مصر دادەنرێت[4]. بەرواری لەدایك بوونی (تورانشاه) لەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان دیارنیە و ئاماژەی پێ نەکراوە. تەنها ئەوەندە نەبێت لە سەردەمی حوکمڕانی مەلیك (الصالح)ی باوکی فەرمانڕەوایی ناوچەی (حصن کیفا) بووە[5]. باوکی ویستوویەتی لەدوای خۆی دەسەڵات نەدات بەهیچ کەس، بەڵکو ڕادەستی خەلیفە (المستعصم بالله) (٦٤٠ — ٦٥٦ك/ ١٢٤٢ — ١٢٥٨ز) خەلیفەی عەباسی لە بغداد بکات[6]، بەڵام کاتێك مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٤٨/ ١٢٥٠ز) دەمرێت (شجرالدر)ی خێزانی مردنەکەی دەشارێتەوە و تاوەکو (تورانشاه)ی کوڕی لە (حصن کیفا) دەهێنێتەوە و لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤١ز) لە مصر دەسەڵات دەگرێتە دەست[7] لەوکاتیشدا وڵاتی مصر کەوتبووە بەر هێرشی خاچیەکان، بەڵام (تورانشاه) دوای وەرگرتنی دەسەڵات دەتوانێت لە شەڕی (المنصوره)[8]بەسەر خاچیەکان سەربکەوێت و (لویسی نۆیەم)[9]ی پاشای خاچیەکانیش بەدیل

---

(١) الغزي: المصدر السابق، ص٦٢؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٧٩؛ إبن الوردي: المصدر السابق، دار الکتب العلمیة، ط ١، (بیروت: ١٩٩٦)، ج٢، ص ١٧٦؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣٣٦.

(٢) الذهبي: تأریخ الإسلام، ج٤٧، ص ٣٨٦؛ ابن تغري بردى: المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي، تحقیق: محمد محمدأمین ، الهیئة المصریة لکتاب، ج ١، (القاهرة: د. ت)، ج ١، ص٢٠.

(٣) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٣٧٥؛ قتبة الشهابي: المرجع السابق، ص ١١٤.

(٤) إبن أیاس: بدائع، ج١، ص ٧٠؛ خیر الدین الزرکلي: الاعلام، دار العلم للملایین، ط ١٥، (د. م: ٢٠٠٢)، ج٢، ص ٩٠.

(٥) الذهبي: تأریخ الاسلام، ج١٥، ص ١٧٨؛ المقریزي: السلوك، ج١، ص ٤٤١؛ ابن العماد الحنبلي: شذارت الذهب في أخبار من ذهب، تحقیق: محمود الأرناؤوط، دار إبن الکثیر، (بیروت: ١٩٨٦)، ج٥، ص٢٣٧.

(٦) المقریزي: السلوك، ج١، ص ٤٤٣؛ خالد سلیمان حمد نبي عبدالرحمن: إدارة بلاد الشام في العصر الأیوبي، الأطروحة دکتوراه، الجامعة الأردنیة، (الأردن: ١٩٩٧)، ص ٢٤.

(٧) إبن کثیر: البدایة، ج١٣، ص ص ٢٠٦ - ٢٠٧؛السیوطي: تأریخ الخلفاء، ج، ص ٣٢٨.

(٨) شەڕی المنصورة: ئەو شەڕە لەناوچەی (المنصورة) لەنێوان سوپای خاچیەکان بە سەرکردایەتی (لویسی نۆیەم) و سوپای ئەیوبیەکان بەسەرکردایەتی مەلیك (تورانشاه) لە ساڵی (٦٤٨/ ١٢٥٠ز) ڕوویدا. ئەیوبیەکان سەرکەوتن و مەترسی خاچیەکانیان لەسەر وڵاتی مصر ڕەواندەوە. الذهبي: تاریخ الاسلام، ج٤٧، ص ص ٤٩ — ٥٠؛ أبوالفداء: المختصر، ج٣، ص ١٨٠.

(٩) لویسی نۆیەم: کوڕی لویسی هەشتەمە و یەکێك بوو لە مەلیکەکانی فەڕەنسا لە ساڵی (١٢١٥ز/ ٦١٢ك) لەدایك بووە و ناسراوە بە (القدیس لوس) سەرکردایەتی سوپای خاچیەکانی کرد بۆ هێرش کردنە سەر مصر لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز) لە سەردەمی مەلیك (الصالح)، بەڵام دوای هاتنی (تورانشاه) بۆ حوکم توانی خاچیەکان بشکێنێت و لویسی نۆیەم بەدیل بگرێت و چوار ساڵ بەدیلی لە وڵاتی شام مایەوە و دواتر ئازادکرا، لە ساڵی (٦٦٩ك/ ١٢٧٠ز) لە کاتی سەرکردایەتی کردنی سوپای خاچیەکان بۆ سەر کەناراوەکانی مصر کۆچی دوایی کرد. ابو الفداء: المختصر، ج٣، ص ص ١٨٠ — ١٨١؛ الذهبي: العبر، ج٣، ص ص ٢٥٧ - ٢٥٨؛ ویل جیمس دیورانت: قصة الحضارة ، موجز التأریخ الاسلامي منذ عهد آدم علیه السلام إلى عصرنا حاضر، ترجمة: احمد معمور العسیري، ط ١، (بیروت: ١٩٩٦)، ص ص ٢١٦، ٢٦٤.

بگرێت[1]. دواتر بەهۆی ململانێی نێوان (تورانشاه) و (شجر الدر) کە داوای سەروەت و سامانی باوکی لێ دەکردن و دەیویست لە دەسەڵات دووریان بخاتەوە[2].(شجر الدر) بەهۆی ئەو هەڵسو کەوتانەوە (تورانشاه)ی خۆشنەدەویست[3] بۆیە بەهۆی شارەزا نەبوونی (تورانشاه) لە بارودۆخی وڵاتی مصر و خەڵکەکەی، بەهۆی ئەوەی زۆری ژیانی لە (حصن کیفا) بووە و لە مصر دوور بووە بارودۆخەکەی خراپتر کرد[4].

بۆیە (شجر الدر) و مەمالیکەکان ڕازی نەبوون بە حوکمڕانی گەنجێك کە خۆیان لەسەر دەسەڵات دایاناوە، بیەوێت فەرامۆش و لاوازیان بکات لە حوکمدا، بەڵکو ئەوان (تورانشاه)یەکی لاواز و بێ دەسەڵاتیان دەویست, بۆیە پیلانی کوشتنی (تورانشاه) لەلایەن (شجر الدر)دانرا. لەکاتی ئاهەنگێرانی بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر خاچیەکانەوە (تورانشاه) لەلایەن مەمالیەکانەوە هێرشی کرایە سەری لە ساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) کوشتیان و تەرمەکەشی خرایە ناو ڕووباری نیل[5] دواتر لە نزیك ڕووباری نیل شاردیانەوە[6]. ماوەی حوکمڕانی لە مصردوو مانگ یان چل ڕۆژ بوو[7].

---

(١) الذهبي: سير اعلام ، ج١٦, ص ٣٨١؛ السيوطي: حسن المحاظرة، ج٢, ص ٣٥؛ شفيق جاسر أحمد محمود: المماليك البحرية و قضائهم على الصليبيين في الشام، الجامعة الإسلامية، (مدينة: ١٩٨٨)، ج١، ص ١١٥.

(٢) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج١٤, ص ٥٩٦؛ محمد كرد علي: خطط الشام، مكتبة النوري، ط٣، (دمشق: ١٩٨٣)، ج٢، ص ص ١٠١ - ١٠٢؛ احمد مختار العبادى: قيام دولة المماليك الاولى فى مصر والشام, مؤسسة الشباب, (الاسكندرية: ١٩٨٢), ص١١٢.

(٣) الذهبي: تاريخ الاسلام, ج١٤, ص ٥٩٦؛ سديق صالح: سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەمین زەکی بەگ، بنكەی ژین, (سلێمانی: ٢٠٠٥), ب١، ل ١٥٠.

(٤) كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الإسلامية ، ترجمة: نبيه أمين فارس و منير بعلبكي، دار العلم للملايين، ط٥، (بيروت: د. ت), ص ٣٦٣.

(٥) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ص ٤١٦ - ٤١٧؛ مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ص ٤٨٤ - ٤٨٥؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ٣٧.

(٦) أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ١٨٥؛ إبن كثير: البداية، ج١٧, ص ٣٠٧.

(٧) أبوالفداء: المختصر، ج٣, ص ١٨١؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٣٠٩؛ إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٧٣.

## بەشی یەکەم: پەروەردە و سیفات و ژن و کەنیزە و منداڵەکانیان.

### تەوەری یەکەم: پەروەردەکردنی پاشایانی ئەیوبی:

پاشایانی ئەیوبی هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن زانا و مامۆستا بەتواناکانی ئەو سەردەمە لەڕووی هزری و جەستەییەوە پەروەردە کراون و ئامادە کراون، تا لەو کاتەی دەسەڵات دەگرنە دەست بتوانن بەباشترین شێوە حوکمڕانی لە وڵاتدا بکەن.

دەبینین پاشایانی ئەیوبی بەمەبەستی پەروەردەکردن و زیادبوونی ئەزموونی ژیان و ئامادەکردنیان بۆ حوکمڕانی بۆ چەندین ناوچە نێردراون، هەروەکو سوڵتان (صلاح الدين) لە ساڵی (٥٧٠ك/ ١١٧٦ز) (العزيز)ی کوڕی ناردۆتە وڵاتی شام بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و لە ساڵی (٥٧٢ك/ ١١٧٨ز) لە تەمەنی نۆ ساڵی جارێکی دیکە بە تەنها ناردوویەتیەوە شام و پێشی ڕاگەیاندووە لەگەڵ کوڕەکەی ناچێت، بەڵکو زانست و ڕەوشت لەو گەشتەدا هاوڕێی کوڕەکەی دەبێت و دوای ساڵێك (العزيز) دەگەڕێتەوە وڵاتی مصر[1]. ئەو قسانەی سوڵتان (صلاح الدين) بۆ کوڕەکەی جۆرێك لە هاندان و دروستکردنی متمانە بەخۆبوونی مەلیك (العزيز) بووە.

پاشاکان دەیانویست دوور لە هەست و سۆزی باوکایەتی و خۆشیەکانی ناو کۆشك کوڕەکانیان پەروەردەبکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی هەموو ئەو سەختی و نەهامەتیانە بگرن کە لە ژیان و ماوەی حوکمڕانی دێتە ڕێگەیان و ببێتە جۆرێك لە ئەزموون و شارەزایی لە ژیان و حوکمڕانیاندا[2]. ئەو گرنگیدانەی سوڵتان (صلاح الدين) بە (العزيز)ی کوڕی لە پەروەردەکردنی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەیویست ڕێچکەی ئەو هەڵبگرێت و ببێتە جێگری ڕاستەقینەی خۆی لە مصر و بەباشترین شێوە حوکم بکات و وڵات و خەڵك بپارێزێت[3].

هەر بۆیە پەروەردەکردنی کوڕانی پاشایانی ئەیوبی کەوتبووە ئەستۆی باشترین و بەناوبانگترین زانا و مامۆستایانی سەردەم، هەروەکو سوڵتان (صلاح الدين) بۆ پەروەردەکردنی (العزيز) و کوڕەکانی دیکەی زانای بەناوبانگی ئاینی وەکو (الشيخ أبي طاهر السِلَفي)[4] هەڵبژارد بوو کە لە شاری ئەسکەندەریە لە مصر نیشتەجێ ببوو، سوڵتان (صلاح الدين) لەگەڵ (العزيز) و (الافضل)ی کوڕی هەفتەی سێ ڕۆژ، کە ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی و شەممە بووە بە مەبەستی گوێ گرتن لە فەرموودە و فێربوونی زانستە ئاینی و شەرعیەکان چوونەتە لای[5].

---

(١) البنداري: سنا البرق الشامي، تحقيق: فتحية البنراوي، مكتبة الخانجي، (القاهرة: ١٩٧٩م)، ص٧٩.

(٢) فراس سليم حياوى السامرائي: التقاليد والعادات الدمشقية خلال عهود السلجوقيين – الزنكيين – الايوبيين، دار الأوائل، ط ١، (دمشق: ٢٠٠٤م)، ص ٢٣٣.

(٣) البنداري: المصدر السابق، ص ١٧٢.

(٤) الشيخ أبي طاهر السِلَفي: أبو طاهر عماد الدين احمد بن محمد بن أحمد بن محمد بن ابراهيم. یەکێك بوو لە زانا بەناوبانگەکانی بواری فەرموودە لەسەردەمی خۆیدا و لەوڵاتی مصر لەشاری ئەسکەندەریە ژیاوە و هەر لەوێش لە ساڵی (٥٧٦ك/ ١١٨٠ز) مردووە، بە (السِلَفي)یش ناسرابوو، چونکە لێوەکانی شەق بوو. ابن واصل: مفرج، ج٢, ص٥٦؛ الذهبي: تاريخ الاسلام, ج٤٢, ص ١٨٨.

(٥) ابن واصل: مفرج, ج٢, ص ٥٦.

له بەرامبەر ئەوەشدا زانای دیکەی وەکو (الفقيه أبو طاهر إبن عوف الزهدي)[1] و مامۆستا و زمانەوان (عبدالله بن بري النحوي)[2] وانەیان پێ گووتووە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پەروەردەکردنی لەڕووی هزرییەوە، هاوکات پەروەردەی جەستەیی و فێرکردنی هونەرەکانی جەنگیش وەکو فێرکردنی سوارچاکی و ئەسپ سواری و شمشێربازی و ڕمهاوێژی وەکو لایەنێکی دیکەی پەروەردەکردنیان گرنگی پێدراوە و فێرکراون، بۆ ئەوەی بتوانن سەرکردایەتی سوپاکەیان بکەن لە کاتی شەڕدا و لەگەڵ سوپاکەیان ببنە هێزێکی کاریگەری لێکدانەبڕاو بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیاندا[3].

ئەو ژینگەیەی کە (العزيز) تێیدا ژیاوە پێشینەیەکی هزری و ئاینی و ڕۆشنبیری باشی پێ بەخشیبوو، ئەویش بەهۆی ئامادەبوونی بەردەوامی لەکۆڕی سلطان (صلاح الدين)ی باوکی لەگەڵ زانایانی ئاینی و ئەدیباندا، وەکو ئامادەبوونی (العزيز) لە دانیشتنی سوڵتان (صلاح الدين) لەگەڵ فیقهزان و مێژوونووس (سبط الشيخ أبي الفرج)[4] کە سوڵتان (صلاح الدين) زۆر ڕێزی گرتووە و ڕێنمایی و زانست و ئاینی لێ وەرگرتووە[5].

---

(١) أبو طاهر إبن عوف الزهدي: أبو طاهر اسماعيل بن مكي بن اسماعيل بن عيسى بن عوف الزهدي الاسكندراني المالكي. یەکێك بووە لە زانا بەناوبانگەکانی مەزهەبی مالیکی لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵی لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) لە مصر کۆچی دوایی کردووە. السيوطي: حسن المحاضرة، ج١, ص ٤٥٢؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق, ج٦, ص ٤٤١.

(٢) عبدالله بن بري النحوي: عبدالله بن بري بن عبد الجبار بن بري النحوي المصري، ناسراوە بە (إبن البري النحوي). لە مصر لە ساڵی (٤٩٩ك/ ١١٠٥ز) لە دایك بووە و هەر لە مصریش پێگەیشتووە، زانایەکی گەورەبووە لەبواری ئەدەب و النحو و زماندا ، چەندان زانا لەبەردەستی پەروەردەکراون. لە ساڵی (٥٨٢ك/ ١١٨٦ز) لە تەمەنی هەشتاوسێ ساڵی لە مصر کۆچی دوایی کردووە؛ ياقوت الحموي: معجم الأدباء ، تحقيق: احسان عباس, دار الغرب الاسلامى, ط١, ( بيروت: ١٩٩٣), ج ٤, ص ١٥١٠؛ إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ١٩؛ إبن المستوفي: تأريخ أربل، تحقيق: سامي بن سعيد خماس الصقار، دار الرشيد، (العراق: ١٩٨٠)، ج١، ص ٢٩٤؛ القفطي: أنباه الرواة على أنباء النحاة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار الفكر العربي و مؤسسة الكتب الثقافي، ط١، (القاهرة: بيروت: ١٩٨٢)، ج٢، ص ١١٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ص ١٠٣ — ١٠٤.

(٣) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٣, ص ٢٥١؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٢, ص ١٨٨؛ الصفدي: الوافي، ج١٩, ص ٣٤٠؛ النعيمي: االمصدر السابق، ج١, ص ٢٩٣.

(٤) سبط الشيخ أبي الفرج: شمس الدين أبو مظفر يوسف بن قزغلي، التركي, البغدادي لە ساڵی (٥٠٨ك/ ١١١٤ز) لە دمشق لەدایك بووە یەکێك بووە لە زانا و ئەدیب و مێژوو نووسی سەردەمی خۆی خاوەنی پەرتوکی (مرآة الزمان و وفيات الأعيان)ە. سوڵتان (صلاح الدين) و مەلیك (العزيز) سەردانیان کردووە و لەگەڵی دانیشتوونە و زانستیان لێ وەرگرتووە لە ساڵی (٥٩٩ك/ ١٢٠٢ز) لە مصر مردووە. إبن كثير: البداية: ج١٧, ص ١٨؛ الذهبي: العبر، ج٣, ص ١٢٦؛ إبن صابوني: تكملة إكمال الإكمال في الأنساب والأسماء والألقاب، دار الكتب العلمية، (بيروت: د. ت)، ج١، ص ١٢٦؛ الذهبي: سير أعلام ، ج٢١, ص ٣٩٥؛ ابن ناصر الدين: توضيح المشتبه في ظبط أسماء الرواة و أنسابهم و ألقابهم وكناهم، تحقيق: محمد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة، ط ١، (بيروت: ١٩٩٣)، ج٢ ، ص ٣٣؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٧, ص ٤٦٠.

(٥) أبوشامة: ذيل الروضتين، ص ص ٣٤ - ٣٥؛ الذهبي: سير أعلام، ج ٢١, ص ٣٩٥؛ ابن رجب: ذيل الطبقات الحنابلة، تحقيق: عبدالرحمن بن سليمان العثمين، مكتبة العبيكان، ط١، (الرياض: ٢٠٠٥)، ج٢، ص ٥٣١.

سولتان (صلاح الدين) بێجگە لە دابینکردنی مامۆستا و زانا بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی ئەتابەگیشی بۆ داناون کە ڕۆڵێکی باش و بەرچاویان هەبووە لە پەروەردەکردنی شازادەکان بەتایبەت بۆ مەلیك (العزيز) کە مەلیك (العادل) ی برای کردە ئەتابەگی و بە مەبەست پەروەردەکردنی ناردیە شاری حلب[1].

بەهەمان شێوە مەلیك (العزيز) کوڕەکەی خۆی (المنصور) بە مەبەستی پەروەردەکردنی دەنێرێتە شاری (صرخد)[2] بۆ لای مەلیك (الافضل)ی برای[3]، بەڵام لەوکاتەی مەلیك (العزيز) لە ساڵی (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز) دەمرێت و کوڕەکەی (المنصور) دێتە جێگەی، بەهۆی بچووکی تەمەنی کە نۆ ساڵ بووە (بهاءالدين قراقوش) دەبێتە ئەتابەگی[4]، دواتر مەلیك (الافضل)ی مامی دەبێتە ئەتابەگی[5] و دواتریش مەلیك (العادل) دەبێتە ئەتابەگی تا لە ساڵی (٥٩٦ك/ ١١٩٨ز) لە حوکمڕانی لای دەدات و خۆی دەکاتە پاشای مصر[6].

مەلیك (العادل) هەر لە منداڵیەوە لەسەر فێربوونی زانستە شەرعیەکان و هونەرەکانی جەنگی ڕاهێنراوە و کۆمەڵێك زانای بەناوبانگ ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە پێگەیاندن و دروستکردنی کەسایەتی مەلیك (العادل)، بۆیە وەکو سولتان (صلاح الدين)ی برای دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی ئەودا بە بەهێزی و یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، لە گرنگترین ئەو زانایانەش (أبو الطاهر السِلَفي) و (أبو طاهر عوف)[7]، بەڵام زۆرجار شازادەکان زانا و مامۆستای تایبەت لەناو کۆشك دا وانەیان پێ گووتوون و پەروەردەیان کردوون وەکو زانای بەناوبانگ (ابراهيم بن ابي اليسر الدمشقي)[8] کە مەلیك (العادل) لەلای ئەو فێری فقە و نووسین و زمانەوانی بووە[9].

پەروەردەکردنی مەلیك (الكامل)یش هاوشێوەی پاشایانی دیکە کەوتبووە ئەستۆی باشترین مامۆستا و زانایانی سەردەم، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا زانا و مامۆستاکان پارە و ئازوقە و پاداشتی زۆریان وەرگرتووە و شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە ناوەوە یاخود لەدەرەوەی کۆشك بۆ دابینکراوە، لەو زانایانەش (الفقيه أبو المعالى

---

(١) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ١٠؛ إبن شداد: النوادر، ج١, ص ١٢٦؛ اليافعي: مرآة الجنان و عبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، ط ١، (بيروت: ١٩٩٧)، ج٣، ص٣٤٣؛ إبن خلدون: المصدر السابق، ج٥, ص ٣٥٥.

(٢) صرخد: قەڵایەك و ناوچەیەكی گرنگە لە دمشق. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣, ص ٤٠١.

(٣) الداوداري: المصدر السابق، ج٧, ص ١٣٦.

(٤) إبن العديم: المصدر السابق، ج١, ص ٤٠٣؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ٨٠.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ٩.

(٦) إبن العديم: المصدر السابق، ج١, ص ٤٤؛ أبن نظيف الحموي: التأريخ المنصوري (تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان)، تحقيق: العبدو دودو، مطبعة الحجاز، (دمشق: د. ت)، ج١، ص ١٢.

(٧) الذهبي: سير أعلام، ج ٢١, ص ٢٨؛ الذهبي: العبر، ج٣, ص ٨١.

(٨) الدمشقي: إبراهيم بن أبي اليسر بن عبدالله بن محمد بهاءالدين التنوخي الشافعي المعري، الدمشقي لە ساڵی (٥٦٥ك/ ١١٦٩ز) لە دمشق لەدایك بووە و یەکێکە بووە لە زانا و ئەدیبانی سەردەمی خۆی لە ساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) کۆچی دوایی کردووە. الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ٤٥, ٣٨١ - ٣٨٢؛ الذهبي: العبر، ج ٣, ص ٢٠٥.

(٩) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ٤٥, ص ٣٨٢.

محمد بن الفقيه)[1] كه له خزمەتی مەليك (الكامل) و دواتريش (العادل) ی كوڕی دابووه[2] هەروەها لەلای (الشيخ عمر بن دحية الاندلسي)[3] فێری فەرمووده بووه[4] و زانای دیکەی وەکو (ابن البري النحوي) و (عبدالرحمن بن على الغرقي)[5] و (أبو عبدالله صدقة بن علي الحراني)[6] و (أبو القاسم عبدالرحمن بن عبدالمجيد الصفراوي)[7] ڕۆڵی گرنگیان هەبووه لە پێگەیاندنی مەليك (الكامل)[8].

ئەو متمانەو باوەڕە گەورەی مەليك (العادل) بە (الكامل) ی کوڕی هەبووه، بۆتە پاڵپشت و هاندانێکی گەورە بۆ پەروەردەکردن و زۆربوونی ئەزموونی لە ژیان و حوکمڕانیدا، وەکو دانانی بۆ سەرکردایەتیکردنی سوپای ئەیوبیەکان لە گرتنی شاری (ماردين)[9] و دواتر حوکمڕانی کردن و بەڕێوەبردنی شارەکە[10].

هەرچی مەليك (العادلی دووەم)ە سەرچاوە بەردەستەکان زانیاری ورد و تەواو لەبارەی پەروەردەکردنی نادەنە دەست، بەڵام بەهۆی ئەو خۆشەویستیە زۆرەی مەليك (الكامل) بۆ دایکی (العادلی دووەم) هەیبووە کوڕەکەشی واتە (العادلی دووەم) لە (الصالح) خۆشتر ویستووە و گرنگی پێداوە ، ئەگەرچی دەبوایە ئەمە کاریگەری باشی بەسەر مەليك (العادلی دووەم)دا هەبێت و وەکو باوکی ببێتە مەلیکێکی بەهێز و بەتوانا، بەڵام بە

---

(١) الفقيه أبوالمعالى محمد بن الفقيه: أبو المعالى محمد بن أبى الحسن على بن محمد. یەکێك بووە لە زانا بە تواناكانی بواری زانستی فقهی و ئەدەبی, پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين) زۆر بەهێزبووە. إبن خلكان: المصدر السابق، ج٤, ص ٢٢٩.

(٢) إبن دقماق: نزهة في الانام في تأريخ الإسلام، تحقيق: سمير طباره، المكتبة العصرية، ط ١، (بيروت: ١٩٩٩)، ص ١٢٣.

(٣) الشيخ عمر بن دحية: عمر بن الحسن بن علي، أبو الخطاب بن دحية الأندلسي. لە ساڵی (٥٤٤ك/ ١١٤٩ز) لە دايك بووه. یەکێك بووه لە زانا بەناوبانگەکانی بواری فەرمووده و زمانەوانی لە ساڵی (٦٣٣ك/ ١٢٣٥ز) کۆچی دوایی کردووه. الذهبي: سير أعلام ، ج٦, ص ١٦٦؛ ابن قطلوبغا: الثقات ممن لم يقع في الكتب الستة، تحقيق: شادي بن محمد بن سالم، مركز النعمان، ط ١، (صنعاء: ٢٠١١)، ج٧، ص ٢٧٥.

(٤) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦١؛ المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣٨٠.

(٥) عبدالرحمن بن الغرقي: عبدالرحمن بن علي بن المسلم بن الحسين بن أحمد الفقيه أبو محمد الملحي الدمشقي الغرقي یەکێك بووه لە زانا ئاينيەکانی سەردەمی خۆی تەنها ساڵی مردنی دیارە کە لەساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) کۆچی دوایی کردووه. النعيمي: المصدر السابق، ج١, ص ١٥٣؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٦, ص ٤٧٤.

(٦) أبو عبدالله صدقة الحراني: أبو عبدالله محمد بن علي إبن صدقة الحراني. یەکێکە لە فەرمووده ناسە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و چەندان زانا فەرموودەیان لێ وەرگرتووه و لێی فێربوونه لە ساڵی (٥٨٤ك/ ١١٨٨ز) کۆچی دوایی کردووه. إبن الصابونی: المصدر السابق، ج١, ص ١٢٩.

(٧) أبو القاسم الصفراوي: عبدالرحمن بن عبدالمجيد بن إسماعيل بن عثمان بن يوسف بن حسين بن حفص، نازناوی بۆدۆڵی (الصفراء) لە حيجاز دەگەڕێتەوە. یەکێك بووه لە زاناکانی مەزهەبی مالیکی لە ساڵی (٥٤٤ك/ ١١٤٩ز) لەدایك بووه و لە ساڵی (٦٣٦ك/ ١٢٣٨ز) کۆچی دوایی کردووه. إبن الجزري: غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة إبن تيمية، ط ١، (برجستراستر. د. ت) ج١، ص٣٧٣.

(٨) أبن تغرى بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ص ٢٢٨ - ٢٢٩.

(٩) ماردين: قەڵایەکی گەورە و شارێکە سەر بە هەرێمی جزيرەیە لە ديار بەكر شارێکی ئاوەدان و بەناوبانگ بووه. ياقوت الحموی: معجم البلدان، ج٥, ص ٣٩؛ اکو برهان محمد: الحياة الثقافية في دياربكر في العصر العباسي, من مطبوعات الاكاديمية الكوردية, (اربيل: ٢٠١٢), ص ٩. ئێستا دەکەوێتە باکوری کوردستان واتە (باشوری ڕۆژئاوای تورکیا) و بە (مێردين) یش ناوی دێت.

(١٠) إبن الأثير: الكامل، ج١, ص ١٦٣؛ إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ٩٥.

پێچەوانەوە لە زۆربەی کاتدا لەگەڵ نزیکەکانی و گەورەکانی وڵات خەریکی ڕابوارادن و کات بەسەربردن بووە، بێ گومان ئەم ژیانە تایبەتی و ڕابواردنەی مەلیك (العادلی دووەم) کاریگەری لەسەر کەسێتی خۆی بەتایبەتی و بارودۆخی وڵات بەگشتی کردووە[1].

سەبارەت بە مەلیك (الصالح) ژیانێکی دوور لە مصر ئەزموونێکی زۆری لەلایەنی سیاسی و هزری و حوکمڕانی پێ بەخشیوە و کردویەتیە مرۆڤێکی پێگەیشتووی پشت بەخۆ بەستوو، بۆیە کاتێك حوکمڕانی دەگرێتە دەست دەبێتە مەلیکێکی بەهێز و بەتوانا و سەرکەوتووی هاوشێوەی مەلیك (العادل) ی باپیری، چونکە مەلیك (الکامل) (العادل) ی کوڕی لەلای خۆی لە مصر دەهێڵێتەوە و (الصالح)ی کوڕە گەورەشی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی شاری (حصن کیفا) دەنێرێ[2] و (الامیر شمس الدین صواب العادل) (٦٣٢ك/ ١٢٣٤ز)[3]ی دەکاتە ئەتابەگی مەلیك (الصالح)[4] لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیش زانای بەناوبانگ لە خزمەتی مەلیك (الصالح) بوونە و کاریگەریان لەسەر هزر و بیری لە ڕووی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی لە وڵاتدا هەبووە، لەو زانا ناودارانەش (جمال الدین یحیی ابن عنین الصعیدی) (٦٤٩ك/ ١٢٥١ز)[5]بوو[6]. هاوکات لە کۆشکەکەشی دا کەسانی زانا و پیاوی ئاینی لە خزمەتی دابوونە لەوانە (محمد بن سالم نجم الدین) (٦٧٩ك/ ١٢٨٠ز)[7]ی فەرموودەزان[8].

هەرچی (تورانشاه)یە زانیاری لەبارەی تەمەن و ژیانی منداڵی و گەنجی و پەروەردەکردنی لە سەرچاوەکانی بەردەست کەم و نادیارن، تەنها ئەوەندە نەبێت کە (تورانشاه) لە سەردەمی مەلیك (الصالح)ی باوکی فەرمانڕەوایی شاری (حصن کیفا) بووە[9]، بەڵام هاوشێوەی شازادەکانی دیکەی ئەیوبی لەلایەن زانایانی ئاینی و مامۆستاکانی سەردەم پەروەردەکراوە بە مەبەستی ئامادەکردنی بۆ حوکمڕانی لە وڵاتدا.

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٦، ٢٦٢.

(٢) الذهبي: سیر أعلام ، ج١٦، ص ٤٣٥؛ زرار صدیق تۆفیق: چەند لێکۆڵینەویەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەکادیمیای کوردی، (دهۆك: ٢٠٠٨)، ل ١٣٦.

(٣) الامیر شمس الدین صواب العادلی: یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازیەکانی مەلیك (الکامل) لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و دواتر بووەتە وەزیر لای مەلیك (الکامل) لە ساڵی (٦٣٢ك/ ١٢٣٤ز) لە حڕان کۆچی دوایی کردووە. المقریزي: السلوك، ج١، ص ٣٦٠؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٧، ص ٢٦١.

(٤) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ٧٢.

(٥) إبن مطروح: جمال الدین یحیی بن عنین بن إبراهیم بن الحسین إبن مطروح الصعیدي لە (امد و حران و حصن کیفا) لە خزمەتی مەلیك (الصالح) بووە تەنانەت لەوکاتەی حوکمی مصریشی گرتۆتە دەست لە خزمەتی بووە و دواتریش بۆتە وەزیر و خاوەنی دیوانێکی شعری بووە لە ساڵی (٥٩٢ك/ ١١٩٥ز) لە دایك بووە و لە ساڵی (٦٤٩ك/ ١٢٥١ز) کۆچی دوایی کردووە. ابو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٨٦؛ الذهبي: العبر، ج٥، ص ٢٠٤ .

(٦) الذهبي: سیر أعلام، ج١٦، ص ٤٣٥.

(٧) إبن سالم: محمد بن سالم نجم الدین أبو عبدالله المعروف بقاضي نابلس لە ساڵی (٥٩٠ك/ ١١٩٣ز) لە دایك بووە و لە ساڵی (٦٧٩ك/ ١٢٨٠ز) کۆچی دوایی کردووە. الصفدي: الوافی، ج٣، ص ٧١.

(٨) الیونیني: المصدر السابق، ج١، ص ص ٧٢ - ٧٣؛ الذهبي: تأریخ الإسلام ، ج٥، ص ٣٢٨.

(٩) الذهبي: تأریخ الإسلام، ج١٤، ص ٥٩٦.

(تورانشاه) خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرزبووە و شارەزایی لە بابەتە ئاینی و ئەدەبیەکاندا هەبووەو ئارەزووی بەشداری کردنی لە کۆڕ و دانیشتن لەگەڵ زانایانی ئاینی و شاعیران هەبووە[1]، بێگومان ئەو جۆرە ژیانە ئەدەبی و زانستیە کاریگەری لەسەر پەروەردەی هزری و سیاسی و ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەبووە.

(١) إبن الفرات: المصدر السابق، ج٢٠, ص ٤٥؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤, ص ٥٩٦؛خيرالدين الزركلي: المرجع السابق، ج٢, ص ٩٠.

## تەوەری دووەم: شێوە و ڕووخساری سیفاتی پاشایانی ئەیوبی:

### ١- شێوە و ڕووخساری پاشایانی ئەیوبی:

مەلیکەکانی ئەیوبی سەرەڕای گرنگیدانیان بەلایەنی هزری، گرنگی تایبەتیشیان بە جەستەیان داوە، بێ گومان بیر و هزری چاك لە جەستەی ڕێك و تەندروست دایە. مەلیك (العزیز) خاوەنی ڕووخسارێکی جوان و ڕێك و پێك[١] سەرنج ڕاکێش و دلگیر[٢] و بەژن و بالآ ڕێك بووە[٣]، زۆر گرنگی بەلایەنی تەندروستی خۆی داوە بەجۆرێك دوای هەموو تەوقە کردنێك دەستی خۆی شوشتووە, لەوانەیە بەهۆی ترسانی بێت نەوەك لەڕێگەی ژەهرەوە تیرۆر بکرێت, چونکە لەو سەردەمدا ئەو جۆرە تیرۆرکردنە باو بووە, یاخود خۆی سیفاتی دڵەراوکێ (الوسوسة)ی هەبووە[٤] بێگومان ئەو ژیانە خۆش و پڕ لەناز و نیعمەتەی کە تێیدا ژیاوە ، بووەتە هۆی بەخشینی لەش و لارێکی جوان و ڕێك بە مەلیك (العزیز).

مەلیك (المنصور) لەبەر بچووکی تەمەنی و کەمی ماوەی حوکمڕانی سەرچاوە بەردەستەکان باسی سیفەتەکانی ناکەن، بەڵام مەلیك (العادل) خاوەنی ڕووخسارێکی جوان و ڕێك بووە[٥] و بەژن و بالآ درێژ و دەم و چاو خڕبووە[٦]. بەهەمان شێوەش مەلیك (الکامل) خاوەن لەش و لارێکی ڕێك و جوان بووە و ئەو جەستە گەورە و بەهێزەی کە هەیبووە جۆرێك لە سیفاتی گەورەیی و ترسێنەری پێ بەخشیبوو[٧]. مەلیك (الصالح)یش کەسێکی جوان و پۆشتە بووە و زۆر گرنگی بە جوانی ڕووخساری داوە[٨].

### ٢- سیفاتی پاشایانی ئەیوبی:

### ١- سیفاتی جەنگی:

مەلیکەکانی ئەیوبی هەر لە منداڵیەوە وەکو پێویستیەکی گرنگ بۆ حوکمڕانی فێری هونەرەکانی جەنگ، وەکو بەکارهێنانی شمشێر و تیر و کەوان و نیشانە شکاندن دەکران، بۆ ئەوەی هەم مەلیك و هەم سەرکردەیەکی باشی سوپابن و سەرکردایەتی سوپاکەیان بکەن بۆ شەڕکردن دژی دوژمنەکانیان.

---

(١) الصفدي: نزهة المالك و المملوك في مختصر سيرة من ولى مصر من الملوك، تحقيق: محمد سيد عبدالوهاب، دار الحديث، (القاهرة: ٢٠٠٧)، ص ٣٥٣؛ النعيمي: المصدر السابق، ج١, ص ٢٩٣.

(٢) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ٩٥؛ ابن نظيف الحموي: المصدر السابق، ج١، ص٧.

(٣) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٦٣.

(٤) السبكى: طبقات, ج٧, ص ١٦.

(٥) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٦.

(٦) إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٦٢.

(٧) إبن خلكان: المصدر السابق: ج٥, ص ٧٦؛ اليونيني: المصدر السابق، ج٢, ص ٢٠٣.

(٨) المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣٨٤.

مەليك (العزيز) كەسێكی ئازا[١] و بەهێزبووە بەجۆرێك توانای دە مەماليكی هەبووە و چاو نەترس بووە[٢], سەرەڕای بەهێزیەكەی، بەلاّم زيادەڕۆيی كراوە لە باسكردنی هێز و توانای[٣]. مەليك (العادل)یش بە هەمان شێوە كەسێكی ئازا و لێهاتوو و سوارچاكێكی بەتوانا بووە[٤]، ئارەزووی شەڕكردنی لە پێناو خوادا هەبووە[٥]، لەساڵی (٥٥٩ك/١١٧٣ز) بەشداری ئەو لەشكركێشیانەی كردووە كە (نورالدين زەنگی) بۆ مصری ناردووە[٦] بۆ دروستكردنی بەرەيەكی يەكگرتوو دژی خاچپەكان[٧] لەگەڵ سولتان (صلاح الدين)ی برای بەشداری زۆربەی شەڕەكانی كردووە بەتايبەت لە ئازادكردنی شارەكانی (خابوور)[٨] و (نصيبين)[٩] و (سنجار)[١٠].

مەليك (الكامل)یش كەسێكی بەهێز و بەتوانا و ئازا و لێهاتوو بووە و هەر لە منداڵیەوە هونەرەكانی جەنگی وەكو پێویستیەكی سەرەكی بۆ حوكمڕانی فێركراوە[١١]. بۆيە ئارەزووی شەڕكردنی هەبووە لە پێناو سەرخستنی موسڵمانان دژی خاچپەكان[١٢] بەشداری چەندين شەڕی كردووە بە جۆرێك لە سەردەمی مەليك (الكامل)دا زۆر لە ناوچەكانی ولاّتی مصر و شام كە لە ژێر دەستی خاچپەكان بووە ئازادكراون[١٣] خاوەنی شارەزايی و هونەری سەربازی بووە ، بۆيە ئەم لێهاتووييەی لە هونەری جەنگيدا پاڵپشتيەكی گەورەی كردووە بۆ بەدياركەوتنی وەكو پاشايەكی گەورە بۆ پاراستنی ولاّت و دەسەلاّتی لەمەترسی خاچپەكان، بەدياری كراوی لەساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) لە چوارچێوەی هەڵمەتی پێنجەمی خاچپەكان بۆ سەر مصر لەوكاتەی مەليك (العادل) دەمرێت مەليك (الكامل) دەتوانێ بەسەر خاچپەكان سەربكەوێت و مصر لە مەترسی بپارێزێت[١٤]، بەلاّم مەليك

---

(١) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٦٣.

(٢) مؤرخ مجهول: تأريخ الملك الأشرف قايتباى (يؤرخ الكتاب من عهد الناصر صلاح الدين الأيوبي سنة (٥٦٤هـ) حتى عهد الأشرف قايتباى سنة (٨٧٧هـ)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، ط ١، (بيروت: ٢٠٠٣)، ص ٤٩.

(٣) عمادالدين الأصفهاني: البستان الجامع، ص ٤٤٨؛ النعيمي: المصدر السابق، ج١, ص ٢٩٣.

(٤) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٠٤؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٠٠.

(٥) إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٦١.

(٦) إبن الأثير: الكامل، ج٩, ص ٣٨٨.

(٧) هيثم محمود يونس: الملك العادل الأيوبي دراسة سياسية عسكرية (٥٧٠ – ٦١٥هـ/ ١١٧٤ – ١٢١٨م)، رسالة ماجستير, كلية الاداب, جامعة الموصل، (الموصل: ٢٠٠٢)، ص ١٤.

(٨) خابوور: ناوچەيەكی فراوانی سەر بەهەرێمی (الجزيرە)یە لە دياربەكرە و دەكەوێتە نێوان شاری رأس العين (سەرێكانی يان سەرو كانی) ئێستا و ڕووباری فوڕات ناوی شارەكەش لە ناوی ڕووباری خابور هاتووە. ياقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢, ٣٣٤.

(٩) نصيبين: شارێكی گرنگە لە هەرێمی (الجزيرە) لە دياربەكرە و لەسەر ڕێگای كاروانەكانی نێوان (موصل) و (الشام) دايە. المصدر نفسه، ج٥, ص ٢٨٨.

(١٠) القرماني: أخبار الدول واثار الاول في التاريخ، عالم الكتب, (دمشق: د. ت)، ص ١٩٥.

(١١) الصفدي: الوافي، ج١, ص ص ١٥٨ - ١٥٩؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٢.

(١٢) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٠؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٩٤؛ الصفدي: الوافي، ص ص ١٥٨ - ١٥٩.

(١٣) إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٦٦.

(١٤) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ص ٣١٨, ٣٢٧ - ٣٢٨؛ إبن العديم: المصدر السابق، ج١, ص ٤٦٣.

(العادلی دووەم) بەهۆی کەمی ماوەی حوکمڕانی و ململانێی لەگەڵ (الصالح)ی برای و خەریك بوونی بە ژیانی ڕابواردن وەکو کەسێکی ئازا و سەرکردە بەدیار نەکەوتووە[1]. بە پێچەوانەوە مەلیك (الصالح)ی برای سەرکردەیەکی ئازا و بەهێز و بەتوانا بووە و توانیویەتی مەترسی خاچیەکان کەم بکاتەوە و بەسەریاندا سەربکەوێت[2].

مەلیك (تورانشاه)یش هاوشێوەی باوکی سەرکردەیەکی بەتوانا بووە بە جۆرێك لەوکاتەی باوکی دەمرێت و وڵاتی مصر لەژێر مەترسی سوپای خاچیەکاندایە (تورانشاه) دێت و دەسەڵات لە مصر دەگرێتە دەست و دەتوانێت لە شەڕی (المنصورة) بەسەر خاچیەکان سەربکەوێت و وڵاتی مصر و دەسەڵاتەکەی بپارێزێت[3].

## ٢- سیفاتی کۆمەڵایەتی.

پەیوەندی پاشایانی ئەیوبی لەگەڵ خەڵکەکەی لەسەرچاوە بەردەستەکان زانیاری زۆر وردمان لەو بوارەدا ناخەنە بەر دەست ، ئەویش لەو سەردەمە بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ خاچیەکان هێندەی گرنگی بە لایەنی سیاسی دراوە لەلایەن مێژوونووسەکانەوە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی نەدراوە، بەڵام بەهۆی شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە تاڕادەیەك هەوڵمانداوە هەندێ زانیاری لە بواری کۆمەڵایەتی یاندا هەڵبهێنجین.
مەلیك (العزیز) کەسێکی دادپەروەر[4] و نەرم و نیان بووە[5] و گوێی لە کێشە و گیروگرفتی خەڵکی ڕاگرتووە و چارەسەری بۆ کێشەکانیان کردووە[6] خەڵکەکەی خۆی خۆشویستووە و ڕێزی لێ گرتوون[7]. لێبووردە بووە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خراپەیان بەرامبەری کردووە[8] بۆیە بەکەسێکی خۆشەویست ناسرابوو[9].

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٧٤؛ المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣٨٩؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٣١١.

(٢) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٣٢٢؛ المقريزي: رسائل المقريزي، تحقيق: رمضان البدري و أحمد مصطفى قاسم، دار الحديث، ط ١، (القاهرة: ١٩٨٨)، ص ١٣٣.

(٣) الذهبي: سير اعلام, ج١٦, ص ٣٨١؛ المقريزي: السلوك, ج١, ص ٤٤١؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق, ج٧, ص ٤١١.

(٤) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٦٨؛ النويري: نهاية الأرب في الفنون الأدب، دار الكتب والوثائق القومية، ط ١، (القاهرة: ١٤٢٣)، ج ٢٨، ص ٤٥٥.

(٥) إبن الفرات: المصدر السابق، مجد ٤، ج٢, ص ١٢٢.

(٦) إبو الفداء: التبر المسبوك، ص ٧٠.

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ٥٣.

(٨) عماد الدين الأصفهاني: الفتح القسي في الفتح القدسي, دار المنار, ط ١، (د. م: ٢٠٠٤م), ص ٣٢٨؛ إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ٨٣؛ محمود سيد عبدالله: مدافن حكام مصر الأسلامية بمدينة القاهرة، دار الوفاء، ط ١، (الاسكندرية: ٢٠٠٤)، ص ١٠٤.

(٩) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٣, ص ٢٥١؛ أبو الفداء: التبر المسبوك، ص٧٠؛ سعيد علي الحريري: الأخبار السنية في الحروب الصليبية، الزهراء للاعلام العربى, ط٣, (د. م: ١٩٨٥), ص ٢٨٣.

پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ زانایانی ئاینی و ئەدیباندا هەبووە و ڕێزی گرتوون[١] بۆیە کاتێك مەلیك (العزیز) دەمرێت خەڵکەکەی بۆ لە دەستدانی پاشاکەیان خەمبار و دڵتەنگ دەبن[٢].

مەلیك (العادل) هاوشێوەی ناوەکەی کەسێکی دادپەروەر[٣] و نەرم و نیان بووە[٤] و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ میر و دار و دەستە و خەڵکەکەی هەبووە و تێکەڵاوییان بووە[٥] کەسێکی لێبووردە بووە بەرامبەر ئەو کەسانەی هەڵەیان بەرامبەری کردووە[٦]. لە سەردەمی مەلیك (العادل) و پاشایانی دیکەی ئەیوبی سەرەڕای شەڕی بەردەوامی موسڵمانەکان و خاچیەکان، بەلاّم مەسیحیەکانی ژێر دەسەلاّتی ئەیوبیەکان بە ئاشتی و ئارامی ژیاون و پەیڕەوی ئاینی خۆیان کردووە بەبێ ئەوەی توندوتیژییان بەرامبەر بکرێ، هاوشێوەی موسڵمانەکان مەلیك (العادل) پەیوەندی باشی لەگەڵ مەسیحیەکان هەبووە و ڕێزی لێ گرتوون و سەردانی کلێساکانی کردوون و لەگەڵ پیاوانی ئاینی و زاناکانیان دانیشتووە و گفتوگۆی لەگەڵ کردوون و وەقفی بۆ کلێسکانیان داناوە[٧], بەلاّم بە پێچەوانەوە (ابن العماد الحنبلي) نووسیویەتی مەلیك (العادل) کەسێك بووە لەلای خەڵکەکەی خۆشەویست نەبووە[٨].

مەلیك (الکامل)یش تاڕادەیەك پەیوەندی لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا باش بووە[٩] خەڵکەکەی خۆشیان ویستووە[١٠] بەهۆی ئەوەی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بووە وایی لێکردووە لەگەڵ خەڵکەکەی تێکەڵ ببێت، ئەو سیفاتانەشی وای کردبوو کە میر و پاشاکانی دەوروبەری لاسایی بکەنەوە[١١] مەلیك (الکامل) پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی بەهێز بووە و زۆرجار بۆ ئاگادار بوون لە ژیان و تەندروستیان سەردانی خوشك و کچەکانی کردووە لەوڵاتی شام[١٢] گرنگیشی بە ژیان و ئایندەی منداڵەکانی داوە، بەجۆرێك خۆی هەڵساوە بە دەست نیشانکردنی ژن بۆ کوڕەکانی و مێرد بۆ کچەکانی, هەروەها لەکاتی ئاهەنگی ژن هێنانی کوڕەکانی و بەشوو دانی کچەکانی ئامادەبووە و دیاری بەنرخ و گرانبەهای پێشکەش کردوون[١٣]ڕۆژانەش لەدوای نوێژی عەسر

---

(١) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢، ص ٢٦٣؛ القرماني: المصدر السابق، ص ١٩٥.

(٢) أبو الفداء: التبر المسبوك، ص ٧٠؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ١٨٥.

(٣) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٣٢٧؛ عمادالدين الأصفهاني: البستان، ص ٤٦٢؛ سبط إبن الجوزي: المصدر السابق ، ج٢٢، ص ٢٣٠.

(٤) أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ١١١؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١١٩.

(٥) عماد الدين الأصفهاني: البرق، ج٣، ص ٨٣؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٢.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ٢٧٢.

(٧) أبو شامة: عيون الروضتين، ج٣، ص ٤٤.

(٨) المصدر السابق، ج٥، ص ٦٥.

(٩) ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢، ص ١٣.

(١٠) إبن العبري: تأريخ المختصر، ج١، ص ٢٥٠؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٤١٦.

(١١) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٥.

(١٢) ابن واصل: مفرج، ج ٤، ص٦٢٦؛ ابو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٥٦؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٢٩٢؛ ابن الوردي: المصدر السابق، ج٢، ص ١٥٧.

(١٣) ابو شامة: الروضتين، ص ١٠٠؛ ابن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ٤٧٠؛ الذهبي: تاريخ الاسلام، ج٤٤، ص ٢٧٢.

لە کۆشکەکەی خۆی دانیشتووە و چاوی بە خەڵکەکەی کەوتووە و گوێی لە داواکاری و کێشە و گرفتەکانیان گرتووە و چارەسەری کردوون[١]، هاوکات پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز و بەردەوامی لەگەڵ چینی خوێندەواران لە ئەدیبان و زانایانی ئاینی هەبووە، بەجۆرێك زۆربەی هەفتەکان لەگەڵیان دانیشتووە و گوێی لێگرتوون و گفتوگۆی ئاینی و زانستی لەگەڵدا کردوون[٢].

مەلیك (الصالح)یش ژن و منداڵەکانی خۆی خۆشویستووە و پەیوەندییەکی باش و توند و تۆڵی لەگەڵیان هەبووە و وەکو (الکامل)ی باوکی جیاوازی لەنێوان منداڵەکانی نەکردووە[٣]. دایکی خۆی زۆر خۆشویستوە و نەخۆش بوونی خەمبار و دلگرانی کردووە, بەجۆرێك ئارەزووی خواردن و خواردنەوە و خۆشی جارانی نەماوە, بۆیە پزیشکەکانی ڕێنمایی ئەوەیان کردووە پێویستە ئاگاداری تەندروستی خۆی بێت و تا تەندروستی بەرەو خراپتر نەڕوات, چونکە ئەوان کارێك دەکەن بۆ ئەوەی دایکی تەندروستی بەرەو چاکبوونەوە بڕوات[٤] بە هەمان شێوە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ خەڵکەکەی هەبووە و لەلایان بە مەلیکێکی باش ناسرابوو[٥].

### ٣- ئاکار و خوو ڕەوشتی پاشایانی ئەیوبی:

پاشایانی ئەیوبی خاوەنی سیفاتی تایبەتی بوونە ، سیفاتەکانیشیان ڕەنگدانەوەی بەسەر کار و کردەوەی ڕۆژانەیان هەبووە و سەرەڕای هەبوونی کەم و کوڕی لە سیفەتەکانیان ، بەڵام ئاینی ئیسلام بناغەی سیفات و کار و کردەوەکانیان بووە.

مەلیك (العزیز) کەسێکی بە ڕەوشت و لەخواترس و ئاینداربووە ، پابەندی ئاینی ئیسلام بووە و ئامادەی کۆڕی زانایانی ئاینی بووە و فەرموودەی لێ وەرگرتوون[٦] لەبواری بەخشین و چاکەکاریدا زیادەڕۆیی کردووە بەجۆرێك پارە و سامانی وڵاتی بەهەدەر داوە و بە ئارەزووی خۆی پارەی موسڵمانانی دابەشکردووە بەبێ ئەوەی لەخۆی بپرسێ ئایا ئەو پارەیە بە تەنها هی منە و خۆم پەیدام کردووە یاخود سامانی دەوڵەتە و نابێ بەوجۆرە تەخشان و پەخشانی پێ بکەم، بەناوی خێرخوازی و چاکەکاری کارێکی وایی کرد گەنجینەی وڵاتی بەتاڵ کرد و باری ئابوری وڵات و خەڵکی خراپ کردووە[٧] دەکرێ ئەو پارە دابەشکردنەی مەلیك (العزیز) بۆ ڕاکێشان و ڕازیکردنی نەیارەکانی بێ نەوەکو بۆ کاری چاکە[٨]. هەندێك مێژوونووس ڕەخنە لە مەلیك (العزیز) دەگرن و

---

(١) مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٤١٦.

(٢) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٦١ ؛ الصفدي: الوافي، ج١, ص ص ١٥٨ - ١٥٩.

(٣) ابن فضل الله العمرى: المصدر السابق, ج ٢٧, ص ٣٢٧.

(٤) الغزي: المصدر السابق, ص ٥٢.

(٥) ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٧٩؛ المقريزى: السلوك, ج١, ص ٣٨٤.

(٦) القرماني: المصدر السابق، ص ٩٥؛ مؤلف مجهول: تأريخ ملك الأشرف، ص ٩٥؛ إبن الوكيل: المصدر السابق، ص ٥٨.

(٧) عماد الدين الأصفهاني: الفتح القسي، ص ٣٢٨؛ سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٦٨؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج٣, ص٢٥١.

(٨) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ١٢٩؛ النعيمي: المصدر السابق، ج١, ص ٢٩٣؛ النويري: المصدر السابق، ج ٢٨, ص ٤٥١.

دەنووسن: (مەلیك العزیز) نەیتوانیوە لەسەر ڕێ و ڕێچکەی سوڵتان (صلاح الدین)ی باوکی بڕوات و لەماوەی حوکمڕانیدا خراپترین مێژووی تۆمارکردووە، بەجۆرێك لەسەردەمی ئەودا کاری خراپەکاری وەکو (مەی خواردنەوە و ماددەی بێ هۆشکەر (تلیاك) زۆر بووە، ئەمەش وایکردووە نرخی ترێ بەرزببێتەوە[١].

دەکرێ ئەو سیفەتە خراپانەی کە (إبن أیاس) لەبارەی مەلیك (العزیز) باسیان دەکات لەوانەیە لە ئەنجامی ڕق و ململانێ سەرچاوەی گرت بێت، یاخود ڕەنگە گرانبوونی ترێ بەهۆی وشکە ساڵیەوە بێت و بەرهەمی ڕەز و باغەکان کەم بووبێت، هەروەها (ابن ایاس) دوای سەدان ساڵ لە حوکمڕانیکردنی ئەیوبیەکان پەرتووکەکەی نووسیوە و لەسەردەمی ڕووداوەکانیش نەژیاوە.

بە پێچەوانەی مەلیك (العزیز) و (المنصور)ی کوڕی زانیاری زۆر لەبارەی ئاکار و خووڕەوشتی مەلیك (العادل) لەبەردەستدا هەن[٢] ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لەسەردەمی سوڵتان (صلاح الدین)ی برای و سەردەمی خۆی دا هەیبووە، کە کەسێکی پایەبەرز[٣] و باش[٤] و لەسەرخۆ[٥] و داوێن پاك و ڕاستگۆ[٦] و دەست پاك بووە[٧].

ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە لە مەلیك (العادل) و پاشاکانی دیکەی ئەیوبی ئەوەیە کە هیچ یەکێکیان فەریزەی حەجیان بەجێنەگەیاندووە بەبیانووی ئەوەی کە وڵات لەشەڕدایە لە دژی خاچیەکان، ئەگەرچی بەتەواوی پابەندی هەموو بنەماکانی ئاینی ئیسلام بوونە[٨] تەنانەت لەسەردەمی مەلیك (العادل) کاری بەد ڕەوشتی وەکو مەی خواردنەوە و قومارکردن کەم بۆتەوە[٩] و کەسێك بووە پارە و سامانی وڵاتی بەهەدەر نەداوە[١٠]، بەڵکو پارە و سامانی بۆ بەهێزکردنی وڵات و یارمەتی هەژاران و نەداران تەرخان کردووە[١١].

---

(١) المقریزي: المواعظ، ج١, ص ١٩٧؛ إبن أیاس: بدائع، ج١, ص ص ٥٩ - ٦٠؛ احمد حسین: المرجع السابق، ج٢٢, ص ٦٣٨.

(٢) جیهان طاهر حجي الدوسکي: أبو شامة (٥٩٩ — ٦٦٥ هـ/ ١٢٠٢ — ١٢٦٦ م) و منهجه في کتابة التأریخي الذیل على الروضتین، رسالة ماجستیر, کلیة الاداب, جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠١٠)، ص ١٦٩.

(٣) إبن أیاس: بدائع، ج١, ص ٦١.

(٤) إبن خلکان: المصدر السابق، ج ٥, ص ٧٦؛ احمد شلبي: موسوعة التأریخ الإسلامي والحضارة الإسلامیة، مکتبة النهضة المصریة، ط٣، (القاهرة: ١٩٧٧)، ص١٨٠.

(٥) إبن الفرات: المصدر السابق، مجد ٤، ج٢, ص ١٧٩.

(٦) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٠٤.

(٧) عماد الدین الأصفهاني: البرق، ج٣, ص ١٥٢.

(٨) إبن خلکان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٤؛ أبو شامة: ذیل الروضتین، ص ٦١؛ البنداري: المصدر السابق، ص ١٩٣؛ إبن کثیر: البدایة، ج١٣, ص ٧١.

(٩) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٣٠؛ إبن کثیر: البدایة، ج١٣, ص ٩٤؛ النعیمي: المصدر السابق، ج٢, ص ٢٠٦.

(١٠) الدواداري: المصدر السابق، ج ٧, ص ص ١٩٧, ٢٠٥.

(١١) عمادالدین الأصفهاني: البرق، ج٣, ص ١٥٩؛ ابن شاهانشاه: مضمار حقائق و سر الخلائق ، تحقیق: حسن الحشي، عالم الکتب، (القاهرة: د. ت)، ج١، ص ١٦٠؛ ابن العبري: تأریخ مختصر، ج ١, ص ٢٣٢؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٠٢.

مەليك (العادل) شانازی بە ڕەچەڵەك و پۆشاكی خۆی كردووە و ڕێگری لە ئەندامانی بنەماڵەكەی كردووە كە ڕەچەڵەكی خۆیان بگۆڕن[(١)] و كەسێكی زۆرخۆر بووە و زۆر ئارەزووی خواردنی كردوە[(٢)] و دژی نووشتە و فاڵ گرتنەوە وخوڕافیاتبووە[(٣)] و خاوەن ڕۆشنبیرییەكی بەرزبووە و ئارەزووی دانیشتنی لەگەڵ ئەدیبان و زانایانی ئاینی كردووە و توانای هۆنراوە نووسینی هەبووە[(٤)].

بە پێچەوانەی ئەو ستایش و چاكەكارییەی مەليك (العادل) دەلاقەیەكی بچووكیش بۆ باسكردنی سیفاتە خراپ و ناشایستەكانی لەلایەن مێژوو نووسانەوە دروستكراوە، هەروەكو لە وتاری هەینیدا باسی ستەم و نا دادپەروەری مەليك (العادل) كراوە و دوعای تۆبەكردن یان بۆ كردووە[(٥)] لە شیعری ئەدیبانیش ئەو ستەمكارییەی مەليك (العادل) ئاماژەی بۆ كراوە:

| | |
|---|---|
| يا ظالما لقب بالعادل | يا ناقصا لقب بالكامل |
| اهلكتما كل جميع الوري | لا عشما دهرا الى قابل[(٦)] |

(ئەو دوو دێرە شعرە باس لە زوڵم و نادادپەروەری مەليك العادل و الكاملی كوڕی دەكات)

مەليك (الكامل) كەسێكی پایە بەرز و لێبووردە و گوێڕایەڵ[(٧)]و زیرەك و بەهێز و بە توانا[(٨)]و دادپەروەرو[(٩)] بە هەیبەت بووە، ئەمەش سیفاتێكی ترسێنەری پێ بەخشیوە بەجۆرێك خەڵك لەبەرامبەریدا هەستیان بەجۆرێك ترس كردووە ، تەنانەت لەوكاتەی كە مردووە هەندێ كەس لەبەر هەیبەت و گەورەییەكەی نەچوونەتە سەر لاشەی[(١٠)]. پابەندی ئاینی ئیسلام بووە لە ئەنجامدانی نوێژ و بەڕۆژی بوون و یارمەتیدانی هەژاران[(١١)]. شێوازی ژیان و پەروەردەكردنی كاریگەری لەسەر ئاستی زیرەكی و تواناكەی هەبووە، بەجۆرێك خاوەنی ئاستێكی ڕۆشنبیری بەرزبووە و ئارەزووی دانیشتنی لەگەڵ ئەدیبان و زانایانی ئاینی كردووە بەتایبەت

---

(١) الهمداني: السمط الغالي الثمن في اخبار الملوك من الغز باليمن, تحقيق: ركس سمث, دار الكتب, (صنعاء: د. ت), ص ٧٢؛ اليونيني: المصدر السابق، ج١, ص ٣٩.

(٢) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١١٩.

(٣) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٨١.

(٤) إبن واصل: مفرج، ج٣, ص ١١٣؛ الصفدي: الوافي، ج٧, ص ٥٠.

(٥) سبط ابن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ص ٨٨ - ٨٩؛ ابن رجب: المصدر السابق، ج٣, ص ١١٩.

(٦) الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٢٧٧.

(٧) المصدر نفسه، ج٧, ص ٥؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٨٩.

(٨) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٣٤٦.

(٩) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٦, ص ٢٥٦؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ١٣.

(١٠) الدواداري: المصدر السابق، ج ٧, ص ص ٢٨٧, ٣٢٦.

(١١) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٦؛ أبو الفداء: التبر المسبوك، ص ٧٧؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ص ٣٠٦؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٩٩.

لە شەوانی هەینی، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و حوکمڕانییەکەی هەبووە[١]. دەستی هۆنراوە نووسینی هەبووە وەکو ئەو هۆنراوەی بۆ مەلیك (الاشرف)[٢]ی برای نووسیووە:

يا مُسْعِفي إنْ كُنتَ حَقًّا مُسْعِفي... فارْحَلْ بغَيرِ تقيُّدٍ وتوَقُّفِ

واطوِ المَنازلَ والديار ولا تنخْ... إلا علَى بابِ المَليكِ الأشرفِ[٣]

(ئەم دوو دێرە باس لە دادوەری و زیرەکی و لێهاتووی مەلیك الاشرف دەکات)

سەرەڕای هەبوونی سیما و سیفاتی بە هەیبەتی و ترسێنەریەکەی، بەڵام لە هەندێك کاتدا وەکو منداڵ گریاوە بەتایبەتی لەوکاتەی توانی بەسەر خاچیەکاندا لەساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) سەربکەوێت و مەترسیان لە مصر دووربخاتەوە[٤]. لە هەمان کاتدا کەسێکی لێبووردە بووە بەرامبەر دوژمنەکانی، هەروەکو قەشە (فرانسیسکۆ داسیسی)[٥] گەورە قەشەی ئیتاڵی چۆتە قاهیرە بۆ لای مەلیك (الکامل) و شاهێدی ئەو لێبووردەییەی بۆ دەدات[٦]. مەلیك (الکامل)دژی کاری بەد ڕەوشتی و خراپە و خراپەکاری و مەی خواردنەوە و ڕابواردن بووە[٧]، کەسێکی سوپاسگوزاربووە و هەرکەسێك چاکەی لەبەرامبەری کردبێت لەبیری نەکردووە و چاکەی داوەتەوە، وەکو دەبینین کاتێك مەلیك (المسعود)[٨]ی کوڕی گەورەی لە شاری مەککە لەساڵی (٦٢٦ك/ ١٢٢٨ز) کۆچی دوایی دەکات کەسێکی

---

(١) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ٣٤٦؛ الاشرف الغساني: المصدر السابق، ص٤٨٣؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٢؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٥, ص ١٧؛ شرفنامە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(٢) مەلیك الاشرف: أبو الفتح موسى إبن الملك العادل سيف الدين أبى بكر بن أيوب. لەسەرەتادا حوکمڕانی (روها) و دواتر (حران) و (دمشق)ی گرتەدەست و لەساڵی (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) لە دمشق کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش بەخاکسپێردرا. إبن خلكان: المصدر السابق، ج ٥, ص ص ٣٣٠، ٣٣٣؛ الصالحي: القلائد الجوهرية في تاريخ الصالحية, تحقيق: محمد احمد دهمان, مطبوعات مجمع اللغة العربية, ط٢, (دمشق: ١٩٨٠), ص ص ١٥٥ — ١٥٦؛ اليافعي: المصدر السابق، ج٤, ص ص ٦٩ - ٧٠؛ شرفخان: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٨- ١١٩.

(٣) الذهبي: تأريخ الإسلام ، ج٤٦, ص ٢٥٦؛ إبن الفوطي: الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة, تحقيق: مهدى النجم, دار الكتب العلمية, ط ١, ( بيروت: ٢٠٠٣م)، ص ٤٥.

(٤) اليونيني: المصدر السابق، ج٢, ص ٢٠٢؛ الذهبي: تأريخ الإسلام, ج ٤٤, ص ٣١ .

(٥) فرانسیسکۆ داسیسی: هیچ زانیاریەکمان لەبارەی ئەو کەسایەتیە لە سەرچاوە بەردەستەکان بەدی نەدەکرد.

(٦) عبدالمنعم ماجد: المرجع السابق، ص ص ١٢٥ - ١٢٦.

(٧) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج ٢, ص ٣٠٧؛ إبن دقماق: نزهة الانام، ص ٥٠.

(٨) مەلیك المسعود: الملك المسعود يوسف بن الملك العادل بن الملك العادل بن أيوب. نازناوی (أقسيس يان اطسز) بووە, چونکە ئەگەر کەسێك منداڵی ببا و لێی مردبا ئەوا پێیان دەوت (أقسيس) لەوکاتەی (المسعود) لەدایك بووە تورکەکان لە خزمەتی مەلیك (الکامل)بوونە و پێیان وتووە بۆ ئەوەی کوڕەکەی بمێنێت ناوی لێ بنێت (أقسيس), چونکە نەریتی تورکەکان وایە هەر کەسێك منداڵی ببێت و بمرێت ئەو ناوەی لێ دەنێن ئەویش بە گوێی کردوون. لەسەرەتادا حوکمڕانی (ئامەد) بوو ، بەڵام دوای مردنی (سیف الاسلام) حوکمڕانی وڵاتی یەمەن گرتە دەست و دوای شازدە ساڵ حوکمڕانی کردن لە ساڵی (٦٢٦ك/ ١٢٢٨ز) لە شاری مەککە کۆچی دوایی کردووە لەوێشدا بەخاکسپێردرا. إبن واصل: مفرج ، ج٤, ١٢١؛ الهمداني: المصدر السابق, ص ١٩٥ - ١٩٧؛ المكي: شفاء الغرام بأخبار البلد الحرام، دار الكتب العلمية، ط ١، (د. م: ٢٠٠٠)، ج٢، ص٢٣٨؛ قتيبة الشهابي: المرجع السابق، ص٢٢؛ دهخدادا: ناودارانی کورد لە =

خەڵكی شاری أربل (هەولێر) بە ناوی (الشیخ الصدیق بن بدر صباح)[١] لەشاری مەككە بەخاكی دەسپێرێت، ئەگەر چی مەلیك (المسعود) لەسەر وەسیەتی خۆی گۆتبووی وەكو كەسێكی هەژار بەخاكم بسپێرن، بۆیە كاتێك مەلیك (الكامل) چاكەی ئەو كەسەی خەڵكی أربل دەبیستێت نامەیەكی پڕ لەسوپاس كردنی بۆ دەنێرێت[٢].

لەكاتی قسەكردنیشدا زۆر بە هێمنی قسەی كردووە و كەم دوو بووە ودڵپاك بووە گومانی لە خەڵك نەكردووە[٣]. بە پێچەوانەوە (الخزنداري) مێژوونووس باسی سیفاتی خراپی دەكات و نووسیویەتی: مەلیك (الكامل) كەسێكی دڵپاك و ڕاست نەبووە و دووربووە لەكاری بەخشین و چاكە و كەسێكی نەفس نزم بووە[٤].

مەلیك (العادلی دووەم) كەسێكی بێ بەزەیی بووە و ڕەچاوی برایەتی نەكردووە، چونكە لە دوای مردنی مەلیك (الكامل)ی باوكی تەنها بۆ ئەوەی دەسەلاَت بگرێتە دەست (الصالح)ی برای دەستگیر دەكات[٥] و لەخراپترین شوێن بەندی دەكات[٦]. مەلیك (العادلی دووەم) زۆر ئارەزووی ڕابواردن و كات بەسەر بردنی كردوە[٧] زۆر لە مێژوو نووسان بەخراپە باسی دەكەن، بەلاَم (ابن تغری بردی): بە پاشایەكی بەڕێز و زیرەك باسی دەكات كە پەیوەندی لەگەڵ خەڵكەكەی باش بووە و كاری باشی زۆر كردووە و ئاستی ڕۆشنبیری باش بووە و شارەزایی لە هۆنراوە و پەخشان هەبووە[٨].

مەلیك (الصالح) كەسێكی پایەدار و گەورە و بەتوانا[٩] داوێن پاك[١٠] و لەسەرخۆ و كەم دوو[١١] و قسەخۆش بووە، بەجۆرێ كاتێك قسەی كردووە هەموو كەس گوێی لێگرتووە و قسەكانی كەسی بەرامبەری سەرسام كردووە[١٢] و كەسێكی ئاینداربووە و ئەركە ئاینیەكانی جێبەجێ كردووە[١٣] و بەوەفا بووە بەرامبەر ئەو كەسانەی كە كاری چاكەیان بەرامبەری كردووە هەرگیز لەبیری نەكردوون و چاكەی داونەتەوە بەتایبەت

---

لغت نامەی دهخدادا ، بلاَوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ٤١٦؛ دلێر فرحان اسماعیل: الكورد في الیمن (٥٦٩ — ٨٥٨ هـ/ ١١٧٣ — ١٤٥٤م)، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، (أربیل: ٢٠٠١)، ص٥٧.

(١) الشیخ الصدیق بن بدر صباح: هیچ زانیاریەكمان لەبارەی ئەو كەسایەتی یە لە سەرچاوە بەردەستەكان بەدی نەكرد.

(٢) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥، ص ٨٤.

(٣) الیونیني: المصدر السابق، ج٢، ص ٢٠٣.

(٤) تاریخ مجموع النوادر، ص ٣.

(٥) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٦٥؛ الصفدي: الوافي، ج١٠، ص ٣٥٥؛ مؤلف مجهول: تأریخ دولة الأكراد، ص ٤٢٨.

(٦) الذهبي: تأریخ الإسلام، ج١٤، ص ٣٥٠.

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٧٤، ٢٦٢؛ المقریزي: المواعظ، ج٣، ص ٤١٠؛ المقریزي: السلوك، ج١، ص ٣٨٩.

(٨) المنهل الصافي، ج٦، ص ٤٩.

(٩) أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٧٩؛ الذهبي: العبر، ج٣، ص ٢٦١؛ السبكي: طبقات، ج٨، ص ٢٤٣؛ الغزي: المصدر السابق، ص٢٣.

(١٠) الذهبي: تأریخ الاسلام، ج ٤٧، ص ٣٥٧؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٣٣٨؛ العلیمي: المصدر السابق، ج٢، ص ٢١.

(١١) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣٣١؛ الغزي: المصدر السابق، ص٦٢؛ المقریزي: رسائل، ص ١٣٣.

(١٢) الذهبي: تأریخ الأسلام، ج٤٧، ص ٣٥٨؛ إبن الوردي: المصدر السابق، ج٢، ص ١٧٦.

(١٣) إبن واصل: تأریخ الصالحي، ج٢، ص ٣٢٣.

لەوکاتەی لە زیندان بووە[1]. کەسێکی دادپەروەربووە و لەتاوانباران خۆش نەبووە، بەڵکو بەپێی تاوانەکان تاوانبارانی سزا داوە[2] خاوەنی قسەی خۆی بووە و هەرچی بویستبایە جێبەجێی دەکرد[3]، زۆرجار قسەی کەسانی دەوروبەری وەرنەگرتووە و گوێڕایەڵی نەکردوون[4]. لە نەیارەکانی نەبووریوە و سزای داون، بەڵکو بەخراپترین شێوە تۆڵەی لێ کردوونەتەوە, هەروەکو ئەوەی بەرامبەر مەلیك (العادل دووەم)ی برای کردی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە بەندینخانە بەندی کردوو دواتر خنکاندی[5].

مەلیك (تورانشاە) بەهۆی شێوازی پەروەردەکردنی منداڵی کە پەروەردەیەکی تایبەت و گرنگ بووە و لە ئەنجامی دانیشتن و کۆبوونەوەی لە کۆڕی زانایانی ئاینی و شاعیران پێشینەیەکی باشی ڕۆشنبیری و هزری لەلا دروست ببوو، بۆیە کەسێکی زیرەك و زمان پاراو و قسە ڕەوان بووە[6] و توانای هۆنراوە نووسینی هەبووە، بۆیە کاتێك لە شاری (حصن کیفا) دێتە (دمشق) بۆچوونە وڵاتی مصر و وەرگرتنی دەسەڵات شاعیرێك بە هۆنراوە لێی دەپرسێت:

**قُل لنا كيف جئت من حصن كيفا... حين أرغمت للأعادي أنُوفا**

(تورانشاە) وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

**الطّريق الطّريق بألف نحسٍ... مرّةً أمنا وطورا مخوفا**[7]

(ئەم دوو دێرە باس لە ساتە وەختی هاتنی مەلیك تورانشاە بۆ دەسەڵات لە مصر دەکەن)

**٤- سیفاتی سیاسی**.

پاشایانی ئەیوبی جیاواز لە سیفاتە جەستەیی و تایبەتیەکان، خاوەنی سیفاتی سیاسی بوونە کە زۆرجار سیفاتە کەسیەکان لەگەڵ سیفاتە سیاسیەکان جیاوازبوونە و یەکیان نەگرتۆتەوە، ئەویش بەهۆی پێویستی کاری سیاسی، چونکە لە سیاسەتدا هەست و سۆز و خۆشەویستی مرۆڤ وەلا دەنرێت و شتێك بەناوی بەرژەوەندی جێگەی دەگرێتەوە.

---

(١) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج ٤٧, ص ٣٤٤.

(٢) الكتبي: المصدر السابق، ج٢٠, ص ص ١٨٠ - ١٨١.

(٣) إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ١٨٠.

(٤) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج٤٧, ص ٣٥٧؛ الكتبي: المصدر السابق، ج٢٠, ص ص ١٨٠ - ١٨١.

(٥) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٤٠٦؛ إبن كثير: البداية، ج١٣, ص ٢٠٤؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ٣٧؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ص ١٦ - ١٧.

(٦) الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٧٤؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤, ص ٥٩٦؛ كرفان محمد احمد: السلطان تورانشاه الايوبي (٦٤٧-٦٤٨هـ / ١٢٤٩- ١٢٥٠) دراسة تحليلية لسيرتة وعلاقتة بشجر الدر, مجلة التربية والعلوم, العدد: ٣, (دهوك: ٢٠٠٦), مج٣, ص ٨٧.

(٧) إبن الفرات: المصدر السابق، ج٢٠, ص ٤٥؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤, ص ٥٩٦.

مەلیك (العزیز) سیاسیەكی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، ئەویش بەهۆی كاریگەری سیفاتە سیاسی و دبلۆماسیەكانی سوڵتان (صلاح الدین)ی باوكی هەر لە منداڵیەوە گرنگی زۆری پێداوە بە مەبەستی ئامادەكردنی بۆ حوكمڕانی و دەوڵەتداری بەجۆرێك باشترین زانای ئاینی و مامۆستای سەردەم وانەیان پێ گووتوە[1].

هونەری قسەكردن و ڕازی كردنی بەرامبەرەكەی بەرزبووە ، بەجۆرێك یارمەتیداوە لە گوێگرتنی كێشە و گیروگرفتەكانی خەڵك و دواتر چارەسەركردنیان[2].

مەلیك (العادل)یش سیاسیەكی زیرەك و وردبین و وریا و بەتوانای سەردەمی خۆی بووە[3]. خاوەنی هزرێكی باش و لەهەمان كاتیشدا لەسەرخۆبووە[4]. گەورەبوونی لەبەردەستی سوڵتان (صلاح الدین)ی برای، وایكردووە ببێتە پاشایەكی بلیمەت و سەركەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی كارەكان و چارەسەركردنی كێشە و گیروگرفتەكان[5] ، بۆیە بەهۆی ئەو زیرەكی و بەتواناییەی كە هەیبووە سوڵتان (صلاح الدین) لە كارەكانیدا زۆر پشتی پێبەستووە و كردبوویە ڕاوێژكاری خۆی و ڕاوێژی پێ دەكرد ئەوەش ببووە هۆكارێكی گرنگ و یارمەتیدەر بۆ سەركەوتنەكانی سوڵتان (صلاح الدین)برای[6].

سوڵتان (صلاح الدین) متمانەیەكی زۆری بە توانا و لێهاتوویەكانی مەلیك (العادل) هەبوو ، بۆیە زۆرجار وەكو نوێنەری خۆی هەڵیبژاردووە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەتایبەت لەگەڵ خاچیەكان[7]. كەسێكی سەركەوتوو بووە لە بەڕێوەبردنی وڵات، بەجۆرێك ماڵ و دارایی وڵاتی بەڕێك و پێكی خەرج كردووە، كاتێكیش كە دەمرێت خەزێنەی دەوڵەت سەروەت و سامانێكی زۆری تێدابووە[8]. ئەو زیرەكی و بەتواناییەی مەلیك (العادل) هۆكارێكی یارمەتی دەربووە كە وەكو سوڵتان (صلاح الدین)ی برای دەوڵەتێكی بەهێز و یەكگرتوو دروست بكات و ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبێت لە بەرەنگاربوونەوە و پاراستنی وڵات لە مەترسی خاچیەكان[9].

---

(١) ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ص ٧ - ٨؛ خير الدين الزركلي: المرجع السابق، ج٤, ص ٢١٥ .

(٢) عماد الدين الأصفهاني: الفتح القسي، ص ٣٢٨؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤, ص ١٨١؛ إبن واصل: التأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٦٣.

(٣) إبن واصل: مفرج ، ج٣, ص ٢٧١؛ الاشرف الغساني: المصدر السابق، ص ٣٢٦؛ نعيمة عبدالسلام: التوجهات السياسية للدولة الايوبية الداخلية والخارجية, دار قتيبة, ط ١, (ديمشق: ٢٠٠٩), ص٥٠.

(٤) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ١١٩؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص٩؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ٢٣٢.

(٥) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ٣٢٧؛ عماد الدين الأصفهاني: البرق، ج٣, ص ١٥٣؛ أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ١١١؛ المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣١٢؛ صالح قەفتان: مێژووی گەلی كورد و نەتەوەی كورد و توركمان نی یە، ڕێكخراوی ڕۆشنبیری ڕۆشنا، چ٤، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل ١٩٧.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٢, ص ١٥٢؛ شەرەفخان: سەرچاوەی پێشوو, ل ١١٦؛ أمين زكي: المرجع السابق، ص ١٧.

(٧) عبدالعزيز سالم: دراسات في تأريخ مصر في العصرين الأيوبي و المملوكي، مؤسسة شباب الجامعة، (الاسكندرية: ٢٠٠٦)، ص ص ١٦٠ - ١٦١؛ قصي الحسين: موسوعة الحضارة العربية، مكتبة الهلال، ط ١، (بيروت: ٢٠١٠)، ص ١٨٧.

(٨) إبن الوردي: المصدر السابق، ج٢, ص ١٣٣.

(٩) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ٤٤, ص ٢٦٩؛ عمار محمد الفهار: عصر المماليك البحرية، دار النهضة، ط ١، (دمشق: ٢٠٠٧)، ص ٢٦.

مەلیك (الكامل)یش بەپێی نووسینی مێژوونووسان سیاسیەكی ژیر و زیرەك و بە ئەزموون و لێهاتوو بووە[(١)] و توانایەكی باشی هەبووە بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی ولآت و چارەسەركردنی كێشەكان[(٢)]. هەوڵی داوە بەباشی لەكێشەكان بگات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و ماف بۆ ماف خوراوان بگەڕێنێتەوە[(٣)] بەشێوەیەكی باشیش كاروباری ولآتی بەڕێوەبردووە، بەجۆرێك لەسەردەمی ئەودا بە ڕادەیەك ئارامی باڵی بەسەر ولآت و ڕێگا بازرگانیەكان كێشاوە، بازرگانان بێ كێشە كاری بازرگانیان كردووە[(٤)].

(إبن أیاس)ی مێژوونووس بە پێچەوانەی هەموو مەلیكەكانی دیكەی ئەیوبی كە بەخراپە باسیان دەكات, بەڵام ستایشی مەلیك (الكامل) دەكات و بە كەسێكی باش باسی دەكات و دەڵێت: لەسەردەمیدا ئارامی و ژیانێكی خۆش بۆ خەڵك دابین كراوە[(٥)].

ئەگەرچی توێژەر سەرنج و تێبینی لەبارەی زۆرێك لە نووسینەكانی (ابن ایاس)ی مێژوونووسی پاشایانی ئەیوبی هەیە, بەڵام نووسینەكانی لەبارەی مەلیك (الكامل)، توێژەر بەرەو لای خۆی ڕادەكێشێت.

سەرەڕای بوونی ئەو سیفاتە باشانە، بەڵام لەدەستدانی شاری قودس بۆ خاچیەكان لەساڵی (٦٢٦ك/ ١٢٣٠ز) ژیان و سیفاتی مەلیك (الكامل)ی بەدرێژایی ڕۆژگار خستە ژێر پرسیارێكی گەورە، بەو پێیەی لە ماوەی حوكمڕانیدا گەورەترین هەڵەی سیاسی كرد و خوێنی هەزاران موسڵمانی بەفیڕۆ دا كە لە سەردەمی سوڵتان (صلاح الدین)ی مامیدا بۆ ڕزگاركردنی شارەكە خوێنی خۆیان بەخشی بوو[(٦)].

مەلیك (العادلی دووەم) لەبواری سیاسەتدا زۆر سەركەوتوو نەبووە، ئەویش بەهۆی خەریك بوونی بە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی كە گەنجینەی ولآتی بەتاڵ كرد[(٧)] بۆیە كێشە و گیروگرفت لە سەردەمی ئەودا زۆربووە و بارودۆخی خەڵكیش خراپ بووە[(٨)].

مەلیك (الصالح) سیاسیەكی گەورەبووە و توانیویەتی حوكمڕانی بكات و دەسەڵاتەكەی بپارێزێت[(٩)] بە جۆرێك لە كاری سیاسی و حوكمڕانیدا هاوشێوەی سوڵتان (صلاح الدین) بووە و توانیویەتی دەسەڵاتێكی گەورە و

---

(١) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٧٦؛ إبن العبري: تأريخ المختصر، ج١, ص ٢٣٢؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ص ١١, ٢٢؛ إبن دقماق: المصدر السابق، ص ٩٧.

(٢) البندا ري: المصدر السابق، ص١٣.

(٣) إبن العميد: المصدر السابق، ص٢٢؛ محمود شاكر: التاريخ الاسلامی الدولة العباسیة, المكتب الاسلامی, ط ٦, (د. م: ٢٠٠٠), ج١, ص ٣٠٨.

(٤) أبو الفداء: التبر المسبوك، ص ٧٧؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص٢٢.

(٥) بدائع، ج١, ص ٦٣.

(٦) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ٤٣٤؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٥, ص ٣٢؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٢٧١.

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ص ١٧٤ - ١٧٥.

(٨) ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢, ص ١٥.

(٩) إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٣٢٢.

بەهێز و یەکگرتوو بنیات بنێت[1]. مەلیك (تورانشاه) لەبواری سیاسەتدا زۆر لێهاتوو نەبووە و بە کەسێکی سەرنەکەوتوو دانراوە بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە بەباشی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست و ڕەفتار لەگەڵ کاربەدەستانی وڵات و میر و مەمالیەکەکان بکات, بەڵکو بەپێچەوانەوە سیاسەتێکی توندی بەرامبەریان بەکارهێناوە و تا ئەو ڕادەیەی باجی سیاسەتە هەڵەکانی خۆی داوە و بەدەستی مەمالیکەکان کوژراوە[2].لەکاتێکدا هەوڵ و تواناکانی (تورانشاە) جێگەی گرنگی و بایەخ پێدانن لەبەر ئەوەی هەوڵی دەدا دەسەڵاتی ئەیوبیەکان بە بەهێزی بهێڵێتەوە و بالآدەستی و دەستێوەردانی (شجره الدر) و مەمالیکەکان لە دەوڵەت کەمبکاتەوە, بەڵام بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و لەلایەن مەمالیکەکانەوە کوژرا.

---

(١) ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٧٩؛ الذهبی: العبر, ج٣, ص ٢٥٧؛ امین زکی بگ: المرجع السابق, ج١, ٢٢؛ سدیق صالح: سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ, بنکەی ژین, (سلیمانی: ٢٠٠٥)، ب١، ل ١٢٧.

(٢) المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣٥٨؛ شەرەفخان: سەرچاوەی پێشوو, ل ١٢٧؛ جمال الدين شيال: المرجع السابق، ص٣٧.

## تەوەری سێیەم: ژن هێنان و شێوازی ژن هێنانی پاشایانی ئەیوبی و کەنیزە و منداڵەکانیان:

### ١- ژن و شێوازی ژن هێنانی پاشایانی ئەیوبی و منداڵەکانیان :

پاشایانی ئەیوبی لە مصر گرنگیەکی زۆر و تایبەتیان داوە بە پرۆسەی ژن هێنانیان، هەر لە دیاری کردنی ئەو کەسەی دەیخوازن، لەگەڵ شێوازی گواستنەوەیان هەموو ئەو گرنگی دانەشیان بۆ پاراستنی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئەیوبی بووە[1]. بۆیە هاوسەرگیری باو لەنێو بنەماڵەی ئەیوبی ئەو جۆرە هاوسەرگیریە بووە کە لە نێوان خزمەکاندا بەتایبەت لەنێوان کوڕ و کچە مامەکان واتە (ئامۆزاکان) ئەنجام دراوە[2]، چونکە پێیان وابووە کە کوڕەکە بۆ ئامۆزاکەی لە هەموو کەس نزیکتر و باشترە ، هەروەها باوکی کچەکە کوڕی براکەی لەڕووی ڕەوشت و ئاکارەوە باش دەناسێت و کوڕەکەش زیاتر ڕێز لە ژنەکەی دەگرێت، یەکەمیان لەبەرئەوەی ژنیەتی، دووەمیشیان ئامۆزایەتی ، هەروەها کوڕە برایان وەکو پشت و پەناو پارێزەری ڕەچەڵەکی بنەماڵە تەماشاکردووە.

پاشاکان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە لە بە شوودانی کچەکانیان، تەنانەت هەستاون بە دیاریکردنی ئەو کەسەی کە کچەکەیان شووی پێدەکات، واتە کچەکانی پاشا تەنها جێبەجێکەری قسەی باوکیان بوونە، هەروەك مەلیك (العادل) بۆ ئەوەی مەلیك (العزیز) ی خاوەنداری مصر لەخۆی نزیك بکاتەوە (خاتون)ی کچی خۆی لێ مارە دەکات، کەواتە هۆکارە سیاسیەکان هۆکارێکی گرنگی ژن و ژنخوازی ناو بنەماڵەی ئەیوبی بوونە[3].

شێوازی ژن مارەکردنی مەلیەکەکانی ئەیوبی بەپێی شەریعەتی ئیسلام لەناو مزگەوت ئەنجام دراوە[4]. کە بە سەرچاوەی خێر و بەرەکەت و خۆشیی بۆ بووك و زاوا دانراوە[5].

لەکاتی ژن مارەکردن زۆربەی پاشا و میرەکانی دەوروبەر و کەسە گەورەکانی وڵات و خزم و کەس و کاری بووك و زاوا لە مزگەوت ئامادە دەبوون[6]. پاشاکان (وکیل) بریکاریان داناوە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، بۆیە

---

(١) ذکری عزیز محمد: عصر الملك الكامل الايوبي, رسالة ماجستير, كلية الاداب, الجامعة الموصل, (الموصل: ١٩٨٨), ص ٢٠٧؛ كامل أسود قادر و مقداد حسين طه، الاعياد والمناسبات في بلاد الشام خلال العصر الأيوبي (٥٦٩ — ٦٥٨ هـ/ ١١٧٣ — ١٢٥٨م), مجلة الاكادمية كوردية، العدد: ٣، (اربيل: ٢٠١٤)، ص ٤٠٠.

(٢) فائیزە محمد عیزەت: ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان سەدەکانی (٤ — ٩ ك/ ١٠ — ١٥ ز)، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، خانەی موکریان، چ١، (هەولێر: ٢٠١٤)، ل ١٧٥.

(٣) إبن الأثير: ديوان الرسائل، تحقيق: هلال ناجي، منشورات جامعة الموصل، ط ١، (الموصل: ١٩٨٢)، ص ص ١٢ - ١٣؛ الذهبي: تأريخ الاسلام ، ج ٤١, ص ٩٧؛ سهيل زكار: دمشق في العصر الأيوبي (٥٧٠ — ٦٥٨ هـ/ ١١٧٤ — ١٣٦٠م)، دار التكوين، ط١، (دمشق: ٢٠٠٧)، ص ص ١١١ - ١١٢؛ نعمان محمد جبران: دراسات في التأريخ الأيوبيين والمماليك، مؤسسة حمادة و دار اليازوري، (الأردن: ٢٠١١)، ص ص ١٤ - ١٥. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە ژن و ژنخوازی مەلیك (العزیز) و (خاتون)ی کچی مەلیك (العادل) بنۆڕە: سامان نامق: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٠ - ٥٢.

(٤) نجلاء علي: الفكر الاجتماعي عند شرفخان البدليسي، منشورات الأكاديمية الكردية، (أربيل: ٢٠١٣)، ص ١٤٨.

(٥) خالدة سلمان ابراهيم: الحياة الاجتماعية في مصر خلال العصر الأيوبي(٥٦٧ — ٦٤٨ هـ/ ١١٧١ — ١٢٥٠ م)، دار البصائر, ط ١, (بيروت: ٢٠١٣), ص ٢٥٣.

(٦) إبن واصل: التأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٥٣.

بریكاری مەلیك (العزیز) دادوەر (قاضي المرتضي محمد)[١] بووەو بریكاری مەلیك (العادل)یش دادوەر (قاضي محي الدین أبا حامد)[٢] بووە، دادوەر (قاضي القضاة محي الدین)[٣]یش پرۆسەی مارەكردنەكەی ئەنجام داوە[٤]. دوای مارەكردنیش وتارێك لەلایەن مەلیك (الظاهر)ی برای مەلیك (العزیز) خوێندراوەتەوە كە (عمادالدین الكاتب الاصفهاني)[٥] وتارەكەی لەسەر پارچە قوماشێكی شینی كاڵ (ئاچوغ) نووسیبوو ، دواتریش خواردن و خواردنەوە و شیرینی بەسەر ئامادەبووان بەخشراوەتەوە، پرۆسەی ژن مارەكردنەكە پیرۆزكراوە و پاش تەواو بوونی مارەكردنەكەش هەموو میوان و میر و پاشاكان گەڕاونەتەوە بۆ شار و وڵاتی خۆیان و لەكاتی گواستنەوەشدا (جیهاز) پێداویستی و كەل و پەل و دیاری پێشكەشی بووك كراوە، بەهەمان شێوە بۆ گواستنەوەش پاشا و میرەكانی دەوروبەر بانگهێشت كراون و خوانی گەورە و ڕازاوە ئامادەكراوە و ئاهەنگ سازكراوە[٦]. لێرە بۆمان دەردەكەوێت مەلیك (العزیز) زیاتر لە ژنێكی هێناوە و لەپێش (خاتونی) كچی مەلیك (العادل) كە لە ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) خواستوویەتی ژنی دیكەی هێناوە، چونكە كاتێ مەلیك (العزیز) دەمرێت مەلیك (المنصور)ی كوڕە گەورەی تەمەنی نۆ ساڵ بووە كە لە ڕاستیدا ئەگەر لە (خاتون)ی كچی مەلیك (العادل) بوایە، دەبوو تەمەنی لەنێوان چوار هەتا پێنج ساڵی بوایە لەلایەك[٧] لەلایەكی دیكەشەوە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە مەلیك

---

(١) قاضي الزبیدي محمد: زانیاریەكی ئەوتۆمان لەبارەیەوە دەست نەكەوت بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمان دایە تەنها (المقریزی) دەڵێت: كوڕی القاضي الجلیس عبدالعزیز السعدي یە. السلوك، ج١، ص ٢٣٢.

(٢) قاضي محي الدین أبا حامد: زانیاریەكی ئەوتۆمان لەبارەیەوە دەست نەكەوت بەپێی ئەو سەرچاوانی لەبەردەستمان دایە تەنها (المقریزي) دەڵێت: كوڕی مشرف الدین كوڕی عصرونە. السلوك، ج١، ص ٢٣٢.

(٣) قاضي القضاة محي الدین: أبو المعالی محمد بن زكی الدین بن محمد. لەساڵی (٥٥٠ ك/ ١١٥٠ ز) لە دمشق لەدایك بووە، یەكێك بووە لەو كەسانەی لە (صلاح الدین) نزیك بووە ، یەكەم كەس بووە وتاری ڕۆژی هەینی لە (مسجد الاقصى) لەشاری قودس خوێندۆتەوە لە دوای ڕزگاركردنی شارەكە لە ساڵی (٥٨٣ ك/ ١١٨٧ ز) دواتر لەشاری (دمشق) لەساڵی (٥٩٨ ك/ ١٢٠١ز) كۆچی دوایی كردووە. إبن خلكان: المصدر السابق، ج٤، ص ٢٢٩؛ إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ٣٤.

(٤) المصدر نفسه، ج٣، ص ٣٤؛ المقریزي: السلوك، ج١، ص ٢٣٢.

(٥) عمادالدین الكاتب الاصفهاني: محمد بن عبدالله بن حامد الاصفهانی لە ساڵی (٥١٩ ك/ ١١٢٥ ز) لەدایك بووە و لەساڵی (٥٩٧ ك/ ١٢٠٠ ز) كۆچی دوایی كردووە. كەسێكی زیرەك بووە لە بواری فقه و ئەدەب و مێژوو و پەخشان. لەسەرەتادا لەلای (نورالدین زەنگی) بووە و لە (دیوان الانشاء) خزمەتی كردووە ، بەڵام كاتێ (نورالدین زەنگی) دەمرێ دەچێتە لای سولتان (صلاح الدین) و تا بریكاری وەزیر (وكیل وزیر) پلە لە حكومەت وەردەگرێ. چەند كتێبێكی هەیە لەوانە: (الفتح القسي، البرق الشامي، خریدة القصر). أبوشامة: عیون الروضتین، ج١، ٢٩؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٠٠؛ خیرالدین الزركلي: الاعلام، ج٧، ص ٢٦؛ ابن بدران: منادمة الاطلال و مسامرة الخیال، تحقیق: زهیر الشاویس، المكتب الإسلامي، (بیروت: ١٩٨٥)، ج١، ص ١٣٤.

(٦) إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ٣٤؛ إبن واصل: التأریخ الصالحي ، ج٢، ص ٢٥٣؛ المقریزی: السلوك، ج١، ص ٢٣٢. لە پاشكۆی ژمارە (٦) سەیری ئەو وتارە بكە كە لە دوایی ژن مارەكردنی مەلیك (العزیز) لەلایەن مەلیك (الظاهر)ی برای خوێندراوەتەوە.

(٧) أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ٩٥.

(العزيز) كاتێك مرد خاوەنی دە[1] یان یازدە کوڕ بووە[2]. جگە لەچەند کچێك، بۆیە دەکرێت ئەو منداڵ و ژنەی بۆ شاری روها نێردراون لە کچی مەلیك (العادل) نەبووبن، بەڵکو لە ژنێکی دیکەی مەلیك (العزيز) بوو بن، چونکە مەلیك (العادل) ئەگەر کچی خۆی بایە بۆ لە دوای مردنی مێردەکەی دەیناردنە شاری روها، بەڵکو لەلای خۆی دەیهێشتنەوە و بەخێوی دەکردن و پشتگیری لە نەوەکەی (المنصور)دەکرد لەحوکمڕانیدا[3].

لێرەدا دەتوانین بڵێین مەلیك (العزيز) هەر لە سەردەمی سوڵتان (صلاح الدين)ی باوکی لە تەمەنی زووتر ژنی هێناوە، چونکە ناکرێ لەماوەی شەش ساڵدا ئەو ژمارە منداڵە لەیەك ژن لەدایك بووبن[4].

**ناوی کچ و کوڕەکانی مەلیك (العزيز):**

١- مەلیك المنصور محمد کاتێ مەلیك (العزيز)ی باوکی مردووە تەمەنی نۆ ساڵ بووە و کوڕی گەورەی بووە[5].

٢- مەلیك الامجد[6]

٣- مەلیك السجيد حسن[7].

٤- ركن الدين أبو محمد يونس.

٥- صلاح الدين أبو المظفر يوسف[8].

٦- القائم.

٧- على.

٨- عمر.

٩- إبراهيم.

١٠- عيسى.

١١- محمود.

١٢- رعاه.

١٣- يوسف.

١٤- دوو منداڵی بچووکی دیکە کە ناویان لەسەرچاوەکان نەهاتووە[9].

---

(١) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ١٢٩.

(٢) النويري: المصدر السابق، ج٢٨, ص ص ٤٤٥ - ٤٤٦.

(٣) إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ص ١٥٧, ١٩٢.

(٤) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ١٢٩؛ النويري: المصدر السابق، ج ٢٨, ص ص ٤٤٥ - ٤٤٦.

(٥) أبوشامة: عيون الروضتين، ج٤, ص ٤٤٥؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ٩٥؛ اليافعي: المصدر السابق، ج٤, ص ٤٢.

(٦) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج ٤٨, ص ١٧٨؛ الزبيدي: المصدر السابق، ص ٧٨.

(٧) الكتبي: المصدر السابق، ج٢٠, ص ٣٥.

(٨) الزبيدي: المصدر السابق، ص ٧٨.

(٩) النويري: المصدر السابق، ج ٢٨، ص ص ٤٤٥ - ٤٤٦.

١٥- لەگەڵ چەند کچێك[١] یاخود سێ کچ بێ ئەوەی ناوی کچەکانی بهێنرێت[٢].

سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەکان ژمارەی منداڵەکانی (العزیز) بە دە یاخود یازدە منداڵ دادەنێن، بەڵام دەبینین لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەی توێژەر ژمارەی منداڵەکانی زۆر لەوە زیاترە، کە ژمارەی کوڕەکانی شازدەیە و بە کچەکانەوە دەگاتە نۆزدە منداڵ.

لەوکاتەی مەلیك (العادل) لەساڵی (٥٩٥ك/ ١١٩٨ز) مەلیك (المنصور)ی لە دەسەڵات لاداوە و خۆی بۆتە مەلیکی مصر، مەلیك (المنصور) دەنێرێتە شاری ڕوها[٣] و دواتریش دەینێرێتە شاری (حلب) بۆلای مەلیك (الظاهر)ی مامی، بۆیە مامی لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە و بڕیار دەدا کە لە دوای دوو لە کوڕەکانی کە یەکەمیان مەلیك (العزیز محمد)ە[٤] و دووەمیان (الصالح صلاح الدین أحمد)[٥] مەلیك (المنصور بن العزیز)ی برازای لە حلب دەسەڵات وەربگرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش یەکێك لە کچەکانی خۆی لێ مارە دەکات[٦].

سەبارەت بە ژنەکانی مەلیك (العادل)سەرچاوە بەردەستەکان باسی چوار لە ژنەکانی دەکەن بەبێ ئەوەی زانیاری تەواو دەربارەی ژیانیان باسبکەن یەکەمیان دایکی مەلیك (الکامل) بەبێ ئەوەی ناوی بهێنن و بیناسێنن، تەنها ئاماژە بە مردنەکەی دەکەن کە لەساڵی (٦٠٨ك/ ١٢١١ز) مردووە[٧]. دووەمیشیان (خاتون)ی دایکی مەلیك (المعظم) کەلەساڵی (٦٠٢ك/١٢٠٥ز) لەدمشق مردووە[٨].سێیەمیشیان دایکی مەلیك (الاشرف) کە ژنێکی ئەرمەنی بووە[٩].

ئەگەرچی سەرچاوەکان باسی هەوڵی مەلیك (العادل) دەکەن بۆ هێنانی مەلیکە (جوانا)[١٠]ی خوشکی (ریچارد قلب الاسد)[١١] کە لە دوای سەرکەوتنی ئەیوبیەکان بەسەر خاچیەکان لەشەڕی سێیەمی خاچیدا (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) و

---

(١) إبن الأثیر: الکامل، ج١٠, ص ص ١٥٧, ١٩٢.

(٢) الزبیدي: المصدر السابق، ص ٨٦.

(٣) إبن الاثیر: الکامل، ج١٠, ص ص ١٥٧, ١٩٢.

(٤) العزیز محمد: محمد بن غازي بن یوسف بن أیوب شادي. خاوەنداری حلب (٦١٠ك/ ١٢١٣ز) لە (ظیفة)ی کچی مەلیك (العادل) بووە. الحنبلي: المصدر السابق، ص٣٤٢.

(٥) الصالح صلاح الدین أحمد بن الظاهر: لە سالی (٦١١ك/ ١٢١٤ز) لەدایك بووە و کوڕی مەلیك (الظاهر بن صلاح الدین)ە و لەساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) بۆتە خاوەنداری حلب. الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٤٢.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج ٣, ص ٢٣٨.

(٧) ابن نظیف الحموي: المصدر السابق، ج١, ٧١.

(٨) ابن کثیر: البدایة, ج١٣, ص ٥٤؛ ابن طولون: المصدر السابق, ق١, ص ٢٢١.

(٩) ابن واصل : مفرج, ج٤, ص ٣٣١.

(١٠) مەلیکە جوانا: ژنی (ولیەمی) مەلیکی (صقلیە) بوو واتە شاژنی صقلیە بووە ، دوای مردنی مێردەکەی, مەلیك (ریچارد)ی برای لە ساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) داوای لێ کرد شوو بە مەلیك (العادل) بکات، بەڵام ئەم ژنخوازیە سەری نەگرت. ابن شداد: النوادر, ج١, ص ٣٠٤؛ سعید علي الحریري: المرجع السابق, ص ٢٦١.

(١١) ریچارد قلب الاسد: ریچاردی یەکەم ناسراو بە (قلب الاسد) لەشاری (أکسفورد) لە إنگلترا لەساڵی (١١٥٧ز/ ٥٥٢ك) لەدایك بووە و لەدوای باوکی بووەتە مەلیکی إنگلترا و سەرپەرشتی قۆناغی سێیەمی جەنگی خاچیەکانی لە ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) کردووە. الذهبي: =

خاچیەکان وەکو مەرجێك بۆ بەستنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ سولتان (صلاح الدين) داوایان لێ کرد کە (العادل)ی برای خوشکەکەی بخوازێت، ئەگەرچی سوڵتان (صلاح الدين) و (العادل) بەم داواکارییە ڕازی بوون[١]، بەڵام پیاوانی ئاینی مەسیحی بە ئەنجامدانی ئەو ژنخوازییە ڕازی نەبوون و هەڕەشەیان لە مەلیکە (جوانا) کرد و بە گومڕا بوو لە ئاین تۆمەت باریان کرد، بۆیە مەلیك (ریچارد) داوای لێبوردنی لە مەلیك (العادل) کرد و پێی ڕاگەیاند ئەگەر بێتە سەر ئاینی مەسیح ئەوا ژنخوازییەکە سەر دەگرێت، بەڵام مەلیك (العادل) ئەوەی ڕەت کردەوە و ڕازی نەبوو، بۆیە ژن خوازیەکە سەری نەگرت[٢].

مەلیك (العادل) چەند ژنێکی دیکەی هەبووە ئەگەرچی لە سەرچاوەکاندا تەنها باسی دوو لە ژنەکانی دەکرێت، بەڵام بوونی ئەو ژمارە منداڵە کە نزیکەی پازدە[٣] یان شازدە[٤] یاخود حەڤدە کوڕە بێجگە لە چەند کچێك[٥], هەروەها لەو کاتەی مەلیك(المعظم)لەساڵی (٥٧٦ك/١١٨٠ز) لەدایك دەبێت دوای ڕۆژێك مەلیك (الاشرف)ی برای لەدایك دەبێت[٦]. ئەمە بەڵگەیەکی باشە بۆ سەلماندنی هەبوونی زیاتر لە ژنێك لەلایەن مەلیك (العادل) لەو ژنانەش چەندین کوڕ و کچی هەبوون لەوانەش:

**کوڕەکانی مەلیك العادل ):**

١- مەلیك شمس الدين داود کە بە (مودود) ناسرا بوو کوڕە گەورەی مەلیك (العادل) بووە، بەڵام لەسەردەمی باوکی مردووە[٧].

٢- مەلیك الاوحد نجم الدين خاوەنداری (خلاط) بووە و لە ساڵی (م ٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) مردووە[٨].

٣- مەلیك الامجد مجدالدين حسن. لە قدس لەساڵی (م ٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) مردووە[٩].

---

سير أعلام، ج ٢٢, ص ٢١٣؛ ويل جيمس ديورانت: المرجع السابق، ج ٥١, ص ١٩٤؛ علي محمد علي الصلابي: صلاح الدين الأيوبي و جهوده في القضاء على الدولة الفاطمية و تحرير بين المقدس، دار المعرفة، ط١، (بيروت: ٢٠٠٨)، ج١, ص ٦٣٥.

(١) إبن شداد: النوادر, ج١، ص ص ٢٩٢ - ٣٠٤؛ إبن واصل: مفرج، ج٢, ص ٢٧٢؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ٨٠.

(٢) إبن واصل: مفرج، ج٢, ٣٧٢؛ موحسین محمد حسين: سوپای ئەیوبیان لەسەردەمی سەلاحەددیندا، وەرگێڕانی: عوسمان عەلی قادر، پرۆژەی تیشك، ج١، (ب. ش: ٢٠٠٧)، ل ٢٧٣؛ عباس محمد: کوردە ئەیوبییەکان، خانەی چوارچرا، چ١، (سلێمانی: ٢٠١٠)، ل ٩٩. ئەو ژن هێنانەی مەلیك (العادل) زیاتر ژن هێنانێکی سیاسی بوو، بۆیە بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو ژنخوازییە بنۆڕە: سامان نامق: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٨ - ١١٠.

(٣) الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٠٥.

(٤) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٢٠؛ الكندي: المصدر السابق، ج٢, ص ١٣٣؛ سعيد علي الحريري: المرجع السابق، ص ٢٩٧.

(٥) ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٥, ص ٦٥؛ عبدالقادر بدران: المرجع السابق، ج١, ص ٣٤٣.

(٦) الذهبي: تاريخ الاسلام, ج٤٦, ص ص ٢٦٨ — ٢٦٩؛ ابن طولون: المصدر السابق, ق١, ص ٢٢٤.

(٧) الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ص ١٩٧ ، ٢٠٥.

(٨) أبوشامة: ذيل الروضتين، ص ٣٥٦؛ إبن واصل: تأريخ الصالحي، ج٢, ص ٢٧٣؛ الصفدي: ملوك مصر، ص ٣٥٦؛ مؤلف مجهول: تأريخ الرهاوي المجهول، ج٢، ص ٢٥١.

(٩) الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ص ١٩٧, ٢٠٥؛ الزبيدي: المصدر السابق، ص ٥٠.

٤- مەلیك المفضل قطب الدين أحمد أبو العباس له (الفيوم) لەساڵی (م ٦٠٩ك/ ١٢١٢ز) مردووە[١].

٥- مەلیك فائز شمس الدين. لەساڵی (م ٦١٧ك/ ١٢٢٠ز) له سنجار مردووە[٢].

٦- مەلیك المعظم شرف الدين عيسى خاوەنداری (دمشق) لەساڵی (٥٧٦ك/ ١١٨٠ز) له قاهیره لەدایك بووە[٣] و له تەمەنی چل و نۆ ساڵی له ساڵی (٦٢٥ك/ ١٢٢٧ز) کۆچی دوای کردووە[٤].

٧- مەلیك العزيز عمادالدين عثمان.خاوەنداری (بانیاس)[٥]بووە، لەساڵی (م ٦٣٠ك/١٢١٢ز) مردووە[٦].

٨- مەلیك الکامل ناصر الدين مەلیکی مصر. (٥٧٣ — ٦٣٥ك / ١١٧٧ — ١٢٣٧ز)، مەلیك (الکامل) برایەکی شیری بەناوی (الامير فخرالدين) هەبووە لەوانەیە بەهۆی نزیکیان له بنەماڵەی مەلیك (الکامل) یاخود دایکی خزمەتکاری ماڵی مەلیك (الکامل) بووبێت، یان ژنانی مەلیك ژنیان بۆ شیرپێدانی مناڵەکانیان گرتووە بۆیە شیریان بەیەکەوە خواردووە[٧].

٩- مەلیك الاشرف مظفرالدين موسى. لەساڵی (٥٧٨ك/ ١١٨٢ز) لەدایك بووە و له ساڵی (م ٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) مردووە، خاوەنداری (حران) و (روها) و (خلاط)[٨]بووە[٩].

١٠- مەلیك الحافظ نورالدين أرسلان شاه، خاوەنداری قەڵای (جعبر)بووە لەساڵی (٦٤٠ك/ ١٢٤٢ز) مردووە[١٠].

١١- مەلیك المظفر خاوەنداری (میافارقین). لەساڵی (م ٦٤٠ك/ ١٢٤٢ز) مردووە[١١].

---

(١) إبن العبري: تاريخ الزمان، ص ١٨٢؛ الزبيدي: المصدر السابق، ص ٤٩.

(٢) إبن الفرات: المصدر السابق ، مجد ٤، ج٢، ص ص ١٨٢، ١٩٣، ٢٠٧؛ اليونيني: المصدر السابق، ج٢، ص ٤٦٠؛ اليافعي: المصدر السابق، ج٤، ص ٧٣.

(٣) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٤٢٥؛ أبو الفداء: التبر المسبوك، ص ٧٥؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٣٦٨؛ المقريزي: الذهب المسبوك، ص ١٠٣.

(٤) الذهبي: تاريخ الاسلام، ج٤٥، ص ص ٢٣ — ٢٤؛ ابن طولون: المصدر السابق، ق١، ص ص ٢٢٤ — ٢٢٥.

(٥) بانیاس: ناوچەیەکی شاخاوییە له وڵاتی شام و دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری(دمشق) (١٥) فەرسەخ کە دەکاتە (٩٠کلم) له دمشقەوە دوورە. السيرافي: رحلة السيرافي، المجمع الثقافي، (ابو ظبي: ١٩٩٩)، ج١، ص ١٠٢؛ العزيزى: الكتاب العزيزي او مسالك والممالك، تحقيق: تيسير خلف، ( د. م. ت )، ج١، ص ٦٧؛ ابن عبدالحق: مراصد الاطلاع على الاسماء الامكنة والبقاع، دار الجيل، ط١، (بيروت: ١٤١٢)، ج١، ص ١٥٨.

(٦) إبن العبري: تاريخ الزمان، ص ص ٢٥٥، ٢٦٦؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٢٠.

(٧) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٤٨١.

(٨) خلاط: شارێکی گەورە و بەناوبانگە له هەرێمی ئەرمینیا لەشاری ئەرزن نزیکە و دەریاچەیەکی گەورەی لێیە کە بە دەریاچەی خلاط ناسراوە. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ص ٣٨٠ — ٣٨١.

(٩) إبن العبري: تأريخ المختصر، ج١، ص ٢٣٢؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ص ٢٦٠، ٢٩٦.

(١٠) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٣٢٧؛ مؤلف مجهول: أخبار سلاجقة الروم ، تحقيق: محمد سعيد جمال الدين، دار المركز القومي، ط٢، (القاهرة: ٢٠٠٧)، ج١، ص ٢٠٣.

(١١) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج ٤، ص ص ١٠٣ - ١٣٤.

١٢- مەليك الصالح عمادالدين اسماعيل أبوالجيش خاوەندارى (بعلبك) و (بصرى)[١] و (دمشق) بووە و لەساڵى(م ٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز) مردووە[٢].

١٣- مەليك المعز مجيد الدين. لەساڵى (م ٦٥٤ك/ ١٢٥٦ز) مردووە[٣].

١٤- مەليك المغيث عمر لە سەردەمى باوكى مردووە[٤].

١٥- الناصر خليل.

١٦- القاهر خضر، تاج الملوك إسحاق[٥].

١٧- مەليك الامجد تقى الدين عباس لە هەموو کوڕەکان بچووکتربووە و لەدواى هەموو کوڕەکانى لەساڵى (م٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) مردووە[٦].

**کچەکانى مەليك ( العادل ):-**

١- غازيه خاتون بنت أبى بكر بن أيوب بن شادى. خێزانى مەليك (الظاهر)ى کوڕى سولتان (صلاح الدين)ى بووە لە ساڵى (٥٨٢ك/ ١١٨٦ز) ئەو ژنخوازيە کراوەو زياتر ژنخوازيەکى سياسى بووە. لەساڵى (م ٦١٣ك/ ١٢١٦ز) مردووە[٧].

٢- ملکه خاتون بنت أبى بكر بن أيوب بن شادي. خێزانى مەليك (المنصور بن ملك مظفر تقى الدين عمر)[٨] خاوەندارى (حماه) بووە و لەساڵى (م ٦١٦ك/ ١٢١٩ز) مردووە[٩].

٣- ظيفه خاتون کچى لەساڵى (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) لە حلب لەدايك بووە و لە ساڵى (٦٠٩ك/ ١٢١٢ز) دەبێتە خێزانى مەليك (الظاهر) دواى مردنى (غازيه خاتون)ى خوشکى واتە ژنى دووەمى مەليك (الظاهر) بووە و لەساڵى (م ٦٤١/ ١٢١٧ز) مردووە[١٠].

---

(١) بصرى: ناوچەيەکە لە وڵاتى شام و سەر بە دمشقە ١٥ فەرسەخ = ٩٠ کلم لە دمشقەوە دوورە و دەرياچەيەکى گەورەى لێيە. البكري: معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضع، عالم الكتب، ط٣، (بيروت: ١٤٠٣)، ج١، ص ١١٠؛ الحميري: الروضة المعطار في خبر الاقطار، تحقيق: احسان عباس، مؤسسة ناصر للثقافة، ط٢، (بيروت: ١٩٨٠)، ج١، ص ١٠٩.

(٢) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥، ص ٨٣؛ ابن شداد: تأريخ الملك الظاهر، تحقيق: أحمد عقيق، دار فرانز شتايز بفيسبادن، (بيروت: ١٩٨٣)، ص ١٤.

(٣) الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٢٦؛ الزبيدي: المصدر السابق، ص ٤٩.

(٤) إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ٢٧٣ ؛الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ص ١٩٥، ٢٠٥.

(٥) إبن العبري: تاريخ الزمان، ص ص ٢٥٥ - ٢٥٦؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٢٦.

(٦) إبن كثير: البداية، ج١٣، ص ٣٠٢؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ص ١٩٧، ٢٠٥.

(٧) إبن واصل: مفرج ، ج٥، ص ٣١٢؛ إبن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ٤٠٦؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٦٢.

(٨) المنصور بن مظفر تقي الدين عمر خاوەنى (حماه) بووە و لەساڵى (٥٩٨ك/ ١٢٠١ز) کچى مەليك (العادل)ى خواستووە و لەساڵى (٦١٧ك/ ١٢٢٠ز) مردووە. إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ١٣٤؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٢٥؛ إبن كثير: البداية، ١٣، ص ١٤٥.

(٩) أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٣١؛ الذهبي: تأريخ الاسلام، ج٤٤، ص ٣٢٤؛ إبن الفرات: المصدر السابق، مجد ٤، ج٢، ص ص ٢٤٠، ٢٥٤؛ الحميري: مهذب الروضة الفيحاء في تواريخ النساء، تحقيق: رجاء محمود السامرائي، دار الجمهورية، (بغداد: ١٩٦٦)، ص ٢٣٠.

(١٠) ابن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ص ٤٥٠ - ٤٥١؛ ابو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١١٤.

٤- خاتون خێزانی مەلیك (العزیز)ی كوڕی سوڵتان ( صلاح الدین) بوو[١].

٥- كچی مەلیك (العادل) كە ئاماژە بەناوەكەی نەكراوە تەنها ئەوەندە نەبێت كە خێزانی (معزالدین قیصر شاه بن قلیج أرسلان)[٢] حاكمی ڕۆم بووە[٣].

٦- (العادلة)ی كچی مەلیك (العادل) كە ئاماژە بەناوی نەكراوە تەنها ئەوەندە نەبێت كە خێزانی (كیقباد بن كیخسرو بن قلیج أرسلان)[٤] حاكمی ڕۆم بووە[٥].

٧- كچی مەلیك (العادل) كە ئەویش ئاماژە بەناوەكەی نەكراوە تەنها ئەوەندە نەبێت كەخێزانی (قطب الدین سقمان)[٦]ی حاكمی شاری ئامەد و حصن كیفا بووە[٧].

٨- (مؤنسة خاتون) دواهەمین منداڵی مەلیك (العادل) بووە سەرچاوەكان تەنها ئاماژە بەوە دەكەن كە لە (القاهیرە) لەساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) لەدایك بووە و لەتەمەنی نەوەد ساڵی مردووە[٨].

٩- ضهرة خاتون: لەسەرچاوەكان هیچ باس ناكرێت تەنها ئەوەندە نەبێت كە كچی مەلیك (العادل)ە[٩].

سەبارەت بە ژنەكانی مەلیك (الكامل) سەرچاوە بەردەستەكان تەنها باس لە (مؤنسة خاتون)ی كچە تاقانەكەی سوڵتان (صلاح الدین) دەكەن كە شووی بە مەلیك (الكامل) كردووە و هیچ زانیاریەكی دیكەش لەبارەی (مؤنسة خاتون)ەوە لەسەرچاوەكاندا بەردەست نیە[١٠].

---

(١) إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ص ٢١٢ - ٢١٤؛ إبن العمید: المصدر السابق، ص ٣٢؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٢٣٢؛ الحمیري: مهذب الروضة الفیحاء، ص ٢٣٠؛ العمري: الدرر المكنون في المأثر الماضیة من القرون، دار استانبول، (د. م: ٢٠١١)، ص ٢٣٠.

(٢) إبن الأثیر: الكامل، ج١٠، ص ص ١٠٤ - ١٠٥؛ إبن واصل: مفرج، ج٢، ص ٣٧١.

(٣) معزالدین قیصر شاه بن سلطان قلج أرسلان بن مسعود بن سلیمان سلجوقی یە. إبن الأثیر: الكامل، ج١٠، ص ١٠٣؛ إبن واصل: مفرج، ج٢، ص ٣٧١. لەسەرچاوە بەردەستەكان تەنها ئەوەندە زانیاری یە دەربارەی ئەو كەسایەتیە باسكراوە و بەهیچ شێوەیەك باسی دەسەڵات و مردنی نەكراوە.

(٤) علاءالدین كیقباد بن كیخسرو قلیج أرسلان بن مسعود: حاكمی ڕۆم بووە لە شاری (خلاط) كچی مەلیك (العادل)ی خواستووە. الذهبي: تأریخ الاسلام، ج٤٦، ص ٢١٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٢٣٥؛ المقریزي: السلوك، ج١، ص ٣٩٦. سەرچاوە بەردەستەكان تەنها ئەوەندە زانیاری یە دەربارەی ئەو كەسایەتی یە دەدەنە بەردەست.

(٥) مؤلف مجهول: اخبار سلاجقة الروم، ج ١، ص ١٨٥؛ الذهبي: تأریخ الاسلام، ج٤٦، ص ٢١٠.

(٦) قطب الدین سقمان بن محمد بن قرأ أرسلان بن داود. خاوەنداری ئامەد و حصن كیفا بووە لەساڵی (٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م) كۆچی دوایی كردووە. إبن الأثیر: الكامل، ج١٠، ص ١٨٠.

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٢، ص ٢٥٣؛ إبن خلدون: المصدر السابق، ج٥، ص ٢٥٧.

(٨) الیافعي: المصدر السابق، ج٤، ص ١٦؛ الدمشقي: المصدر السابق، ج٣، ص ٢٠٩.

(٩) ابو الفداء: المختصر، ج ١٣، ص ٣٥٣؛ شجى مشعل رشید الطائي: نساء الأیوبییات و دورهن الحضاري في بلاد الشام في العصر الأیوبي، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب، جامعة الموصل، (الموصل: ٢٠٠٩)، ص ٣٩.

(١٠) عماد الدین الأصفهاني: البرق، ج٣، ٧٨ ؛ أبو شامة: عیون الروضتین، ج٢، ص ٤٧٨؛ أبوالفداء: المختصر ، ج١٣، ص ٨؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٧١؛ الزبیدي: المصدر السابق، ص ٨٧.

له (مؤنسة خاتون)ی کچی سوڵتان (صلاح الدین) کوڕێکی هەبووە بەناوی (اسماعیل)، بەڵام هەر لەسەردەمی مەلیك (الکامل) ی باوکی مردووە[1].

سەرچاوە بەردەستەکان باسی خێزان و شێوازی ژن هێنانی مەلیك (العادلی دووەم) ناکەن، تەنها ئەوە نەبێت کاتێك لەساڵی (٦٤٥ك/ ١٢٤٧ز) لە بەندینخانە کوژراوە لەدوای خۆی تەنها یەك کوڕی بە ناوی مەلیك (المغیث فتح الدین عمر) و لەگەڵ چەند کچێك بە جێهێشتووە ، دواتر مەلیك (المغیث) بۆتە حاکمی (الکرك) و بەردەوام بووە لە حوکمڕانی تاوەکو لە ساڵی (٦٦١ك/ ١٢٦٢ز) لەلایەن مەلیك (الظاهر بیبرس)[2]دەستگیر دەکرێ و هەرلە بەندینخانەشدا لە هەمان ساڵیشدا دەکوژرێت[3].

سەبارەت بە ژنەکانی مەلیك (الصالح) لە سەرچاوەکاندا تەنها باسی دوو لە ژنەکانی دەکرێت, یەکێکیان (شجرالدر) ی کەنیزەی, دووەمیشیان کچی زانایەکی ئاینی بووە[4]. لەو دوو ژنەدا چەند کوڕێکی هەبووە, ئاماژە بەهیچ کچێکیش نەکراوە و لەو کوڕانەش:

١- مەلیك المغیث عمر بن أیوب بن أبي بکر بن أیوب بن شادي لەساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٤٠ز) لەلایەن (الصالح إسماعیل)ی مامی باوکی لە قەڵای (دمشق) بەند دەکرێت لەساڵی (٦٤٢ك/ ١٢٤٠ز) هەر لە بەندینخانەدا دەمرێت[5] مەلیك (الصالح) بە مردنی کوڕەکەی زۆرخەمی خواردووە و کاریگەری زۆری لەسەر هەبووە[6].

٢- تورانشاه بن أیوب بن محمد بن العادل السلطان الملك المعظم غیاث الدین (م ٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز)[7].

٣- مەلیك القاهر لە سەردەمی مەلیك (الصالح)ی باوکی مردووە[8].

---

(١) مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٢١٤.

(٢) الظاهر بیبرس: السلطان الظاهر رکن الدین بیبرس. مەمالیکی مەلیك (الصالح ) بووە. لەدوای کوشتنی (سیف الدین قطز) لەساڵی (٦٥٨/١٢٦٠ز) دەسەڵات لە مصر دەگرێتە دەست و لەساڵی ( ٦٧ك / ١٢٧٨ز) دەمرێت. ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٨١؛ ابن تغری بردی: المنهل الصافی, ج١, ص ص ١٥٥ - ١٥٦ .

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٥, ٣٨٠؛ أبوشامة: ذیل الروضتین، ص ٥٤؛ ابن الفوطي: تلخیص مجمع الاداب من معجم الالقاب, تحقیق: مصطفی جواد, وزارة الثقافة والارشاد القومي, (د. م: ١٩٦٥), ق٣, ج٤, ص ص ٣٨ - ٣٩؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ص ١٧٦، ١٩٣، ٢١٦؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٦٣؛ أمین زکي بگ: المرجع السابق، ص ٣٥٠.

(٤) الذهبي: سیر أعلام، ج١٦, ص ٣٨٩؛ الذهبي: تأریخ الاسلام، ج٤٧, ص ٣٥٧؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٨١.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ص ٢٣٠، ٣٤٦؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٧٣؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٧٤؛ النعیمي: المصدر السابق، ج٢, ص ٢١٧؛ العلیمي: المصدر السابق، ج٢, ص ٧. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی هۆکار و شێوازی گرتنی مەلیك (المغیث بن الصالح) و کاردانەوەی مەلیك (الصالح) ی باوکی دوای مردنی کوڕەکەی بنۆڕە: إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ص ٢٢٨ - ٢٢٩، ٢٤٦ - ٢٤٩.

(٦) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ص ٣٢٧؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ص ٣٢١ - ٣٢٢.

(٧) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ص ٤١٦ - ٤١٧؛ الذهبي: تأریخ الاسلام ، ج١٤, ص ٥٩٦؛ المقریزي: السلوك ، ج١, ص ص ٤٤٨ - ٤٤٩؛ خیر الدین الزرکلي: المصدر السابق، ج٢, ص ٩٠.

(٨) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ٣٧٥؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧, ص ٣٧٤؛ المقریزي: السلوك، ج١, ص ٤٤٣.

٤- مەلیك السعید. تەنها ناوی دێت کە کوڕی مەلیك (الصالح) بووە و هیچ زانیاریەکی دیکە لەسەرچاوە بەردەستەکان دەربارەی بەدی ناکرێت[١].

سەبارەت بەناوی ژنی مەلیك (تورانشاە) لەسەرچاوە بەردەستەکان هیچ ئاماژەیەکی بۆ ناکرێت، تەنها ئەوە نەبێت ناوی کوڕێکی دەهێنرێت ئەویش:

١- مەلیك الموحد عبدالله. لەشاری ئامەد لەدایك بووە و لە دوای چوونی مەلیك (تورانشاە)ی باوکی لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز) بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە مصر لەجێگەی خۆی کردوویەتی بەحاکمی شاری (حصن کیفا) کە ئەو کات تەمەنی بیست ساڵ بووە و لە ساڵی (م ٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) مردووە[٢].

## ٢- کەنیزەکەکانی پاشایانی ئەیوبی و منداڵەکانیان:

کەنیزەك زیاتر لە پێناسەیەکی هەیە ، بەڵام ئەوەی زیاتر باوە ، کەنیزە: ئەو کچە گەنجانەن کە کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت لە بازاڕی کەنیزە فرۆشان کە لە ناوچەی دوورەوە هێنراون یاخود لەشەڕەکان بە دیلی دەستیان کەوتوون ، وەکو لە ناوچەی تورك و ڕۆم و ئەرمەنەکان[٣]، پاشایانی ئەیوبی گرنگیان بە کڕینی کەنیزە داوە ، ئەویش بۆ خزمەت کردنی ماڵ و منداڵ و کۆشکەکانیان و بەشداری پێکردنیان لە ئاهەنگی شەوانە, بەهۆی زیرەکی و بەتوانایی و جوانی لەش و لاریان[٤]، چونکە ئەو کچە گەنجانە کاتێك دەکڕدران ڕاستەوخۆ نەدەبرانە ناو کۆشك ، بەڵکو فێری قورئان خوێندن و زمان و هۆنراوە و گۆرانی گوتن و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و کارکردن لەناو کۆشك دەکران[٥].

مەلیك (العزیز) لەسەردەمی سوڵتان (صلاح الدین)ی باوکی کەنیزەکێکی بەناوی (سرور) خۆشدەویست و زۆر شەیدای بینینی بووە، بەڵام کاتێك باوکی بەمەدەزانێت ڕێگری لەبینینی دەکات، لەبەرئەوەی نەدەکراو ئەستەم بوو کە کوڕی مەلیك لەگەڵ کەنیزەکێك پەیوەندی دروست بکات کە ڕەچەڵەکی دیارنیە، بۆ ئەوەی داهاتووی بنەماڵە و دەوڵەتەکەش نەکەوێتە مەترسی و ئەو بابەتەش نەکەوێتە سەرزاری خەڵکی گشتی و ئابرووی بنەماڵەی حوکمڕان نەچێت, بەڵام زۆرجار مەلیك (العزیز) لەڕێگەی خزمەتکارەکانیەوە بەنهێنی دیاری گرانبەهای وەکو زێڕ و بۆن و پۆشاك بۆ (سرور) دەنارد[٦].

---

(١) الصفدي: الوافي، ج١٩, ص ١٠٥.

(٢) الذهبي: تأريخ الاسلام، ج ٤٩, ص ٢٩٨؛ المقريزي: السلوك، ج٧, ص ١٠٧.

(٣) نووسەری نادیار: فەرهەنگی ئەلونجید بە کوردی: وەرگێڕانی: جەلال محمود علی سوبحانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلیمان: ٢٠١٠)، ب ١، ل ٣٢٩؛ سولاف فیض الله حسن: دور الجواري والقهرمانات في دار الخلافة العباسية (١٣٢ — ٥٦٥هـ/ ٧٤٩ — ١٢٥٨ م)، دار المكتبة عدنان، ط ١، (دمشق: ٢٠١٣)، ص ٣٣.

(٤) فارس السامرائي: المرجع السابق، ص ٧٠.

(٥) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠, ص ٦٣٥.

(٦) ابن كثير: البداية، ج١٣, ص ٣٢؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠, ٦٣٥.

مەليك (العزيز) شەيدای کەنیزەکێکی دیکە بەناوی (ألوف) ببوو بە بينينی دڵخۆش و سەرسام دەبوو, بەجۆرێك ئاگای لە دەورووبەرەكەی نەدەما، تا وایلێهات (ألوف) ترسا لەوەی كە دەوروبەری هەستی پێ بکەن و ژیانی بکەوێتە مەترسیەوە بۆیە خۆی لە مەلیك (العزيز) و كۆشك دوورخستەوە[1].

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مەلیك (العزيز) کەنیزەیەکی تورکی بە هەزار دینار کڕی و لەکۆشکەکەی خۆی داینا, ویستی وەکو ژنەکانی خۆی لەگەڵی بژییێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، بەڵام کەنیزەکەکە ئەو داوایەی مەلیك (العزيز)ی ڕەتکردەوە و کۆشکی بەجێهێشت[2], بەڵام ڕەتکردنەوەی داوای مەلیك لەلایەن کەنیزەکێکەوە دەکرێت ناڕاستی پێوە دیار بێت.

سەبارەت بە کەنیزەکەکانی مەلیك (العادل) تەنها ئاماژە بەوە دەکرێت کاتێك مەلیك (العادل) لە مصر بووە هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووە کوڕێکی لە کەنیزەکێك بووە لە وڵاتی شام[3].

لەبەر ئەوەی مەلیك (الكامل)لە (مؤنسة خاتون) هیچ منداڵێکی نەبووە و سروشتی زۆربەی پادشاکانیش بە درێژایی مێژوو وابووە زیاتر لە ژنێکیان هێناوە, بۆیە ئەمە وایی لێکردووە بۆ منداڵبوون و پاراستنی ڕەچەڵەك و دەسەڵات و ژیانی خۆی و تێرکردنی ئارەزووەکانی چەند ژنێك بهێنێت. بۆیە دوو لەژنەکانی کەنیزە بوون, یەکێکیان بەناوی (وردةالمنى) کە دایکی مەلیك (الصالح) بوو[4]. ئەوی دیکەیان ناوی (الست السوداء) دایکی مەلیك (العادلی دووەم) بوو، دایکی مەلیك (العادل)ی لەو کاتە هێنا کە چۆتە سەردانی (الفقيه نصر)[5] ی زانای ئاینی و دوای ئەوەی خواردنیان بەیەکەوە خواردووە مەلیك (الكامل) پرسیاری لێ کردووە کێ ئەو خواردنە خۆشەی دروست کردووە ئەویش پێی ڕاگەیاندووە کەنیزەکەکەی, کاتێك زانیویەتی مەلیك (الكامل) پێی سەرسام بووە بە دیاری پێیداوە[6]بەڵام جوانی و شۆخیەکەی (الست السوداء) مەلیك (الكامل) ی هۆگر و شەیدای خۆی کردبوو, نەوەك شارەزایی لە خواردن دروست کردن، مەلیك (الكامل) ئەمەشی لەبەر کەسایەتی و ناوبانگی بنەماڵەکەی نەدرکاندووە ئەگەرچی وەکو هەموو کەسێکی خاوەن هەست و سۆز ئاساییە پاشا شەیدای کەنیزەیە ببێت و ئارەزوو بکات ببێتە ژنی, بەڵام ئەگەر لە بەر خواردن دروستکردن بوایە ئەوە لە چێشتخانەی کۆشك

---

(١) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠, ص ٦٣٥.

(٢) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ١٣١.

(٣) عماد الدين الأصفهاني: البرق، ج٣, ص ١٣٠.

(٤) أبوالفداء: المختصر، ج٣, ص ١٨٠.

(٥) الفقيه نصر: زانایەکی ئاینی بووە و (الست السوداء) کەنیزەی ئەو بووە کاتێ مەلیك (الصالح) دەسەڵات دەگرێتە دەست و مەلیك (العادل دووەم) بەند دەکات (الفقيه نصر) دەستگیردەکات، چونکە (الست السوداء) دایکی (العادل دووەم) کەنیزەی (الفقيه نصر) بووە و بۆیە مەلیك (العادل دووەم) پەیوەندی لەگەڵ خۆش بووە و هەر لە بەندینخانە دەمێنێتەوە تاوەکو لەساڵی (٦٣٨ك/ ١٢٤٠ز) = دەمرێ. السبكي: طبقات، ج ٨، ص ١٢٥؛ إبن الملقن: طبقات الأولياء ، تحقيق: نورالدين شريبه، مكتبة الخانجي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩٤)، ج١، ص ٤٧٤.

(٦) إبن واصل: مفرج ، ج ٤، ص ٢٧٩؛ منذر الحايك: العلاقات الدولية في عصر الحروب الصليبية, دار الاوائل, ط ١, (دمشق: ٢٠٠٦), ص ٧٠.

دەیکردە چێشتلێنەری خۆی, نەوەك بیكاتە ژنی, دوای گەڕانەوەشی (الست السوداء)دەخوازێت و ئاهەنگی مارەکردن و گواستنەوەشی لە قاهیرە بۆ ئەنجام دەدادات[1].

**کوڕەکانی مەلیك ( الكامل ):**

١- مەلیك (المسعود) کوڕە گەورەی مەلیك (الكامل) بووە لەساڵی (٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لەدایك بووە و لەساڵی (٦١٢ك/ ١٢١٥ز) حوکمی لەوڵاتی یەمەن گرتۆتە دەست، تا لەساڵی (٦٢٦ك/ ١٢٢٨ز) لەشاری مەککە کۆچی دوایی کردووە[2].

٢- مەلیك العادل سیف الدین أبوبكر مەلیك (العادلی دووەم) لە (الست السوداء) بووە لە ساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٤٠ز)مردووە[3].

٣- مەلیك (الصالح) نجم الدین أیوب لە (وردةالمنى) بووە لەساڵی (٦٠٣ك/ ١٢٠٦ز) لەدایك بووە لە (٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز) حوکمی مصری کردووە و لە ساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز) مردووە[4]. مەلیك (الصالح) خوشکێکی لەدایکەوە هەبووە دوای وەرگرتنی دەسەڵات داویەتە سەرکردەیەك کەناوی (برکة خان)[5] بووە[6].

**کچەکانی ملك ( الكامل ):**

١- (فاطمة خاتون) کچی مەلیك (الكامل) لە (الست السوداء)ی کەنیزەی بووە و خێزانی (العزیز بن الظاهر)[7] بووە[8].

---

(١) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ٧٦؛ المقریزي: السلوك، ج١, ص ٣٨؛ العیني: عقد الزمان في تأریخ أهل الزمان، تحقیق: محمود رزق محمود، دار الكتب والوثائق القومیة بالقاهرة، (القاهرة: ٢٠١٠)، ج٤، ص ٢٠٩.

(٢) سبط ابن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢, ص ٢٤٢؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٢؛ إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٧١؛ الفاسي: شفاء الغرام بأخبار البلد الحرام، دار الكتب العلمیة، ط١، (د. م: ٢٠٠٠)، ج٢، ص ٢٣٨.

(٣) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ص ٨٥؛ إبن العبري: تاریخ الزمان، ص ٢٨٤؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٣٠٣.

(٤) أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٧٩؛ الذهبي: العبر، ج٣, ص ٢٥٧؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ص ٣٦٧, ٣٨٠.

(٥) حسام الدین برکە خان: یەکێك بووە لە چوار سەرکردەکەی خەوارزمیەکان مەلیك (الصالح) بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵی خوشکی خۆی داوەتێ, بەڵام دواتر پەیوەندییان لەگەڵ مەلیك (الصالح) تێك دەچێت و (برکە خان) لە شەڕێکدا لە حمص لە دژی مەلیك (المنصور)ی خاوەنداری حمص و (شمس الدین لؤلؤ) لەساڵی (٦٤٤ك/ ١٢٤٦ز) دەکوژرێ. الذهبي: تأریخ الاسلام, ج٤٧, ص٢٤٦؛ الصفدي: الوافي, ج١٠, ص ٧٥؛ ابن تغری بردي: النجوم الزاهره, ج٦, ص ص ٣٥٦ — ٣٥٧.

(٦) ابن واصل: مفرج, ج٥, ١٩٧. زیاتر ژنخوازییەکی سیاسی بوو ، بۆیە بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو ژنخوازییە بنۆڕە: سامان نامق: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٩ - ١٠٠.

(٧) محمد بن غازي بن یوسف بن أیوب بن شادي، الملك العزیز، غیاث الدین بن ملك الظاهر بن ناصر. لەساڵی (٦١٠ك/ ١٢١٣ز) لەدایك بووە و خاوەنداری (حلب) بووە و لەساڵی (٦٣٤ك/ ١٢٣٦ز) کۆچی دوایی کردووە. إبن واصل: مفرج، ج٥, ١١٤؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ص ٣٤١ - ٣٤٢.

(٨) إبن واصل: مفرج، ج ٤, ص ٣٠٣؛ إبن العدیم: المصدر السابق، ج١, ص ص ٤٧٨ - ٤٧٩ ؛ إبن شداد: الاعلاق الخطیرة في ذكر امراء الشام والجزیرة, تحقیق: دومینیك سوردیل, المعهد الفرنسي، (دیمشق: ١٩٥٣)، ج١, ق١، ص ٩٥؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧, ص ٢٧٣. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی شووکردنی (فاطمة خاتون) بنۆڕە: إبن واصل: مفرج، ج٤, ص ص ٢٥٤ - ٢٥٥.

٢- (غازيه خاتون) كچی مەليك (الكامل) و خوشكی مەليك (المسعود) بووە و خێزانی (المظفر)[١] خاوەنداری (حماة) بووە[٢]

٣- (عاشورا خاتون) شووی بە مەليك (الناصر داود)ی ئامۆزای كرد، بەڵام بەهۆی هەبوونی كێشە لەگەڵ باوكی لێی جیابۆتەوە، دواتر مارەی كردۆتەوە و بۆتەوە خێزانی[٣].

مەليك (الصالح) ژنێكی كەنیزەی هەبوو كە ناوی (شجر الدر بنت عبدالله) وەكو ژنێكی گەورە لە مێژوودا ڕۆڵ و پێگەیەكی دیاری بۆ خۆی داگیركردووە[٤] ئەگەرچی ڕەچەڵەكی بەتەواوی و بەڕوونی دیار نی یە, بەڵام هەندێك ڕایان وایە كە توركە[٥] هەندێكی دیكەیش دەڵێن ئەرمەنە[٦]، بەڵام ئەوە یەكلایی بۆتەوە كە عەرەب نەبووە[٧] ، هەندێكیش بۆچوونیان وایە كە (شجرة الدر) كەنیزەی خەلیفە (المستعصم بالله) (٦٤٠ — ٦٥٧ك/ ١٢٤٢ — ١٢٥٨ز) بووە و مەليك (الصالح) كڕیویەتی[٨].

كەسێكی جوان و پرچ ڕەش لە هەمان كاتدا زیرەك و بەتوانا بووە[٩] لەبەر جوانیەكەی مەليك (الصالح)

---

(١) مەليك المظفر تقي الدين محمود ابن المنصور محمد: خاوەنداری(حماە) بووە لەساڵی (٥٩٩ك/ ١٢٠٢ز) لەدایك بووە و لەساڵی (٦٤٢ك/ ١٢٤٤ز) لە تەمەنی چل و سێ ساڵی كۆچی دوایی كردووە. الذهبي: سير أعلام، ج١٦, ص ٤٠٠.

(٢) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ص ٢٣٦, ٤٣٧؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ١٥٢؛ العمري: الدرر المكنون, ص ٣٦٩.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ص ١٥ - ١٦، ٨٢ - ٨٣؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣, ص ص ١٥٨ - ١٥٩؛ المقريزي: السلوك، ج١, ص ٣٧٨. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژن هێنانەكە بنۆڕە: إبن واصل: مفرج ، ج٥, ص ص ٨٢ - ٨٣.

(٤) الصفدي: الوافي، ج ١٦, ص ٧٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦, ص ٣٨٤؛ ابن تغري بردي: المنهل الصافي، ج٦, ٢١٥، ٢٢٠؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٨١.

(٥) ابن العبرى: تاريخ مختصر, ج ١, ص ٢٥٩؛ اليونينى: المصدر السابق, ج١, ص ٦١.

(٦) ابوالفداء: المختصر, ج٣, ص ص ١٩١ - ١٩٢.

(٧) أحمد صالح أحمد السليفاني: السلطانة شجرة الدر والأيوبيين في مصر (٦٤٧ — ٦٥٥هـ/ ١٢٤٩ — ١٢٥٧م) دراسة سياسية، رسالة ماجستير, كلية الآداب, جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠٠٥)، ص ٨.

(٨) ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص١٨٠؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: مصر والشام في عصر الأيوبيين والمماليك، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٧٢)، ص ١٩٥٨؛ أحمد مختار العبادي: مێژووی ئەیوبی و مەملوكەكان، وەرگێڕانی: نهاد جلال حبيب الله، كتێبخانەی نارین, (هەولێر: ٢٠١٠)، ل ١٢٤؛ شفيق جاسر احمد محمود: المماليك البحرية قضائهم على الصليبيين في الشام، الجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، (المدينة المنورة: ١٤٠٩هـ)، ج١، ص ١١٥؛ عائشة عبدالعزيز محمد التهامي: المنشأت المعمارية للسلطانة شجرة الدر بمدينة القاهرة، مجلة المؤرخ المصري، العدد: ١٩, (القاهرة: ١٩٩٧)، ص ص ٢٨، ٦٣

(٩) إبن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٩٥؛ ابن تغري بردي: المنهل الصافي، ج٦, ص ص ٢١٩ - ٢٢٠؛ السيوطي: المستضرف من اخبار الجواري, تحقيق: صلاح الدين المنجد, دار الكتاب الجديد, ( بيروت: ١٩٧٦ ), ص ٣٥؛ نورالدين خليل: شجرة الدر قاهرة الملوك و منقذة مصر، منتدى سور الأزبكية، (مصر: ٢٠٠٥)، ص ٧٢.

ناوی لێناوە (شجر من الدر) واتە: (دارێك لە دووڕ و مەرجان)[1] کاتێك کوڕێکی دەبێ بەناوی (خلیل) نازناوی (أم خلیل) (دایکی خلیل)ی لێ دەنرێت[2]. (شجر الدر) بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵ مەلیك (الصالح) بووە هەر لەسەردەمی (تورانشاه )دا ڕۆڵی گەورەی هەبووە تاوەکو لە ساڵی (٦٥٢ك/١٢٥٤ز) دەکوژرێت[3].

**- منداڵی مەلیك ( الصالح ) لە ( شجر الدر ):**

بەرهەمی مەلیك (الصالح) و (شجرِ الدر) تاقە کوڕێك بوو بەناوی (خلیل) لە کاتێکی ناخۆش و لەناو ژوورە پیس و تاریکەکانی بەندینخانە لە دایك و باوکێکی بەندکراو و ئازادی لێستێندراو لە دایك بووە, لەو کاتەی لەلای مەلیك (العادلی دووەم) دەستگیر کرابوون (شجر الدر) سکی چەند مانگێك بووە و نزیکەی هەشت مانگیش لە بەندینخانە ماوەتەوە[4], بەڵام لە تەمەنێکی بچووکدا (خلیل) مردووە[5].

مەلیك (الصالح) و (شجر الدر) بەمردنی دلگران و خەفەتبار دەبن و کاریگەری خراپ دەکاتە سەریان و وایکردووە دۆستایەتی جارانیان لەگەڵ خۆشی و شادییەکانی ژیان نەمێنێت[6]، خۆشویستنی (شجر الدر) بۆ منداڵەکەی بەجۆرێك بووە دوای کوژرانی (تورانشاه) کاتێك بۆ ماوەیەکی کەم حوکم لە وڵاتی مصر دەگرێتە دەست بەناوی دایکی خەلیل (ام خلیل) پارە لێدەدات[7].

---

(١) اليونيني: المصدر السابق, ج١, ص٦١؛ ابن الكثير: البداية, ج١٣, ص ٢٢٨؛ عبدالمنعم الهاشمي: شجرة الدر، دار مكتبة الهلال، (بيروت: ٢٠٠٥)، ص ٣١.

(٢) ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص ١٨٢؛ محمود سيد عبدالله: المرجع السابق، ص ١١٦.

(٣) فاطمة المرنيمسي: السلطانات المنسيات نساء رئيسات دولة في الاسلام ، تحقيق: جميل معلي و عبدالهادي عباس، دار الحصاد، ط٢، (دمشق: ١٩٩٨)، ص ١٥٤. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شوکردنەوە و کوشتنی (شجر الدر) بنۆڕە: ابو الفداء: المختصر, ج٣, ص ص ١٩١ - ١٩٢, ٢٨٢ ؛ ابن كثير: البداية, ج١٣, ص ٢٣٢.

(٤) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة, ج٦, ص ٣٠٨؛ الحنبلى: المصدر السابق, ص ٣٧٣.

(٥) المقريزي: السلوك، ج١, ص ٤٤٣؛ العمري: مذهب الروضة الفيحاء، ص ٢٤٠.

(٦) اليونينى: المصدر السابق, ج١, ص ٦١.

(٧) ابن كثير: البداية, ج ١٣, ص ٢٠٩؛ السيوطي: المستضرف, ص ٣٥؛ عبدالرحمن زكي: القاهرة تاريخها و آثارها (٩٦٩هـ/ ١٨٢٥م) من جوهر القائد الى الجبرتي المؤرخ، دار المصرية، (القاهرة: ١٩٦٦)، ص ٧٧.

## بەشی دووەم: کات بەسەربردن و ئارەزوو و چالاکی ڕۆژانە:

### تەوەری یەکەم: شێوازەکانی کات بەسەربردنی پاشایانی ئەیوبی:

### ١- ڕاوکــردن:

ڕاوکردن یەکێك بووە لە شێوازەکانی کات بەسەربردن کە پاشایانی ئەیوبی زۆر ئارەزوویان لێبوو، ئەمەش چەندین ئامانج و مەبەستی گرنگی لەدوای خۆی هەلگرتبوو، بەجۆرێك چوونی پاشاکان بۆ ڕاوکردن وەکو مەشقێکی سەربازی وابوو بۆیان, لەلایەکی دیکە بۆ وەرزش کردن و بەسەربردنێکی کاتێکی خۆش و پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیان بووە[١]، هەروەها بۆ سەلماندنی کارامەیی و لێهاتوویی و پێشاندانی توانای سەربازیان بووە[٢], لەهەمان کاتدا ڕاوکردن بۆ هەندێك کەس سەرچاوەی بژێوی ژیان بووە[٣]، بەلأم بەپێچەوانەوە ڕاوکردن بۆ پاشاکان بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بووە نەك بژێوی، پێویستیشیان بە گۆشتی ئەو ئاژەڵە نەبووە کەڕاویان کردووە، بەڵکو تەنها بۆ خۆشی خۆیان ئاژەڵەکەیان خستۆتە بەر ڕەحمەتی تیر و ڕمەکانیان[٤]پاشایانی ئەیوبی دوو جۆر ڕاویان ئەنجامداوە ئەوانیش ڕاوی وشکانی و ئاوییە، بەلأم زیاتر ڕاوی وشکانیان ئەنجامداوە[٥] وەکو ڕاوکردنی باڵندە و مامز و بزنە کێوی و کەروێشك[٦].

کاتی چوونە پاشایانی ئەیوبی بۆ ڕاوکردن وەکو بۆنە و فیستیڤاڵێکی گەورە وابووە, بەجۆرێك بە کۆمەڵ لەگەڵ میر و کەسە نزیکەکان بەیەکەوە چوونەتە ڕاوکردن و هەموو پێداویستیەکی ڕاوکردنیان بۆ مانەوە بۆ چەند ڕۆژێك ئامادەکردووە و لەگەڵ خۆیان بردووە[٧]، لەکاتی ڕاوکردنیشدا وەکو پێداویستی ڕاوکردن چەندان ئاژەڵی ڕاهێنراوی تایبەت بە ڕاوکردنیان لەگەڵ خۆیان بردوە لەو ئاژەلأنەش وەکو تاژی سلوقی[٨] و ئاژەڵی دیکەی ڕاهێنراوی وەکو باڵندەی تایبەت بە ڕاو وەکو شاهین[٩] و شاهباز[١٠], بەلأم گرنگترین جۆری بازی ڕاوکردن لەو

---

(١) فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ٢٠١.

(٢) اسامة بن منقذ: الاعتبار, تحقيق: فليب حتى, مكتبة الثقافة المصرية, (القاهرة: د. ت), ج١, ص١٩٢؛ زرار صديق تۆفيق: کۆمەڵگای کوردەواری لەسەدەکانی ناوەڕاست، ناوەندی ئاوێر، (هەولێر: ٢٠١٤)، ل ٢٩٨.

(٣) فائیزە محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

(٤) جتو حمدأمين سمايل الهورمزياري: وسائل الصيد المعاصر و دراسة الفقهية، مجلة جامعة كوية، العدد: ٢٢، (اربيل: ٢٠١٢)، ص ١٣٨.

(٥) جتو حمدأمين سمايل الهورمزياری: المرجع السابق، ص ١٣٧.

(٦) عەبدولغەفور مەلا عەلی: ڕاو و شکار لە جیهاندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: ١٩٩٨)، ل ل ١٩ - ٢٠.

(٧) إبن واصل: التأريخ الصالحي، ج٢، ص ٢٦٢.

(٨) تاژی سلوقی: جۆرێکە لە سەگ لەلایەن پاشاکان بۆ ڕاوکردن بەکارهێنراوە, ئەویش بەهۆی ڕێکی لەش و لاری و خێراییەکەی، ناوەکەشی بۆ گوندی سلوق لەولأتی یەمەن دەگەڕێتەوە. القلقشندي: صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية، (بيروت: د. ت)، ج٢، ص ص ٢٥، ٤٦.

(٩) شاهین: جۆرە باڵندەیەکە وەکو باز وایە و بۆ ڕاوکردن بەکاردێ. حسان حلاق و عباس صباغ: معجم الجامع في المصطلحات الأيوبية والمملوكية والعثمانية ذات الأصول العربية والفارسية والتركية، دار العلم للملايين، ط ١، (بيروت: ١٩٩٩)، ص ١٣٦.

(١٠) شاهباز لە دوو وشە پێکهاتووە (شاه) بەمانای (مەلیك) پاشا دێت و (باز)یش جۆرێکە لە باڵندە وەکو صقر وایە و لە ڕاو بەکاردێ، بەلأم (شاهباز) بەیەکەوە جۆرێکە لە بازی سپی بۆ ڕاوکردن بەکاردێ. حسان حلاق: المرجع السابق، ص ١٣١.

سەردەمەدا بریتی بوون لە بازی چاو سۆر و بازی فەرەنجی و شاهین[1], هەروەها ئاژەڵەکانی وەکو تاژی (تانجی) وئەسپ هەموو ئەوانە هاوکاری پاشاکان بوونە و ئەرکێکی قورسیان لە ڕاوکردندا کەوتۆتە ئەستۆ، هەریەکێکیشیان لەلایەن کەسێکی شارەزا و لێهاتوو سەرپەرشتی دەکران و لەڕاوکردندا لەکاتی پێویست بەکاردەهێنران, وەکو باز ئەو کەسەی مەشقی بەبازەکە دەکرد (الحوندار)ی پێ گوتراوە[2] یەکێکیش لەو کەسانە پێی دەگوترا (البازدار) یان (البازدارية)[3]، لە تەنیشت (البازدار)یش ئەو کەسانە دەرۆیشتن کە تاژییەکان بە پەتێکەوە لەدەست بوو لەکاتی بینینی نێچیر تاژیەکانیان بۆ گرتنی نێچیرەکە بەرەڵلا دەکرد تاوەکو نێچیرەکەی ڕاو نەکردبایە وازی لێنەدەهێنا[4] کەسێکی دیکەشیان لەگەڵ بوو پێی دەگوترا (كاشف الطير) ئەرکی ئەو کەسە ئەوە بوو پشکنین بکات بۆ ئەوەی بزانێت لە چ شوێنێك باڵندە هەیە تاوەکو بیکاتە شوێنی ڕاوکردن بۆ پاشا[5].

کەسێکی دیکەش پێی دەگوترا (أمير أخور)[6]، یەکێکی دیکەش پێی دەگوترا (البيذرة) ئەرکی ئەو کەسە ئەوەبوو هەر ئاژەڵێکی تایبەت بە ڕاوکردن وەکو ئەسپ، باز، هەڵۆ, تاژی ئەگەر نەخۆشبانە بەبڕیاری ئەو نەدەبردران بۆ ڕاوکردن تاوەکو چارەسەر دەکران و بەتەواوی چاك دەبوونەوە ئینجا دەبران بۆ ڕاوکردن[7].

کەسانێکی دیکەشیان لەگەڵ بوو پێیان دەگوترا (أمير منزل) کاری ئەو کەسانە دابین کردنی شوێنیکی خۆش و گونجاو بوو بۆ پاشا و دار و دەستەکەی و هەڵدانی ڕەشماڵ (خێمە) بۆ مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، شوێنی مانەوەشیان لە دووری ڕووبار و دەریاچەکان دیاری دەکرد ئەویش لەبەر ڕوودانی لافاو و مەترسی ئاژەڵی دڕندە[8].

بێجگە لەوە زۆربەی جار کاروانی پاشا لەکاتی ڕاوکردندا چێشتلێنەری تایبەت و کۆمەڵێك خزمەتکاری لەگەڵ بوو، بۆ ئەوەی بەتامترین و باشترین خواردن بۆ پاشا و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون ئامادە بکەن, هەروەها کۆمەڵە سەربازێکی تایبەتی مەشق پێکراو بەجۆرێك لە باشترین پاسەوانە تایبەتیەکانی پاشا پێکدەهاتن کە قورسترین ئەرکیان لەسەر شانبوو ئەویش پاراستنی ژیانی پادشا بوو، بەڵکو ژیانی خۆشیان لە پێناوی پاراستنی

---

(١) اسامة بن منقذ: المصدر السابق, ج١, ص ص ٢٠٩ — ٢١١.

(٢) القلقشندي: صبح الاعشى, ج٥, ص ٤٤١؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ٢٠٢.

(٣) البازدار: ئەو کەسە باڵندەی لەسەر دەستبوو کاتێك نێچیرەکەی دەبینی باڵندەکەی دەفڕاند تاوەکو نێچیرەکەی ڕاو بکات. القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ص ٤٤١؛ الكناني: حدائق الياسمين في ذكر قوانين الخلفاء والسلاطين, تحقيق: عباس صباغ، دار النفائس، ط ١، (بيروت: ١٩٩١)، ص ٨٨.

(٤) عەبدولغەفوور مەلا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٥) الكناني: المصدر السابق، ص ١٣١.

(٦) امير اخور: لە دوو وشە پێکهاتووە یەکێکیان عەرەبیە بەمانای (مير) دێت و دووەمیشیان (أخور) فارسيه — کوردییە بەمانای (ئاليك) دێت پێکەوە واتای بەرپرسی ئالیکی ئاژەڵەکانی پاشا دەگەیەنێت. القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ص ٤٣٣؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ص ٢٢ - ٢٣.

(٧) المرجع نفسه، ص ٤٧.

(٨) الكناني: المصدر السابق، ص ١٣٥.

پاشادا بەخت دەکرد، لەگەڵ پزیشکی تایبەت کە ئەرکیان پاراستنی تەندروستی پاشا و دارودەستەکەی بوو لە هەر ڕووداوێك کە ڕوویبدات، هەموو ئەو کەسانە لەلایەن کەسێك بەناوی (أمیر شکار) سەرپەرشتی دەکران کە بە مانای (بەرپرسی ڕاوکردن) دەهات، ئەو کەسە کاری ئەوە بوو هەموو کەسەکانی ناو کاروانەکەی دیاریدەکرد و سەرپەرشتی دەکردن, تاوەکو بە هەموو لایەکیان هیچ هەڵە و کەموکوڕیەك ئەنجامنەدەن کە ببێتە هۆی کۆسپ و تەگەرە دروست کردن بۆ ڕاوکردنی پاشا[1].

پاشا و دارو دەستەکەی لەکاتی ڕاوکرندا بۆ خۆپاراستن و گونجاندنی خۆیان لەگەڵ ژینگەی شوێنی ڕاوکردن, پۆشاکی تایبەت بە ڕاوکردنیان لەبەر دەکرد, تاوەکو نێچیرەکە بە ئاسانی ڕاوکەر نەبینێت و لەبەردەم ئامانجەکەی هەڵنەیێت, هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی بجووڵێتەوە و بازبدات[2]، ئەو چەکانەی بۆ ڕاوکردنیش بەکاریان دەهێنا بریتی بوون لە تیر و کەوان و ڕم و جۆرە چەکێکی دیکە کە بۆ ڕاوکردنی باڵندە بەکاردەهات و بریتیبوو لە دارێکی ناو کلۆر کە تێدا پارچە کانزای وەکو مس و ئاسن یاخود پارچە قوری بچووکی بە ئاگر سوورکراوە بۆ باڵندەکەی پێ دەهاوێشترا و پێی دەگوترا (الفخ) و ئەگەر بەرباڵندەکە کەوتبایە برینداری دەکرد, لەگەڵ تۆڕ و قولاّب بۆ ڕاوی ئاوی بەکاردەهێنرا[3]خەڵکی مصر ئارەزوویەکی زۆریان بۆ ڕاوکردنی ئاوی هەبووە ئەویش بەهۆی بوونی ڕووباری نیل[4].

کاتێك ڕووبەری ڕاوکردن دیاریدەکرا دوو جۆر ڕاو دەستی پێدەکرد جۆرێکیان ڕاوی باڵندە بوو بەچەك لەلایەن پاشاکانەوە ئاژەڵەکانیان ڕاودەکرد یاخود لەڕێگەی ئاژەڵە ڕاهێنراوەکانەوە ڕاوکردنەکەیان ئەنجامدەدا وەکو ڕاوکردن لەڕیگەی باز ئەو کەسەی بازەکەی پێبوو خۆی ڕاهێنانی بە بازەکە دەکرد و لەکاتی ڕاوکردندا بەسواری ئەسپێکەوە بازەکەی دەفڕاند بۆ ئەوەی شوێنی بازەکە بکەوێت و لێی بزر نەبێت[5] باز هەڵگرەکە بۆ پاراستنی جەستەی خۆی لە چڕنووکی بازەکە شتێکی لەدەست دەکرد کە پێی دەگوترا (دەستبان)[6]. ئەو بازانەی کە بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنران لەبەر ئەوەی ڕاهێنراو بوون لەوکاتەی نێچیرەکەیان دەگرت نەیان دەکوشت و نەیان دەخوارد, بەڵکو دەیانپاراست تاوەکو ڕاوچی دەهات و نێچیرەکەی دەگرت[7]، چونکە ئەگەر نێچیرەکەی

---

(١) النسوي: سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، دار الفكر العربي، (القاهرة: ١٩٥٣)، ص ٣١٩؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ٤٣٣؛ الكناني: المصدر السابق، ص ١٢٩؛ عزت سليمان حسن: الكرد في الجيش الدولة المملوكية البحرية، الأكاديمية الكوردية، (أربيل: ٢٠١١)، ص ٩٩.

(٢) قاسم عبدة قاسم: الرؤية الحضارية للتأريخ قراءة في التراث التاريخي العربي، دار المعارف، ط٢، (القاهرة: د. ت)، ص ١٦٨.

(٣) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٢، ص ١٥٤؛ شوكت الشطي: الاسلام والطب، جامعة دمشق، (دمشق: ١٩٥٩)، ص٤٣.

(٤) السيوطي: حسن المحاضرة, ج٢, ص ٣٣٠.

(٥) علاءالدين سجادي: کوردەواری, چاپخانەی مەعارف, (بەغدا: ١٩٧٤م), ل ١٥٩.

(٦) دەستبان (دەستکێش): لە دوو وشە پێك دێت (دەست) بەمانای دەستی مرۆڤ دێت و (بان)یش بەمانای ئەو بەرگە یاخود ئەو دەست کێشە دێت کە ڕاوکەر لەدەستی دەکات بۆ ئەوەی دەستی لە چڕنووکی باز یاخود هەڵۆکەی دەستی بپارێزێت. حسان حلاق: المرجع السابق، ص ٩١.

(٧) عەبدولغەفوور مەلا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤ - ٢٥.

بکوژێت ئەوا گۆشتەکەی بەکەڵکی خواردن نەدەهات و نەیاندەخوارد[1]. لەکاتی ڕاوکردنی هەر باڵندە و ئاژەڵێکیش پادشا و دار و دەستەکەی زۆر دڵخۆش دەبوون[2].

بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵی گەورە وەکو بزنە کێوی و مامز، ڕاوچیەکان ئەڵقەیەکی بازنەییان بە دەوری ڕووبەری ڕاوکردنەکە دروست دەکرد تاوەکو نێچیرەکە بە ئاسانی ڕاو بکەن و لە دەستیان دەرنەچێت, بەجۆرێك لەم جۆرە ڕاوکردنەدا شانبەشانی مرۆڤ ئاژەڵە ڕاهێنراوەکانی وەکو تاژی و سەگ و ئاژەڵی دیکە دەبوونە یارمەتیدەرێکی باشی پاشاکان لەکاتی ڕاوکردندا[3], زیاتر وەرزی بەهاران ڕاوی مامز دەستی پێدەکرد, لەبەر ئەوەی لەم وەرزەدا مامزەکان کاتی جووتبوونیانە و مەستی و سستی ڕوویان تێدەکا و ئاگایان لە خۆیان نامێنێ و زوو ڕاو دەکرێن[4].

ڕاوکردن ئارەزووی بەشێکی زۆری پاشاکانی ئەیوبی بووە و لەزۆربەی کاتدا گرنگیان پێداوە و ئەنجامیانداوە و پارەیەکی زۆریشیان لەو پێناوەدا خەرج کردووە ، وەکو سوڵتان (صلاح الدين) لەکاتی چوونی بۆ ڕاوکردن مەلیك (العزيز) ی کوڕی لەگەڵ خۆی بردووە[5]. مەلیك (العزيز)یش زۆر ئارەزووی ڕاوکردنی کردووە و زۆرجار بەمەبەستی ڕاوکردن چۆتە ناوچە خۆش و دڵڕفێنەکانی مصر کە باڵندە و ئاژەڵی کێویان زۆر بووە, ئارەزووی ڕاوکردنی بەجۆرێك بووە ژیانی خۆی لەسەر داناوە[6], چونکە لەوکاتەی بە مەبەستی ڕاوکردن دەچێتە ناوچەی (الفيوم) و بۆماوەیەك دەمێنێتەوە و دواتر چۆتە ناوچەی (الاسكندريه)[7] کە شوێنێکی خۆش و بە باغ و بێستان بووە و گونجابووە بۆ ڕاوکردن[8] هەر بۆ ئەو مەبەستە چۆتە گوندی (ذات الصفاء)[9] بۆ ڕاوکردن لەو ناوچەیەدا لەکاتی ڕاوکردنی ئاژەڵێکدا تووشی ڕووداوێك دەبێت و بەسەختی بریندار دەبێت لەساڵی (٥٩٢ك/١١٩٥ز) دەمرێت[10]. پاشا و میر و دارودەستەکانیان بە شێوازی گروپ و بەیەکەوە وەکو بۆنە و فیستیڤاڵ

---

(١) هيثم جمعة هلال: الأطعمة والأشربة في السنة النبوية، دار المعرفة، ط ١، (بيروت: ٢٠٠٥)، ص ٢٠٩.

(٢) حسن ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي السياسي والديني والإجتماعي والسياسي، دار أحياء التراث العربي، ط ١، (بيروت: ١٩٦٧)، ج٤، ص ٦٥٥.

(٣) فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ٢٠٢؛ عەبدولغەفوور مەلا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٤) هەمان سەرچاوە, ل ١٦٧.

(٥) ابن واصل: مفرج، ج٢، ٥٧؛ الد لجي المصري: الفلاكة والمفلكون، مطبعة الشعب، (مصر: ١٣٢٢)، ج١، ص ٦٨.

(٦) فائیزە محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

(٧) ابن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ١٥٧؛ ابن الأثير: ديوان رسائل، ج٢، ص ٢٣؛ سبط ابن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ٦٨ - ٦٩؛ ابن واصل: التأريخ الصالحي، ج٢، ص ٢٦٢.

(٨) عبدالعزيز سالم: تأريخ الاسكندرية و حضارتها في العصر الإسلامي، مؤسسة شباب الجامعة، (الاسكندرية: ١٩٨٢)، ص ٢٥٢.

(٩) ذات الصفاء: گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی (الفيوم) لە مصر, باغ و بێستانێکی زۆری لێیە. ياقوت الحموي: معجم البلدان, ج٤, ص ٢٨٦.

(١٠) ابن خلكان: المصدر السابق، ج٣، ص ٢٥١؛ ابن الفرات: المصدر السابق، مجـ ٤، ج٢، ص ١٤٦؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ١٣٦؛ الدلجي المصري: المصدر السابق, ص ٦٨.

بۆ ڕاوکردن دەچوون, بۆیە لەو کاتەی بەڕێدەکەوتن دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە دەبەخشی و پاشاکانیش زیاتر بەسواری ئەسپ دەچوونە ڕاوکردن و بەرپرسی کەژاوەی پاشاکانیش بە (الركبدارية) دەناسرا[١].

مەلیك (العادل)یش هاوشێوەی مەلیکەکانی دیکەی ئەیوبی ئارەزووی زۆری بۆ ڕاوکردن هەبووە، لەزۆربەی کاتدا لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين)ی برای بەیەکەوە چوونەتە ڕاوکردن[٢]. تەنانەت لەکاتی ڕاوکردندا لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين)ی برای باسی گەلێك بابەتی گرنگ و چارەنووس سازیان کردووە[٣]، هەر لەکاتی ڕاوکردن بووە سوڵتان (صلاح الدين) بە (العادل) ی برای ڕاگەیاندووە کەوا نیازی ئازادکردنی شاری قودسی هەیە[٤].

بەهەمان شێوە لەساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) مەلیك (العادل) لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين) و براکانی دیکەی و کوڕە براکانی خەریکی ڕاوکردن و سەردانی کردنی شوێنە خۆشەکان و بینینی دیمەنی جوانەکانی دمشق بوونە بەجۆرێك خۆشی و چێژێکی زۆری پێ بەخشیوون, ئەمە لەکاتێکدا و لە ساڵی (٥٨٩ك /١١٩٣ز) بۆ ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی سوڵتان (صلاح الدين) کۆچی دوایی بکات مەلیك (العادل) لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين)ی برای بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و پشوودان بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ خەریکی ڕاوکردن بوونە و هەموو پێداویستیەکیان بۆ مانەوە و ڕاوکردن و خواردن و خۆپاراستنیان لەگەڵ خۆیان بردووە، بەڵام دوای گەڕانەوەیان سوڵتان (صلاح الدين) لەساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) کۆچی دوایی دەکات[٥].

مەلیك (الكامل) ئارەزووی زۆری بۆ ڕاوکردن هەبووە لە ناوچەی (العباسة)[٦] کە شوێنی ڕاوکردنی بەردەوامی مەلیك (الكامل) بووە, بەهۆی بوونی ئاو و باغ و بیستانێکی زۆر کە خۆشی و جوانیەکی زۆری بە ناوچەکە بەخشیبوو, هەروەها بە هۆی بوونی باڵندە و ئاژەڵی کێوی و بوونی ماسیش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەنجامدانی ڕاوە ماسی[٧]. لەکاتی ڕاوکردنی هەر باڵندەیەك یاخود هەر ئاژەڵێك بەمەبەستی خواردن لەلایەن

---

(١) مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، هامش رقم ٣، ص ٣٢٣؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ١٠٢.

(٢) ابن واصل: مفرج، ج٢، ص ٤١٠.

(٣) عمر موسى باشا: الأدب في بلاد الشام عصور الزنكيين والأيوبيين والمماليك، دار الفكر، ط ١، (دمشق: ١٩٨٩)، ص ٤٥.

(٤) ابن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ١١٨.

(٥) عمادالدين الأصفهاني: الفتح القدسي، ص ٣٢٦؛ ابو شامة: عيون الروضتين، ج٤، ص ٤٤١؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ١٧٩؛ ابن سباط: المصدر السابق، ج ١، ص ٢٠٦؛ محمد علي الصلابي: صلاحەدینی ئەیوبی، وەرگێڕانی: جميل قادر، دار الفكر، چ١، (بيروت: ٢٠٠٨)، ل ٧٣٤.

(٦) العباسة: ناوچەیەکی خۆش و دڵرفێنی مصر بووە کەوتبووە نێوان (بلبيس و صالحية) (١٥ فرسخ واتە ٩٠کلم) لە شاری قاهیرە دوورە. ناوەکەی بۆ (العباسة بنت أحمد بن طولون) دەگەڕێتەوە. ناوچەیەکی خۆش و بەباغ و بیستان بووە. ياقوت الحموي: معجم البدان، ج ٤، ص ٧٥؛ ابن واصل: مفرج، ج ٥، ص ٣٣٣؛ المقريزي: المواعظ ، ج١، ص ٤٢٨؛ عبدالعال عبدالمنعم الشامي: مدن مصر وقراها عند ياقوت الحموي، جامعة الكويت، ط ١، (الكويت: ١٩٨١)، ص ١٩.

(٧) ياقوت الحموي: معجم البدان، ج٤، ٧٥؛ القزويني: آثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، (بيروت: د. ت)، ج١، ص ٣٢؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٢٤٩؛ المقريزي: المواعظ ، ج١، ص ٤٢٨.

کەسێك کە پێی دەوترا (امیر شوی) کە وەکو چێشلێنەری پاشا بوو, ئاژەڵەکەی بۆ مەلیك (الکامل) و میرەکان بە شێوەی برژاندن بەخۆشترین و بەتامترین شێوە ئامادە دەکرد[١].

جوانی دیمەنە خۆش و دڵرفێنەکانی ناوچەی (العباسة) و خۆشەویستی و ئارەزووی مەلیك (الکامل) بۆ ناوچەکە وەکو شوێنێکی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ڕاوکردن تێیدا، وای لە مەلیك (الکامل) کرد کە چەندان باغ و بێستان و کۆشك بۆ مانەوە و ڕاوکردن لەناوچەکە دروست بکات، دواتر میر و بەرپرس و کەسە گەورەکانی دیکەی وڵاتیش باغ و بێستان و شوێنی مانەوەیان لە (العباسة) دروست کرد, بۆیە مەلیك (الکامل) هاوشێوەی بۆنەیەکی گەورە لەگەڵ دار و دەستە و پیاوە گەورەکانی لە وڵاتدا دەچوونە ڕاوکردن و بۆ چەند ڕۆژێکیش دەمانەوە[٢].

مەلیك (العادلی دووەم) ئارەزووی زۆری ڕاوکردنی هەبووە، لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆری خەرج کردووە[٣]. هەر بۆیە زۆرجار بەمەبەستی ڕاوکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕێگایەکی دووری بڕیوە و چۆتە ناوچەی سنجار و بۆ ماوەیەکیش لەوێدا ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ مصر[٤].

مەلیك (الصالح)یش کاتەکانی لەگەڵ میر و کەسە نزیکەکانی بە ڕاوکردن بەسەر بردووە، هەروەکو لە ساڵی (٦٤٣ك/ ١٢٤٥ز) مەلیك (الصالح) کاتێك نوێنەری خەلیفەی عەباسی سەردانی دەکات بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك لەدوای پێشوازی کردنی نێردراوەکە و پشوودانی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش بە مەبەستی ڕاوکردن دەچنە ناوچەی (العباسة)، هەروەها ئارەزووی مەلیك (الصالح) بۆ ڕاوکردن وایلێکردووە کۆشکێکی گەورە و جوان بەناوی (برکة الکبش)[٥] لەسەر ڕووباری نیل دروست بکات بۆ ئەوەی لەکاتی چوونی بۆ ڕاوکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی تێدا بمێنێتەوە و کاتە خۆشەکانی تێدا بەسەر ببات[٦].

## ٢- سوارچاکـی

سوارچاکی بریتیە لە لێزانینی لە سواربوونی ئەسپ و مانەوە لەسەر پشتی و یاریکردن بە ڕم (رمح) و چەکەکانی تر[٧].

پاشایانی ئەیوبی گرنگی زۆریان بە ئەسپسواری داوە و ئارەزووی زۆریان بۆ ئەنجامدانی ئەو یاریە هەبووە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەلایەك و لەلایەکی دیکە بۆ بەهێزبوونی لایەنی هزری و جەستەیی و

---

(١) الکناني: المصدر السابق، ص ١٣٥.

(٢) المقریزي: المواعظ، ج١, ص ٤٢٨؛ إبن أیاس: بدائع، ج١، ص ٦٣؛ ابن ایاس: نزهة الأمم، ص ٢٢٠.

(٣) ابن واصل: مفرج، ج٥، ص ١٧٤.

(٤) مؤلف مجهول: تاریخ دولة الاکراد, ص٤٢١.

(٥) برکة الکبش: ئەو کۆشکە بوو کە مەلیك (الصالح) لە ساڵی (٦٤٠ك/ ١٢٤٢ز) بۆ مەبەستی ڕاوکردن لەنێوان (برکة الفیل) و (برکة القارون) دروستی کرد. المقریزي: المواعظ، ج٣, ص ٢٣٨.

(٦) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق, ج٢٧, ص ٣٣٨.

(٧) ابن قیم الجوزیه: الفروسیة، دارالشؤون الثقافة العامة، ط١، (بغداد: ١٩٨٧)، ص٢٥؛ شوکت الشطي: المرجع السابق، ص٤٠.

برەودان بە توانا سەربازیەکانیان، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئەیوبیەکان تێیدابوون بەهۆی شەڕکردنیان لەگەڵ خاچیەکان[١].

پیاوانی ئاینیش لەو سەردەمەدا ڕۆڵیان هەبووە لە هاندانی پاشا و میرەکان بۆ گرنگیدانیان بە سوارچاکی بۆ سەرکردایەتی کردنی سوپاکەیان لەکاتی شەڕەکاندا و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانیان بە تایبەتی دژی سوپای خاچیەکان[٢].

ئەسپی پاشایانی ئەیوبی لەلایەن خزمەتکارانیانەوە بەباشترین شێوە خزمەت و پەروەردە دەکران و لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە چاودێری تەندروستیان دەکرا، ئەسپی پاشاکانیش یاخود لە بازاڕەوە دەکڕدران یاخود لەلایەن میر و پاشاکان بە دیاری بۆیان دەهات, بۆ ئەمەش پارەیەکی زۆر خەرج دەکرا[٣] و بەردەوام لەلایەن کەسانێك کەپێیان دەوترا (رکابیة) مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا، ئەسپی پاشا لەکاتی پێشبڕکێ و شەڕ و گەشت و سەیراندا بەجوانترین شێوە دەڕازێندرایەوە بەجۆرێك زینەکەی لە قوماشێکی جوانی سێ قەدی بەزێر پۆشراو پێکدەهات[٤] پاشاکان لەکاتی سوارچاکیدا پۆشاکی حەریری لەبەر نەدەکرد، لەبەر ئەوەی لە ئاینی ئیسلامدا لەبەرکردنی حەرامە[٥].

پاشایانی ئەیوبی زۆر ئارەزوویان بە سوارچاکی هەبووە بەتایبەت لەکاتی ڕاوکردن و یاریە وەرزشیەکان، لەوانەش مەلیك (العزیز) سوارچاکێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو بووە، ئەمەش یارمەتیداوە کە وەك سەرکردەیەکی سەربازی و پاشایەکی بەهێز بەدیاربکەوێت[٦]. زۆرجار بەسواری ئەسپ چۆتە شوێنی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و سەردانی دۆست و کەسە نزیکەکانی, هەروەکو لەساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) لەوکاتەی دەسەڵات لە مصر دەگرێتە دەست پۆشاکی بوون بە پاشایەتی لەبەر دەکات و بەسواری ئەسپەکەی بەرەو شوێنی حوکمڕانیکردن بە ڕێدەکەوێت[٧].

بەهەمان شێوە مەلیك (العادل) سوارچاکێکی لێهاتوو و بەتوانابووە، کاتێك سواری ئەسپەکەی دەبوو زۆر بە هەیبەت و گەورەییەوە جڵەوی ئەسپەکەی دەگرتە دەست و وەك سوارچاکێکی بەهێز بەدیاردەکەوت[٨] تەنانەت مەلیك (العادل) بەسواری ئەسپ چۆتە قەڵای (الکرك) و (جعبر) و (الرها) و (دمشق) و سەردانی مەلیك

---

(١) إبن دقماق: المصدر السابق، ص ٢١٠؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ١٩٣؛ فائیزە محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤.

(٢) عبداللطيف حمزة: الحركة الفكرية في مصر في العصريين الأيوبي والمملوكي الأول، دار الفكر العربي، ط ٨، (د. م: ١٩٦٨)، ص٦٨.

(٣) القلقشندي: صبح الاعشى، ج ٤، ص ٥٦؛ قاسم عبده قاسم: المرجع السابق، ص١٦٧.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشى، ج ٤، ص ص ١١ - ١٢؛ الكناني: المصدر السابق، ص ص ١٨٣ - ١٨٤.

(٥) الدينوري: عيون الأخبار، تحقيق: محمد الاسكندراني، دار الكتاب العربي، ط٥, (بيروت: ٢٠٠٢), مج ٥, ص ١٦٨.

(٦) عمادالدين الأصفهاني: الفتح القسي، ص ٤٤٨؛ إبن الأثير: الكامل، ج١٠, ص ١٥٧؛ إبن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ٤٣٧؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٢٤٣.

(٧) ابن حجر: انباء الغمر, ج٤, ص ٧٩.

(٨) ابو شامة: عيون الروضتين، ج٤، ص ٤٦١.

(الكامل)ی کوڕی کردووه[1]. مەلیك (الكامل)یش وەکو (العادل)ی باوکی سوارچاکێکی باش و لێهاتوو بووه و بەسواری ئەسپەکەی چۆتە ئەو شوێنانەی کە گەشتی بۆ کردوون[2]. لەگەڵ مەلیك (المعظم) ی برای پێشبڕکێی سوارچاکیان کردووه و شارەزایی و توانایەکی باشی لە ئەسپسواریدا هەبووه و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشبووه بۆی لەبواری سەربازی و سەرکردایەتیکردنی سوپادا[3], هەروەها لەگەڵ میر و کەسە نزیکەکانی خۆی پێشبرکێی ئەسپسواری ئەنجامداوه و لێ بردوونەتەوه[4]. گرنگیدانی مەلیك (الكامل) بۆ ئەسپسواری بەجۆرێك بووه لەو کاتەی کە دروستکردنی کۆشکی (قلعة الجبل)ی تەواوکرد بازاڕێکی تایبەت بە ئەسپی لە نزیك کۆشکەکەی دروست کرد[5]. وەکو زۆربەی پاشاکانی ئەیوبی زۆرجار بەسواری ئەسپ دەچووه ناوچەکانی وڵاتی شام و ئەو ناوچانەی کەمەبەستی بوون, هەروەکو ئەو گەشتەی کە لەساڵی (٦٢٥ك/ ١٢٢٧ز) بەرەو وڵاتی شام ئەنجامیدا و مەلیك (الصالح)ی کوڕیشی لەگەڵدا بوو[6].

مەلیك (الصالح)یش بەهۆی ئارەزووی زۆری بۆ ئەنجامدانی سوارچاکی و وەرزشەکانی دیکە گۆڕەپانی گەورەی لە کۆشکەکانی خۆی بۆ وەرزشی تۆپێنی چۆغان و سوارچاکی دروستکردبوو، ئەو ئارەزووه زۆرەی بۆ تۆپێنی چۆغان مەلیك (الصالح)ی کردبووه سوارچاکێکی لێهاتو و بەتوانا[7] تەنانەت لەوکاتەی نەخۆشبووه هەوڵیداوه یاری ئەسپسواری و تۆپێنی چۆغان ئەنجامبدات, بەڵام نەخۆشی ڕێگەی لێگرتووه و بێهێز و لاوازیی کردبوو کەنەیدەتوانی هیچ جۆره وەرزشێك ئەنجامبدات[8].

### ٣- ڕمهاوێژی (الرماية)

ڕمهاوێژی وەکو هەموو وەرزشەکانی دیکە وەرزشێکی بەسووده و لەش و دەروونی مرۆڤ بەهێز دەکات. وا دەکات توانا و بیرت بەهێزبێت و ببیتە کەسێکی پشت بەخۆ بەستوو[9]. پاشایانی ئەیوبی هاوشێوەی وەرزشەکانی دیکە ڕمهاوێژیان ئەنجامداوه، ئەویش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و پیشاندانی توانا سەربازیەکانیان[10] و

---

(١) إبن أبي أصيبعة: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تحقيق: نزار رضا، دار مكتبة الحياة، (بيروت: د. ت)، ج١، ص ٥٨٩.

(٢) ابو شامة: عيون الروضتين: ج٤، ص ٤٦١؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣٣١.

(٣) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٢٨٦؛ مؤلف مجهول، تأريخ دولة الاكراد، ص ٣٦٨.

(٤) المقريزي: السلوك, ج١, ص ٣٣١.

(٥) المقريزي: المواعظ, ج ٣, ص ٣٥٨.

(٦) الدواداری: المصدر السابق, ج٧, ص ٢٨٩.

(٧) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج ٩، ص ١٨٩؛ محمد كمال السيد محمد: أسماء و مسميات من تأريخ مصر— القاهرة، دار الشؤون الثقافة العامة أفاق العربية, (بغداد: د. ت)، ص ١٨٥.

(٨) الصفدي: تحفة ذوي، ص١٤٦؛ الخزنداري: المصدر السابق، ص ٦٥؛ عبدالعزيز سالم: دراسات في تأريخ مصر في العصرين الأيوبى والملوكي، مؤسسة شباب الجامعة، (الأسكندرية: ٢٠٠٦)، ص ١٨٤.

(٩) شوكت الشطي: المرجع السابق، ص ص ٤٢ - ٤٣.

(١٠) إبن دقماق: المصدر السابق، ص ٢١٠؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ١٩٣.

پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پێغەمبەر (د.خ)[1] کە لە فەرموودەیەکدا داوا لە موسڵمانان دەکات منداڵەکانیان فێری وەرزشەکانی وەکو ڕمهاوێژی و مەلەوانی سوارچاکی بکەن کە دەفەرمووێت: ((عَلِّمُوا أَبْنَاءَكُمُ السِّبَاحَةَ وَالرَّمْيَ وركوب الخيل))[2].

سەرچاوە بەردەستەکان زانیاری تەواو نادەنە دەست لەبارەی ئەنجامدانی ڕمهاوێژی لەلایەن پاشایانی ئەیوبی، بەڵام لەبەرئەوەی سوارچاکی و ڕمهاوێژی دوو وەرزشن زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە ئەنجامدراون بەتایبەتی لەکاتی شەڕ و ڕاوکردنی ئاژەڵی گەورەی وەکو مامز و بزنە کێوی[3]، باشترین سوارچاکیش ئەو سوارچاکە بووە کە بتوانێت لەسەر پشتی ئەسپەکەی یاری بە ڕمەکەی بکات و دواتر نیشانەکەی بپێکێ[4]. زۆرجاریش پاشایانی ئەیوبی ڕمهاوێژی و نیشانە شکاندنیان بەرم کردووە، نیشانەکەیان پێکاوە[5]، بەڵام کەمجار ڕمهاوێژ دەیتوانی ئامانجەکە بپێکێ مەگەر سوارچاك و ڕمهاوێژێکی زۆر بە توانا و لێهاتوو بووایە[6].

### ٤- نیشانە شکاندن (لعبة البندق):

نیشانە شکاندن یەکێك بوو لەو یارییانەی کەوا پاشایانی ئەیوبی ئەنجامیان داوە، ئەو یاریەش لەڕێگەی تیر و کەوان، یاخود جۆرە چەکێك کەبریتی بوو لە ئامێرێکی لوولەیی لە دار دروستدەکرا و دەسکەکەیی بە پارچە قوماشێکی حەریر ڕووپۆش دەکرا بۆ ئەوەی بەکارهێنانی خۆش و ئاسان بێت و ئامانجەکەش باش بپێکێ گوللەکانیشی بەرد یاخود قوڕ یاخود کانزا (ئاسن و مس) بوون، ئەو جۆرە چەکە زیاتر لەکاتی ڕاوکردن یاخود لەکاتی ئەنجامدانی نیشانە شکاندن بۆ پێکانی ئامانجەکە لەلایەن پاشاوە بۆ ئاسمان دەهاوێشترا[7]. ئەو کەسەی چەك (البندق)ی بۆ پاشا هەڵدەگرت پێی دەگوترا (البندقدار)[8]. مەلیك (الصالح)یش ئەو یاریەی ئەنجامداوە ئەگەرچی لەسەرچاوە بەردەستەکان باسی ئەوە ناکرێت کە ئەو یاریەی ئەنجامدابێت ، بەڵام ناوی ئەو کەسانە دێ کە نیشانەشکێن (البندقداری) مەلیك (الصالح) بوونە لەوانەش (علاءالدين البندقداري)[9].

---

(١) جواد علي: المفصل في تأريخ العرب قبل الإسلام، دار الساقي، ط٤، (د. م: ٢٠٠١م)، ج١٠، ص ٩٩.

(٢) البيهقي: شعب الايمان, ج١١, ص١٣٥, رقم الحديث/ ٨٢٩٧.

(٣) عمادالدين الأصفهاني: البستان الجامع، ص ٤٤٨؛ إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ١٥٧؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٢، ص ١٥٤.

(٤) إبن قيم الجوزي: الفروسية، ص ٢٥.

(٥) إبن قيم الجوزي: الفروسية، ص ١٢١.

(٦) محمد علي السراج: اللباب في القواعد اللغة وآلات الأدب، النحو والصرف والبلاغة والعروض واللغة والمثل، تحقيق: خيرالدين شمسي باشا، دار الفكر، (بيروت: ١٩٨٣)، ج١، ص ٢٧٣.

(٧) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٢، ص ١٥٤؛ السيوطي: المزهر في علوم اللغة و أنواعها، تحقيق: فؤاد علي منصور، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت: ١٩٩٨)، ج١، ص ص ٢١٤، ٢٩٦.

(٨) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ص ٤٣١؛ الكناني: المصدر السابق، ص ١٣٨؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ٤٣.

(٩) علاءالدين البندقداري: لە سەرەتادا لەلای (جمال الدين يغمور) بووە و دواتر مەلیك (الصالح) کردوویەتی بە (البندقداري) خۆی لە (القاهرة) لەتەمەنی حەفتا ساڵی مردووە. الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٣، ج٤ ، ص ص ٤٩، ٣٥٦.

## ٥- تۆپێنی چۆغان (لعبة الكرة الصولجان):

یاری تۆپێنی چۆغان یەکێکی دیکە بوو لەو یاریانەی کەوا پاشایانی ئەیوبی و میرەکان زۆرجار بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ئەنجامیانداوە، لە بنەڕەتدا یاریەکی فارسی بووە و پاشایانی فارسیش زۆر ئارەزووی ئەنجامدانیان کردووە و بۆیە زیاتر بە یاریەکی فارسی ناوزەند دەکرێت[١] شێوازی یاریەکە بەو شێوەیە بوو لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە ئەنجامدەدرا[٢] ئەمە جگە لەوەی ئەم یاریە وەکو هەموو یاریەکی دیکە وەرزشێکی بەسوود بوو بۆ لەش و دەروونی پاشاکان[٣]، هەروەها مەشقێکی گرنگی سەربازی بوو بۆ خۆیان و ئەسپەکانیان جگە لەوەی هۆکارێکی باشیشبوو بۆ پیشاندانی توانا سەربازیەکانیان[٤].

یاریەکە لەنێوان دوو گروپ (فريق) ئەنجام دەدرا، گروپێکیان لە پاشا و میرەکان و گروپەکەی دیکەش لەبەرپرسانی گەورەی وڵات و خزمەتکارەکان پێك دەهات، هەریەك لەو یاریزانانەش سواری ئەسپێك دەبوون و داردەستی (صولجان)[٥] لەدەست دابوو کە پێیان لە تۆپەکە دەدا[٦]، ئەو تۆپەشی یارییان پێ دەکرد بریتی بوو لە تۆپێکی خڕ کە لە دار یان لە ڕەگی دار[٧] یاخود لە ماددەیەکی هاوشێوەی فلین (تەپەدۆر) دروست دەکرا، دادوەری یاریەکەش کەسێك بوو پێی دەگوترا (الجوكندار)[٨].

ئەم یاریە لە گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان ئەنجامدەدرا بە جۆرێك ڕووبەری گۆڕەپانەکە درێژییەکەی پێنج سەد مەتر و پانیەکەشی سێسەد مەتر بوو[٩] هەریەك لەو یاریزانانە پۆشاکی تایبەت بەو یاریەیان لەبەردەکرد کە ڕەنگی سپی بوو[١٠].

بەهۆی کەش و هەوای شیاوی وەرزی بەهار و لە جەژن و بۆنەکان پاشاکان زیاتر ئەم یاریەیان ئەنجامدەدا [١١]. شێوازی دەست پێکردنی یاریەکە بەو شێوەیە بوو کە تۆپەکە لەناوەڕاستی گۆڕەپانەکە دادەنراو یەکەم لێدان لەتۆپەکە لەلایەن گروپی پاشاکانەوە لێدەدرا، هەر پاشا و میرێك (زردكاش) واتە دروستکەری

---

(١) الطبري: المصدر السابق, ج١, ص ٣٣٧؛ مسكويه: تجارب الامم وتعاقب الهمم, دار سروش, ط٢, (طهران: ٢٠٠٠م), ج١, ص ٩٦.

(٢) ابن سيدة: المخصص, تحقيق: خليل ابراهم جفال, دار احياء التراث العربي, ط ١, ( بيروت: ١٩٩٦م), ج٤, ص ١٥؛ محمد شفيق غربال: المرجع السابق, ج١, ص٦٦٧.

(٣) خالدة سليمان ابراهيم: المرجع السابق، ص ٢٦٧؛ عمر باشا: المرجع السابق، ص ٨٢٠؛ شوكت الشطي: المرجع السابق، ص١٣٦.

(٤) الكناني: المصدر السابق، ص ٨٤.

(٥) صولجان: لە (گۆچان) هاتووە وشەیەکی پەهلەوییە، بەو داردەستە (دارعصا)یە دەگوترا کە سوارچاکەکان لەکاتی ئەنجامدانی یاریەکە پێیان لە تۆپەکە دەدا بۆ پێکانی ئامانجەکەی و خستنی تۆپەکە بۆ ناو گۆڵ. مسكويه: المصدر السابق، ج١، ص ٩٥؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ص ٧٠، ١٣٩.

(٦) الكناني: المصدر السابق، ص ٨٦.

(٧) الطبري: المصدر السابق, ج١, ص ٥٧٤؛ مسكويه: المصدر السابق, ج١, ص ٩٦؛ محمد شفيق غربال, المرجع السابق, ج١, ص٦٦٧.

(٨) فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ص ١٩٣ - ١٩٤.

(٩) النويري: المصدر السابق, ج٢, ص ٩٣؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ١٩٤؛ محمد شفيق غربال, المرجع السابق, ج١, ص٦٦٧.

(١٠) الكناني: المصدر السابق، ص ٨٥.

(١١) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤، ص ٤٨؛ قاسم عبدة قاسم: المرجع السابق، ص ١٦١.

(صولجان) دار دەستی لەگەڵ بوو کاری ئەو کەسە گۆڕین و چاککردنی دار دەستەکانیان بوو لەکاتی یارییدا[1] لەکاتی دەست پێکردنی یاریدا سوارچاکەکان دەکەوتنە ناو کێبڕکێ و ململانێیەکی توند، هەریەکەیان لەسەر ئەسپەکەی بە گورج و گۆڵیەوە خۆی خواردەکردەوە و بە داردەستەکەی دەستی بەگوڕ و تینەوە لە تۆپەکەی دەدا بۆ گۆڵکردن یاخود پێکانی ئامانجەکەی[2]، خەڵکانێکی زۆریش بۆ چێژ وەرگرتن و هاندانی گروپەکانیان ئامادەی یاریەکە دەبوون, بەجۆرێك تەماشاکەرانی یاریەکە لە کەسە نزیکەکان و خزمەتکارەکانی پاشا پێك دەهاتن و بەهاندانیان بۆ هەر لایەك جۆش و خرۆش و گوڕوتین و چێژێکی زیاتریان بە یاریزانان و یاریەکە دەبەخشی[3].

لەکاتی تەواوبوونی نیوەی یەکەمی یاریەکە ماوەیەك پشوو بە یاریزانەکان دەدرا, ئەویش بۆ پشوودانی یاریکەرەکان و ئەنجامدانی نوێژی عەسر و خواردنی میوە و شیرنەمەنی و خواردنەوەی شەربەت بوو, بەڵام دوای کۆتایی هاتنی وادەی پشووەکە بەلێدانی مۆسیقا بە ئامێرەکانی وەکو دۆر و دەف لەلایەن ئامادەبووانەوە جارێکی دیکە یاریەکە تاوەکو ڕۆژئاوا بوون دەستی پێدەکردەوە[4] دوای تەواوبوونی یاریەکەش وەکو هاندان و پێدانی چێژێکی زیاتر بەیاریەکە دیاری بەنرخ و گرانبەها بەسەر لایەنی براوە دابەشدەکرا، بەمەش ئەو یاریە پڕ لە ململانێ و سەرکێشیەی نێوان سوارچاك و ئەسپەکان کۆتایی پێدەهات و جارێکی دیکە هێمنی و ئارامی بۆ گۆڕەپانی یاریەکە دەگەڕایەوە[5].

ئەو یاریە لەسەردەمی ئەیوبیەکان زیاتر ناسرا بەهۆی ئەنجامدان و گرنگیدانی زۆری پاشایانی ئەیوبی بەو یاریە، بەتایبەت سوڵتان (صلاح الدين) کە هەروەکو باوك و باپیرانی زۆر ئارەزووی ئەو یاریەی کردووە و لەکاتی ئەنجامدانیدا کوڕەکانیشی لەگەڵ بووە و بەشداری ئەنجامدانی یاریەکەیان کردووە, وەکو مەلیك (العزيز)ی کوڕی لەساڵی (٥٧٧ك/ ١١٨١ز) لەگەڵ باوکی ئەو یاریەی ئەنجامداوە[6]. مەلیك (العزيز) کاتێکیش دەسەڵاتی وەرگرتووە بەردەوام بووە لەسەر ئەنجامدانی ئەو یاریە، بەجۆرێك ئارەزوو و خۆشەویستی زۆری بۆ ئەو یاریە هەبووە[7].

سەبارەت بە مەلیك (العادل) سەرچاوە بەردەستەکان ئاماژە بەوە ناکەن کە ئەو یاریەی ئەنجام دابێت، بەڵام بەهۆی نزیکی مەلیك (العادل) لە سوڵتان (صلاح الدين)ی برای کەزۆربەی کاتەکان لەتەنیشتیەوە بووە و ئارەزووی زۆری سوڵتان (صلاح الدين) بۆ ئەو یاریە لەوانەیە بەو هۆیەوە ئەم یاریەی ئەنجام دابێت.

بەڵام مەلیك (الكامل) ئەو یاریەی کردووە و گرنگیەکی زۆریشی بە ئەنجامدانی داوە و ئامادەکاری زۆریشی بۆ کردووە، لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆری خەرج کردووە، ئەویش هەر لە دروستکردنی گۆڕەپانی گەورە

---

(١) الكناني: المصدر السابق، ص ٨٥.

(٢) الجاحظ: المحاسن والأضداد، مكتبة الخانجي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩٤)، ج١، ص٢٤؛ الدينوري: المصدر السابق، ص ١٦٩.

(٣) الكناني: المصدر السابق، ص٨٥؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص١٩٤.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤، ص ٤٨؛ الكناني: المصدر السابق، ص ص ٨٥ - ٨٦.

(٥) فراس السامرائي: المرجع السابق، ص ١٩٥.

(٦) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٢٨٩.

(٧) النويري: المصدر السابق، ج٣٠، ص ١٧٤.

و فراوان و ڕازاوە بە گوڵ و دار بۆ ئەوەی جوانی و فێنکی بە گۆڕەپانەکە ببەخشێت و تاوەکو زیاتر چێژ لە ئەنجامدانی یاریەکە وەربگرن, هەروەها دابینکردنی پێداویستیەکانی تایبەت بەو یاریە وەکو ئەسپ و پۆشاك و ناوبژیوان و پزیشك و چەندان پێداویستی دیکەش. بۆیە مەلیك (الکامل) زۆربەی کات لەگەڵ براکانی ئەو یاریەی ئەنجامداوە و خۆشی و شادیەکی زۆری پێداون و تەنانەت میر و کاربەدەستانی دەوڵەت و خزمەتکارەکانیشیان بەشداربوونە و هانیان داون، ئەمەش گوڕ و تینێکی زیاتری بە یاریەکە داوە[١].

مەلیك (الکامل) لەو کاتەی لەساڵی (٦٣٣ك/ ١٢٣٥ز) چۆتە سەردانی مەلیك (الاشرف)ی برای لە دمشق کە مانگی ڕەمەزان بووە. بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ براکەی, هەروەها بۆ کورتکردنەوەی ڕۆژەکە و خۆخافلاندنیان تاوەکو بەربانگ کردنەوە لەگۆڕەپانی سەوز (الميدان الأخضر)[٢] یاری تۆپێنی چۆغانیان ئەنجامداوە[٣]. ڕۆژانە دوای ئەوەی لە کۆشکەکەی کە لەسەر ڕووباری نیل دروستی کردبوو چاوی بە میر و گەورە بەرپرسانی وڵات دەکەوت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتی خەڵك و وڵات, دوای ئەوەی میرەکان کاریان تەواو دەبوو مەلیك (الکامل)یان بەجێدەهێشت, مەلیکیش لەگەڵ خزمەتکارەکانی خۆی دەچووە گۆڕەپانی ناو کۆشك و یاری چۆغانیان ئەنجامدەدا[٤].

مەلیك (العادل دووەم) یش هاوشێوەی پاشایانی دیکەی ئەیوبی گرنگی بە ئەنجامدانی ئەو یاریە داوە[٥]، بەڵام جیاواز لە هەموو پاشایانی دیکەی ئەیوبی مەلیك (الصالح) زۆر ئارەزووی بە ئەنجامدانی ئەو یاریە کردووە و گرنگیەکی زۆر و جیاوازی پێداوە و ئامادەکاری زۆریشی بۆ ئەنجامدانی ئەم وەرزشە کردووە و سامانێکی زۆری لەو پێناوەدا خەرجکردووە[٦].

هەر بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی (٦٣٩ك/ ١٢٤١ز) لەسەر ڕووباری نیل بە مەبەستی پشوودان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چوون بۆ ڕاوکردن کۆشکێکی جوان و ڕازاوەی بۆ خۆی دروستکرد. لەتەنیشت کۆشکەکەشیدا گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان و پەرژینکراو و ڕازاوەی بە دار و گوڵ و گوڵزار بۆ ئەنجامدانی ئەو یاریە لەگەڵ

(١) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢١٥.

(٢) گۆڕەپانی سەوز (الميدان الأخضر): گۆڕەپانێکی گەورەبوو لەباشووری دمشق (نورالدین زەنگی)دروستی کرد و دار و درەختێکی زۆری لێ چاند بوو لە چوارلاوە ئاوی لە ڕووبار بۆ ڕاکێشابوو کە ببووە ناوچەیەکی سەوزایی زۆر گەورە بۆیە بە گۆڕەپانی سەوز ناسرابوو. درێژییەکەی حەوت سەد و پەنجا ذراع بوو(هەر ذراعێك دەکاتە ٥٠ یان ٥٤ سم. ڤالتر هنس: المرجع السابق, ص ٨٣) کە دەکاتە (٣٧٥م) پانیەکەشی پەنجا ذراع بوو دەکاتە (٢٥م) بوو, بەهۆی ئەو دار و درەختەوە ببووە شوێنێکی زۆر خۆش بۆ ئەنجامدانی یاری تۆپێنی چۆغان. إبن شداد: الاعلاق، ق١، ج١، ص ١٩؛ فراس السامرائي: المرجع السابق، ص١٩٩؛ علي محمد علي الصلابي: القائد المجاهد نورالدين زنكي شخصية و عصره، مؤسسة إ قرأ، ط ١، (القاهرة: ٢٠٠٧)، ص ص ٩٦ - ٩٧.

(٣) إبن خلكان: المصدر السابق، ج ٥، ص ٣٣.

(٤) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد, ص ٤٦٥.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٥، ٢٤٤؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٧٤.

(٦) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٧، ص ٣٥٧؛ ابن تغري بردي: النجوم، ج٦، ص ٣٣١؛ الاشرف الغساني: المصدر السابق، ص٥٥٧؛ محمد عبدالله عنان: تراجم الاسلامية شرقية و آندلسية، مكتبة الخانجي، ط٢، (القاهرة: ١٩٧٠)، ص ٨٩.

شوێنی دانیشتن بۆ تەماشاکەرانی یاریەکە دروستکرد[1], ئارەزووی مەلیك (الصالح) بۆ ئەو یاریە بەجۆرێك بوو لە زۆر شوێنی ولأت گۆڕەپانی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو یاریە دروستکردبوو, بۆیە گۆڕەپانێکی گەورە و فراوانی بەناوی (گۆڕەپانی الصالح)ی لە شاری قاهیرە لەسەر ڕووباری نیل لەگەڵ شوێنێکی جوان و ڕازاوە بۆ پشوودان و مانەوە دروستکرد. مەلیك (الصالح) ئەو زەویەی گۆڕەپانەکەی لێ دروستکرد بە سێ هەزار دینار لە کەسێك کڕی کە پێشتر ڕەز و بیستان بوو[2].

مەلیك (الصالح) زۆرکات بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی ئەو یاریەی ئەنجامداوە, هەروەکو لەو کاتەی هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووە کە سوپای مصر توانیویەتی سەربکەوێت بەسەر سوپای (الصالح اسماعیلی کوڕی مەلیك المعظم)ی ئامۆزای و سوپای خاچیەکان, ئەو شەڕەی لە نێوان ئەو دوو هێزە بەهۆی کوشتنی مەلیك (المغیث کوڕی الصالح) بوو لەلایەن (الصالح إسماعیل) ڕوویدا, بۆیە مەلیك (الصالح) لەخۆشی پێگەیشتنی ئەم هەواڵە ڕاستەوخۆ چووە گۆڕەپانی سەوز و یاری تۆپێنی چۆغانی لەگەڵ میر و کەسە نزیکەکانی خۆی ئەنجامدا، هەروەها لەوکاتەی کە هەواڵی ئەوەی پێگەیشتووە خاوەنداری شاری (صرخد) مردووە مەلیك (الصالح) بەخۆی و ئەسپەکەی چۆتە گۆڕەپان و یاری تۆپێنی چۆغانی ئەنجامداوە، بەلأم بەهۆی ماندووبوون و کردنی ئارەقەیەکی زۆر بەتوندی نەخۆشکەوت، بەجۆرێك نەیتوانیوە یاری تۆپێنی چۆغان ئەنجامبدات، ئەگەرچی هەوڵی زۆریدەدا ئەم یاریە ئەنجامبدات بۆ ئەوەی یادگاریە خۆشەکانی ڕۆژانی ڕابردووی بەبیر خۆی بێنێتەوە لەوکاتەی یاری دەکرد (شجر الدر)ی هاوسەری لە گۆڕەپان ئامادە دەبوو سەیری جوڵە و لێدانە جوان و کاریگەرەکانی مێردەکەی دەکرد و هانیدەدا، ئامادەبوونیشی گوڕ و تینی زیاتری بە مەلیك (الصالح) دەبەخشی لەکاتی یاریەکەدا, بەلأم نەخۆش کەوتنی بە بەردەوامی جارێکی دیکە بواری بە مەلیك (الصالح) نەدا بە سواری ئەسپ و داردەستەکەی دەستی بێتە ناو گۆڕەپان و یاری چۆغان ئەنجامبدات  تاوەکو لەساڵی (٦٤٨ك/ ١٢٥٠ز ) کۆچی دوایی کرد[3].

سەبارەت بە یاریەکانی دیکە ئەگەرچی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ نەکردووە, بەلأم دەکرێت وەکو وەرزشێکی باوی ئەو سەردەمە شەترەنج و مەلەوانییان کردبێت.

لەو یاریانەش کەوا پاشایانی ئەیوبی بۆ کات بەسەربردن و بەهێزکردنی توانا سەربازی و هزریان ئەنجامیانداوە یاری شەتڕەنجە.

شەتڕەنج (شطرنج)[4]. زیاتر بە یاری پاشاکان دادەنرێت و ئەوان ئەنجامیان داوە[5]، چونکە ئەو یاریە زیاتر یاریەکی هزریە و بیری مرۆڤ بەهێز دەکات وەکو شێوازێك لەشێوازەکانی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای

---

(١) المقریزي: السلوك، ج ١، ص ٤٤٣؛ محمد کمال: المرجع السابق، ص ١٨٥.

(٢) المقریزی: المواعظ, ج ٣, ص ٣٤٦.

(٣) مؤلف مجهول: تاریخ دولة الاکراد، ص ٤٦٥؛ المقریزي: السلوك, ج١, ص ٤٤٣؛ نورالدین خلیل: شجرة الدر الملوك ومنقذ مصر، منتدی سور الأزبکیة، (مصر: ٢٠٠٥)، ص ٨٣.

(٤) شەترەنج: وشەیەکی فارسی - کوردییە، لە (شەش ڕەنگ) هاتووە کە مەبەست لێی مەلیك و وەزیر و فیل و ئەسپ و قەلأو سەربازە. القلقشندي: صبح الاعشی، ج٢، ص ١٥٨؛ ویل جیمس دیورانت: المرجع السابق، ج٣، ص ١٩١.

(٥) الزمخشري: ربیع الأبرار و نصوص أخبار، مؤسسة الأعلمي، ط ١، (بیروت: ١٤١٢هـ)، ج٤، ص ٩٢.

سەربازی بووە بۆ پاشاکان[١]، ئەو یاریە لەسەر تابلۆیەك ئەنجام دەدرێت کە بە درێژی و پانی هەشت خانەیە واتە شەست و چوار خانە کە بۆ دوو ڕەنگی جیاواز دابەشکراون ، بەجۆرێك مەلیك و وەزیر لە پێشەوە و دوو فیلەکە لەلای ڕاست و چەپی تابلۆکە و لەتەنیشت فیلەکانیش ئەسپەکان دانراون و دوو قەلاش بەهەمان شێوە لەلای ڕاست و چەپ دانراون و لەپێشەوەی ئەمانەش سەربازەکان دانراون[٢].

پاشاکانی ئەیوبی بەهۆی خەریك بوونیان بەشەڕکردن دژی خاچپەکان ئەوەندە گرنگیان بە ئەنجامدانی ئەو یاریە نەداوە, بەڵکو گرنگیان بەو یاریانەداوە کە توانای جەنگی و هێزی لەش و لاریان زیاد دەکات وەکو ئەسپ سواری و تۆپێنی چۆغان و نیشانە شکاندن ڕاوکردن ، چونکە ئەوکاتە زۆرەیان نەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەو یاریە و سەرچاوەکانیش ئاماژەیان پێنەکردووە, بەو هۆیەش یاری شەتڕەنج یەکێکە لەو یاریانەی کە ئەنجامدانی کاتێکی زۆری دەوێت، ئەگەرچی سەرچاوە بەردەستەکان جگە لە سوڵتان (صلاح الدين) ئاماژە بە هیچ پاشایەکی دیکەی ئەیوبی ناکەن کە یاری شەتڕەنجیان ئەنجام دابێت[٣].

ئەنجامدانی مەلەوانیش شێوازێکی دیکەی کات بەسەربردن بووە لەلایەن پاشایانی ئەیوبی لە وڵاتی مصر، بەتایبەت بەهۆی بوونی ڕووباری نیل کە شوێنێکی زۆر گونجاو و خۆش و یارمەتیدەر بووە بۆ ئەنجامدانی مەلەوانی[٤].

ئەگەرچی سەرچاوە بەردەستەکان زانیاریمان دەربارەی ئەنجامدانی مەلەوانی لەلایەن پاشایانی ئەیوبی نادەنە دەست، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کۆشکی پاشاکان بەتایبەتی مەلیك (الكامل) و مەلیك (الصالح) کۆشکی خۆیان لەسەر ڕووباری نیل بەمەبەستی پشوودان و گەشتکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش دروستکرد بوو, هەروەها ئاویان لە ڕووبارەکانەوە بۆ ناو کۆشکەکانی خۆیان هێنا بوو, بۆیە دەکرێ لەناو کۆشکەکانیاندا لەپاڵ هەموو بەشەکانی دیکە شوێنێکی گونجاو و تایبەتیان بۆ ئەنجامدانی مەلەوانی دروستکردبێ و لەکاتی پشوودان و گەشتکردن لەگەڵ نزیکەکانی خۆیان مەلەوانیان وەکو هەموو وەرزشەکانی دیکە ئەنجامدابێت. بەتایبەت لە وەرزی هاوین کە گەرمای وڵاتی مصر زۆر گەرم و بێزارکەر بووە[٥].

---

(١) السخاوي: الضوء اللامح لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، (بيروت: د. ت)، ج١، ص ٣٣٠؛ جواد علي: المرجع السابق، ج٩, ص ١٢٣.

(٢) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٢، ص ١٥٨.

(٣) أبوشامة: عيون الروضتين، ج٢، ص ٤٥٥.

(٤) خالدة سلمان ابراهيم: المرجع السابق، ص ٢٧٧.

(٥) إبن الأثير: الكامل، ج١، ص ٣٠٥؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٢٧؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٤٤٣؛ السيوطي: حسن المحاضرة، ج٢، ص ٣٨١.

## تەوەری دووەم: بەشداری پاشایانی ئەیوبی لە بۆنە و چالاکییە وەرزشی یەکان.

### ١- بۆنەی وەفاداری ڕووباری نیل (عید وفاء النیل):

پاشایانی ئەیوبی هاوشێوەی میر و پاشایانی دەوڵەتانی پێش خۆیان بەشداری جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتی و وەرزشیەکانیان بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیان کردووە، ئەگەرچی زۆر لە توێژەران وایان نووسیووە کەوا پاشایانی ئەیوبی، بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاون لەبەر خەریکبوونیان بە شەڕکردن لەدژی خاچیەکان و هەوڵدانیان بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز بۆ پاراستنی خەڵك و وڵات ئەو کاتەیان نەبووە بەشداری لەو جۆرە بۆنە و یادانەدا بکەن و خەریکی خۆشگوزەرانی بن[١] یەکێکیش لەو جەژنانەی کەوا پاشایانی ئەیوبی بەشداریان تێدا کردووە جەژنی بەرزبوونەوەی ئاوی نیل بووە لە مصر ئەگەرچی جەژنێکی کۆنی مصرییەکانە، بەڵام دابونەریت و بۆنە و جەژنەکان بەرگەی لەناوچوون و مانەوە دەگرن. تەنانەت وەکو ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا کات ڕاوەستابێت، خەڵکی مصر لە دوای موسڵمان بوونیشیان پارێزگاریان لە زۆر بۆنە و جەژنی کۆنی خۆیان کردووە ، یەکێك لەو بۆنانەش بەرزبوونەوەی ئاوی نیل بووە کە دوای موسڵمان بوونیان ئەم جەژنە بە ڕەنگ و شێوەی ئیسلامی یادی کراوەتەوە[٢].

جەژنەکە ئەوکاتە دەستی پێ دەکرد کە ڕووباری نیل بۆ (شازدە) ذراع کە دەکاتە (هەشت مەتر) بەرز دەبۆوە[٣] بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژانە ئاستی ڕووباری نیل بە نهێنی لە (جزیرة الروضة) دەپێوراو ئەنجامەکەشی تەنها پاشا و وەزیرەکان لێی ئاگادار دەکرانەوە، بەڵام لەو کاتەی ئاستی ئاوی نیل دەگەیشتە شازدە ذراع لە ناو خەڵکی ڕادەگەیەنرا[٤].

ئەگەرچی نزم بوونەوەی ئاستی ئاوی نیل لەلایەك دەبووە هۆی زیان گەیاندن بە زەویە کشتوکاڵیەکان و لەناوبردنی بەرهەمەکانیان و بڵاوبوونەوەی برسیەتی و بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەبووە هۆی ئاهەنگ گێڕان و دەربڕینی خۆشی و ئەنجامدانی چالاکی گەورە[٥].

ئەم جەژنە لە کۆتاییەکانی وەرزی بەهار و سەرەتای وەرزی هاوین بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر لە وڵاتانی خوارووی مصر دەستی پێ دەکرد، پێش ئاهەنگەکەش خەڵکی هەڵدەستان بە لێدانی جۆگە و بەنداو تا

---

(١) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ١١٤؛ سعيد عبدالفتاح عاشور و اخرون: موسوعة تأريخ مصر عبر العصور تأريخ الإسلامية، الهيئة المصرية العامة للنشر، (د. م: ١٩٩٣)، ص ص ٣٧٧ - ٣٧٨؛ ابن المقفع: المصدر السابق، مج ١، ص ٦٨٢.

(٢) جنێڤەر سكێرس: كولتووری شارنشینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی: شەهلا وەلی جەبار، دەزگای موکریان، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ٤١.

(٣) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٢٦٣؛ عصمت محمد حسن: جوانب من حياة الاجتماعية لمصر من خلال كتابات الجبرتي، مكتبة الأسرة، (مصر: ٢٠٠٣)، ص ١٤٩.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣، ص ٥٩٠؛ جمال الدين الشيال: دراسات في التأريخ الإسلامي، دار الثقافة، (بيروت: د. ت)، ص ٨٣؛ محمد كمال: المرجع السابق، ص ٦٨.

(٥) إبن جبير: رحلة إبن جبير، دار صادر، (بيروت: د. ت)، ص ١٤؛ عدنان محمد فايز الحارثي: عمران القاهرة، ص ٨٣.

ئاوی بارانەکە بچێتە ناوی و بۆ ئاهەنگەکە ئامادەبێ. ئاهەنگەکەش بە بەشداری پاشا و وەزیر و خزمەتکارەکان دەستی پێدەکرد لەوکاتەی کاروانی پاشا و دار و دەستەکەی لە (قلعة الجبل) دەهاتنە خوارەوە بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکە، پاشا (السناجق)[1]ێکی بەدەستەوە بوو لە دوای نان خواردن لەگەڵ میر و خزمەتکارەکانی[2] پاشا هەڵدەستا بە بەخشینەوە و دابەشکردنی دیاری کەپێکهاتبوو لە پارە و زێڕ و زیو بەسەر بەشداربووانی جەژنەکە[3]. ڕێ و ڕەسم و ئاهەنگەکە بە ئامادەبوونی پاشا و دارو دەستەکەی بەردەوام دەبوو. ئەو کەسەی پێوەری ئاوی نیلی کردبوو حەوزێکی خڕی لەبەرد دروستکراوی بەدەستەوەبوو پێی دەگوترا (فسقية) هاوشێوەی نافوورە بوو زۆر جوان و ڕەونەقدار بوو پاشا بە کەژاوەکەی بە تەنیشت ڕووباری نیل دەڕۆیشت و بەردەوام دەبوو لە ڕۆیشتن, تاوەکو دەگەیشتە (جزيرة الروضة) لەوێ پاشا لە کەژاوەکەی دەهاتە خوارەوە و بە داردەستە زێڕینەکەی دەستی سێجار لە بەنداوەکەی دەدا، پاشا بۆ جارێکی دیکە دەستی بە ڕۆیشتن دەکردەوە و خەڵکەکەش بە تەور و داسەکانی دەستیان هەوڵی هەڵکەندنی بەنداوەکەیان دەدا تاوەکو ئاوی بەنداوەکە بچێتەوە ناو نیل, بەڵام دواتر پاشا تەوری کۆتایی لە بەنداوەکە دەدا و ئاوەکە دەچۆوە ناو ڕووبار و بەمەش جەژنەکە کۆتایی دەهات[4].

خەڵکی گشتیش بەشداری ئەو بۆنەیان دەکرد بە جۆرێك جوانترین پۆشاکیان لەبەردەکرد، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ خۆیان دەبردە کەنارەکانی ڕووباری نیل و تادرەنگانی شەو بۆ دەربڕینی خۆشی و بەڕێکردنی ڕۆژێکی خۆش دەمانەوە. هەریەکە و چرایەکیان بەدەستەوە بوو بۆ مەبەستی ڕووناکی ئەمەش دیمەنێکی جوانی بە جەژنەکە و ڕووباری نیل دەبەخشی، جگە لەوەش خەڵکەکە بە مۆسیقا لێدان و مەلەوانی و ئەنجامدانی یاریە ئاویەکان و ڕاوکردنی ماسی خەریکبوون و هۆنراوە و گۆرانیش لە بارەی نیل لەلایەن ئەدیبان و گۆرانیبێژان دەگوترا[5].

پاشایانی ئەیوبی لەوانەش مەلیك (العزيز) زۆر ئارەزووی بەشداریکردنی فیستیڤاڵی بەرزبوونەوەی ئاوی نیلیان کردووە, بەتایبەت لەگەڵ سوڵتان (صلاح الدين)ی باوکی بەشداری لەو بۆنەیەدا کردووە, هەروەها لەساڵی (٥٩٢ك/ ١١٩٥ز) بەشداری لەجەژنی بەرزبوونەوەی ئاوی نیل کردووە[6]، بەڵام لەسەردەمی مەلیك (العادل) لە شوێنی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی نیل بەجۆرێك ئاستی ئاوەکەی کەمی کرد زەوی و بەرووبوومە

---

(١) السنجاق: دار دەستێکی لە ئاسن دروستکراوی هاوشێوەی گۆچان بوو پاشا وەکو هێمایەك بۆ نیشتنەوەی ئاستی ئاوی ڕووباری نیل پاشا بەو دار دەستە لە ئاوەکەی دەدا. النويری: المصدر السابق, ج٣٠, ص ١٦٩؛ القلقشندی: صبح الاعشی, ج ٤, ص ٧.

(٢) المصدر نفسه، ج١، ج٣، ص ص ١٠٥، ٥٩٠؛ الكناني: المصدر السابق، ص ٨٩.

(٣) النويري: المصدر السابق، ج٣٣، ص ٧٠.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣، ص ص ٥٩٠ - ٥٩١.

(٥) مؤلف مجهول: كتاب الأستبصار في عجائب الأمصار وصف مكة والمدينة،و مصر و بلاد المغرب, دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد: د. ت)، ص ٤٩؛ الكناني: المصدر السابق، ص ٩٢.

(٦) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ١١٤.

کشتوکاڵیەکانیش تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر بوون تەنانەت بووە هۆی بلاوبوونەوەی برسیەتی و قات و قڕی و بە هەزاران کەسیش بەو هۆیەوە مردن[١].

مەلیك (الکامل)یش بەشداری لەو بۆنەیەدا کردووە و گرنگی زۆریشی پێداوە هەروەك هەوڵی ڕێکخستنیشی داوە بۆ ئەوەی بەرێك و پێکی ئەم چالاکیە ساڵانە ئەنجام بدرێت، هەر بۆیەش هەڵساوە بە دروست کردنی چەند پردێك لەسەر ڕووباری نیل بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە قەرەباڵغی و هەر ڕووداوێکی ناخۆش بپارێزێت[٢].

بە هەمان شێوە پاشاکانی دیکەی وەکو مەلیك (العادل دووەم) و مەلیك (الصالح) بەشدارییان لەو بۆنەی بەرزبوونەوەی ئاوی نیل کردووە[٣].

یەکێك لەم چالاکیە وەرزشیانە بۆنەی سەرکەوتن (عید الفتوة) بووە کە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی کۆن بووە لەسەردەمی خەلیفە (الناصرلدين الله) (٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٩- ١٢٢٥ز)ی خەلیفەی عەباسی بەهۆی ڕێکخستن و دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەم جەژنە بەشێوازێکی نوێ بۆیە بە جەژنی (ناصری) ناسرا[٤]، لەسەرەتادا ئەم جەژنە لەلایەن چینی ناوەند و چینی گشتی دەکرایەوە، بەلاَم لەسەردەمی خەلیفە (الناصرلدين الله) ئەم جەژنە تایبەتمەندی خۆی وەرگرت و زیاتر پەیوەست بوو بە چینی دەوڵەمەندەکان میر و پاشاکان[٥].

پێش دەست پێکردنی جەژنەکە ئامادەکاری زۆری لەلایەن خەلیفەی عەباسیەوە بۆ دەکرا, بەجۆرێك لەلایەن نوێنەرەکانی خەلیفە هەموو میر و پاشاکانی دەوروبەری خەلافەتی عەباسی بانگهێشتنامەیان بۆ دەچوو و پۆشاکی تایبەتیش لەگەڵ بانگهێشتنامەکە بۆ میر و پاشاکان دەبردرا بۆ لەبەرکردنیان لەکاتی بەشداریکردنیان لەو بۆنە گەورەیەدا[٦]. پۆشاکەکەش لە چەند بەشێك پێکهاتبوو کە بریتی بوو لە کراسێکی کەتانی سپی و شەرواڵی (السروال) تایبەت بە جەژنی سەرکەوتن (عید الفتوة) لەگەڵ کلاوێکی ڕەشی صوف و عەبایەکی ڕەش و قایشێکی پشت کە خەنجەر یاخود چەقۆی لەناو دەنرا[٧]. ئەگەرچی مەلیکەکانی ئەیوبی لەلایەن خەلیفەوە بانگهێشتی بەشداریکردنی ئەو بۆنەیە کراون, بەلاَم هیچ لە مەلیکەکانی ئەیوبی بەشداری ئەو بۆنەیان نەکردووە.

---

(١) الوقريزي: المواعظ، ج٣، ٤١٠.

(٢) إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ١٥٧؛ أبو الفداء: التبر المسبوك، ص٧٧؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص٣٠٠؛ محمد علي الصلابي: المرجع السابق، ص ص ١٧٩- ١٨٠.

(٣) المقريزي: المواعظ، ج٢، ص ص ٤١٠ - ٤١١.

(٤) فاروق عمر فوزي: الخليفة الداهية الناصر لدين الله العباسي (٥٧٥هـ/٦٢٢هـ - ١١٨٩م / ١٢٢٥م)، دار الشؤون الثقافة العامة، ط١، (بغداد: ١٩٨٩)، ص ٣٥.

(٥) صالح احمد العلي واخرون: تأريخ الحضارة العربية الإسلامية، مطبعة الأداب، ط٤، (النجف: ١٩٧٥)، ص ص ٢٥٨ - ٢٥٩.

(٦) إبن الفرات: المصدر السابق، مجـ ٥، ج١، ص ١١٣.

(٧) الدواداري: المصدر السابق، ج ٧، ص ٢٧٩؛ منذر الحايك: المرجع السابق، ص ٢٩٦.

## تەوەری سێیەم: شێوازی نووستن و دابی گەرماوکردنی پاشایانی ئەیوبی:

### ١- کات و چۆنیەتی نووستنی پاشایانی ئەیوبی:

پاشایانی ئەیوبی هاوشێوەی لایەنەکانی دیکەی ژیانیان, شوێن و شێوازی نووستنیان تایبەت بووە، بەجۆرێك بۆ هەموو شتێکیان خزمەتکار و کەسانی تایبەتیان بۆ ئامادەکراوە و پارەی زۆریشیان لەو بوارەدا خەرج کردووە. هەر لە دروستکردنی شوێنی نووستن لەناو کۆشك و ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی پاشا لەکاتی نووستندا بەکاریهێناون جوان و نایاب و دەگمەن بوونە، ئەگەرچی زانیاری ورد لەسەرچاوە بەردەستەکان لەبارەی کات و شوێنی نووستنی پاشایانی ئەیوبی کەم و نادیارن، بەڵام توێژەر لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا هەندێك زانیاری گرنگ و تایبەتی هەڵهێنجاوە.

مەلیك (العزیز) بۆ ئەوەی خەوێکی خۆش و تەندروستی لێ بکەوێت لەوکاتەی چۆتە ناو جێگەکەی لەپێش خەوتنی لەلایەن کەنیزەکانیەوە چیرۆکی بۆ خوێندراوەتەوە تا ئەو کاتەی خەوی لێکەوتووە[١]. لەوانەیە چیرۆك خوێندنەوە بۆ مەلیك (العزیز) لەپێش نووستن لەبەر ئەوە بووبێت خۆی ئارەزووی گوێگرتن لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی کردووە، یاخود بەهۆی ئەوە بوو بێت کە کێشەی خەوی هەبوو بێت، یان دووچاری کەم خەوی (خەوزراندن) هاتبێت، بۆیە باشترین شت کە مرۆڤ لەکاتی کەم خەوی (خەوزڕاندن) بیکات بۆ ئەوەی خەوی لێبکەوێت گوێ گرتنە لە چیرۆکێك یان بابەتێکی خۆش و سەرنجڕاکێش تاوەکو ماسوولکەکانی جەستەی خاو دەبنەوە و خەوی لێ دەکەوێت[٢].

مەلیك (العادل)یش بەهۆی خەریکبوونی بە بەڕێوەبردنی وڵات و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتەکەی بە بەهێزی و بەرەنگاربوونەوەی مەترسی خاچیەکان کاتەکانی نووستنی کەم ببووەوە[٣]. بەجۆرێك لە شەوانی هەینیدا بە مەبەستی خودا پەرستی تاوەکو نوێژی بەیانی نەنووستوە، بەڵام دوای ئەوەی نوێژی بەیانی ئەنجامداوە چۆتە جێگەکەی و نوستووە[٤].

شێوازی نووستنی مەلیك (العادل) لە چاو پاشایەکانی دیکەی ئەیوبی هەندێك جیاوازبووە بەجۆرێك پێش ئەوەی بچێتە ناو جێگە نەرم و خۆشەکەی لە کۆشکدا بڕێکی زۆری شیرنەمەنی خواردووە بەتایبەت شیر و جۆرەکانی شیرنەمەنی، لەوانەیە خواردنی ئەو بڕە شیرینیەی لەبەر ئەوە بووبێت, تاوەکو لەکاتی نووستن و سەرجێی لەگەڵ ژن و کەنیزەکەکانی یارمەتی بدات[٥].

مەلیك (الکامل)یش دوای ئەوەی ڕۆژانە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، بۆ بینین و گوێ گرتن لە خەڵك و کاربەدەستانی وڵات و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان دەچووە (دار الوزارة)، دوای ئەوەی

---

(١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج ١٥، ص ٤١٨.

(٢) عمر یاسین جەباری: دروونزانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ ١، (هەولێر: ٢٠٠٠)، ل ٨٤.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ٢٧١.

(٤) إبن شداد: النوادر، ج١، ص ٣٩.

(٥) الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٠٥؛ النعيمي: المصدر السابق، ج١، ص ص ٢٧٢ - ٢٧٣.

بەهۆی ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانە دووچاریماندوو بوونێکی زۆر دەهات پێش بانگی نیوەڕۆ دەگەڕایەوە کۆشکەکەی، دوای نوێژکردنی نێوەڕۆ و نانخواردن بە مەبەستی پشوودانی دەچووە شوێنی نووستن و تاوەکو بانگی عەسر دەنووست, دواتر هەڵدەستا و دوای ئەنجام دانی نوێژی عەسریش جارێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دەچووەوە (دار الوزارة)[1], لەوانەیە پێش بانگی مەغریب گەڕابێتەوە کۆشکەکەی خۆی و دوای نوێژکردن و نانخواردن و بینینی کاربەدەست و کەسەنزیکەکان و زانا و ئەدیبانی وڵات و گفتوگۆ و ڕاوێژکردن تاوەکو نیوەی شەو, دواتر لەگەڵ مۆسیقا ژەن و گۆرانیبێژەکانی لەناو کۆشك ئاهەنگی دەگێڕا تاوەکو بەرەبەیان دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگ دەچۆوە گەرماوی کۆشك، دوای خۆ شووشتنی دەچووە ناو جێگەکەی بەمەبەستی نووستن[2].

مەلیك (الصالح) لەکاتی زیندانی کردنیدا لەساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٧ز) ژیان و نوستنە خۆش و شاهانەییەکەی دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی زۆر ناخۆش بەشێوەیەك ئەو زیندانە پیسەی کە لێی بەندکرابوو لەبەر قێچ و ئەسپێ خەو و خواردن پشوودانی نەهێشتبوو[3]. کاتێکیش دەسەلات وەردەگرێت ڕۆژانە لە دوای جێبەجێکردنی کاروبارەکانی وڵات و گەڕانەوە بۆ کۆشك و دوای نانخواردنی ئێوارە لە درەنگانی شەو دەچووە ناو جێگەکەی تا بەرەبەیان دەنووست[4].

**٢- دابی گەرماوکردنی پاشایانی ئەیوبی:**

سەرەڕای نەبوونی زانیاری ورد و پێویست لەبارەی چوونی پاشایانی ئەیوبی بۆ گەرماو، بەلام ئەوە دەزانین کە وەکو هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیان گرنگیەکی زۆریشیان بەو لایەنە داوە و چەند خزمەتکارێکی لەکاتی چوونی پاشا بۆ گەرماو ئامادەبوونەوە و خزمەتی پاشایان کردووە کە وەکو بۆنەیەك وابووە لەناو کۆشك[5].

لەکاتی دروست کردنی کۆشکەکانی پاشا ڕەچاوی شوێنی گەرماوەکان کراوە و گرنگی زۆریش بەشوێن و شێواز و چۆنیەتی دروستکردنی دراوە. بەجۆرێك لە تەنیشت شوێنی مانەوە و نووستنی پاشا گەرماوەکان دروست کراون وەکو کۆشکی (قلعة الجبل)[6].

پاشایانی ئەیوبی لە گەرماوە گەرم و خۆشەکانی کۆشك کە بەدار و خەڵوز گەرم کراون خۆیان شووشتووە، بەجۆرێك بورجی گەرماوەکانی کۆشك بۆ چوونە دەرەوەی هەڵم و دووکەڵ بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە[7].

---

(١) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد, ص ص ٤٠٧ — ٤٠٨.

(٢) المصدر نفسة, ص ٤١٧.

(٣) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ١٤، ص ٣٥٠.

(٤) الخزنداري: المصدر السابق, ص ص ٤٩ - ٥٠.

(٥) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق, ج٩, ص ٧٢.

(٦) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٦٧.

(٧) القلقشندي: صبح الاعشى، ج١، ص ص ١٥٣ - ١٥٤.

چوونی پاشاکان بۆ گەرماو وەکو بۆنەیەك بوو بەجۆرێك بەرپرسی کۆشك (الاستادار) و خزمەتکارەکانی دیکە هەڵدەستان بە ئامادەکردنی کەل و پەل و پێداویستی خۆشووشتنی مەلیك[1]، پزیشکەکانیش هاوشانی خزمەتکارەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی تەندروستی پاشا و ڕێگەگرتن لەڕوودانی هەر ڕووداوێك ئامادە دەبوون[2].

مەلیك (الکامل) خۆی لە گەرماوە گەرم و ڕازاوەکانی ناو کۆشك شووشتووە، لەکاتی خۆ شووشتنیشیدا میوەی خواردووە دواتریش بۆنی خۆشی لەخۆی داوە، مەلیك (العادلی دووەم) خۆی میوەی بۆ باوکی بردووە تاوەکو بیخوات و گوڵاو (ماء الورد)یشی بۆ باوکی بردووە تاوەکو خۆی پێ بۆن خۆش بکات[3].

مەلیك (الکامل) لەو کاتەی زۆربەی شەوەکانی لەناو کۆشکدا تاوەکو بەرەبەیان بەسازدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لەگەڵ مۆسیقاژەن و کەنیزە گۆرانیبێژەکان بەسەربردووە و دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکانیش چۆتە گەرماو و جوان خۆی شووشتووە و دواتر چۆتە ناو جێگەی نوستنی و خەوێکی خۆشی لێکەوتووە[4].

هەندێك لەمێژوونوسەکان وایانوسیوە لەوکاتەی مەلیك (الکامل) تووشی نەخۆشی لەرز و تاو و پەسیوێکی توونددەبێت، بەمەبەستی چاکبوونەوەی لەو نەخۆشیە دەچێتە گەرماو لەکاتی خۆشوشتنیدا ئاوی گەرم بە لاشە و سەری دادەکات، بۆیە لەشی بەتایبەت سەر و سکی زۆر دەسووتێت هەر بەو هۆیەشەوە دەمرێت, لەوانەیە ئەو نەخۆشیە کاریگەریەکی زۆری لەسەر بیر و هۆشی کردبێت, بەجۆرێك ئاگای لەخۆی نەماوە بۆیە ئاوی گەرمی بەخۆیداکردووە دواتر هەر بەو هۆیەوە دەمرێت, بەڵام بەهۆی ئەوەی خزمەتکار و پزیشك و کەنیزەکەکانی مەلیك سەرپەرشتی خۆشووشتنەکەیان دەکرد بۆیە ڕوودانی ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەستەمە[5].

ئەگەرچی سەرچاوە بەردەستەکان زانیاریمان نادەنە بەردەست لەبارەی چوونی مەلیك (الصالح) بۆ گەرماو, بەڵام بێگومان هەروەکو پاشایانی دیکەی ئەیوبی گرنگی بەو لایەنەدا, چونکە پەیوەندی گرنگی بەتەندروستی پاشاوە هەیە.

---

(١) القلقشندي: صبح الاعشى, ج١١، ص ص ١٦٧ - ١٦٨.

(٢) إبن أبي اصبيعة: المصدر السابق، ج١، ص ٦٠١؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج ٩، ص ٦٠٨.

(٣) إبن أبي اصبيعة: المصدر السابق، ج١، ص ٦٠١؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج ٩، ص ٦٠٨.

(٤) مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٤١٧.

(٥) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥, ٨٣؛ إبن واصل: مفرج، ج٥, ص ١٥٤؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٢٠.

**تەوەری چوارەم: ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی:**

گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی و ئەنجامدانی ئاهەنگ لە بۆنە تایبەتی و گشتیەکاندا شێوازێکی دیکەی کات بەسەربردن بوو لەلای پاشایانی ئەیوبی[1]. بەجۆرێك پاشایانی ئەیوبی ئارەزووی زۆریان لە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی هەبووە و گرنگی زۆریشیان پێداوە و پارەیەکی زۆریشیان لەم بوارەدا خەرج کردووە. ئەگەرچی سازدانی ئەو ئاهەنگانە لەڕووی داراییەوە بارگرانی بۆ دەوڵەت دروست کردبوو ، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ببووە هۆی بووژانەوەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی و دەرکەوتنی چەندان گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەنی بەتوانا لەو سەردەمەدا[2].

بێگومان گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی بە پێداویستیەکی گرنگی مرۆڤ دادەنرێت هاوشانی پێداویستیەکانی دیکەی ژیان[3] بەجۆرێك مۆسیقا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ هەیە و بیری مرۆڤ بەهێز دەکات و دەروونی لە نەخۆشی دەپارێزێت، دەکرێت هەر ئەو هۆکارەش وای لە پاشایانی ئەیوبی کردبێت گرنگی زۆر بە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی بدەن، بەتایبەت ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی پاشاکان زیاتر لەو کاتانەدا بووە کە دڵیان خۆش بووە[4].

لەناو کۆشکی پاشاکانیشدا شوێنێك هەبوو بەناوی (الطبلخاناه) هەموو ئامێرێکی مۆسیقی لێبوو لەلایەن کەسێك بەناوی (امیر علم) سەرپەرشتی دەکرا و کاریان لێدانی مۆسیقا بوو بۆ پاشا[5].

کەنیزەکە جوان و دەنگ خۆشەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە گێڕانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی بۆ پاشایانی ئەیوبی بەجۆرێك بەدەنگە ناسك و خۆشەکانیان گەرموگوڕی و خۆشی زیاتریان دەدا بە ئاهەنگەکە[6].

مەلیك (العزیز) زۆر ئارەزووی ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی کردووە. بەجۆرێك کەنیزەکەکان ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە لە ئاهەنگەکانی و کەنیزەی دەنگ خۆش و تایبەتی هەبووە بۆ ئاهەنگ گێڕان، ئەو کەنیزەیەش ناوی (سرور) یاخود (أم المطايا) دایکی المطايا بووە ، کە کەنیزەیەکی جوان و زیرەك بووە بەجۆرێك قورئانی لەبەربووە و شارەزایی باشی هەبووە لە خۆشنووسی و زمان و ئەدەب و هۆنراوەشی گوتووە و گۆرانیشی

---

(١) خالدة سليمان: المرجع السابق، ص ٢٨١؛ إلياس أحمد كريم: مجالس الملوك والسلاطين في العصرين الأيوبي والمملوكي الاول في مصر و بلاد الشام، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل، (الموصل: ٢٠١٤)، ص ٢٤٦.

(٢) فائزه محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥.

(٣) يوسف مراد: ميادين علم النفس النظرية والتطبيقية، دار المعارف، (القاهرة: ١٩٦٦)، مجـ ١، ص ٥٠٤؛ زرار صديق توفيق: الموسيقى الكردية في العصر الوسيط، مجلة جامعة كوية، العدد: ٤٤، (اربيل: ٢٠١٠م)، ص ١٥٣.

(٤) لولاف مصطفى سليم: الأيوبيون في المصادر الأدبية (٥٧٠ – ٦٥٨هـ/ ١١٧٤ – ١٢٥٨م)، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠١٣)، ص ٢٤٥.

(٥) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤، ص ١٣.

(٦) ابن كثير: البداية، ج١٣، ص ٣٢؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠، ص ص ٦٣٦ – ٦٣٧؛ سيپان حسن علي بنگلى: المرجع السابق، ص ٢٤٢.

داناوە، دایکی المطایا هاوتای نەبووە لەدەنگ خۆشی و هەموو کەنیزەکەکانی دیکە ڕێزیان گرتووە و نەتوانراوە و ستەم بووە بەهیچ شتێکی بەراورد بکەی، بۆیە هەموو ئەو هۆکارانە وایان لە مەلیك (العزیز) کردووە شەیدای (سرور) بێت[١].

سوڵتان (صلاح الدین) (سرور)ی کەنیزە و گۆرانیبێژی لە مەلیك (العزیز) دوورخستۆتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ناکرێ کوڕی سوڵتان شەیدای کەنیزەیەك بێت، بۆیە سروری کەنیزە گۆرانیەکی پڕ لەسۆز و خۆشەویستی بۆ مەلیك (العزیز) دەنێرێت و ئەو گۆرانیەش کۆنە برینی مەلیك (العزیز)ی جارێکی دیکە کولاندۆتەوە و بیرو هۆشی بۆ لای خۆی ڕاپێچ کردووە[٢].

هەست و سۆز و خۆشەویستی ببووە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاهەنگەکانی مەلیك (العزیز) بەجۆرێك خۆشەویستی مەلیك (العزیز) بۆ (ألوف)ی کەنیزەی هەموو هەست و سۆزی داگیرکردبوو تا وایلێهات (ألوف) ترسا لەوەی ئەگەر دەوروبەرەکەی هەست بەوشتە بکەن لە کۆشك دووری بکەنەوە و بیکوژن، بۆیە (ألوف) خۆی لە مەلیك (العزیز) دوور خستەوە و لە یەکێك لەو ئاهەنگانەی مۆسیقا و گۆرانیدا کە مەلیك (العزیز)ی تێدا ئامادە دەبێت یەکێك لە ئەدیبەکان هۆنراوەیەك دەخوێنێتەوە ئینجا مەلیك (العزیز) زۆر سەرسام دەبێت بەو هۆنراوەیە و هەست و سۆزی دەجووڵێ و یادگاریە خۆشەکان و سیمای جوانی (ألوف)ی بەبیر دێتەوە بۆیە لەکاتی ئاهەنگەکەدا هەڵدەستێ و گۆرانی بێژ و ئەدیبەکە ماچ دەکات و هیچ شتێکیش جگە لە دیتنی (ألوف) بەهانای نایێت و چارەی دڵە بریندارەکەی ناکات[٣].

مەلیك (العادل)یش ئارەزووی ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی و ئامادەبوون لە ئاهەنگەکە تایبەتیەکانی کردووە, بەتایبەت لەوکاتەی کە چۆتە سەردانی سوڵتان (صلاح الدین)ی برای, براکەی بە جوانترین شێوە پێشوازی لێ کردووە، هەر بەو بۆنەیەش شار و کۆشکی ڕازاندۆتەوە و ئاهەنگی تایبەتی مۆسیقا و گۆرانی بەبۆنەی هاتنی مەلیك (العادل) ئەنجامداوە[٤].

مەلیکەکانی ئەیوبی لە زۆر بۆنەدا ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانیان بۆ میوانەکانیان سازکردووە، لەوکاتەی مەلیك (ریتچارد) بۆ ڕێککەوتن سەردانی مەلیك (العادل) لەساڵی (٥٨١ك/ ١١٩١ز) دەکات. داوای لە مەلیك (العادل) کردووە کە ئارەزوو دەکات گوێی لە مۆسیقای موسڵمانان بێت، مەلیك (العادل)یش داواکەی جێبەجێ کردووە و گۆرانی بێژێکی هێناوە و گۆرانیبێژەکە بە چنگەکەی (الجنك)[٥] دەستی مۆسیقای لێداوە و گۆرانی گوتووە و

---

(١) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق, ج١٠، ص ٦٣٥؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٢٥٢.

(٢) المصدر نفسه, ص٢٥٢.

(٣) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠، ص ٦٣٧.

(٤) البنداري: المصدر السابق، ص ١١٥.

(٥) الجنك: ئامێرێکی کۆنی مۆسیقی ژێدارە و چل و شەش ژێی و ملێکی (عنق) دێژی هەیە و لە عود جیاوازترە. القلقشندي: صبح الاعشى، ج ١٥، ص ١١٢؛ محمد أحمد دهمان: معجم الألفاظ التأريخية في العصر المملوكي، دار الفكر، ط ١، (بيروت: ١٩٩٠)، ج١، ص ٥٥؛ عبدالعزيز صالح: الشرق الأدنى القديم في مصر والعراق، دار الزمان، (د. م. ت)، ج١، ص ١٥٤.

خۆشی و شادی خستۆتە ناو دانیشتنەکە و مەلیك (ریتچارد)ی سەرسامکردووە و هەست و سۆزی بەو مۆسیقایە بزواوە و کاریگەری لێ کردووە و دڵی زۆر پێ خۆش بووە[١].

کەنیزەکەکان لە ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی مەلیك (العادل) ئامادەییان هەبووە، یەکێك لەو کەنیزانەش ناوی (فنون) بووە کە ئیمپڕاتۆری ڕۆمەکان بە دیاری بۆ مەلیك (العادل) ناردبوو. بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی بۆ ناو کۆشکی مەلیك (العادل) ئامادەکرا و بەخۆی و چنگەکەی دەستی ئاهەنگەکانی کۆشکی جوان و ڕازاوەتر کرد بوو[٢].

مەلیك (الکامل)یش یەکێك بووە لەو پاشایانەی زۆر ئارەزووی مۆسیقا و گۆرانی کردووە و گرنگی پێداوە, کەنیزەی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هەبووە، کەنیزەکەکەشی ناوی (عجیبە) بووە کەنیزەیەکی جوان و مۆسیقا ژەنێکی بەتوانا و گۆرانیبێژێکی دەنگ خۆش بووە، تاوای لێهاتووە مەلیك (الکامل) ئاشقی بووە و خۆشویستووە و زۆر لە شەوەکانی لەگەڵ (عجیبە) و دەف[٣] و چنگەکەی دەستی و دەنگەکەی بەڕێکردووە، (عجیبە) لە ئاهەنگە ئاشکرا و نهێنیەکانی ئامادەبووە و پەیوەندی مەلیك (الکامل) و (عجیبە) گەیشتۆتە ڕادەیەك گەورە پیاوانی وڵات ڕەخنەیان لەو پەیوەندییە گرتووە[٤] لە وڵاتی مصر ئەو بەسەرهاتە لەناو خەڵکی بڵاوبۆتەوە[٥] بە چیرۆکی (عجیبة عجیبة) ناسراوە[٦].

بەهەمان شێوە لەوکاتەی لە شەڕەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ئاهەنگی خۆشی و شادییان گێڕاوە، هەروەکو لەو کاتەی کە توانیان بەسەر خاچیەکان سەربکەون و دەست بەسەر شاری (دمیاط) بگرنەوە، بەو بۆنەیەوە مەلیك (الکامل) و هەردوو براکەی مەلیك (الاشرف) و (المعظم) لە کۆشکی مەلیك (الکامل) لەشاری (المنصورە) لەسەر ڕووباری نیل بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی وڵات و ئەدیبان و گۆرانیبێژان ئاهەنگێکی

---

(١) إبن الأثير: الكامل، ج١٠ ، ص ٢١٠؛ قدري قلعجي: صلاح الدين الايوبي قصة الصراع بين الشرق والغرب خلال القرنين الثاني عشر والثالث عشر للميلاد, دارالكتاب العربي, ( د. م. ت ), ص ٤١٣.

(٢) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠، ص ص ٦٣٦ - ٦٣٧؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ٦٩.

(٣) دەف : ئامێرێکی مۆسیقیە و شێوەیەکی بازنەیی هەیە و لە پێستە و دارێکی بازنەیی پێك دێت و لە دەوروبەری دارەکەدا ئاسنی بازنەیی بچووك بچووك دانراون لەڕێگەی ئەو پێستە و ئاسنانەوە مۆسیقایەکی خۆش دروست دەبێت. صبحي أنور رشيد: تأريخ الموسيقى العربية، مؤسسة بافاريا، ط ١، (ألمانيا: ٢٠٠٤)، ج١، ص ص ٢٩١ - ٢٩٢.

(٤) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٠، ص ٦٣٩؛ السبكي: طبقات، ج ٨، ص ص ٦٥ - ٦٦.

(٥) المصدر نفسه, ج ٨, ٦٥؛ محمد رشيد بن علي رضا: عجيبة عجيبة، مجلة المنار، (د. م. ت)، مجلد ١، ص ٧٦١؛ شوكت عارف و دريد عبدالقادر نوري: الايوبيون وحركة الفكر والتسامح, مجلة جامعة دهوك, العدد: ٢, (دهوك: ٢٠٠٦م), ص ٨١.

(٦) حامد زياد غانم: العلماء بين الحرب والسياسة في العصر الأيوبي، دار الثقافة، (القاهرة: ١٩٧٨)، ص ٥٥.

گەورەیان سازکرد[1]، لەو ئاهەنگەدا مەلیك (الاشرف) داوای لە کەنیزەی خۆی کرد کە ناوی (ست فخر) بوو بەخۆی و (عودە)[2] کەی گۆرانیەك بڵێ ئەویش گۆرانیەکەی وتووە:

و لما طغى فرعون عكا و قومه..... و جاء الى مصر ليفسد في الأرض

الى نحوهم موسى وفي يده العصى..... فغرتهم في اليم بعضا على بعض[3] .

(لەو دوو دێرە شعرە شاعیر باس لە ئازایەتی و لێهاتوویی مەلیك الاشرف موسى دەكات)

ئەو شەوە ئاهەنگە یەكێك بووە لە ئاهەنگە زۆر خۆشەكانی مصر كە پاشا و میرەكان تێیدا ئامادەبوونە و دڵیان زۆر پێ خۆش بووە[4]، مەلیك (الكامل)یش داوای لە كەنیزە (ست فخر) كرد بەردەوام بێت لە گۆرانی گوتن ئەویش بەخۆی و عودەكەی بەردەوام بووە و وتویەتی:

أيا أهل دين الكفر قوموا و انظروا لما قد جرى في عصرنا و تجددا

أعباد عيسى إن عيسى أتاكم و موسى جميعاً ينصران محمد[5].

(ئەو دوو دێرە باس لە ئازایەتی هەریەكە لە مەلیك (الكامل محمد) و (المعظم عیسى) و (الاشرف موسى) دەكات)

مەلیك (الكامل) زۆر بە دەنگ و ئاوازی ئەو كەنیزەیە دڵخۆش بووە و بڕیاری داوە كە هەر كەنیزەیەك پێنج سەد دیناری پێ بدرێت[6]. مەلیك (الكامل) بەو كارانەی سامانی وڵاتی بەفیڕۆ داوە و بارگرانی بۆ خەڵك و دەوڵەت دروست كردووە بەبێ ئەوەی لەبیری بێت ئەو پارە و سامانە موڵكی خەڵكە و دەبێت بۆ خۆشبەتی ئەوان خەرجبكرێت, نەوەك لە خۆشگوزەرانی خۆیدا.

گرنگیدانی مەلیك (الكامل) بە ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا گەیشت بووە ئەو ئاستەی گۆرانیبێژێكی خەڵكی شاری إربل بەناوی (صلاح إربل)[7]ی دێتە لای و بۆ ماوەیەكی زۆر لە كۆشكەكەی بەشداری ئاهەنگەكانی

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج ٤، ص ص ١٠٤ - ١٠٥؛ الصفدي: ذوي تحفة، ص١٣٧؛ العميري: الروض المعطار في خبر الأقطار، تحقيق: إحسان عباس، ناصر للثقافة، ط٢، (بيروت: ١٩٨٠)، ج١ ، ص ٣٥٨.

(٢) عود: ئامێرێكی مۆسقی ژێدارە و لەڕێگەی ئەو ژێیانەوە مۆسیقای پێ لێدەدرێت و لێوەی دەردەچێت. ابن سينا: شرح الموسيقى، تحقيق: غطاس عبدالملك خشبة، المجلس الأغاني للثقافة، ط١، (القاهرة: ٢٠٠٤)، ص ص ٣٣٣ - ٣٣٤؛ صبحى انور رشيد: المرجع السابق، ج١، ص ١٥٣.

(٣) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢١٥؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٥.

(٤) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ص ٤٢٧ - ٤٢٨.

(٥) الداوداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢١٦؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣٢٩.

(٦) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ص ٤٢٧ - ٤٢٨؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٥.

(٧) صلاح إربلی: أحمد بن عبد السيد بن شعبان. گۆرانیبێژ و ئەدیب و شاعیرێكی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لەساڵی (٥٧٠ك/ ١١٧٤ز) لەشاری إربل لەدایك بووە و لەسەرەتادا (الحاجب) پەردەداری سلطان (مظفرالدين)ی خاوەنداری هەولێر بووە و دواتر هاتۆتە شام و خزمەتی مەلیك (القاهر بن العادل) ی كردووە و دواتریش چۆتە خزمەتی مەلیك (المغيث) و دواتر چۆتە مصر بۆ لای مەلیك (الكامل) لەوێ ماوەتەوە تاوەكو لەساڵی (٦٣١ك/ ١٢٣٣ز) لەشاری روها مردووە. ابن خلكان: المصدر السابق, ج ١, ١٨٤- ١٨٥؛الذهبي: تأريخ الإسلام، ج ٤٦، ص ٥١؛ الصفدي: الوافي، ج ٧, ص ص ٤٠ - ٤١؛ ابن الناصر الدين: توضيح المشتبه في ضبط أسماء الرواة وأنسابهم وألقابهم

مۆسیقا و گۆرانی دەکات، تاوەکو لە ساڵی (٦١٨ك/ ١٢٢١ز) مەلیك (الكامل) بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانی دەکات[1]، بەڵام لەساڵی (٦٢٣ك/ ١٢٢٦ز) لەکاتی ئاهەنگگێڕان لە کۆشکەکەیدا یەکێك لە کەنیزەکەکان هۆنراوەیەك دەڵێ:

إفعل ماشئت أنت المحبوب　　　　ما لي ذنب بلى كما قلت ذنوب

هل تسمح بالوصال في ليلتنا　　　　نجلو صدى القلب و تعفوا و آتوب[2].

(ئەو دوو دێرە شعرە باس لە لێبووردەیی مەلیك (الكامل) دەكات)

دوای ئەوەی زانیویەتی هۆنراوەکە هی (صلاح إربلی)یە بۆیە ئازادی دەکات و دەیگەڕێنێتەوە سەرکاری جارانی خۆی تاوەکو دەمرێت[3].

گۆرانیبێژە کوڕ و کچە گەنج و شۆخ و شەنگەکان بە دەنگە خۆشەکانیان و مۆسیقا ژەنەکانیش بە ئامێرەکانی وەکو چنگ و دەف و عود و تەنبور (طنبور)[4] خۆشیەکی زۆریان بە ئاهەنگەکە و دڵی ئامادەبووان دەبەخشی[5].

پاشاکان لەکاتی سەردانیکردنی پاشایەکی دی لەناوچەیەکی دیکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکتری و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ڕەواندنەوەی ئەو ماندووبوونەی کە بەهۆی دووری ڕێگاکە دووچاریان بووە ئاهەنگێکی گەورەیان لە کۆشك ساز دەکرد، وەکو ئەو ئاهەنگەی مەلیك (الناصر داود) لەساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز ) بەبۆنەی هاتنی مەلیك (الكامل) و مەلیك (الاشرف)ی برای لە مصرەوە بۆ لای ئەو بۆ (الشوبك) سازیکرد[6]، هەروەها ئەو ئاهەنگەی کە (فاطمة خاتون) و مێردەکەی مەلیك (العزيز) خاوەنی شاری (حماه) بەبۆنەی سەردانی کردنی مەلیك (الكامل) باوکی لەساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز) گێڕایان[7].

---

وكناهم, تحقيق: محمد نعيم العرقسوسي, مؤسسة الرسالة, ط ١, (بيروت: ١٩٩٣), ج٢, ص٩٧؛ خير الدين الزركلي: المرجع السابق، ج١، ص ١٥٠ .

(١) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٣٣٤؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج١، ص ١٨٥.

(٢) المصدر نفسه, ج١، ١٨٦؛ مؤلف مجهول: تأريخ دولة الأكراد، ص ٤٠٥.

(٣) المصدر نفسه, ص ص ١٨٤- ١٨٥؛ ابن العديم: المصدر السابق, ج٢, ص ٩٨٣.

(٤) تەنبور: ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە و گەردنێکی درێژی هەیە و هاوشێوەی ئامێری (عودە)، بەڵام لە (عود) بچووکترە و لەناو نەتەوەی کورد دا زۆر بەکارهێنراوە بەتایبەتی لەلایەن پیاوانی ئاینی لەکاتی خوێندنی سروودە ئاینیەکان لێدراوە. المرسي: المحكم المحيط الأعظم، تحقيق: عبدالحميد هنداوي، ط١، (بيروت: ٢٠٠٠)، ج٧، ص٣٢١؛ رينهارت بيتر آن دوزي: تكلمة المعاجم العربية، ترجمة: محمد سليم النعيمي ، جمال الخياط، ط ١ ، (العراق: ٢٠٠٠)، ج٧ ، ص٨١؛ إبن منظور: لسان العرب، تحقيق: عبدالله علي الكبير و محمد أحمد حسب الله و هاشم محمد الشاذلي ، دار المعارف، (القاهرة: د. ت)، ج٢، ص ١٣٥٤؛ أحمد مختار عبدالحميد عمر: معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، ط ١، (د. م: ٢٠٠٨)، ج٢ ، ص ١٤١٦؛ زرار صديق تۆفيق: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٥) ابن سعيد المغربي: الغصون اليا نعة في محاسن شعراء المائة السابعة, تحقيق: ابراهيم الابياري, دار المعارف, (مصر: د. ت ), ج١, ص ص ٢٢ - ٢٣؛ المقريزي: سلوك, ج١, ص ٣٨٩.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٣ - ١٤؛ أبو الفداء: المختصر، ج٣، ص ١٥٢.

(٧) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٣٠١.

مەلیك (العادلی دووەم) ئارەزووی بە ڕابواردن و کات بەسەربردن و مۆسیقا و گۆرانی هەبووە بەجۆرێك زۆری پارەی دەوڵەتی لەو بوارەدا خەرجکردووە, ئەمەش بارگرانی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ دەوڵەت دروست کردبوو[1]. مەلیك (العادلی دووەم) لەساڵی (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) بەبۆنەی هاتنی بۆ دەسەڵات و گێڕانی مەلیك (الصالح)ی برای ئاهەنگێکی گەورە بە ئامادەبووانی مۆسیقاژەن و کەنیزەکەکان بۆ میوانە زۆرەکانی ساز دەکات[2]. مەلیك (العادل)یش زۆر ئارەزووی لە ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا کردووە ، بەجۆرێك کاتێك مەلیك (الناصر داود) مەلیك (الصالح) بەردەدات و لەگەڵی ڕێکدەکەوێت لەسەر حوکمڕانی کردن. دەستگیرکردنی مەلیك (العادلی دووەم) لەلایەن مەلیك (الناصر داود) لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی بوو و دواتر لەو ڕێگەیە دەستگیری دەکات و لە (قلعة الجبل) بەندیدەکات تاوەکو دەمرێت[3].

مەلیك (الصالح)یش بە هەمان شێوەی پاشاکانی دیکە ئارەزوویەکی زۆری بۆ مۆسیقا و گۆرانی هەبووە، بەتایبەت مۆسیقای لەسەرخۆ, بەجۆرێك کاتێك مۆسیقا لێدراوە مەلیك (الصالح) هەست و سۆز و گیانی لەگەڵ مۆسیقا تێکەڵ بووە و هیچ ئاگای لەخۆی و دەوروبەری نەماوە و مۆسیقاکە زۆر کاری تێ کردووە و لەوانەیە ئەمەش کاریگەری ئەو بەسەرهاتە نەخۆشانە بێت کە بەسەری هاتوون بەتایبەت لەدەستدانی (خلیل)ی کوڕی کە لە تەمەنێکی بچووك دنیای بەجێهێشت و لەگەڵ (شجرالدر)  ژنی زۆریان خۆش دەویست[4].

مەلیك (الصالح)یش بەبۆنەی هاتنی بۆ سەر دەسەڵات وەکو مەلیك (العادلی دووەم) برای لەساڵی (٦٣٧ك/ ١٢٣٩ز) بۆ دەربڕینی خۆشی بەو بۆنەیەوە شاری قاهیرەی زۆر بە جوانی ڕازاندەوە و ئاهەنگێکی گەورە و فراوانی سازکرد[5].

مەلیك (الصالح) بەبۆنەی سەرکەوتن لەشەڕەکاندا ئاهەنگی گێڕاوە و خۆشی خۆی بەو بۆنەیەوە دەربڕیوە ، هەروەکو لەساڵی (٦٤٢ك/ ١٢٤٤ز) دوای ئەوەی سوپای ئەیوبیەکان لەشەڕکردندا لەبەرامبەر خاچیەکان لەناوچەی (عەککا)[6] سەرکەوتن و دوای ئەوەی هەواڵی ئەو سەرکەوتنە بە مەلیك (الصالح) دەگات, مەلیك (الصالح) بڕیاری ڕازاندنەوەی شاری قاهیرە دەدات و بۆ چەند ڕۆژێکیش بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە شار و کۆشك بەردەوام دەبێت[7].

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٧٤ - ١٧٥؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٦٦؛ حكيم عبدالرحمن البابيري: الدولة الأيوبية وفق نظرية لإبن خلدون، (أربيل: ٢٠١٠)، ص ٢٠٦.

(٢) إبن العميد: المصدر السابق، ص ٢٥؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣٩٨.

(٣) المصدر نفسة، ج١، ص ٣٨٩.

(٤) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٧، ص ٣٥٧؛ الذهبي: سير أعلام، ج١٦، ص ٣٨٩؛ ابن تغرى بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ٢٣١؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٨١.

(٥) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ٢٦٥ - ٢٦٦.

(٦) شاری عەککا: ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر کەناراوەکانی دەریای شام. ياقوت الحموی: ياقوت، ج٤، ص ١٤١.

(٧) المقريزي: السلوك، ج١، ص ص ٤١٩ - ٤٢٠.

مەلیك (تورانشاه) بێبەش نەبووە لە گرنگیدان و ئەنجامدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی تەنانەت لەکاتی ئاهەنگ گێڕانیدا بەدەستی مەمالیکەکانی باوکی کوژراوە، لەساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) کاتێك مەلیك (تورانشاه) بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر خاچپیەکان لەشەڕی (المنصورة) ئاهەنگی بەو بۆنەیە گێڕاوەو لەلایەن مەمالیکەکانی باوکیەوە ئەم کاتە بەهەڵێکی باشدەزانن و هێرشی دەکەنە سەری و دەیکوژن[1].

---

(١) أبو الفداء: المصدر السابق، ج١٧، ص ٣٠٧؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤، ص ٥٩٦؛ المقريزي: السلوك، ج١ ، ص ٤١٥؛ عصام محمد شبارو: السلاطين في المشرق العربي معالم دورهم السياسي و الحضاري السلاجقة والأيوبييون (٤٤٧ – ٦٤٨ هـ/ ١٠٥٥ – ١٢٥٠م)، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٩٤)، ص ص ١٩٥ - ١٩٦.

## بەشی سێیەم: خواردن و پۆشاك و كۆشك و تەلاری پاشایانی ئەیوبی.

### تەوەری یەكەم: خواردن و خواردنەوە:

**١- خواردن**

پاشایانی ئەیوبی سەرەڕای بەسەربردنی ژیانیان بەشێوەیەكی خۆش و شاهانە و گرنگیدانێكی زۆر و تایبەت بە هەموو لایەنەكانی ژیان، یەكێكی دیكە لەو لایەنانە ئامادەكردنی خواردن بووە بۆیان، بەجۆرێك خواردنیان فرە ڕەنگ و تایبەت بووە و چێشتخانەكانی كۆشكیش چێشتلێنەر و خزمەتكاری زۆر و بەتوانای لێبووە ، زیاتر ئەو خواردنانەش ئامادەكراون كە پاشاكان ئارەزوویان كردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەكی زۆری بۆ خەرجكراوە.

لەنێوان ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان هەرچەندە زانیاریەكان كەمن، بەلاّم هەندێك زانیاریمان لەبارەی شێواز و چۆنیەتی خواردنەكان لەبەردەستە، ئەگەرچی وێنەیەكی جوان و تەواو لەبارەی خواردنەكان بەدەستەوە نادەن، بەلاّم دەكرێت لەو ڕێگەیەوە ئەو چالاكیانە بخرێنە ڕوو كە لەكاتی ئامادەكردنی خواردن ئەنجامدراون(١)، دەوڵەمەندی و بەپیت و بەرەكەتی ولاّتی مصر لە خواردن و خواردنەوەكان و هەبوونی سەرچاوەكانی گۆشت و میوە و بەروبوومە كشتوكاڵیەكانی دیكە(٢) هەموو ئەو بەروبوومانە خوانی پاشایانی ئەیوبیان كردبووە خوانێكی شاهانەی خۆش و ڕازاوە و بە تام(٣).

لەكاتی دروستكردنی كۆشكەكانیشدا ڕەچاوی شوێنی چێشتخانەكان كراوە، لەشوێنێكی گرنگ و شیاو دروستكراوە ئەویش بۆ پاراستنی ژیانی پاشا و گەیشتنی خواردن بوو بە كاتێكی زۆر خێرا بۆیان, بەجۆرێك چێشتخانەكان بە ڕێڕەوێك بەشوێنی مانەوەی پاشا بەسترابوونەتەوە(٤), كۆگایەكی گەورەشیان هەبوو كە پێی دەوترا (الحوائج خاناه)كە هەموو پێداوستیەكانی وەكو قاپ و قاچاغ و دانەوێڵە و بەهارات و گۆشت و خواردەمەنیەكی تێدابوو لەلایەن وەزیرێكەیشەوە سەرپەرشتی دەكرا(٥) .

چێشتخانەكانی كۆشك كاریان ئامادەكردنی خواردن بوو بۆ پاشا و میوانەكانی هەر لە بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێوارانەوە تاوەكو درەنگانی شەو ئاگری ناو چێشتخانەكانی كۆشك خەفە نەدەكرا, ڕۆژانەش بڕێكی زۆر لە خواردەمەنی وەكو سەوزە و میوە دەكڕدران و لەلایەن چەندان چێشتلێنەری بەتوانا و خزمەتكار

---

(١) فائیزە محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

(٢) الادريسي: نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٨٩)، ج١، ص ص ٣٤ - ٣٥؛ الصفدي: الملك و ملوك، ص ص ٣٤ - ٣٥، ٣٨ - ٣٩.

(٣) المقدسي: أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، تحقيق: غازي طليقات، وزارة الثقافة والارشاد القومي، (دمشق: ١٩٨٠)، ج١، ص١٧٦؛ ابن بطوطة: تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار (رحلة ابن بطوطة)، تحقيق: علي المنتصر الكتاني، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٤٠٥ه)، ج١، ص ص ٤٤ - ٤٥.

(٤) ناصر خسرو: سفرنامة، تحقيق: يحيى الخشاب، دار الكتاب الجديد، (بيروت: ١٩٨٣)، ج١، ص٨٩؛ المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٤٧؛ مجموعة مؤلفين: موسوعة الثقافة التأريخية والأثرية والحضارية التأريخ الإسلامي، دار الفكر العربي، (بيروت: ٢٠٠٨)، مجـ ٥، ص ٤٢.

(٥) القلشندي: صبح الاعشى, ج٤, ص ١٢.

چێشتخانەکانی کۆشك بەڕێوەدەبردران و هەموو ئەوانەش کاریان ئامادەکردنی خواردنێکی خۆش و شاهانە بوو بۆ پاشا، هەموو خزمەتکارەکانیش لەلایەن کەسێکەوە کە بە (الاستاذدار)[1] ناسرابوو سەرپەرشتی دەکران[2]. هەرکاتێکیش پاشا میوانی هاتبا پێش هاتنیان خزمەتکارەکانی کۆشك بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە پێشوازی لە میوانەکانی پاشا بکەن و پاشاکەیان شەرمەزار نەکەن و میوانەکانیش سەرسام بکەن ئاگادار دەکرانەوە، ئەوانیش دەکەوتنە خۆو ئیشەکانی خۆیان ڕادەپەڕاند, بەرپرسی چێشتخانەش هەموو زانیاریەکی لە بارەی ژمارەی میوانەکان و ئەو جۆرە خواردن و خواردنەوانەی کە میوانەکان ئارەزوویان لێبوو پێدەدرا, دوای هەموو ئامادەکاریەکان دەستدەکرا بە لێنانی خواردن و دواتر پێشکەشکردنی بە میوانەکان بەشێوەیەکی زۆر جوان بە جۆرێك لەکاتی دانانی خواردنەکان ڕەچاوی هەموو شتێك دەکرا و خواردنەکان زۆر بە ڕێکوپێکی و جوانی لەلایەن خزمەتکارەکانەوە لەسەر خوانەکە دادەنران[3] بێجگە لەمەش خواردنی مەلیك لەژێر چاودێریەکی تووند ئامادە دەکرا، هەر لە کڕینی پێداویستیەکانی چێشتخانە و خواردەمەنی و سەوزە و میوە لە بازاردا تاوەکو هێنانەوەی بۆ ناو کۆشك، ئەویش لە ترسی ژەهراوی کردنی خواردەمەنیەکان و تیرۆرکردنی مەلیك[4]. بۆ ئەوەی خواردنێکی تەندروست و بەتام و خۆش و جۆراوجۆر و بەسوودیش بۆ پاشا لێبندرێت و زیان بە تەندروستی نەگەیەنێت لەلایەن چەند پزیشکێکی شارەزا و لێهاتوو سەرپەرشتی ئامادەکردنی خواردنەکە دەکرا[5].

خوانی پاشا خوانێکی گەورە و ڕازاوە بوو لە هەموو جۆرە گۆشت و سەوزە و میوە و شلەمەنی و خواردنەوەیەك پێك دەهات[6] بەشێوەیەکی زۆر جوان خوانەکە دەڕازێندرایەوە و خواردنەکان دادەنران و پێشکەشی پاشا و میوانەکانی دەکرا.

---

(١) الاستاذ دار: یەکێك بوو لە پلە گرنگەکانی ناو کۆشکی مەلیك سەرپەرشتی هەموو ئیش و کار و شوێنەکانی کۆشکی دەکرد وەکو بەرپرسی کۆشك وابوو. القلقشندي: صبح الاعشى، ج١١، ١٦٧؛ الكناني: المصدر السابق، ص١٢٠؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ١٧.

(٢) القلقشندي: صبح الاعشى, ج٤، ١٢- ١٣؛ سهيل زكار: المرجع السابق، ص١٦٥؛ الياس أحمد كريم: الدور السياسي والحضاري للهذبانيين في الدولة الأيوبية في مصر وبلاد الشام (٥٦٩ - ٦٥٨هـ/ ١١٧٣ - ١٢٦٠م), أطروحة ماجستير, كلية الاداب, جامعة صلاح الدين، (اربيل: ٢٠٠٨)، ص١٣٧.

(٣) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق, ج٣, ص ١٣٦.

(٤) المقريزي: المواعظ، ج٢، ص ٣٧٦.

(٥) ابن أبي أصيبعة: المصدر السابق، ج١، ص ٥٨٣؛ إبن قيم الجوزية: الطب النبوي، تحقيق: عبدالغني عبدالمنعم، المكتبة الثقافية، (بيروت: د. ت)، ص ٢٩٢؛ احمد عيسى بك: تأريخ البيمار ستانات في الإسلام، المطبعة الهاشمية، (دمشق: ١٩٣٩)، ص٨٠.

(٦) إبن شداد: النوادر، ج١، ص ٣٠٠ ؛ مانفرد أولمان: الطب الإسلامي، ترجمة: سامر عبدالمحسن الأيوبي، الحبيكان، ط ١، (الرياض: ٢٠١١)، ص١٦٢.

دوای دانانی خواردنیش ڕاستەوخۆ پاشا دەستی بە خواردن نەدەکرد، تاوەکو کەسێك بەناوی جاشنکیر (جهاشنکیر)[1] تامی خواردنەکەی دەکرد، ئەمەش زیاتر بۆ پاراستنی ژیانی پاشا بوو لەترسی ژەهراوی کردن و تیرۆرکردنی[2]، دواتر لەسەر خوانچە (سینی) خواردنەکان لەلایەن خزمەتکارەکان بۆ مەلیك دەبردرا[3] شێوازی دانیشتیان لەکاتی نانخواردن بەجۆرێك بوو کە پاشا لەسەرەوەی خوانەکە دادەنیشت و میر و کەسەکانی دیکەش بەپێی دەسەلاتەکەیان بەڕێز و لەلای ڕاست و چەپی پاشا دادەنیشتن[4] لەسەر هەموو ئامادەبووانیش پێویست بوو بەڕێزەوە لەسەر خوانی پاشا دابنیشن، بەجۆرێك لاقیان ڕانەکێشن, تاوەکو پاشا لەسەر مێز و کورسی نانخواردن دانەنیشێت نابێت کەسیان دابنیشن ، تاوەکو پاشاش دەستی بەخواردن نەکردبا نەدەبوو کەسیان دەست پێبکەن، لەکاتی نانخواردنیش نەدەبوو قسە و پێکەنین و گاڵتەکردن کرابایە مەگەر پاشا خۆی بۆ ئەوەی میوانەکانی دڵخۆش بکات و خواردنەکە زیاتر بخۆن ئەو کارەی کردبا, ئەگەرنا خوانی پاشا بێدەنگی باڵی بەسەر دادەکێشا[5] .

لەکاتی نانخواردنیش خزمەتکارەکان خواردنیان بۆ ئامادەبووانی خوانەکە تێدەکرد و هەموو پێداویستی و خواردنەوەکیان وەکو ئاو و زەیتون لەبەردەم دادەنان[6] ئەو کەسەی شلە (مەرەگە)ی بۆ پاشا تێدەکرد پێی دەگوترا (المرقدار)[7] دوای نانخواردنیش خزمەتکارەکان دەهاتن و خواردنەکەیان هەڵدەگرت و دواتر (طشتدار)[8] دەست شۆری پاشا دەهات و پاشا و ئامادە بووانی خوانەکە دەستی خۆیان دەشووشت ئەگەرچی لە پێش نانخواردنیش دەست و دەم و چاوی خۆیان دەشووشت[9]، دواتر خزمەتکارێك کەپێی دەگوترا (البابا) پەشتەمار

---

(١) جهاشنکیر: (چێژوەرگر) تامکەری خواردنی مەلیك: وشەیەکی فارسی – کوردیە پێش ئەوەی خواردن بۆ پاشا ببردرێت تامی خواردنەکەی دەکرد ئەمیش بۆ پاراستنی گیانی پاشا و دڵنیابوونی لە ژەهراوی نەبوونی خواردنەکە, هەروەها دڵنیابوون لە سوێری و ترشی و تیژی خواردنەکە. القلقشندی: صبح الاعشی, ج٥, ص٤٣٢؛ الکنانی: المصدر السابق، ص ١٣٠.

(٢) أحمد عبدالعزیز محمود: ستەم و نادادی دەرهەق بە سەرکردەی موجاهید سەلاحەددینی ئەیوبی، وەرگێڕانی: زرار علی، التفسیر، (هەولێر: ٢٠١١)، ل ١٤٠.

(٣) العیني: المصدر السابق، ج٤ ، ص ١٤٠.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشی, ج٤, ص ٤٢٦.

(٥) سیار الوراق: کتاب الطبیخ واصلاح والاغذیة الماکولات وطیبات الاطعمة المصنوعات مما استخرج من کتب الطب والفاظ الظهاة واهل اللب, تحقیق: احسان ذنون الشامري و محمد عبداللة القدحات, دار صادر, ط ١, (بیروت: ٢٠١٢), ص ٥١٣.

(٦) المصدر نفسة, ص ٥١٢.

(٧) القلقشندي: صبح الاعشی, ج٥, ص ٤٤١.

(٨) تەشتدار (طشتدار): بەو کەسە دەگوترا کە دەست شۆر و تەشتێکی پێ بوو و دوای ئەوەی پاشا لە نانخواردن تەواودەبوو دەهات. پاشا دەست و دەم و چاوی خۆی دەشوشت و دواتر بە دەستەسرێك یاخود بە پارچە قوماشێکی نەرم دەست و دەم و چاوی خۆی دەسڕیەوە. القلقشندي: صبح الاعشی، ج٤، ص ص ٤٤٠ - ٤٤١؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ص ٢١٣ - ٢١٤. بۆ بینینی وێنەی ئەو تەشتدارەی کە مەلیك (العادلی دووەم) بەکاریهێناوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

(٩) العیني: المصدر السابق، ج٤، ص ٤٩.

(خاولی) بەدەستەوە بوو دەیدا بە پاشا و ئامادەبووان ئەوانیش دەست و ڕووخساریان خۆیان دەسڕیەوە[١]
ئەو تەشت و دەست شۆرانەی کە پاشا دەستی لەناو دەشوشت لە زیو و بڕۆنز بەشێوەیەکی زۆرجوان دروست کرابوون[٢]. سەرچاوە بەردەستەکان زانیاری زۆر نادەنە دەست لەبارەی خوان و خواردنی مەلیك (العزیز)، تەنها ئەوە نەبێت کاتێك سوڵتان (صلاح الدین)ی باوکی کۆچی دوای دەکات, ناکۆکی لەنێوان مەلیك (العزیز)ی خاوەنداری مصر و مەلیك (الأفضل) برای خاوەنداری دیمشق دروست دەبێت، مەلیك (العادل)ی مامیان بەمەبەستی نێوەندگیری دەچێتە لای مەلیك (العزیز)ی خاوەنداری مصر، مەلیك (العزیز)یش بەو بۆنەیەوە خوانێکی گەورە و شاهانە ئامادە دەکات، کە بریتی بووە لە ئامادەکردنی چەندان مەڕی برژاو و هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەك و خواردنەوەیەکی جۆراوجۆر[٣].

هەر بەو بۆنەیەوە لە ساڵی (٥٩١ك/ ١١٩٤ز) مەلیك (العزیز) دەچێتە سەردانی مەلیك (الظاهر)ی برای لە (حلب) کە مەلیك (الافضل)ی برایان و مەلیك (العادل)ی مامیشیان ئامادەبوونە, بۆیە مەلیك (الظاهر) برایان خوانێکی گەورە و ڕازاوە ئامادە دەکات و لەکاتی نانخواردنەکەش مەلیك (الظاهر) و (العزیز) لەتەنیشت یەکتری دانیشتبوون[٤].

هەروەها مەلیك (العزیز) بەهۆی ئەوەی ئارەزوویەکی زۆری بۆ ڕاوکردن هەبووە زۆربەی کات لەگەڵ کەسە نزیك و کار بەدەستە گەورەکانی وڵات بۆ ڕاوکردن دەچوو، بۆ مانەوەیان چێشتلێنەر و خواردن و خزمەتکاری زۆریان لەگەڵ خۆیان دەبرد، ئەگەر ئاژەڵێکیان ڕاوکردبا لەلایەن چێشتلێنەرەکان بەسەرپەرشتی پزیشکەکانیان دەبووە ژەمێکی خۆش و بەشێوەیەکی بە تام و لێزانانە بۆیان ئامادە دەکرا ئەو پزیشکەی مەلیك (العزیز) ناوی (جمال الدین ابن ابي الحوافر) (م ٦٢٠ك/ ١٢٢٣ز)[٥] بوو[٦].

مەلیك (العادل) کەسێك بووە ئارەزوویەکی زۆری خواردنی کردووە و کەسێکی زۆر خۆر بووە بەشێوەیەك زیادەڕۆیی کردووە لە خواردن[٧]، ئارەزووشی لە خواردنی خۆش و جۆراوجۆری وەکو جۆرەکانی گۆشت و سەوزە و میوە و شیرنەمەنی بووە، ئەگەرچی خواردنی پاشاکان بەڕێنمایی و چاودێری وردی پزیشکەکان

---

(١) القلقشندي: صبح الاعشى, ج٥, ص ٤٤٢.

(٢) خالدة سليمان ابراهيم: المرجع السابق، ص ١٥٧.

(٣) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ص ١٢٩ - ١٣٠؛ إبن الفرات: المصدر السابق، مجـ ٤، ج٢، ص ١٢٦.

(٤) ابن واصل: مفرج, ج٣, ص ٣٦.

(٥) جمال الدین ابن ابي الحوافر: ابو عمر عثمان بن هبة الله بن احمد بن عقیل القیسي ناسراو بە (الحوافر) لە دمشق لە دایك بووە و پێگەیشتووە و یەکێك بووە لە پزیشکەکانی سەردەمی خۆی لە خزمەتی مەلیك (العزیز) بووە و دوای مردنی مەلیك (العزیز) چۆتە خزمەتی مەلیك (الکامل) تاوەکو لەساڵی (٦٢٠ ك/ ١٢٢٣ز) لە قاهیرە مردووە. ابن ابي اصيبعة: المصدر السابق, ج١, ص ص ٥٨٤ – ٥٨٥؛ الذهبي: تاريخ الاسلام, ج٤٤, ص ٥٢٠؛ خيرالدين الزركلي: المرجع السابق, ج٤, ٢١٥.

(٦) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ١٥٧؛ أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤؛ ص ٤٤٣؛ إبن خلكان: المصدر السابق، ج٣، ص ٢٥١؛ إبن كثير: البداية، ج١٣، ص ٢٥؛ حسان حلاق: المرجع السابق، ص ١٤٠.

(٧) إبن الوردي: المصدر السابق، ج٤، ص ٢٥؛ ابن العماد الحنبلي: المصدر السابق، ج٥، ص ٦٥.

لێ دەنرا و ڕەچاوی هەمەجۆری و تەندروستی خواردنەکان دەکرا ئەمەش وای لە پاشاکان دەکرد هەم ئارەزووی خواردنیان زیاتربێت هەمیش کاریگەری لەسەر تەندروستیان نەکات و لەشیان ساغ بێت[1].

ئەگەرچی لە سەرچاوە بەردەستەکان بە وردی ئاماژە بەوە نەکراوە کە مەلیك (العادل) زیاتر ئارەزووی لە چ جۆرە خواردنێك هەبووە و چ جۆرە خواردنێکی نەخواردووە، بەڵام لە چێشتخانەکانی کۆشك زیاتر ئەو خواردنانە ئامادەکراون کە مەلیك (العادل) ئارەزووی بە خواردنیان هەبووە[2].

لەکاتی نانخواردن مەلیك (العادل) ئارەزووی بەوە بووە کە خوانەکەی قەڕەبالغ بێت و کەسانی دیکە لەکاتی نانخواردنی ئامادەبن و لەگەڵی نان بخۆن، چونکە مرۆڤ لە خوانێکی قەڕەباڵغدا بەهۆی قسەکردن و پێکەنین و گاڵتەکردنەوە نانی زۆرتری پێ دەخورێت و هەستی خواردنی زیاتر دەبێت و تاموچێژی زیاتر لە خواردنەکە وەردەگرێت[3]. مەلیك (العادل) لەکاتی نانخواردندا هەوڵی داوە ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ خۆی دروست بکات، بۆیە ئارەزووی بەوە هەبوو ئەو کەسانەی کە لە خوانەکەی بەشداردەبوون وەکو ئەو زۆر خۆربن و ئارەزوویان لە خواردن بێت[4].

مێژوونووسان زێدەڕۆییەکی زۆریان کردووە لەبارەی زۆرخۆری مەلیك (العادل) بەجۆرێك نوسیویانە بەتەنها مەڕێکی بە برژاوی خواردووە کە ئەمە شتێکی ئەستەمە، بەڵام مەلیك (العادل) زۆر ئارەزووی خواردنی گۆشتی کردووە بەتایبەت گۆشتی مەڕ بەبرژاوی کە لە زۆربەی خوانەکان بۆی ئامادەکراوە[5], , جگە لەوەش زۆر خواردنی گۆشتی سوور بەڕێژەیەکی زۆر مرۆڤ تووشی نەخۆشی (داء الملوك)[6] دەکات, هەروەها ئارەزووی زۆری بە خواردنی مریشك و ئاوەکەی (چەلاو) بەتایبەت خواردنی (فڕوجاو) کردووە تەنانەت لەوکاتانەی بەمەبەستی شەڕکردن دژی خاچیەکان کۆشکەکەی خۆی بەجێهێشتووە لەلایەن چێشتلێنەرەکانیەوە مریشك و فروجیان لەگەڵ خۆیان بۆ بەرەکانی شەڕ بردووە و بۆ مەلیك (العادل) یان ئامادەکردووە[7].

---

(١) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ١٦٦.

(٢) ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢، ص ص ١٠ - ١١.

(٣) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج١٢، ص ٢٣.

(٤) إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٢.

(٥) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٢، ص ص ١٠ - ١١؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣١٢؛ المكي: سمط النجوم العوالي في انباء الاوائل والتوالي, تحقيق: عادل احمد عبد الموجود و على محمد معوض، دار الكتب العلمية, (بيروت: ١٩٩٨), ج٤، ص ص ١٤ - ١٥.

(٦) داء الملوك: یەکێکە لە نەخۆشیە کوشندەکان بە نەخۆشی دەوڵەمەند و پاشاکان ناسراوە, لە ئەنجامی چەند هۆکارێك لەوانە خواردنی ڕێژەیەکی زۆری گۆشت و بەروبوومی ئاژەڵی, هەروەها خواردنەوەی مەی و قەڵەوی و کەمی جووڵە و وەرزش تووشی مرۆڤ دەبێت, ئێسکەکانیشی تووشی هەڵاوسان دەکات. علاء الدين بشري: داء الملوك او النقرس, ٢٨ يونيو, ٢٠١١ .http://www.3waffy.com/home

(٧) ابن شداد: النوادر, ج١, ص ص ٢٤٦, ٢٥٠.

زیادەڕۆیکردنی مەلیك (العادل) لە خواردنی بڕێکی زۆر لە گۆشتی سور و شیرینەمەنی کاریگەری خراپی کردبووە سەرباری تەندروستی، هەر بەو هۆیەوەش دووچاری نەخۆشی شەکرە[1] بوو هەر بەهۆی ئەو نەخۆشیەوەش مردووە[2]. هەروەها ئەو زۆر خواردنە تووشی قەڵەویشی کردبوو[3]، چونکە خواردنی شیرینەمەنی و گۆشت بە ڕادەیەکی زۆر مرۆڤ تووشی قەڵەوی دەکات[4].

مەلیك (العادل) زۆر ئارەزووی بەخواردنی میوەی وەکو هەنار و قەیسی و ترێ کردووە لەکاتی نانخواردن و خوانەکانیدا و کاتەکانی دیکە خواردوونی، بەجۆرێك کاتێك کۆشکەکەی خۆی لە شام دروست کردووە هەموو جۆرە میوەیەکی بەرداری لێچاندووە[5] لەکاتی هاتنی وەرزی هاوینیش بەهۆی بەرزی پلەی گەرما و بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و پشودان، وڵاتی مصری بەرەو ناوچە خۆش و فێنك و پڕ لە میوە و میوەجاتەکانی شام بەجێهێشتووە[6]. هەروەها ئارەزووی زۆری خواردنی شیرنەمەنی کردووە و سەرچاوە بەردەستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بڕێکی زۆر لە شیرنەمەنی بەتایبەت شیر و شیرنەمەنی لەکاتەکانی پێش نووستنی خواردووە لەوانەیە خواردنی ئەو هەموو شیرنەمەنیە یارمەتی دابێت بۆ هەوەسبازی و دەست بازی لەگەڵ ژن و کەنیزەکانی، بەو هۆیەی کە مەلیك (العادل) زیاتر لە ژنێکی هێناوە[7]. ئەو کەسەی شیرنەمەنی بۆ مەلیك هێناوە و بەرپرسی شیرنەمەنی مەلیك بووە پێی وتراوە (الخازن)، کارێکی دیکەشی هەبووە ئەویش ڕاخستنی بەرماڵ بووە بۆ مەلیك لەکاتی نوێژکردندا[8].

وڵاتی مصریش بەناوبانگ بووە بە دروست کردنی شیرنەمەنی و یەکێك بووە لە پیشە گرنگەکانی ئەو وڵاتە و کەسانی شارەزایی لەو بوارەدا تێدا هەڵکەوتووە و بە زۆر شێوەی وەکو قەلا و جەنگاوەر و ئاژەڵ شیرنەمنیان بۆ پاشاکان دروست کردووە بەتایبەت لەکاتی جەژن و بۆنەکان[9].

لەکاتی شەڕەکانیشدا پاشاکان چێشتلێنەر و خۆراك و خواردەمەنی و پێداویستی مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خۆیانبردووە هەروەکو لەکاتی شەڕی (العادلیە) مەلیك (العادل) خێوەتێکی تایبەت و چێشتخانە و چێشتلێنەر و پزیشکی بە هەموو خۆراك و خواردەمەنی و پێداویستیەوە لەگەڵ بوو بۆ ئامادەکردنی خواردن بۆ

---

(١) نەخۆشی شەکرە: ئەو نەخۆشیە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر (کلوکۆز) لە خوێندا و کەمبوونەوەی (ئەنسۆلین)لە پەنکریاسدا لە هەموو تەمەنەکاندا دووچاری مرۆڤ دەبێت. محمد بن سعید عبدالحمید: السكري, اسبابة, مضاعفاته, علاجة, المكتبة الالكترونية موقع القدم السكرية, ط ١, (الرياض: ٢٠٠٧م), ص ٦.

(٢) إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٢.

(٣) النعيمي: المصدر السابق، ج١، ص ص ٢٧٢ - ٢٧٣.

(٤) سيار الوراق: المصدر السابق, ص ٤٧؛ جميل صليبا: علم النفس, دار الكتاب اللبناني, ط٣, (بيرت: ١٩٧٢), ص ص ٢٧٤ — ٢٧٥.

(٥) إبن شداد: النوادر، ج١، ص ص ١٩٧ - ١٩٨؛ إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ص ٣٠ - ٣١؛ ابن نظيف الحموي: المصدر السابق، ج١، ص ٩٦.

(٦) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥ ، ص ٧٨.

(٧) الصفدي: ذوي تحفة، ص ١٠٥؛ النعيمي: المصدر السابق، ج١، ص ص٢٧٢ - ٢٧٣.

(٨) الكناني: المصدر السابق، ص ص ١٣٥ - ١٣٦.

(٩) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ١٨١؛ عبداللطيف حمزة: المرجع السابق، ص ٦٥؛ محمد كمال السيد: المرجع السابق، ص ٣٦٧.

پاشا، له گرنگترین پزیشکەکانی مەلیك (العادل)یش (موفق الدين عبدالعزيز ابي محمد السلمي) (م ٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز)[١] و (داود بن سليمان السديد بن ابى البيان) (٦٣٦ك/ ١٢٤٠ز)[٢] بوون، چونكە پاشا لە ترسی ژەهراوی كردن و تیرۆركردنی، خواردنی لە هەموو شوێنێك نەدەخوارد تەنها خواردنی دەستی چێشتلێنەر و پزیشكەكانی نەبێت[٣].

مەلیك (الكامل) لەساڵی (٦١٨ك/١٢٢١ز) بەئامادەبوونی هەردوو براكەی مەلیك (الاشرف) و مەلیك (المعظم) لە (دمياط) لەگەڵ مەلیكی خاچیەكان كۆبوونەوە بۆ بەستنی ڕێككەوتنامەی ئاشتی لەنێوانیان، بەو بۆنەیەوە مەلیك (الكامل) خێوەتێكی گەورەی هەڵدا و فەرش و ڕاخەری گەورە كە بە (السماط)[٤] دەناسران ڕاخراون و خوانێكی گەورە و شاهانە و ڕازاوە بە هەموو جۆرە گۆشت و میوە و خواردەمەنی و شیرنەمەنی و خواردنەوەیەك ئامادەكرد و هەموویان لەو خواردنە خۆشانەیان خوارد[٥]. هەروەها زۆر ئارەزووی بە میوە خواردن كردووە و لە میوە خۆش و بەتامەكانی ولاتی مصری خواردووە بەتایبەت لەدوای خۆ شووشتنی و هاتنە دەرەوەی لە گەرماو (حمام)[٦].

مەلیك (الكامل) ئارەزووی خواردنی خۆشی كردووە بۆ ئەم مەبەستە گرنگیەكی زۆری بە چێشتخانەكانی كۆشكداوە و چێشتلێنەری بەتوانای بۆ چێشتخانەكانی هێناوە، كاتێكیش دەچێتە لای (الفقية نصر)ی زانای ئاینی و پێكەوە نان دەخۆن مەلیك (الكامل) خواردنەكەی زۆر لەلاخۆش دەبێت و دەپرسێت: كێ ئەو خواردنە خۆشەی لێناوە؟ (الفقيه نصر)یش وەڵامیدەداتەوە و دەڵێت: كەنیزەكەكەم لێیناوە. دەزانێت مەلیك (الكامل) بە خواردنی دەستی ئەو كەنیزەیە دڵخۆش و سەرسام بووە بۆیە ئەو كەنیزەیەی وەكو دیاری پێشكەش

---

(١) موفق الدين عبدالعزيز بن عبدالجبار بن ابي محمد السلمي لەساڵی (٥٥٠ك/ ١١٥٥ز) لە دایك بووە و لە دمشق پێگەیشتووە و لەساڵی (٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) مردووە. ابن ابي اصيبعة: المصدر السابق, ج١, ص ٦٧١؛ الصفدي: الوافي, ج١٨, ص ٣١٥.

(٢) داود بن سليمان بن ابي الطبيب المصري اليهودي السديد بن ابي البيان لە سالی (٥٥٦ك/١١٦٠ز) لە قاهیرە لە دایك بووە و لە خزمەتی مەلیك (العادل) دابووە و لەساڵی (٦٣٦ك/ ١٢٤٠ز) مردووە. ابن ابي اصيبعة: المصدر السابق, ج١, ص ٥٨٤؛ الذهبي: تاريخ الاسلام, ج٤٦, ص ٤٦٤؛ محمود عبدالعزيز الزعبي: اطباء من التاريخ, وزارة الثقافة, ط ١, ( عمان: ٢٠٠٤), ج١, ص ص ٤٦٤ — ٤٦٥.

(٣) إبن شداد: االنوادر، ج١، ص ص ١٩٧ - ١٩٨.

(٤) السماط: ئەو فەرشە یاخود ڕاخەرە بوو لە كۆشك و خێوەتی پاشاكان لەكاتی دانیشتن و نانخواردن ڕادەخران. المقريزي: المواعظ، ج٣، ٣٦٧؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤، ص ٥٨. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی (السماط) و جۆرەكانی و كاتی ڕاخستنی بنۆڕە:: المقريزى: المواعظ، ج٣، ص ص ٣٦٧ - ٣٦٨.

(٥) اليونيني: المصدر السابق، ج٢، ص ٢٠٤؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٠٣؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣٢٨.

(٦) إبن أبي أصيبعة: المصدر السابق، ج١، ص ٦٠٢؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٩، ص ٦٠٨؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص٥.

کردووه و ئەو کەنیزەیەش ڕەچەڵەکی بۆ (بني هلال)[1] هۆزی هلال لەشاری(حماه) له ولاتی شام دەگەڕایەوە[2].

لەساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز) کاتێك مەلیك (الکامل) چووە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت شاری (الکرك) بۆ لای مەلیك (الناصر داود)ی کوڕی مەلیك (المعظم)ی برای، (الناصر داود) پێشوازیەکی گەورەی لە مەلیك (الکامل) ی مامی کردوو هەر بەو بۆنەیەوە خوانێکی زۆر گەورە و ڕازاوەی ئامادەکرد بۆ ئەم مەبەستە چەندان مەڕو ماڵات و ڕەشەوڵاغ سەربڕدرابوون و بەبرژاوی و کوڵاوی ئامادەکرابوون بێجگە لە میوە و میوەجات و هەموو جۆرە خواردەمەنیەك و شیرنەمەنیەك. مەلیك (الکامل) و (الناصر داود) ی برازای لەکاتی نانخواردن لە تەنیشت یەکتری دانیشتبوون و بە پێکەنین و قسەی خۆشەوە نانیان خواردووە و ڕۆژەکەشیان بە گاڵتەکردن و پێکەنین بەڕێکردووە[3].

چێشتخانەکانی کۆشکی مەلیك (الکامل) هاوشانی تەندروستی پاشا لەلایەن چەندین پزیشکی بەتوانا و لێهاتووی ئەو سەردەمە سەرپەرشتی دەکران و بەڕێوە دەبردران لەو پزیشکانەش (ضیاء الدین ابن البیطار)[4] (م ٦٤٧ك/

---

(١) (بني هلال) هۆزی هلال: ناوی ئەو هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ (هلال بن عامر بن صعصعة) کە یەکێکە لە هۆزە دیار و گەورەکانی عەرەب لەچەندین تیرە و بەرە باب پێك دێن و لەناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و ولاتی شام و وڵاتانی باکوری کیشوەری ئەفریقیا نیشتەجێ بوونە و چەندان هاوەڵ و کەسانی گەورەی لە پێشینەکانی ئیسلام دەگەڕێنەوە بۆ ئەو هۆزە. البلاذري: جمل من أنساب والأشراف، تحقیق: سهیل زكار و ریاض الزركلي، دار الفكر، ط١، (بیروت: ١٩٩٦)، ج١٠، ص ٣٨٧؛ المروزي: أنساب، مجلس دائرة المعارف العثمانیة، ط١، (حیدر آباد: ١٩٦٢)، ج١٣، ص ٤٤٠؛ عمر بن رضا كحالة: معجم قبائل العرب القدیمة والحدیثة، مؤسسة الرسالة، ط٧، (بیروت: ١٩٩٤)، ج٣، ص ١٢٢١.

(٢) ابن واصل: مفرج, ج٤, ص ٢٧٩.

(٣) المصدر نفسه، ج٥، ص ١٤.

(٤) ابن البیطار: ضیاء الدین ابو محمد عبدالله بن احمد لەساڵی (٥٩٤ك/ ١١٩٧ز) لە (ملقا) لە ئەندەلوس لە دایك بووە پزیشکی گیایی لەلای (ابي العباس النباتي) خوێندووە و دواتر هەر بەمەبەستی خوێندن وڵاتەکانی باکوری ئەفریقیای وەکو مصر و مغرب و تونس و برقە و تەڕابلوس گەڕاوە و دواتر چۆتە وڵاتی شام چاوی بە (ابن ابي اصیبعة) پزیشکی بەناوبانگ کەوتووە و هەر بۆ خوێندن چۆتە ئیتاڵیا و یۆنان و دواتر بۆتە پزیشکی مەلیك (الکامل) و دوای مردنی مەلیك (الکامل)یش بۆتە پزیشکی مەلیك (الصالح)ی کوڕی و لەساڵی (٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز) مردووە. خاوەنی چەندان پەرتوکە لەبواری پزیشکی لەوانە: (الجامع في الادویة المفردة) باس لە هەزار و چوار سەد گژوگیای پزیشکی دەکات, وە پەرتوکی (المغني في الادویة المفردة) ئینسکلۆپیدیایەکە باس لە هەموو جۆرەکانی گژوگیای پزیشکی و سوودەکانیان دەکات. ابن ابي اصیبعة: المصدر السابق, ج١, ص ص ٥٩٩, ٦٠٢؛ شوکت الشطي: تاریخ الطب, مکتبة دار الفتح, (دمشق: ١٩٥٩), ص ص ١٦٣– ١٦٦؛ رحاب خضر عکاوي: موسوعة عباقرة الاسلام في الطب والجغرافیة والتاریخ والفلسفة, دار الفکر العربي, ط ١, (بیروت: ١٩٩٣), ج٢, ص ص ٩٢ – ٩٣.

١٣٤٩ز) بەناوبانگ و پزیشك (موفق الدین ابن ابی سلیمان)[١], هەروەها (اباحلیقه)[٢] پزیشك بوون كە كارێكی گرنگ و گرانیان كەوتبووە سەرشانیان.

مەلیك (الكامل) زۆرجار داوای لە چێشلێنەرەكانی كردووە برنج و گۆشتی بۆ ئامادەبكەن، داواشی لە (اباحلیقه)ی پزیشكی كردووە كە گیراوەیەكی تایبەتی بۆ ئامادە بكات, بۆ ئەوەی توانای خواردنی زیاتر بێت, (اباحلیقه)ی پزیشكیش ئەو گیراوەیەی لە مەعدەنووس و پونگ و قەرنابیتی لەناو خوێ هەڵگیراو بۆ دروستكردووە ، قەرنابیتەكەی خستۆتە ناو شەكراو و هەریەك لەو خۆراكانەی بە جیاواز خستۆتە ناو مەنجەڵ، دوای كوڵاندنیشیان، هەموو ئەو ماددانەی تێكەڵی یەكتر كردووە، پاشان لیمۆ و خوێی تێكەڵ كردوون، دوای ئەوەی بۆ خواردن دەیانخستە ناو قاپی بچووك زەیتیان بەسەردا دەكرد و مەلیكیش دەیخوارد بەمەش توانای خواردنی زیاتر دەبوو و سوودی پێدەگەیاند، تەنانەت لەو كاتانەی بە مەبەستی گەشتكردن و سەردانیكردن بۆ ناوچەی دوور ڕۆیشتووە داوای لە پزیشك و چێشلێنەرەكانی كردووە كە ئەو جۆرە گیراوەیەی لەگەڵ خۆیان بۆی بێنن[٣].

سەرەڕای ئەوەی پاشایانی ئەیوبی لە كۆشكەكانی خۆیاندا لەكاتی ئاسایی و بۆنە و جەژنەكاندا خوانی گەورەیان ئامادەكردووە، بە هەمان شێوەش لەكاتی ڕۆژە ناخۆشەكاندا بەتایبەت لەكاتی پرسە و لەدەستدانی كەسێكی ئازیزیان خواردنی شاهانە و زۆریان ئامادەكردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی مەلیك و كەسانی گەورە دەهاتن بۆ سەردانی كردنیان، هەروەكو لەساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز) مەلیك (المفضل قطب الدین)ی برای مەلیك (الكامل) مرد بۆ ئەم مەبەستە مەلیك (الكامل) داوای لە میر (فخرالدین عثمان بن قزل)[٤]ی (الاستاذ دار) بەرپرسی كۆشك و چێشتخانەی پاشا كرد كە باشترین خواردن و خواردنەوە بۆ پرسەكە ئامادەبكەن[٥].

---

(١) موفق الدین ابن ابي سلیمان: ابو شاكر بن ابي سلیمان یەكێك بووە لە پزیشكە بەناوبانگەكانی سەردەمی خۆی و پزیشكی مەلیك (العادل) و (المعظم)ی كوڕی بووە و دواتر چۆتە خزمەتی مەلیك (الكامل) و لەساڵی (٦١٣ك/ ١٢١٦ز) مردووە. ابن ابي اصیبعة: المصدر السابق, ج١, ص ص ٥٨٩ — ٥٩٠؛ الذهبي: تاریخ الاسلام, ج٤٤, ص ص ١٧٧ — ١٧٨؛ الصفدي: الوافي, ج١٦, ص ٥١.

(٢) أبا حلیقه: رشید الدین ابو الوحوش بن الفارس ناسراو بە (اباحلیقه) لە قەڵای (جعبر) لەساڵی (٥٩١ك/ ١١٩٤ز) لەدایك بووە و دواتر چۆتە شاری (روها) و خۆی پێگەیاندووە و یەكێك بووە لە پزیشكە بەناوبانگەكانی سەردەمی خۆی و خزمەتی هەر یەكە لە مەلیك (العادل) و (الكامل)ی كوڕی و (الصالح)ی نەوەی كردووە و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی مەملوكی خزمەتی (علاءالدین الظاهر)ی كردووە لەساڵی (٦٦٧ك/ ١٢٦٨ز) مردووە و خاوەنی پەرتووكی (الادویة المفردة) یە كەناسراوە بە (المختار في الف عقار). ابن ابي اصیبعة: المصدر السابق, ج١, ص ٥٩١؛ الذهبي: تاریخ الاسلام, ج٤٩, ص ص ٣٢٢ — ٣٢٤؛ محمد فارس: موسوعة علماء العرب والمسلمین, المؤسسة العربیة, ط١, (بیروت: ١٩٩٣), ص ٦٦.

(٣) ابن ابي اصیبعة: المصدر السابق, ج١, ص ٥٩١.

(٤) الأمیر فخرالدین عثمان بن قزل: لەشاری حلب لەساڵی (٥٦١ك/١١٦٥ز) لەدایك بووە و یەكێك بووە لە گەورەپیاوان و باوەڕپێكراوانی مەلیك (الكامل) هەربۆیە كردبوویە (الاستاذ دار)ی خۆی و لەساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز) لەشاری حڕان مردووە. الذهبي: تأریخ الإسلام, ج٤٥، ص ٣٥٩؛ الصفدي: الوافي, ج١٩، ص ٣٣١؛ النعیمي: المصدر السابق, ج١، ص ٣٢٧.

(٥) ابن العمید: المصدر السابق، ص ص ١٢ - ١٣.

مەلیك (الكامل) وەكو پاشاكانی دیكەی ئەیوبی ئارەزووی ڕاوكردنی كردووە، بۆ ڕاوكردنیش چۆتە ناوچەی (العباسة)، لەبەرئەوەی ناوچەیەكی خۆش و بەئاویژگە بووە ، هەموو ئەو ئاژەڵ و باڵندە و ماسیانەی كە ڕاویشیانكردووە لەلایەن چێشتلێنەرەكانیەوە بە خۆشترین شێواز بۆیان ئامادەكراوە[1].

مەلیك (العادلی دووەم)یش یەكێك بووە لەو پاشایانەی كە بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی پارەیەكی زۆری خەرج كردووە، یەكێك لەو لایەنانەش خواردن و خواردنەوە بووە[2].

دەبینین كاتێك مەلیك (العادلی دووەم) خاوەنداری مصر لەساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٨ز) هەواڵی گیرانی مەلیك (الصالح)ی برای خاوەنداری ئامەد لەلایەن مەلیك (الناصر داود)ی ئامۆزای پێ دەگات، دڵی زۆر خۆش دەبێت و هەڵدەستێت بە ڕازاندنەوەی شاری قاهیرە و ئەنجامدانی ئاهەنگێكی گەورە لە گۆڕەپانی ڕەش (المیدان الاسود) لە خوارووی (قلعة الجبل) و ئامادەكردنی خوانێكی زۆر گەورە كە پێك هاتبوو لە ژمارەیەكی زۆر لە ئاژەڵی برژاو، هەروەها ئامادەكردنی هەموو جۆرە شیرینەمەنیەك و میوە و میوەجات و هەموو خواردن و خواردنەوەیەك بەتایبەت شەربەتی لیمۆ، لەو خوانە ڕازاوەیەشدا هەموو جۆرە خەڵكێك لە پاشا و گەورە پیاوانی وڵات و كەسانی ئاسایی ئامادەبوون[3].

مەلیك (العادلی دووەم) لەساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٨ز) بەمەبەستی بەسەربردنی كاتێكی خۆش و خواردنی میوە خۆشەكانی باغ و باغاتەكان و ڕاوكردنی ئاژەڵەكان و دواتر خواردنیان سەردانی شاری سنجاری كردووە[4].

مەلیك (الصالح)یش وەكو پاشاكانی دیكەی ئەیوبی چێشتخانەكانی لەلایەن پزیشكە تایبەتەكانی سەرپەرشتی كراون و خواردنیان بۆ ئامادەكراوە[5].

مەلیك (الناصر داود) ی خاوەنداری (الكرك)، كاتێك مەلیك (الصالح نجم الدین)ی ئامۆزای خاوەنی ئامەد سەردانی دەكات خوانێكی گەورەی پێكهاتووە لە هەموو جۆرە گۆشت و نان و سەوزە و میوە و خواردنەوەیەكی خۆش و شاهانە بەبۆنەی هاتنی ئامۆزاكەی ئامادە دەكات[6].

مەلیك (الصالح) كاتێك خاوەنی ئامەد بوو لەسەردەمی مەلیك (الكامل) ی باوكی ژیانێكی زۆر خۆش و شاهانە ژیاوە، بەڵام دوای مردنی مەلیك (الكامل)ی باوكی ژیانی گۆڕا بۆ ژیانێكی خراپتر لە ژیانی كەسێكی سادە، چونكە لەلایەن مەلیك (العادلی دووەم) برای دەستگیر دەكرێ و سێ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو بە بارودۆخێكی خراپەوە بە ڕێگا ڕۆیشتوون، تاوەكو مەلای ناوچەیەكی سەر ڕێگاكەیان توش دەبێت كە هەندێك مریشكی پێ بووە، مەلیك

---

(١) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٢٤٩؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٢٨؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٣؛ إبن أياس: نزهة الأنام، ص ٢٢٢.

(٢) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٧٤ - ١٧٥؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٦٦.

(٣) ابن العميد: المصدر السابق، ص ٢٥؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٤٠٢.

(٤) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٤٢١.

(٥) الخزنداري: المصدر السابق، ص ٤٩؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٤١٢.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ١٤ - ١٥.

(الصالح) و (شجرة الدر) ژنی برێکیان لەوخواردنە خواردووە ، دوای دوو ڕۆژی دیکە تا گەیشتونەتە ناوچەی (الكرك) هیچیان بەر زار و زمان نەکەوتووە و نەیانخواردووە[1].

مەلیك (الصالح) و (شجرە الدر) و دارو دەستەکەی لە بەندینخانەدا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیاون، بەجۆرێك ئەو شوێنەی کە لێی بەندکرابوون پیس بووە و هەراسانی کردوون[2]، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی خواردنیشەوە بارودۆخیان خراپ بووە و جیاوازیان لەگەڵ زیندانێکی ئاسایی پێ نەکراوە ئەوەش لەبەر چاو نەگیراوە کە پاشایە یان برایەتی، بەڵکو ڕۆژ و شەویان بە برێك خواردەمەنی کەم بەڕێکردووە، بۆیە ژیانی بەندینخانە مەلیك (الصالح)ی تووشی دڵ توندی و خەم و خەفەت کردبوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئارەزووی خواردنی کەم ببێتەوە[3].

لەساڵی (٦٣٧ك/١٢٣٩ز) کاتێك مەلیك (الصالح) دەسەڵاتی گرتە دەست و بووە مەلیك هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دابوو پاداشتی داناوە و لەنزیك خۆی دانان و دەسەڵاتی پێدان و ئەوانیش بە دڵسۆزیەوە خزمەتیان کرد تەنانەت تامکەری خواردنەکانیشی دانا؟! بۆ ئەم کارەش کەسانی جێگەی متمانە پێکراوی خۆی دانا ئەوانیش (عزالدین أیبك)[4]ی مەمالیکی[5] لەگەڵ کوڕەکانی مەلیك (الناصرداود)ی ئامۆزای، ئەویش لە بەرامبەر ئەو چاکەی کە بەرامبەر مەلیك (الصالح)ی کرد و یارمەتیدا تا حوکمڕانی مصر بگرێتەوە دەست، کوڕەکانی مەلیك (الناصر داود)ی لای خۆی کردە تامکەری خواردنەکان و چاکەی دانەوە، ئەوانیش لە هەموو شوێنێك لەگەڵی بوون و خزمەتێکی زۆریان بە مەلیك (الصالح) کرد[6].

کاتێك نوێنەری خەلیفەی عەباسی لە بەغداد سەردانی پاشایانی ئەیوبی کردووە بە جوانترین شێوە پێشوازیان لێکراوە و ڕێزیان لێگیراوە، هەروەکو لەساڵی (٦٤٣ك/١٢٤٥ز) نوێنەری خەلیفەی عەباسی (المستعصم بالله (٦٤٠ — ٦٥٦ك/ ١٢٤٢ — ١٢٥٨ز) سەردانی مەلیك (الصالح)ی کردووە لە شاری قاهیرە ئەویش ڕێزی گرتووە و خێوەتی لەناوچەی (العباسة)ی خۆش و دڵڕفێن هەڵداوە و پێکەوە ڕاویان کردووە دواتر خوانێکی گەورە و

---

(١) الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٧٢؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣٠٦.

(٢) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤، ص ٣٥٠.

(٣) الخزنداري: المصدر السابق، ص ص ٢٤ - ٢٥.

(٤) عزالدين أيبك: المعز عزالدين أيبك التركماني مەلیك (الصالح) لەسەردەمی مەلیك (الكامل)ی باوکی کڕی. دوای مردنی مەلیك (الصالح) و کوژرانی (تورانشاە). کاتێك (شجرە الدر) دەسەڵات وەردەگرێت, بەهۆی نارازی بوونی خەلیفەی عەباسی کە ژنێك دەسەڵاتدار بێت بۆیە شوو بە (عزالدین أیبك) و دەکات و بەمە (ایبك) دەسەڵات وەردەگرێت. بۆیە بەیەکەم مەلیکی مەمالیکەکان دادەنرێت کاتێك (ایبك) دەیەوێت کچی (بدرالدین لؤلؤ) خاوەنداری موصل بخوازێت لەبەرامبەر ئەمەدا (شجرة الدر) لەساڵی (٦٥٢ك/ ١٢٥٤ز) دەیکوژێت. اليونيني: المصدر السابق، ج١، ص ٦١؛ ابو الفداء: المختصر, ج٣, ١٩١ — ١٩٢؛ ابن كثير: البداية، ج١٣، ص ٢٣٢؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣٠٣.

(٥) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٨، ص ١٩٤؛ ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢، ص ٢٥.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ٢٤٢؛ ابن تغرى بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣٢١.

ڕازاوەی بۆ ئامادەکردووە[1]. مەلیك (الصالح) لەکاتی نان خواردندا زۆر ئارەزووی بەوەبووە کە خوانەکەی قەرەبالغ بێت و خەڵکی دیکە لەگەڵی نان بخۆن، هەروەها ئارەزووی بەخوانی ڕازاوە و ئامادەکردنی خواردنی جۆراوجۆر هەبووە بەجۆرێك زۆر ئارەزووی خواردنی گۆشت بە تایبەت گۆشتی مەڕ بە برژاوی و هەنگوینی کردووە، بەڵام کاتێك دایکی نەخۆش دەبێت مەلیك (الصالح) زۆر خەم دەخوات و ئارەزووی نان خواردنی کەم دەبێت بۆیە لەوکاتە پزیشکی مەلیك (الصالح) کە (أبا حليقه) بووە داوا لە مەلیك (الصالح) دەکات کە نانەکەی بخوات و ئەو دایکی چارەسەر دەکات، بۆیە مەلیك (الصالح) دەست دەکات بە خواردنی گۆشتی مەڕی برژاوی و هەنگوین دواتر داوا دەکات زبدەی بۆ بێنن و بەچەقۆ زبدەکە پارچە پارچەی دەکات و لەگەڵ هەنگوین دەیخوات[2].

مەلیك (الصالح) ئارەزووی بە خواردنی گۆشتی سور کردووە بەجۆرێك چێشتخانەکانی کۆشك هەموو جۆرە گۆشتێکیان بۆ ئامادەکردووە[3]، خواردنی گۆشتیش بەو ڕێژە زۆرە کاریگەری لەسەر باری تەندروستی کردووە و دووچاری قەڵەوی و (الخوانيق) هەناسە سواری بووە[4] لەکاتی نان خواردنیشدا خواردنی بەباشی نەخواردووە و کێشەی هەرسکردنی خواردنی هەبووە, بۆیە بەردەوام غازاتی هەبووە, سەرەڕای ئەوەی لەلایەن پزیشکەکانی بەردەوام چارەسەریان پێداوە, بەڵام تاوەکو مردنی لەو نەخۆشیە چاك نەبۆتەوە[5].

سەبارەت بە خواردن و خوانی (تورانشاه) ئەگەرچی سەرچاوە بەردەستەکان زانیاریمان لەو بوارە نادەنە بەردەست، بەڵام وەکو پاشاکانی دیکەی ئەیوبی گرنگی زۆری بە چێشتخانەی کۆشك و شێوازی ئامادەکردنی خواردن داوە[6].

موسڵمانەکان و خاچیەکان سەرەڕای ناکۆکی و ململانێی نێوانیان، بەڵام لە زۆر لایەن کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبووە ، یەك لەو لایەنانەش شێوازی چۆنیەتی ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە بووە، ئەویش بەهۆی هاوسنووریان لەگەڵ یەکتری و بوونی پەیوەندی بازرگانی, هەروەها لەڕێگەی کەنیزەکانەوە، بۆیە دەکرێت و دەبێت لەڕێگەی ئەو کەنیزانەی کە لە کۆشك خزمەتیان کردووە پاشایانی ئەیوبی ئاشنای خواردن و خواردنەوەی خاچیەکان بووبن[7].

**ب- خواردنەوە:**

جگە لەخواردن، پاشایانی ئەیوبی خواردنەوەی جۆراوجۆری وەکو ئاوی میوەکانی ترێ و لیمۆ و هەناریان خواردووەتەوە، بەتایبەت لەکاتی ئاهەنگ و بۆنەکان ، سەرەڕای ئەوەی پاشایانی ئەیوبی موسڵمان بوونە

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص٣٥١ - ٣٥٢.

(٢) الخزنداری: المصدر السابق, ص ٥٢.

(٣) الكتبي: المصدر السابق، ج٢١، ص ١٤٢.

(٤) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ٣٧٦.

(٥) المقريزي: السلوك, ج١, ص ٤١٢.

(٦) الذهبي: تاريخ الاسلام, ج١٤, ص ٥٩٦.

(٧) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق, ج٩, ص ٥٣٣؛ فراس السامرائي: المرجح السابق، ص ص ١٢٢ - ١٢٣.

و ئاینی ئیسلامیش مەی حەرام کردووە، هەروەکو خودای بەخشندە و میهرەبان لە قورئان فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[1] واتە (ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بەپیرۆزی داناوە نەك ئیسلام, بورج و حەرام و حەلاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسن و لە کاروکردەوەی شەیتانن کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ بەدووربگرن و خۆتانی لێ بپارێزن, بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەریی بەدەستبهێنن (لە هەر دوو جیهاندا)[2], بەلاّم سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەندێك لە پاشایانی ئەیوبی لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا مەیان خواردۆتەوە و زیادەڕۆییان لە خواردنەوەی کردووە تاوەکو سەرخۆش بوونە، هەروەکو لەسەردەمی مەلیك (العزیز)دا ڕێگەی بە خواردنی مەی دراوە و تەنانەت خۆشی خواردوویەتی، هەر بەو هۆیەی ئارەق بەزۆری لە ترێ دروست دەکرێت لەسەردەمی مەلیك (العزیز) نرخی ترێ زۆر بەرزبۆتەوە[3]، بەلاّم مێژوو نووسێکی وەکو (سبط ابن الجوزي) ئاماژە بەوەدەکات کە مەلیك (العزیز) کەسێك بووە نەیخواردۆتەوە[4]، هەروەکو لە پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد لەوانەیە بەهۆی وشکەساڵی یاخود هۆکاری دیکە نرخی ترێ بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیبێت.

سەبارەت بە مەلیك (العادل)، خۆی مەی نەخواردۆتەوە و ڕێگریشی لە خواردنەوەی کردووە و خواردنەوەشی لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کردووە، بەجۆرێك لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا زۆر بە توندی بەرامبەر ئەو کەسانە وەستاوەتەوە کە مەیان خواردووەتەوە[5].

مەلیك (العادل) ئامۆژگاری ئەو کەسانەشی کردووە کە مەیان خواردۆتەوە و داوای لێ کردوون کە واز لەو کارە بهێنن، چونکە کاریگەری خراپی لەسەر مرۆڤ لەڕووی تەندروستی و کەسایەتییەوە هەیە، بێجگە لەوەی خواردنەوەی حەرامە، وەکو مەلیك (العادل) لەساڵی (٥٩١ك/١١٩٤ز) لەو کاتەی لەلای مەلیك (الأفضل)ی برازای بووە لە (دمشق) و ئامادەی یەکێك لە ئاهەنگەکە شەوەکان بوو کاتێك بینی مەلیك (الأفضل) مەی دەخواتەوە داوای لێکرد واز لەو کارە بهێنێت و مەلیك (الأفضل)یش بە قسەی کردووە[6].

ئەگەرچی مەلیك (العادل) مەی نەخواردۆتەوە، بەلاّم ئارەزووی بە تێکەڵکردنی ئاوی میوە لەگەڵ بەفری چیاکان کردووە و خواردوویەتیەوە، ئەو کەسەشی خواردنەوەکانی وەکو شەربەت و قاوە و چای و خواردنەوەکانی

---

(١) سورة المائدة: الاية (٩٠).

(٢) بورهان محمد ئەمین: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان, ناوەندی ڕۆشنبیر, (قوم: ب. س), ل ١٢٣.

ل ١٢٣.

(٣) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ١٩٧؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٥٩.

(٤) مراة الزمان, ج٢٢, ص ٧١.

(٥) عمادالدين الأصفهاني: البرق، ج٣، ص ١٥٢؛ ضياء الدين إبن الأثير: ديوان، ج٢، ص ١٠٠؛ أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ١٣٨؛ الاشرف الغساني: المصدر السابق، ص ٣٦٣.

(٦) إبن واصل: مفرج، ج٤، ص ٤٠.

دیکە پێشکەشی مەلیك کردووە (الشربدار)[1]ی پێ گوتراوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش زۆرجار ولاَتی مصری خاوەن گەرمای بەتینی بەرەو ناوچە شاخاوی و بە فراوییەکانی ولاَتی شام بەجێهێشتووە[2].

پاشاکان بۆ پڕکردنەوە و جێبەجێکردنی ئارەزووەکانیان پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە، وەکو مەلیك (العادل) کە زۆر ئارەزووی خواردنەوەکانی بەساردی کردووە[3]، بۆ ئەم مەبەستە بەهۆی نەبوونی بەفر لەولاَتی مصر چەند کەسانێك ڕێگە دوورەکانی مصریان بەرەو ناوچە شاخاوی و بەفراوییەکانی ولاَتی شام بەجێهێشتووە و بەفریان هێناوەتەوە ولاَتی مصر و لە کۆشکدا هەڵیان گرتووە، بۆ ئەوەی ئەو خواستەی مەلیك جێبەجێ بکەن[4] لەسەرەتادا بەفرەکەیان لە کەویە بەفری جیاکاندا دەخستە ناو گونیە و دواتر پووش و کایان بەسەر گونیەکاندا دەکرد و بۆ ئەوەی بەفرەکە نەتوێتەوە و بەڕێگەی ئاویش بەفرەکەیان دەهێنایەوە کۆشك و لەناو ژێر زەمینی کۆشك لە شوێنی تایبەت هەڵیان دەگرت و دواتریش لەگەڵ خواردنەوەکان پێشکەشی پاشایان دەکرد[5].

بەرپرسی خواردنەوەی پاشا کە بە (الشربدار) ناسرابوو بەردەوام خزمەتی دەکرد، کاتێکیش مەلیك (العادل) لەساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) دەمرێت (الشربدار) هاوشانی پزیشکەکان لەو شوێنە ئامادە دەبێت[6].

لەسەردەمی مەلیك (الكامل) بە پێچەوانەی سەردەمی مەلیك (العادل)ی باوکی ڕێگە بە خواردنەوەی مەی لە ولاَتی مصر دراوە[7]، بەجۆرێك مەلیك (الكامل) زۆربەی شەوان لەناو کۆشکەکەی خۆیدا لە قاهیرە لەگەڵ کەنیزەکانی ئاهەنگی گێڕاوە و خواردوویەتیەوە[8]. لەکاتی سەرکەوتنیان لە شەڕەکانیشدا وەکو سەرچاوەیەك بۆ خۆشی دەربڕین ئاهەنگیان گێڕاوە و خواردنەوە هاوڕێیەتی کردوون، هەروەکو لەساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) مەلیك (الكامل) بە ئامادەبوونی مەلیك (الأشرف) و (المعظم) برای دوای سەرکەوتنیان بەسەر خاچیەکان لەشاری (دمياط) ئاهەنگێکی گەورەی مۆسیقا و گۆرانی لەلایەن کەنیزەکانی و ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە سازکردووە[9].

مەلیك (الكامل) لە زۆربەی شەواندا لەکاتی ئاهەنگێڕان لەگەڵ کەسە نزیك و دۆستەکانی بە دەنگی مۆسیقا و گۆرانی کەنیزەکەکان تووشی مەست بوون دەبوو دەستی دەکرد بە خواردنەوە[10].

---

(١) الشربدار: لە دوو وشە پێك دێت (الشراب) هەموو جۆرە خواردنەوەکی وەکو (شەربەت و ئاو و مەی) دەگرێتەوە، (دار)یش بەو کەسە دەگوترێت کە خواردنەوە بۆ مەلیك دەهێنێت. القلقشندي: صبح الأعشى، ج٥، ص ص ٤٤٠ — ٤٤١.

(٢) إبن خلكان: المصدر السابق، ج٥، ص ٧٨؛ الذهبي: مورد اللطافة، ج٢، ص ص ١٠ - ١١.

(٣) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ص ٢٣٠ - ٢٣١؛ أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ١١١.

(٤) القلقشندي: صبح الأعشى، ج١٤، ص ٤٤٠.

(٥) المصدر نفسة, ج ١٤, ص ٤٤٠.

(٦) إبن واصل: مفرج ، ج٣، ص ٢٧٦؛ ابن العميد: المصدر السابق، ص ٨.

(٧) مؤلف مجهول: تأريخ الرهاوي، ج ، ص ٢٧١.

(٨) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٤١٧.

(٩) أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ٢٩؛ إبن واصل، مفرج ، ج٤، ص ص ١٠٤ - ١٠٥؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢١٥؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٥.

(١٠) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد, ص ٤١٧.

ناكرێت مەلیكێكی بەهێز و بەتوانای وەكو مەلیك (الكامل) كە لەسەردەمی ئەودا دەولەتی ئەیوبی لە بەهێزیدا بوو بەردەوام خەریكی خواردنەوە بێت.

مەلیك (العادلی دووەم)یش یەكێك بووە لەو پاشایانەی ئارەزوو بە ڕابواردن و كات بەسەربردنێكی خۆش كردووە و لەم پێناوەشدا پارەیەكی زۆری خەرج كردووە[1]. بۆیە دەبینین كاتێك هەواڵی گیرانی مەلیك (الصالح)ی برای لەلایەن مەلیك (الناصر داود)ی ئامۆزای پێ دەگات، بەهۆی هاتنی بۆ دەسەلأتی مصر ئاهەنگ و خوانێكی گەورە ساز دەكات بەجۆرێك خواردنەوەی خۆش بۆ ئامادەبووان ئامادە دەكرێت، وەكو شەربەتی لیمۆ ئەگەرچی بەپێی سەرچاوەكان گوایە هەزار و پێنج سەد بەرداخ شەربەتی لیمۆ بۆ میوانەكان ئامادەكراوە, كە دەكرێت و ڕێگە پێدراوە گومان لەو ژمارە زۆرەی شەربەت و خواردنەوەكان بكرێت, بەلأم ئەمە بەلگەیەكی گرنگ بەدەستەوە دەدات كە مەلیك (العادلی دووەم), بەهۆی هاتنی بۆ سەر دەسەلأت ئاهەنگ و خوانێكی گەورە و ڕازاوەی سازكردووە و خەڵكێكی زۆریش لە ئاهەنگەكەدا ئامادەبوونە[2].

مەلیك (الصالح)یش ئەگەرچی زۆر هۆگری مەی خواردنەوە نەبووە، بەلأم لەكاتی ئاهەنگەكاندا بڕێكی كەمی خواردووەتەوە بەجۆرێك كاریگەری لەسەر نەكردووە و سەرخۆش نەبووە[3].

زۆرجاریش لەكاتی ڕوودانی كارەساتێكی ناخۆش كە كاریگەری كردووەتە سەر مەلیك (الصالح) و خەمێكی زۆری خواردووە ، بۆ ڕەواندنەوە و كەمكردنەوەی ئەم خەم و كۆستە گەورەیەی بەسەری هاتووە پەنای بۆ مەی خواردنەوە بردووە، هەروەكو كاتێك مەلیك (المظفر)ی خاوەنداری شاری (حماه) نەخۆشی مردن و كۆتایی هاتنی ژیانی تووش دەبێت، مەلیك (الصالح) بەزانینی ئەو هەواڵە زۆر خەم دەخوات و دەست دەكات بە خواردنەوە[4].

سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن، مەلیك (الصالح) لەوكاتەی بە مەمالیكەكانی خۆی ڕاگەیاندووە بچن مەلیك (العادلی دووەم)ی برای لە بەندینخانە بكوژن خەریكی خواردنەوە بووە[5]. بەلأم ناكرێت ئەو بڕیارە گرنگەی لەو كاتە دابێت كە سەرخۆش بووە.

سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە مەلیك (الصالح) مەی خواردۆتەوە, بەلأم ئامۆژگاریەكانی بۆ (تورانشاه)ی كوڕی باشترین بەلگەن بۆ بێبەری بوون و دووری مەلیك (الصالح) لە مەی خواردنەوە[6]

---

(١) إبن واصل: مفرج ، ج٥، ص ص ١٧٤ - ١٧٥؛ ابن العميد: المصدر السابق ، ص ٣٥؛ المقريزي: المواعظ، ج٣ ، ص ٤١٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٣١٠.

(٢) إبن دقماق: المصدر السابق، ص ١١١؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ٣٩٨.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ص ٢٧٠ - ٢٧١؛ الخزنداري: المصدر السابق، ص ٢٧؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٦ ، ص ٣٥.

(٤) الخزنداري: المصدر السابق، ص ٣٢.

(٥) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص٤٦٢.

(٦) النويري : المصدر السابق , ج٢٩ , ص ٣٤٧. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی وەسیەتی مەلیك (الصالح) بۆ مەلیك (تورانشاه)ی كوڕی بنۆڕە: النويري: المصدر السابق، ج٢٩، ص٣٤٠ - ص ٣٥٤.

ئەو کەل و پەلانەی پاشاکانی ئەیوبی بۆ خواردنەوە بەکاریان هێناوە بە شێوازێکی زۆرجوانی هونەریی کە وێنەی ڕووەك و ئاژەڵی بە زێڕ و زیو دروست کراوی لەسەر نەخشێندراون جوانیەکی شاهانەی بەو کەل و پەلانە بەخشیوە[1].

ئەگەرچی مەلیك (الصالح) لەکاتی نەخۆش بوونی و پێش مردنی وەسیەتێکی بۆ (تورانشاه)ی کوڕی بەجێهێشت و داوای لێکرد کە مەی نەخواتەوە، چونکە سەرچاوەی کێشە و بەڵایە بۆی و دەسەڵاتی لاواز دەکات و بەرەو لەناوچوونی دەبات[2]، بەڵام مەلیك (تورانشاه) کاری بە ئامۆژگاریەکانی باوکی نەکردوو و لەگەڵ خواردنەوە بووە هاوڕێیەکی باش، بۆیە لەوکاتەی لەساڵی (٦٤٨ك/ ١٢٥٠م) لەکاتی ئاهەنگ گێڕانی بە بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر خاچیەکان و خەریك بوونی بە خواردنەوە لەلایەن مەمالیکەکانی باوکیەوە هێرشی دەکرێتە سەری و دەکوژرێت[3].

---

(١) جمال جميل اسعد: الزجاج الاسلامى في العصر العباسى, مجلة سوبارتو, العدد: ٦ – ٧, (اربيل: ٢٠١٤), ص ص ١٥٨ - ١٥٩.

(٢) النويري: المصدر السابق، ج ٢٩، ص ٣٤٧.

(٣) ابن كثير: البداية، ج١٧، ص ٣٠٧؛ الخزنداري: المصدر السابق، ص ٦٣.

## تەوەری دووەم: جل و بەرگ و پۆشاکی پاشایانی ئەیوبی:

زانیاری و دەنگوباس بەشێوەیەکی گشتی لەسەر جل و بەرگ و پۆشاك لە شارستانیەتی ئیسلامی کەمە و دەگمەنە، چونکە مێژوو نووسانی موسڵمان لایان جوان نەبووە دەربارەی دیمەن و شێوەی دەرەوەی مرۆڤ بنووسن و ئەم لایەنەیان فەرامۆشکردووە بەو پێیەی ناخ و جەوهەر و کەسایەتی گرنگە و بنەڕەتییە نەك جل و بەرگ و ڕووخساری[1] سەرەڕای نەبوونی زانیاری زۆر و ورد لەبارەی جل و بەرگی پاشایانی ئەیوبی، بەڵام ئەوە دەزانین کە بە پێی کات و شوێن جۆری جل و بەرگیان دیاری کراوە، بۆ ئەوەی زانیاریەکان جوانتر و باشتر بگەیەنین جل و بەرگی پاشایانمان بۆ سێ بەش دابەشکردووە:

### یەکەم: جل و بەرگی ڕەسمی (فەرمی):

پاشایانی ئەیوبی جل و بەرگی جۆراوجۆریان پۆشیوە و کات و شوێنەکە جۆری جلەکەی دیاری کردوون، جل و بەرگیشیان لەسێ بەش پێکهات بوو ئەوانیش کەل و پەلی سەر پێچانەوە و جلی داپۆشینی جەستە بوو[2]. جلی سەر پێچانەوەش بەشێکی گرنگی جل و بەرگ بووە، پلەی کۆمەڵایەتی لە پاشاوە تاوەکو خزمەتکار جۆری مندیل (جەمەدانی)یەکەی دیاری دەکرد[3].

پاشایانی ئەیوبی بۆ داپۆشینی سەریان کڵێتەی زەرد[4] و سەرپۆش (طربوش)[5] ڕەنگی ڕەشیان لەسەر کردووە[6]. هەروەکو مەلیك (الکامل) کڵێتەی زەردی بەبێ (الشاش)[7] بەتایبەت لەکاتی بۆنە و جەژنەکاندا لەسەرکردووە[8] و

---

(١) زرار سدیق تۆفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤.

(٢) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد, ص ٤٨٢؛ حسن ابراهيم حسن: المرجع السابق، ج٤، ص ٦٤٠.

(٣) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد, ص ٤٨٢؛ ئاراس اسماعيل خضر: الملابس في تصاوير مقامات الحريري من مخطوطة (يحيى بن محمود الواسطي) في بغداد (٦٣٤هـ - ١٢٣٧م)، رسالة ماجستير, كلية الاداب, جامعة صلاح الدين، (أربيل: ٢٠٠٩)، ص ٦١.

(٤) کڵێتە: وشەیەکی فارسی – کوردی هاوبەشە و لەشێوەی کڵاودایە و لە صوف دروستکراوە و پاشایانی ئەیوبی لەسەریان کردووە. البقاعي: إظهار العصر الاسرار أهل العصر (تأريخ البقاعي)، تحقيق: محمد بن سالم بن شديد العوفي، ط ١، (الرياض: ١٩٩٢)، ق٢، ص ٨٩؛ فائیزە محمد عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی یەك, ل ١٢٩.

(٥) سەرپۆش (طربوش): وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (سەر) و (پۆش) پێکهاتووە هاوشێوەی کڵێتە، پاشایانی ئەیوبی لەسەریان کردووە. حسان حلاق: المرجع السابق، ص١١٣.

(٦) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ١٧٩؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤، ص ٣؛ ماير: الملابس المملوكية, ترجمة: صالح الشيتي, الهيئة المصرية العامة للكتاب, (القاهرة: ١٩٧٢), ص ٥٣.

(٧) الشاش: پارچە قوماشێکی سپیە لە دەوری کڵێتە یاخود سەرپۆش دەبەسترێت, بەڵام هەندێکجاریش بە تەنها دەبەسترێت. رينهارت دوزي: المرجع السابق، ج٦، ص ٣٨٠.

(٨) العيني: المصدر السابق، ج٤، ص ١٦٧.

و زۆرجاریش سەرپۆش (طربوش)ی لەسەرکردووە[1] مەلیك (الصالح)یش هاوشێوەی مەلیك (الكامل)ی باوکی کلێتە و سەرپۆشی لەسەرکردووە[2].

دەربارەی پۆشاکی ڕووی خوارەوەی پاشایانی ئەیوبی ئەوەندە زانیاریمان هەیە کە پاشاکان شەرواڵیان (سروال) وەکو جلێکی باوی ئەو سەردەمە لەبەرکردووە بەبێ ئەوەی ناوی هیچ پاشایەکی ئەیوبی بێت[3]. لەگەڵیشی چوخکێ (الجوخ)[4] چۆغەریان بەتایبەت لە ڕۆژی باران باریندا لەبەرکردووە[5]، ناو قەدیشیان بە پارچە قوماشێکی درێژ بەستۆتەوە بە مەبەستی گورج و گۆڵی و خۆشڕەوی[6] کە بە هەیاسە (الحیاصة) کەمەر بەند[7] ناسراوە[8].

تاڵەشان (الطیلسان)یش کە بریتی بووە لە پارچە قوماشێکی بێ نەخش کە لە صوف یان کەتان دروستکراوە، کردوویانەتە سەرشان و ملیان و بەسەر پشتیان شۆڕبۆتە خوارێ[9].

ئەو کەسەی هەڵدەستا بە ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی جل و بەرگی پاشا پێی دەوترا (الجمدار)[10]. مەلیك (الكامل) زۆر ئارەزووی لەبەرکردنی جل و بەرگی کەتانی کردووە، ئەو جلانەی لەبەریشی کردوون زۆربەیان لە قوماشی کەتان دروست کرابوون[11].جلی کەتانیش بەهۆی نەرمیەکەی لەڕووی تەندروستیەوە لەبەرکردنی بەسوودە و زیان بە جەستە ناگەیەنێت[12].

مەلیك (الصالح) بەهۆی ئەوەی زۆر گرنگی بە پاك و خاوێنی و خۆ ڕازاندنەوە داوە, بەردەوام بە جل و بەرگی جوان دەرکەوتووە.

---

(١) الیونیني: المصدر السابق، ج٢، ص ٢١٥؛ إبن الفرات: المصدر السابق، مج ٤، ج٢، ص ٢٨٣؛ مؤلف مجهول: تاریخ دولة الاکراد، ص ٤٨٢.

(٢) الكتبي: المصدر السابق، ج١٠ ، ص ٣٣.

(٣) إبن الجوزي: المصدر السابق، ج١ ، ص ١٧٧.

(٤) چوخكێ یان چۆغەر: ئەو جلە لە مووی بزن بەتایبەت بزنە مەرەز دروست دەکرێت. القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤، ص ص ٨، ٤٤. تاوەکو ئێستاش لە ناوچەکانی کوردستان ئەو جۆرە جلە دروست دەکرێ.

(٥) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٣، ص ٣٩٧؛ المقریزي: المواعظ، ج٣، ص ١٧٨.

(٦) زرار سدیق تۆفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

(٧) هەیاسە (الحیاصة) پشتدێن: پارچە قوماشێکی درێژە و بە زێر ڕازێنراوەتەوە پاشایانی ئەیوبی لە پشتی خۆیان بەستووە. القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤، ص ٤٢.

(٨) المقریزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٩٦؛ مایر: المرجع السابق, ص ص ٤٩ - ٥٠.

(٩) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٥، ٢٦١؛ صبیحة رشید رشدي و هناء عبدالجلیل پرتو: الملابس العربیة و تطورها في العهد الإسلامیة، مطبعة علاء، (بغداد: ١٩٨١)، ص ص ٥٩ - ٦٠.

(١٠) الجمدار: لە دوو وشەی هاوبەشی فارس — کوردی پێکهاتووە یەکەمیان (الجمـ) بە مانای جل دێت و دووەمیشیان (دار) بە مانای هەڵگری جلی مەلیك دێت. القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ص ٤٣١؛ الكناني: المصدر السابق، ص ص ١٠٩ - ١١٠.

(١١) ابن كثیر: البدایة، ج١٣، ص ٨.

(١٢) مانفرد اولمان: المرجع السابق، ص ١٦٣.

مەلیك (تورانشاه)ی کوڕیشی زۆر گرنگی بە جل و بەرگی داوە تەنانەت لەوکاتەی دەکوژرێت لەساڵی (٦٤٨ك/١٢٥٠ز) جلێکی زۆر جوان و زێڕینی لەبەربووە[(١)].

**دووەم: جل و بەرگی بۆنەکان:**

پاشاکانی ئەیوبی شوێن و کات وەکو هەموو مرۆڤێك جۆری جل و بەرگی دیاری دەکردن، بەجۆرێك بۆ هەر بۆنەیەکی خۆش و ناخۆش جل و بەرگی تایبەت بەو بۆنەیان لەبەرکردووە لەو بۆنانەش:

**أ- جل و بەرگی هاتنیان بۆ دەسەڵات:**

لەکاتی هاتنی مەلیکێکی نوێ بۆ حوکم سەرەڕای ئاهەنگ گێڕان و خۆشی لەلایەن دۆست و لایەنگرانی پاشا، لەهەمان کات ناوی پاشای نوێ بە مەراسیم ڕادەگەیەنرا، بەجۆرێك پاشاکان جل و بەرگی تایبەت بەو بۆنەیان لەبەردەکرد، وەکو مەلیك (العزیز) کاتێك لەساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز) هات بۆ حوکم بەو بۆنەیەوە جلێکی فراوان و جوانی لەبەرکرد کە دەکرێت شەڕوال (سروال) بێت لەگەڵ جوبەیەکی ڕەش لەگەڵ (عمامة السوداء) عەمامەی ڕەش[(٢)]ی ڕازێندراو و ڕووپۆش کراو بە زێڕ وەکو نەریتێك کە لەلایەن خەلیفەی عەباسی بۆ مەلیکی نوێ دەنێردرا سەبارەت بە ڕەنگی ڕەشیش نیشانەی عەباسیەکان بوو[(٣)]، هەروەها تاجێکی جوان و ڕازاوە بە زێڕ و مەرجانی لەسەر کرد[(٤)]. مەلیك (العزیز) لە کۆشکەکەیدا ڕەچاوی شوێنی جل گۆڕینی کرابوو, بەجۆرێك شوێنێکی گەورەی کۆشك تایبەت کرابوو بە شوێنی جل گۆڕینی پاشا و لەلایەن خزمەتکارەکانیەوە بە شوێنێکی پیرۆز و ڕێزلێگیراو سەیرکراوە کە هەموو جۆرە جل و بەرگێك و پێڵاوێکی جوان و گرانبەهای پاشای لێبوو[(٥)].

کاتێکیش مەلیك (العادل) دەسەڵاتی گرتە دەست بە هەمان شێوە جبەیەکی شینی زێڕپۆش و عەمامەیەکی ڕەشی زێڕپۆشی و تاجێکی زێڕینی لەسەرکرد کە لەلایەن خەلیفەی عەباسی بۆی نێردرابوو[(٦)].

---

(١) إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٧٣.

(٢) عەمامەی ڕەش (عمامة السوداء): گرنگترین جلی سەرپۆشین بوو لای عەرەبەکان لەوکاتەی مەلیکی نوێ هاتۆتە سەر دەسەڵات، خەلیفەی عەباسی جلی تایبەتی بۆ مەلیکی نوێ دەنارد و ئەوانیش لەبەریاندەکرد یەکێك لەو جلانەش (عمامة السوداء) عەمامەی ڕەش بوو کە ڕەنگی ڕەش نیشانەی عەباسییەکان بووە و بە چەندین شێوەی جیاواز دەبەسترا. ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٢١٣؛ أبوالفداء: المختصر، ج٣، ص ص ١٠٩، ١٢٤.

(٣) إبن العديم: المصدر السابق، ج١، ص ٤٧٠؛ ابن حجر: أنباء الغمر، ج٤، ٧٩؛ ماير: المرجع السابق, ص ٣٩.

(٤) الصفدي: الوافي, ج١٩, ص ٣٤٠.

(٥) المصدر نفسة, ج١٩, ص ٣٤٠.

(٦) إبن شداد: النوادر، ج١، ص ١١٥؛ إبن واصل: مفرج، ج٣، ص ١٨١؛ إبن كثير: البداية، ج١٣، ص ٥٩؛ ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٢١١.

بەهەمان شێوەش کاتێك مەلیك (الكامل) لەساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز)[١] و مەلیك (الصالح) لەساڵی (٦٣٧ك/١٢٣٧ز) دەسەڵاتیان گرتە دەست هەمان ئەو جلەیان لەبەرکرد کە پاشاکانی دیکەی ئەیوبی لەبەریان کردووە کە لەلایەن خەلیفەی عەباسی بۆیان نێردرابوو[٢].

**ب- جل و بەرگی پرسە:**

پاشایانی ئەیوبی لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا و بەتایبەت لەکاتی لەدەستدانی کەسە ئازیز و خۆشەویستەکانیان جل و بەرگی سپیان وەکو نیشانەیەکی خەمباری پۆشیوە، هەروەکو مەلیك (الكامل) کاتێك مەلیك (المسعود)ی کوڕی لەساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٨ز) کۆچی دوایی دەکات جلی سپی لەپرسەکەیدا دەپۆشێت[٣] ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕەنگی ڕەش نیشانەی عەباسیەکان و سەوزیش نیشانەی شیعەکان بوو هێمای خەمیش بوو لەلایان, ئەیوبیەکانیش بەهۆی ئەوەی سوننە مەزهەب بوون و ڕۆڵیان هەبوو لە لە ناوبردنی دەوڵەتی شیعەی فاطمی[٤] بۆیە سەرەڕای لەناوبردنی دەسەڵاتەکەیان دەیانویست کۆتایش بە داب و نەریتیان بهێنن.

بەهەمان شێوەش لەوکاتەی کە مەلیك (الصالح) لەساڵی (٦٤٧ك/١٢٤٩ز) دەمرێت میر و مەلیکەکان جلی سپی دەپۆشن و پرچە درێژەکانیان بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویسترین کەسیان دەبڕن و ئەو خەمە گەورەیە لەکۆڵ دەگرن و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە گەورەکەیان دەکەن[٥].

**جـ - جل و بەرگی خواردن و خواردنەوە:**

هەندێ لە پاشایانی ئەیوبی بۆ ئەوەی تام و چێژی زیاتر لە خواردن و خواردنەوەکان وەربگرن و بە ئاسوودەیی نان بخۆن جلێکی تایبەت کە نەرم و فراوان بووە لەبەریان دەکرد، هەروەکو مەلیك (الكامل) لەپێش ئەوەی نان بخوات یاخود بەشداری لە ئاهەنگە شەوانەکانی ناو کۆشکەکەی بکات جل و بەرگی ڕەسمی دادەکەند و جل و بەرگی تایبەت بە ئاهەنگ و خواردن و خواردنەوە کە زیاتر جلێکی فراوان و نەرم بووە پۆشیووە[٦].

---

(١) ابن واصل: مفرج, ج٤, ص ص ١٧٥ - ١٧٦؛ الذهبي: تأريخ الإسلام, ج٤٢، ص ٢٩؛ المقريزي: السلوك, ج١, ص ٣٤٣.

(٢) إبن العميد: المصدر السابق، ص٣٤؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤، ص ٣٥٠؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٤٢٥.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٤، ص ٢٦١؛ إبن العميد: المصدر السابق، ص ١٦؛ المقريزي: السلوك، ج ١، ص ٣٥٨.

(٤) فاطميەکان: دەوڵەتێکی شیعی بوو لەوڵاتی مغرب لەلایەن (عەبدوڵلا مەهدی) لەساڵی (٢٩٧ك/٩١٠ز) دروست بوو کە خۆیان بە نەوەی (فاطمة)ی کچی پێغەمبەر (د. خ) دادەنا و بۆ ماوەی دوو سەدە و حەفتا ساڵ حوکمڕانیان کرد تاوەکو لەساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) لەلایەن سلطان (صلاح الدين) ی ئەیوبی ئەم دەوڵەتە ڕووخێنرا و کۆتایی پێ هات. سنوری ئەم دەوڵەتەش ولاتی (مصر، تونس، جەزائیر، مەغریب, بەشێکی شام)ی گرتبۆوە. إبن الجزري: المصدر السابق، ج١، ص ١٩؛ المقريزي: اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، تحقيق: جمال الدين الشيال، المجلس الأعلى للشؤن الإسلامية، لجنة إحياء التراث الإسلامي، ط ١ ، (د. م. ت)، ج٣, ٣٣١؛ محمد فريد: المرجع السابق، ج١، ص ٥٣.

(٥) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص ٢١٨.

(٦) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص٤١٧.

٣- جل و بەرگی شەڕ:

سەرەڕای نەبوونی زانیاری تەواو و بەردەست و یارمەتی نەدانمان لەلایەن سەرچاوەکان تاوەکو جل وبەرگی شەڕکردنی پاشایانی ئەیوبی بخەینەڕوو.

بەلاّم بەهۆی هەبوونی شەڕ و ململانێی بەردەوامیان لەگەلّ خاچپیەکان گرنگیان بە جل و بەرگی جەنگی داوە، بەجۆرێك جل و بەرگی پاشاکان لەگەلّ سەربازێکی ئاسایی زۆر جیاوازی هەبووە[١].

دەبینین مەلیك (العادل) لەکاتی هێرشی خاچپیەکان بۆسەر شاری عەککا لەساڵی (٥٨٧ك/١١٨٧ز) لە مەیدانی جەنگ مەندیلێکی بە مەبەستی پاراستنی خۆی لە گڕوتینی گەرما لەسەری خۆی بەست بوو[٢].

مەلیك (الکامل)یش سەرەڕای لەبەرکردنی جلی سوف و ئاوریشم (نطاق) قایشێکی لەگەلّ شمشێرەکەی لەناو قەدی خۆی بەستووە[٣] و پاشاکان بەسواری ئەسپە ڕەسەن و ڕازاوەکان کە قوماشی سوف و ئاوریشم نەخشێندراوی بە زێڕ لەسەر پشتی ئەسپەکان وەکو زین بۆیان دانرابوون دەچوونە مەیدانی شەڕ و لەش و لاقی ئەسپەکانیش بە بەرگی ئاسنین دەپارێزرا تاوەکو ئەسپ و ئەسپسوار پارێزراوبن و ژیانیان نەکەوێتە مەترسیەوە[٤].

---

(١) عبدالمجید غفور ابراهیم: الحیاة الاجتماعیة في بلاد الشام في عصر الأیوبي (٥٦٩ – ٦٥٨ هـ/ ١١٧٣ – ١٢٦٠ م)، رسالة دکتوراه, کلیة الاداب, جامعة صلاح الدین، (أربیل: ٢٠٠٠) ، ص ٩٣.

(٢) إبن شداد: النوادر ج١ ، ص ٥٨.

(٣) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٣، ص ٣٩٧.

(٤) القلقشندي: صبح الاعشی ، ج٤ ، ص ٤٣.

## تەوەری سێ یەم: کۆشك و تەلاری پاشایانی ئەیوبی:

پاشایانی ئەیوبی بۆ نیشتەجێ بوونی خۆیان و مندالەکانیان و بەکارهێنانیان وەکو بنکەی سەرەکی شوێنی ژیان و حوکمڕانیکردنیان چەندین کۆشك و تەلاری جوان و ڕازاوەیان دروست کردبوون کە هەتاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ هەندێك ماون و خەلك وەکو سیمایەکی دیاری شارستانیەتی ئەیوبیەکان لە ولاتی مصر سەیریان دەکات لە گرنگترین ئەو کۆشك و تەلارانەش:

### ١- دار الوزارة:

یەکێك بوو لەو کۆشکانەی کە لە سەردەمی حوکمڕانی دەولەتی فاطمیەکاندا لەولاتی مصر لەلایەن (بدر الجمالي أمير الجيوش)[١] دروست کرابوو، کە ببووە شوێنی نیشتەجێ بوونی خەلیفەکانی فاطمی و بنکەی دەسەلاتیان[٢]، بەلام دوای کۆتایی هاتنی دەولەتی فاطمی لەسالی (٥٦٤ك/١١٦٨ز) سولتان (صلاح الدين) کردیە شوێنی مانەوەی خۆی و خێزانی و بنکەی دەسەلاتی[٣] دواتر بووە بنکەی دەسەلاتی مەلیك (العزيز) کوڕی و مەلیك (المنصور) نەوەی[٤] تاوەکو لەسالی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) مەلیك (الكامل) (قلعة الجبل)ی تەواوکرد و کردیە بنکەی مانەوە و دەسەلاتی خۆی و کوڕەکانی[٥].

### ٢- قلعة الجبل:

یەکێك لەو کۆشکە جوان و ڕازاوانەی کە بە تەواوەتی سیمای بیناسازی ئەیوبیەکانی پێوە دیارە[٦]، لەسەردەمی سولتان (صلاح الدين) لەسالی (٥٧٢ك/١١٧٦ز) وەکو شوێنی ژیان و حوکمڕانی کردن لە قاهیرە لەلایەن (بهاءالدين قراقوش) دروستکرا[٧] گەڕەکەکەش کە ئەو قەلایەی تێدا دروستکراوە بە گەڕەکی (حي القلعة)

---

(١) بدر الجمالي أمير الجيوش: بدر الجمالي أبو النجم مەمالیکی (جمال الدولة)ی حاکمی طرابلس بووە و چۆتە شام و دواتر چۆتەو ولاتی مصر و لەسالی (٤٦٦ك/ ١٠٧٣ز) پلەی وەزیری وەرگرتووە. إبن الأثير: الكامل، ج٨، ص ٤٠١؛ إبن حجر: رفع الإصر عن قضاة مصر، تحقيق: على محمد عمر، مكتبة الخانجي، ط ١، (القاهرة: ١٩٩٨)، ج١، ص ٩١.

(٢) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣، ص ٥٠١.

(٣) المقريزي: اتعاظ الحنفا، ج٣، ص ٣٠٩.

(٤) المقريزي: المواعظ، ج٢، ص ٣٤٣؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣، ص ٤٢١.

(٥) المقريزي: المواعظ, ج٣ ، ص ٣٥٧؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٢٨٤. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی دروست کردن و پێکهاتە و بەشەکانی (دار الوزارة) بنۆڕە: المقريزى: المواعظ, ج٢، ٣٤٣ - ٣٤٥؛ سيپان حسن بنگلى: المرجع السابق، ص ص٣٢ - ٣٦.

(٦) المقريزي: السلوك,ج١, ص ٣٠٣؛ أحمد شلبي: المرجع السابق، ج٢، ص ٦٢١؛ يحيى وزيري: العمارة الإسلامية والبيئة، عالم المعرفة، (الكويت: ١٩٧٨)، ج٣، ٣٠٠، ص ٧٤.

(٧) إبن الأثير: الكامل، ج٩، ٤٢٤؛ سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢١، ص ص ٤٢٤ - ٤٢٥؛ابن كثير: البداية، ج١٢، ص ٢٩٧؛ المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٥٢.

ناسراوە[1] لە فێنكترین و باشترین شوێنی قاهیرە لەسەر چیای (المقطم) دروست كرابوو كە ئەم چیایە ببووە بەربەستێكی سروشتی بۆ قەڵاكە[2] و قەڵاكەش لە دوو بەش پێكهاتبوو بەشی باكوور و باشوور، لەبەشی باكوور چەند قەڵایەكی جەنگی دروستكرابوون، لەبەشی باشووریش كۆشكی پاشا و پاشكۆی قەڵاكە و تەوێڵەی ئەسپەكانی لێبوو[3].

سوڵتان (صلاح الدين) و دواتر كوڕەكانی (العزيز) و (المنصور) كردیانە بنكەی خۆیان[4] كە تا ئەوكات كۆشكەكە بەتەواوی دروست نەكرابوو، تاوەكو مەلیك (الكامل) لەساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) تەواوی كردوو تێیدا نیشتەجێ بوو، دواتریش مەلیك (العادل دووەم)ی كوڕی لەساڵی (٦٣٨ ك/ ١٢٣٠ز) و (الصالح) كوڕی دوای وەرگرتنی دەسەڵات تێدا نیشتەجێ بوون[5].

### ٣- كۆشكی العادلية:

ئەو كۆشكە مەلیك (العادل) لەساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) لە گوندی (العادلية) لە كەنداوی (أشموم)[6] لە نزیك (دمياط) دروستی كرد[7]. شوێنە خۆش و دڵگیرەكانی ناوچەی (أشموم) و (دمياط) بەهۆی ئەوەی ناوچەیەكی بە ئاو و ئاوێزگەبوون و دارو درەختی زۆر بوو وای لە مەلیك (العادل) كرد ئەو كۆشكە لەو شوێنەدا دروست بكات و لەوێ بمێنێتەوە تاوەكو لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) دەمرێت[8].دواتریش مەلیك (الكامل)ی كوڕی دوای هاتنی بۆ دەسەڵات هاوشێوەی كۆشكەكانی دیكەی تێدا نیشتەجێ بوو[9].

---

(١) دوڕییە عەونی و چەند نووسەرێكی دیكە : كورد لە میسر بەدرێژایی سەدەكان ، وەرگێڕانی بۆ كوردی: حوسێن مستەفا، خانە و چاپەمەنی سۆران، چ١، (ب. ش: ٢٠١٣)، ل ٤٥.

(٢) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٥٥؛ عبدالفتاح عاشور: مصر والشام في عصر الأيوبين والمماليك، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٧٢)، ص ١٤٦.

(٣) المقريزي: المواعظ ، ج٢، ص ص٢١٠؛ جومار: وصف مدينة القاهرة و قلعة الجبل، ترجمة: أيمن فؤاد سيد، مكتبة الخانجي، ط ١، (القاهرة: ١٩٨٨)، ص ٣٠.

(٤) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ١٢٥ ؛ إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٠.

(٥) إبن واصل: تاريخ الصالحي، ج٢، ص ٥٢؛ المقريزي: المواعظ، ج٤، ص ٢٢٢؛ عبدالرحمن زكي: قلعة صلاح الدين الأيوبي و ما حولها من الآثار، الهيئة المصرية عامة، (الجمهورية العربية المتحدة: ١٩٧١)، ص ص ٤٣ - ٤٤. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چۆنیەتی دروست كردن و پێكهاتە و بەشەكانی (قلعة الجبل) بنۆڕە: إبن واصل: مفرج، ج٢، ص ص ٥٢ - ٥٤؛ المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ص ٣٥١ - ٣٥٣؛ سيبان حسن على بنگلى: المرجع السابق، ٣٦ - ٥٤ .

(٦) أشموم: كەنداوێكە لە مصر لە نزیك دمياط. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص ص ٢٠٠، ٣٢٠، ٥٣٧.

(٧) إبن واصل: تاريخ الصالحي، ج٢، ص ١٥.

(٨) أبو شامة: عيون الروضتين، ج٤، ص ٢٣٠؛ ابن فضل للة العمري: المصدر السابق، ج١، ص ٩٦.

(٩) إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٣٠٥؛ إبن واصل: مفرج، ج٤، ص ١٥؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ص ٣٩٩ - ٤٠٠.

### ٤- کۆشکی (المنصورة):

دوای ئەوەی مەلیك (الكامل) لە ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز) توانی گەمارۆی شاری (دمياط) دوای ساڵێك و چوار مانگ و بیست ڕۆژ بشکێنێت و بە مەبەستی پاراستنی وڵاتی مصر لە مەترسی خاچیەکان هەر لەو ساڵەدا کۆشکی (المنصورة)ی لەسەر کەنداوی (أشموم) لەنێوان قاهیرە و دمیاط دروست کرد[١].

بەهۆی سەرکەوتنی بەسەر خاچیەکان لە دمیاط بۆیە شارەکە بە (المنصورة) بە واتای (سەرکەوتن) ناسرا[٢]. سەرەڕای دروستکردنی چەندان قەڵای سەربازی و دانانی سەرباز لەو قەڵایانەدا کۆشکێکیشی بۆ مانەوەی خۆی و منداڵەکانی دروست کرد[٣].

مەلیك (الكامل) کۆشکەکانی خۆی بە هەموو جۆرە دار و درەختێك ڕازاندبۆوە و ئارەزووی زۆری بە ڕواندنی دار و درەخت و سەوزای کردووە[٤].

### ٥- کۆشکی (جزيرة الروضة):

مەلیك (الصالح) وەکو هەموو پاشایانی دیکەی ئەیوبی گرنگی بە دروستکردنی کۆشك و تەلار داوە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون و گەشت کردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ منداڵ و میر و کەسە نزیکەکانی[٥]، کۆشکەکانیشی لە خۆشترین و باشترین و ستراتیژیترین شوێنی وڵاتی مصر دروستکردووە ، وەکو کۆشکی (جزيرة الروضة) کە لەسەر ڕووباری نیل دروستی کرد[٦]، لە ساڵی (٦٣٨ك/١٢٤٠ز) دەست بە دروستکردنی کرا و بۆ ماوەی سێ ساڵ دروست کردنەکەی تەواوکرا[٧].

لەسەرەتادا دەستکرا بە خۆشکردنی ئەو زەویەی کە کۆشکەکەی لێ دروست دەکرا بۆیە بۆ ئەو مەبەستە دەستکرا بە تێکدانی مزگەوت و کەنیسە و بڕینەوەی دارەکانی ناوچەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم کۆشکە لەسەر ڕووبەرێکی گەورە و بەرفراوان دروستکراوە[٨].

---

(١) إبن العميد: المصدر السابق، ص ١١؛ إبن عبد الحق: مراصد الأطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، ط ١، (بيروت: ١٤١٢)، دار الجليل، ج٣، ص ١٣٢٢؛ إبن خلدون: المصدر السابق، ج٧، ص ٦٩٣.

(٢) سعيد علي الحريري: المرجع السابق، ص ٣٠٢.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٤، ص ٣٣؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٢٧؛ إبن أياس: بدائع، ج١, ص ٦٤.

(٤) المقريزي: المواعظ, ج٣, ص ٣٩٨.

(٥) المقريزي: سلوك، ج١، ص ٤٤٣؛ عبدالمنعم ماجد: المرجع السابق، ص ص ١٤٠ - ١٤١.

(٦) الاشرف الغساني: المصدر السابق، ج٢، ص ٥٠٢؛ عبد العال عبدالمنعم الشامي: مدن مصر و قراها عند ياقوت الحموي، ط ١، (الكويت: ١٩٨١)، ص ٥٣؛ شوقي ضيف: عصر الدول والأمارات مصر، دار المعارف، ط٣، (القاهرة: د. ت)، ص ٣٢.

(٧) إبن واصل: مفرج، ج٥، ص ٢٧٨؛ المقريزي: المواعظ، ج٤، ص ٤٣٢.

(٨) المصدر نفسه، ص ٣٢١.

کۆشکێکی جوان و ڕازاوە و باخچەیەکی گەورە و شاهانەی ڕازاوە بە هەموو جۆرە دارێکی بەردار و بێ بەر و پڕ لە گوڵی بۆن خۆش بۆ مەلیك دروستکرا، لەگەڵ دروستکردنی شەست تاوەر بە دەوری کۆشکەکە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی مەلیك لەگەڵ مزگەوت و گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان بۆ ئەنجامدانی یاری تۆپێنی چۆغان[1].

مەلیك (الصالح) وەکو شوێن گرتنەوەی (قلعة الجبل) ئەم کۆشکەی دروستکرد[2] کە بە ناوەکانی (قلعة المنياس، قلعة الروضة، القلعة الجزيرة، قلعة الصالحية)ش ناسراوە[3]. مەلیك (الصالح) خۆی و منداڵ و مەمالیکەکانی تێیدا نیشتەجێ بوون[4]، دوای مردنیشی ئەم کۆشکە گرنگی پێ نەدرا و ژیان و خۆشی شاهانەیەکی ناو ئەم کۆشکە بۆ کۆشکێکی بێ دەنگ و هێمن و فەرامۆشکراو گۆڕا[5].

### ٦- کۆشکی الصالحية:

ئەم کۆشکە لە گوندی (العباسة) خۆشی بەباغ و بێستان و ئاویژگە لەساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٦ز) لەلایەن مەلیك (الصالح) دروستکرا[6]، ئەگەرچی گوندی (العباسة) بەهۆی خۆشی و فێنکیەکەی و بوونی باڵندە و ئاژەڵی جۆراوجۆر ببووە شوێنی ڕاوکردنی پاشایانی ئەیوبی بەتایبەت مەلیك (الكامل) کە هەر بۆ ئەم مەبەستە چەند باغ و باخچەیەکی دروست کردبوو، بەڵام ناوچەکە دوای دروست کردنی کۆشکی (الصالحية) زیاتر ناسرا, کە کۆشکەکە بە ناوی مەلیك (الصالح) ناسرا [7].

سەرەڕای دروستکردنی کۆشك لەلایەن مەلیك (الصالح) بۆ مانەوەی خۆی و منداڵەکانی و میرەکانی مزگەوت و بازاڕ و شوێنی مانەوەی بۆ سەربازەکانیشی دروستکرد[8]. بەهۆی ئەوەی مەلیك (الصالح) ئارەزووی بە ئەنجامدانی یاری تۆپێنی چۆغان دەکرد بۆیە گۆڕەپانێکی گەورەو ڕازێندراو و دەوردراو بەباغ و باغات بۆ ئەنجامدانی ئەو یاریە دروست کرد، لەکاتی پشوودانیش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ میر و کەسە نزیکەکانی ئەم یاری یەی ئەنجام دەدا[9].

---

(١) إبن واصل: مفرج، ج٥، ٣٣٤؛ المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٤٣.

(٢) المقريزي: سلوك، ج١، ص ٤١١؛ السيد الباز العريني: الشرق الأدنى في العصور الوسطى (الأيوبيون)، دار النهضة العربية، (القاهرة: د. ت)، ص ١٣٨؛ موسى مصطفى الهسنياني: السنوات الأخيرة من حياة دولة الكرد الأيوبية في مصر و بلاد الشام (٦٣٤ – ٦٥٨هـ/ ١٢٣٦ – ١٢٦٠م)، وزارة الثقافة، ط ١، (أربيل: ٢٠٠٧)، ص ١٧٣.

(٣) إبن واصل: مفرج، ج٥، ٢٧٨؛ السيوطي: حسن المحاضرة، ج٢، ص ٣٨١.

(٤) ابن تغري بردي: مورد اللطافة، ج٢، ص ص ١٦ - ١٧؛ الجبرتي: المصدر السابق, ج١، ص ٢٨؛ سامي محمد نوار: المنشآت المائية بمصر منذ الفتح الإسلامي وحتى نهاية العصر المملوكي دراسة آثرية المعمارية، دار الوفاء، ط ١، (الاسكندرية: ٢٠٠٠)، ص ٣٤.

(٥) إبن خلدون: المصدر السابق، ج٤، ص ٣٩٦.

(٦) إبن واصل: مفرج ، ج٥، ص ص ٣٧٨ - ٣٧٩؛ أبوالفداء: المختصر، ج٣، ص ١٨٠؛ إبن أياس: بدائع ، ج١، ص ٦٨؛ إبن خلدون: المصدر السابق، ج٥، ص ص ٤٣٠.

(٧) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٤٢٨؛ إبن الوكيل: المصدر السابق، ص ٥٩.

(٨) المقريزي: المواعظ، ج١، ص ٣٤١؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٤٣٣.

(٩) المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٣٤٦.

**٧- کۆشکی (برکة الکبش):**

مەلیك (الصالح) ئەو کۆشکەی لە ساڵی (٦٤٠ك/١٢٤٢ز) لەناوچەی (الکبش) لە وڵاتی مصر[١] لەنێوان هەردوو ناوچەی جوان و دڵگیر کە ئەوانیش (برکة الفیل) و (برکة قارون) بوون دروست کرد[٢].

بەهۆی خۆشی و ستراتیژی شوێنی کۆشکەکە، کە کەوتبووە سەر چیای (الکبش) و بەسەر شاری قاهیرە و فسطاط[٣] و کۆشکی (جزیرة الروضة)ی دەڕوانی، بۆیە بە کۆشکی (برکة الکبش) ناسرا[٤].

مەلیك (الصالح) لەو کۆشکەدا باخچە و باغی جوان و ڕازاوەی بە دار و گوڵزار و گۆڕەپانی تایبەت کە زیاتر بۆ گەشت کردن و پشوودان و ڕاوکردن و ئەنجامدانی یاری تۆپێنی چۆغان دروستکرد، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا کە گەرمای قاهیرە زۆر بێزارکەر بوو[٥].

---

(١) إبن شداد: تأريخ الملك الظاهر، ص ١٠٠؛ المقريزي: المواعظ، ج٣، ص ٢٣٨.

(٢) المصدر نفسة، ج٣، ص ٢٨٤؛ الکبريتي: رحلة الصيف والشتاء, تحقيق: محمد سعيد الطنطاوي، المكتب الإسلامي، (بيروت: ١٣٨٥هـ)، ج١، ص ٤٩.

(٣) فسطاط: شارێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری نیل لە وڵاتی مصر و شاری (جیزە) دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارەکە. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج ٢، ص ٢٠٠.

(٤) المقريزي: الذهب المسبوك، ص ٩٠؛ محمد كمال السيد: المرجع السابق، ص ٣٨٩.

(٥) ابن فضل الله العمري: المصدر السابق، ج٢٧، ص ٣٣٨.

## تەوەری چوارەم: گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشا و میرەکانی ئەیوبی و لەگەڵ میر و پاشایانی دەوڵەتانی دیکەی موسڵمان و ناموسڵمان:

ئەگەرچی زانیاریەکان کەم و دەگمەنن لەو لایەنەدا, بەڵام گۆڕینەوە و پێدانی دیاری لەنێوان پاشاکان بۆتە هۆی دروستبوونی سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکتری و بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا [1]، زۆرجاریش لەکاتی کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوان دوو وڵات یاخود دوو هێز یان لەکاتی بەستنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی، گۆڕینەوەی دیاری بۆتە هۆیەکی گرنگی خاو کردنەوە و کەم کردنەوەی کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان[2].

### ١- گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشا و میرەکانی ئەیوبی:

گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشاکانی ئەیوبی لە ئەنجامی هۆکارێکی گرنگ بووە، ئەو هۆکارەش دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستیان بووە بۆ یەکتری[3]. وەکو مەلیك (الأفضل)ی خاوەنداری دمشق چەندین دیاری گرانبەها کە پێکهاتبوون لە قوماشی جوان و نایاب و ئەسپی ڕەسەن، لەگەڵ چەندین کچی جوان و پاکیزە بۆ مەلیك (العزیز)ی برای خاوەنداری مصری نارد کە بەها و نرخی ئەو دیاریانە بە پارەیەکی زۆر مەزەندە دەکران[4].

لەساڵی (٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) هەریەکە لە خاوەنداری (حماه) و (حلب) چەندین دیاری گرانبەها و نایابیان بۆ مەلیك (العادل)ی مامیان نارد, کە بریتی بوو لە چەندین  پارچە خشڵ و زێر لەگەڵ چەند پارچە پۆشاکێك کە پێکهاتبوون لە جوبەیەك و حەمامەیەکی ڕەشی ڕازاوە بە زێڕ و شمشێرێکی زێڕین و ئەسپێکی جوان و ڕەسەن[5].

کاتێکیش لەساڵی (٦١٢ك/١٢١٥ز) (الامیر سالم)[6] ی خاوەنی شاری مەدینە سەردانی مەلیك (العادل) دەکات گەلێك دیاری گرانبەها کە بریتی بوون لە چەند کەلو پەلێکی جوانی ناوچەی حیجاز و لەگەڵ بیست ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی پێشکەشی دەکات[7].

---

(١) المرزبان الكرخي: الألفاظ (الكتابة والتعبير)، تحقيق: حامد صادق قنيبيي، دار البشير، ط ١، (عمان: ١٩٩١)، ج١، ص ٨٦؛ الثعالبي: فقه اللغة وسر العربية، تحقيق: عبدالرزاق المهدي، إحياء التراث العربي، ط ١، (د. م: ٢٠٠٢)، ج١، ص ٢١٣.

(٢) دريد الأزدي: الأشتقاق، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، ط٣، (القاهرة: د. س)، ج١، ص ٤٢٨.

(٣) مقداد حسين طه: السفراء إبان حكم الدولة الأيوبية (٥٦٧ – ٦٤٨هـ/ ١١٧١ – ١٢٥٠م)، رسالة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة صلاح الدين، (أربيل: ٢٠٠٢)، ص ٥٨.

(٤) إبن واصل: مفرج, ج٣، ص ص ٧ - ٨.

(٥) الحنبلي: المصدر السابق, ص ٢١٨.

(٦) الامير سالم: تەنها ئەوەندە زانیاری یەمان دەربارەی ئەو کەسایەتی یە دەستکەوت کە لەسەرەوە باسمان کرد.

(٧) أبو شامة: ذيل الروضتين، ص ٨٩.

کاتێك مەلیك (الكامل) هەواڵی نەخۆش کەوتنی خاوەنداری (حمص)ی پێگەیشت و ئەم هەواڵە خەمبار و دلگرانی دەکات، بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆی چەندین پارچە قوماشی جوان و نایاب و ئەسپی ڕەسەن بەدیاری بۆ نارد لەهەمان کاتیشدا هەمان دیاری بۆ مەلیك (الاشرف)ی برای نارد[١].

مەلیك (المسعود)ی کوڕی مەلیك (الكامل) کاتێك لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) لەوڵاتی یەمەن بەرەو مصر بۆ بینینی باوکە خۆشەویست و ئازیزەکەی بەڕێدەکەوێت، بۆیە دووری لە باوکی و تامەزرۆیی بینینی وایی لێکردووە چەندان دیاری گرانبەها و نایاب و جوان کە لە مێژوودا هاوتایان نەبووە لەگەڵ خۆی بۆ باوکی بهێنێت و سۆز و خۆشەویستی خۆی لەو ڕێگەیەوە بۆ دەربڕێت ئەو دیاریانەش بریتیبوون لە سێ فیل کە یەکێکیان زۆر گەورەبووە لەگەڵ سەد خزمەتکار و بۆنی مسك و عەنبەر[٢] و چەندین چرای کانزایی جوان و ڕازاوە[٣] لەگەڵ هەندێك کەل و پەلی کۆن و گرانبەهای هیندی و یەمەنی[٤].

مەلیك (الكامل) لەوکاتەی سەردانی شاری (دمشق) کرد و لەوێ چاوی بە (عمادالدین عثمان)ی برای و کوڕەکەی مەلیك (الظاهر) کەوت پەنجا هەزار دیناری ئەو سەردەمی وەکو دیاری بە مەلیك (عمادالدین عثمان) برای دا و دەهەزار دینار و چەندین پارچە قوماشیشی دا بە مەلیك (الظاهر)ی برازای[٥].

مەلیك (الكامل) بەهۆی ئەو خزمەتە زۆرەی کەوا (اباحلیقە) ی پزیشکی پێشکەشی کردووە و خزمەتی کردووە, زۆرجار دیاری گرانبەهای وەکو پۆشاك و خواردن و خواردنەوەی بە دیاری بۆ ناردووە[٦].

لەوکاتەی مەلیك (المنصور)ی خاوەنداری (حماە) چووە دمشق و هەواڵێکی گرنگ و خۆشی بە مەلیك (الصالح) ڕاگەیاند بەرامبەر ئەو دڵخۆشکردنەدا مەلیك (الصالح) چەندین دیاری گرانبەها کە بریتی بوون لە چەند ئەسپێکی جوان و ڕەسەن و چەندین پارچە قوماش و کەل و پەلی ناو کۆشك لەگەڵ پارەیەکی زۆری بە دیاری بە مەلیك (المنصور)دا[٧].

---

(١) ابن نضيف الحموي: المصدر السابق، ج١، ص ٢٥٨.

(٢) سبط إبن الجوزي: المصدر السابق، ج٢٢، ص ٢٧٢؛ أبوشامة: ذيل الروضتين، ص ١٤٣؛ الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢٦١؛ ابن كثير: البداية، ج١٣، ص ١٢٢؛ الحنبلي: المصدر السابق، ص ٣٦٤.

(٣) إبن أياس: بدائع، ج١، ص ٦٣.

(٤) ابن نضيف الحموي: المصدر السابق، ج١، ص ٩٧.

(٥) ابن العميد: المصدر السابق، ص ١٦.

(٦) ابن ابي اصيبعة: المصدر السابق, ج١, ص ٥٩١.

(٧) مؤلف مجهول: تاريخ دولة الاكراد، ص ٤٣٨.

**٢- گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشاکانی ئەیوبی و دەسەڵاتدارانی ناموسڵمان:**

گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشاکانی ئەیوبی و هێزەکانی دیکە بەتایبەت خاچیەکان زیاتر لەوکاتانە بووە کە خەریکی بەستنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی بوونە یاخود بەهۆی دۆستایەتی و خۆشەویستی یاخود بەرژەوەندی نێوانیان بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندیان دیاری گرانبەهایان بۆ یەکتری ناردووە، وەکو ئەو دیاریەی کە مەلیك (ریچارد) لەساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) بۆ مەلیك (العادل)ی نارد کە بریتیبوو لە ئەسپێکی جوان و ڕەسەن[١] لەبەرامبەر ئەمەشدا مەلیك (العادل) چەندین پارچە قوماشی جوان و گرانبەهای لەگەڵ چەند دیاریەکی دیکەی بۆ مەلیك (ریچارد) نارد[٢]، زۆرجار شەڕکردنیش نەبۆتە ڕێگریکردن بۆ گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشیانی ئەیوبی و خاچیەکان، بۆیە دەبینین لەکاتی شەڕی (العادلية) (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز) مەلیك (ڕیچارد) بەهۆی ئەوەی ئارەزووی زۆری بە خواردنی مریشك و (ئاوەکەی) چەلاو کردووە و چێشلێنەرەکانیشی لەلایان نەبووە، بۆیە چەند نێردراوێکی ناردۆتە لای مەلیك (العادل) و داوای لێکردووە چەند مریشکێکی بۆ بنێرێت ئەویش داواکەی جێ بەجێ کردووە [٣]. مەلیك (ریچارد) هەوڵیداوە لەو ڕێگەوە نوێنەرەکانیەوە زانیاری لەبارەی سوپای ئەیوبیەکان بزانێت، ئەگەر نا دەستکەوتنی مریشك کارێکی وا گران نەبووە، سوپای ئەیوبیەکانیش بۆ شەڕکردن دژی خاچیەکان هات بوون نەوەکو بۆ مریشك خواردن.

دۆستایەتی لە نێوان مەلیك (الكامل) و مەلیك (فردریکی دووەم)[٤] بەجۆرێك بووە کە دیاری زۆر نایاب و گرانبەهایان بۆ یەکتری ناردووە، تەنانەت وردبینیان کردووە لە هەڵبژاردنی دیاریەکان ، چونکە هەموو کەسێك دەیەوێت ئەو شتە بکاتە دیاری کە لەلای بەرامبەرەکەی دەگمەن و نەبینراوە و ئارەزووی ئەوەشدەکات لەگەڵ بینینی دیاریەکان سەرسام و شاگەشکەی بکات، وەکو (فردریکی دووەم) ورچێکی سپی تووك درێژ و تاوسێکی سپی بۆ مەلیك (الكامل) ناردووە و سەرسامی کردووە ، چونکە لەوڵاتی مصری گەرمەسێر ورچی سپی ناژیێت و ئەم ئاژەڵەش زیاتر تایبەتە بە ناوچە ساردەکان کە لەوانەیە ئەو ورچەیان لەناوچەکانی ئەورووپاهێنابێت[٥] لەگەڵ کەڵەشێرێکی پەڕ و باڵ کەسکی گەورە[٦].

---

(١) إبن شداد: النوادر، ج١، ص ٢٨٩.

(٢) أبو شامة: عيون الروضتين، ج١، ص ٣٨٤.

(٣) ابن شداد: النوادر, ج١, ص ص ٢٤٦, ٢٥٠.

(٤) فردریکی دووەم: لەباوکێکی ئەڵمانی و دایکێکی ئیتاڵی لەدایك بووە و لە صقلیه پەروەردەکراوە و خوێندوویەتی بۆیە کاریگەری مێژوو شارستانیەتی ئیسلامی لەسەربووە و شەش زمانی زانیوە لەوانەش زمانی عەرەبی کە ئەمە یارمەتی داوە ئەدەب و مێژووی ئیسلامی بخوێنێ و ئارەزووی بە فەلسەفە و بیرکاری کردووە و لەگەڵ مەلیك (الكامل) وتووێژی یان لەو بوارەدا کردووە و پرسیاری بیرکاری و فەلسەفی یان بۆ یەکتری شیکارکردووە ، دواتر بۆتە حاکمی صقلیه و بەشداری لە قۆناغی شەشەمی خاچیەکان بۆ جیهانی ئیسلامی کردووە لەساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٨ ز) مەلیك (الكامل) لەشاری (قودس)ی تەسلیم کرد. إبن الأثير: الكامل، ج١٠، ص ٤٣٤؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ص ٢٧١ - ٢٧٢؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: الحركة الصليبية، مكتبة الأنجلو المصرية، ط٧، (القاهرة: ١٩٩٧)، ج٢، ص ص ٧٨٧ - ٧٨٨, ٧٩١.

(٥) ابن كثير: البداية، ج١٣، ص ١٦٤؛ الرهاوي مجهول: المصدر السابق، ج٢، ص ٢٦٣؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦، ص ٢٨٣.

(٦) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٢٩٨.

لەبەرامبەردا مەلیك (الكامل) چەندان دیاری نایابی بۆ مەلیك (فردریکی دووەم)ی هاوڕێی نارد، کە بریتیبوون لە چەندین ئەسپی ڕەسەنی جوان و دەگمەن کە لە ناوچەکانی ئەوروپا و ناوچەکانی (فردریکی دووەم) بوونیان نەبووە لەگەڵ چەندان صندوقی پڕ لە زێڕ و زیو و مرواری و شمشێری زێڕین[1].

دوای مردنی مەلیك (الكامل)یش کوڕەکەی مەلیك (الصالح) پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ مەلیك (فردریکی دووەم) بەردەوام بووە و زۆرجار دیاریان بۆ یەکتری ناردووە[2].

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت دەربارەی دیاریەکان ئەوەیە زۆرترین جۆری دیاریەکان ناردنی ئەسپی ڕەسەن بووە بۆ یەکتری, دیارە ئەمەش لەبەر ئارەزووی میر و پاشاکان بووە بۆ ئەسپی ڕەسەن کە جوانی و ڕێکی ئەسپەکانیان کەسێتی خاوەنەکەی زیاتر دەردەخست بەتایبەت ئەو ئەسپانەی کە زۆر نایاب و گرانبەهابوون.

---

(١) ابن نظيف الحموي: المصدر السابق، ج١، ص ١٤٨؛ المقريزي: السلوك، ج١، ص ٣٤٥؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: الحركة الصليبية، ج٢، ص ٧٩١.

(٢) الدواداري: المصدر السابق، ج٧، ص ٤٦٧.

## ئه نجام:

١- سەرەڕای شەڕ و ململانێی بەردەوامی ئەیوبیەکان لەگەڵ خاچیەکان, بەڵام جەنگ نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم پاشایانی ئەیوبی بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگرن و ئارەزووەکانیان وەلابنێن, لەم پێناوەشدا پارەی زۆریان خەرجکردووە.

٢- پاشایانی ئەیوبی هەر لە منداڵیەوە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی وڵات لە ڕووی جەستەیی و هزرییەوە بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی بەتوانا و لێهاتووبن بەباشترین شێوە ئامادەکراون, بەجۆرێك پەروەردەکردنیان کەوتبووە ئەستۆی باشترین و بەناوبانگترین مامۆستایانی ئەو سەردەمە, بۆ ئەم مەبەستەش پارە و سامانێکی زۆریان بۆخەرجکراوە.

٣- پاشاکان وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی خاوەن سیفاتی تایبەتی بوونە و ڕەنگدانەوەشیان بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا هەبووە, بەڵام سەرەڕای کەم و کورتی لە بارەی خو و ڕەوشت و شێوازی ژیانیان کەچی ئایینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی ژیان و حوکمڕانیان بووە.

٤- ئارەزووی وەرگرتنی دەسەڵات هەندێك کات وای لە براکان کردووە ئەوە لە بیر بکەن کە برای یەکترن, بەڵکو ڕووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە و یەکتریان کوشتوە, وەکو بەندکردنی مەلیك (العادلی دووەم) لەلایەن مەلیك (الصالح) برای و دواتریش خنکاندنی و وەرگرتنی دەسەڵات لە مصر.

٥- زۆربەی مەلیکەکانی ئەیوبی زیاتر لە ژنێکیان هێناوە لەو ژنانەش بوونەتە خاوەن منداڵی زۆر, زۆری ژنەکانیشیان خزمی نزیکی خۆیان بوونە, ئەویش بۆ پاراستنی ڕەچەڵەك و دەسەڵاتیان بووە.

٦- پاشایانی ئەیوبی شێواز و مەراسیمی مارەکردن و ژن هێنانیان, لەسەر شەریعەتی ئاینی ئیسلام لە مزگەوت ئەنجامداوە, لەکاتی گواستنەوەشدا ئاهەنگ و خوانی گەورە و ڕازاوە ئامادەکراوە و زۆرێك لە میرەکانی دەورووبەر بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشتکراون و دیاری زۆر و گرانبەها و کەل و پەل و پێداویستی بۆ بووك بردراوە کە نرخەکانیان بە پارەیەکی زۆر خەملێندراوە.

٧- مەلیکەکان جیاوازیان لە نێوان منداڵی ژنەکانیان کردووە, لەم بوارەشدا کاریگەری ژنەکانیان لەسەر هەبووە, وەکو مەلیك (الکامل) (وردة المنی) و کوڕەکەی مەلیك (العادلی دووەم) لە (الست السوداء) و مەلیك (الصالح) کوڕی خۆشترویستووە.

٨- پاشایانی ئەیوبی زۆر گرنگیان بە ئەنجامدانی وەرزشەکانی وەکو سوارچاکی و تۆپێنی چۆغان و ڕاوکردن و وەرزشەکانی دیکەیان داوە ئەویش وەکو کات بەسەربردن و مەشقکردنێکی سەربازی بۆ خۆیان و ئەسپەکانیان.

٩- خەرجکردنی پارە و سامانێکی زۆر بۆتە هێنانەدی ژیانێکی خۆش بۆ هەندێ لە پاشایانی ئەیوبی, بۆیە دواجار ئەو خۆشگوزەرانی و پارە خەرجکردنە کاریگەری لەسەر ئاینده و لاوازی دەوڵەتی ئەیوبی لە وڵاتی مصر هەبووە.

١٠- گرنگیەکی زۆر و تایبەت لەلایەن پاشاکانەوە بە چێشتخانەکانی کۆشك دراوە, هەر لە دیاریکردنی شوێنەکەی و خزمەتکار و چێشلێنەر بۆ ئەوەی هەموویان بەیەکەوە خۆشترین و بەتامترین خواردن بۆ پاشا ئامادە بکەن. لە چێشتخانەکانی کۆشکیشدا خواردنی سەرەکی زۆربەی پاشاکان ئامادەکردنی گۆشتی سوور بووە بە هەموو جۆرەکانیەوە بەتایبەت ئامادەکردنی گۆشتی مەڕ بە برژاوی.

١١- ئامادەکردنی خواردن بۆ پاشا بەدرێژای مێژوو تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان نەریتێکی نەگۆڕ بووە, بەجۆرێك لەژێر ئەمنیەتێکی توند سەرپەرشتی چێشتخانەی کۆشك دەکرا هەر لە کڕینی کەل و پەلی چێشتخانە لە بازاڕدا, دوای ئامادەکردنی خواردنیش پاشا ڕاستەوخۆ خواردنەکەی نەدەخوارد, بەڵکو دوای جهاشنکیر (تامکەری خواردن) خواردنەکەی دەخوارد.

١٢- پاشایانی ئەیوبی جل و بەرگی جۆراو جۆریان لەبەرکردووە, تەنانەت شوێن و کات جل و بەرگی دیاریکردوون, بۆ نموونە جل و بەرگی فەرمیان جیاواز بووە لەگەڵ جك و بەرگی پرسە و نووستن.

١٣- پاشایانی ئەیوبی کۆشکەکانیان بۆ پشوودانی خۆیان و منداڵەکانیان لە خۆشترین و دڵڕفێنترین شوێنی وڵاتی مصر دروستکردووە, بە هەموو جۆرە گوڵ و گوڵزار و دارێکیش ڕازاندویانەتەوە, وەکو کۆشکەکانی (العباسة) و (المنصورة)ی مەلیك (الکامل) و کۆشکەکانی (الصالحیة) و (برکة الکبش) و (جزیرة الروضة)ی مەلیك (الصالح).

١٤- گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان پاشایانی نێو بنەماڵەی ئەیوبی لەلایەك, لەنێوان پاشایانی ئەیوبی و پاشایانی موسڵمان و ناموسڵمان نەریتێکی جوانی ئەو سەردەمە بووە, زیاتریش بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان و دەربڕینی خۆشەویستی بووە بۆ یەکتری, زۆرجاریش لە کاتی ئاسایی یاخود لەکاتی گرژی و ئاڵۆزیەکان بۆ هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە دیاری بەنرخ و گرانبەهایان بۆ یەکتری ناردووە.

## ليستى سەرچاوەكان

⋆ قورئانى پيرۆز

### يەكەم / سەرچاوە ڕەسەنەكان بە زمانى عەرەبى:


**ابن الاثير, ضياء الدين نصر الله محمد بن محمد بن عبدالكريم الشيباني الجزري (ت ٦٣٧ه/ ١٢٢٩م)**

١- ديوان الرسائل، تحقيق: هلال ناجي، منشورات جامعة الموصل، ط١، (الموصل: ١٩٨٢).

**ابن الأثير, عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد الشيباني الجزري (ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٣م)**

٢- الكامل في التأريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، ط١، (بيروت: ١٩٩٧).

**الادريسي, محمد بن عبدالله بن العمودي الحسني (ت ٥٦٠هـ/ ١١٦٤م)**

٣- نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٨٩).

**اسامة بن منقذ, مرشد بن على بن مقلد بن نصر الكناني الكلبي الشيرزي (ت ٥٨٤ه/ ١١٨٨م)**

٤- الاعتبار, تحقيق: فليب حتى, مكتبة الثقافة المصرية, (مصر: د. ت).

**الاشرف الغساني, اسماعيل بن عباس (ت ٨٠٢ه/ ١٣٩٩م)**

٥- العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار البيان، (بغداد: ١٩٧٥).

ابن ابي أصيبعة, أبو العباس احمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين (٦٦٨ه/١٢٧٠م)

٦- عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تحقيق: نزار رضا، دار مكتبة الحياة، (بيروت: د. ت).

ابن أياس, محمد بن احمد الحنفي المصري (٩٣٠ه/١٥٢٣م)

٧- بدائع الزهور في وقائع الدهور، دار مطابع الشعب، (القاهرة: ١٩٦٠).

٨- نزهة الامم في العجائب والحكم, تحقيق: محمد زينهم محمد عزب, مكتبة مدبولي, ط١, (القاهرة: ١٩٩٥).

ابن بطوطة, محمد بن عبدالله بن محمد بن ابراهيم بن اللواتي الطنجي (ت ٧٧٩ه/١٣٧٧م)

٩- تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار (رحلة ابن بطوطة)، تحقيق: علي المنتصر الكتاني، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٤٠٥ه).

البقاعي, ابراهيم بن عمر (ت ٨٨٥هـ/ ١٤٨٠م)

١٠- إظهار العصر لاسرار أهل العصر (تأريخ البقاعي)، تحقيق: محمد بن سالم بن شديد العوفي، ط ١، (الرياض: ١٩٩٢).

البلاذري, أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت ٢٧٩هـ/ ٨٩٢م)

١١- جمل من ألانساب والأشراف  تحقيق: سهيل زكار و رياض الزركلي، دار الفكر، ط١، (بيروت: ١٩٩٦).

البنداري, ابو ابراهيم الفتح بن علي بن محمد (ت ٦٤٣هـ/١٢٤٥ز)

١٢- سنا البرق الشامي، تحقيق: فتحية النبراوي، مكتبة الخانجي، (القاهرة: ١٩٧٩).

بيبرس المنصوري الدوادار, الامير ركن الدين (ت ٧٢٥هـ/ ١٣٢٤م)

١٣- مختار الاخبار تاريخ الدولة الايوبية و دولة المماليك البحرية حتى سنة (٧٠٢هـ), تحقيق: عبدالحميد صالح حمدان, دار المصرية اللبنانية, ط١, (القاهرة: ١٩٩٣).

البيهقي, احمد بن الحسين بن علي بن موسى الخسروجردي الخراساني (ت ٤٨٥هـ/ ١٠٩٢م)

١٤- شعب الايمان, تحقيق: مختار احمد الندوي, مكتبة الرشد, ط١, (الرياض: ٢٠٠٣).

ابن تغري بردي, جمال الدين ابو المحاسن يوسف (ت ٨٧٤هـ/ ١٤٦٩)

١٥- المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي ، تحقيق: محمد محمدأمين ، الهيئة المصرية لكتاب، ج١، (القاهرة: د. ت).

١٦- مورد اللطافة في من ولي السلطنة والخلافة، تحقيق: نبيل محمد عبدالعزيز احمد، دار الكتب المصرية، (القاهرة: د. ت).

